# یەکگرتن و

# هەڵوەشانەوە

هەواڵنامەی کتێب

چۆنیەتی پێکهێنان و هەڵوەشاندنەوەی

حزبی یەکگرتنی کوردستان دەگێڕێتەوە

نووسینی: ڕێکار ئەحمەد

# یەکگرتن و

# هەڵوەشانەوە

چۆنیەتی پێکهێنان و هەڵوەشاندنەوەی

حزبی یەکگرتنی کوردستان دەگێڕێتەوە

**نووسینی: ڕێکار ئەحمەد**

ناوی کتێب: یەکگرتن و هەڵوەشانەوە
بابەت : مێژوویی
نووسینی : ڕێکار ئەحمەد
نرخ : ٥٠٠٠ دینار
تیراژ : ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی: بەهەست
ژمارەی سپاردنی: ٢٤٦ (٢٠١٦)

## پێشکەشە

- بە 'شەنگەمێر'ی کوڕم کە ئارەزووی کاری رامیاری دەکات .
- بەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان راستوێژانە لەریزی حزبی یەکگرتنی کوردستاندا تێکۆشاون.
- بەو بەڕێزانەی ئەم نووسینە دەخوێننەوە.

# پێشەکی

دوای ئەوەی لە ١٦-٨-١٩٩٣ حزبی یەکگرتنی کوردستان بەکردەوە هەڵوەشایەوە، زۆر بەخێرایی دەستم بەنووسینی ئەم بابەتە کردو لە نەورۆزی ١٩٩٤ تەواوم کرد، بڕیارمدا دەستبەجێ چاپ و بڵاوی بکەمەوە، بەڵام هەندێک لە خۆشەویستانم داوایان لێکردم پەلە لە چاپکردنی نەکەم، چونکە بارودۆخ هەستیارەو گێڕانەوەیشی خزمەت بە رەوشەکە ناکات! بەوهۆیەوە لە تەنیشت تایپکراوەکانی دیکەمدا هەڵمگرت. لە شوباتی ١٩٩٦ بەرەو ئەوروپا رۆیشتم، شەش مانگ دواتر ٣١ی ئاب روویدا، ئیدی ماڵی ئێمەش وەبەر پشکنین و سوکایەتی پێکردن کەوتن، ئەوانیش بەمەبەستی نیازپاکی بۆ ئەوەی دەستنووسەکان تیانەچن، بەماڵی خزمانیان سپاردن و لەوێ بەبێنازی شاردرانەوە. دوای چەندین ساڵ سۆراغم کردن و بەدوایاندا گەڕام، هەندێکیان بەنیوەچڵی هاتنەوە لام و هەندێکیشیان دەستی راوچیان پێگەیشتبوو، هەر بەتەواوی تیاچووبوون. مخابن دانەی تایپکراوی 'یەکگرتن و هەڵوەشانەوە' کە بۆ چاپکردن ئامادەکرابوو، تیاچوو، تەنیا دەستنووسە بەرایییەکەی مابۆوە. لە سەرەتای ئەمساڵ ٢٠١٥ بەمەبەستی چاپکردن چاوم پێیداخشاندەوە. لەوانەیە

ئەوەی لەبەردەست دایە، کتومت وەک ئەوەی پێشوو کە ساڵی ١٩٩٤ تایپکرابوو، نەبێ و هەندێ زانیاری لێکەوتبێ، بەڵام دیسانیشەوە بەهۆی ئەوەی کە لاپەڕەیەکی مێژووی حزبێکی سیاسی کوردستان دەنووسێتەوە، خزمەت بە دیرۆکی نەتەوەی کوردو بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستان دەکات، بایەخ و گرنگی خۆی لەدەست نەداوە.

راستیەکەی یەکبوونی سێ لایەنی سیاسی لە ساڵی ١٩٩٢ و پێکهێنانی حزبی یەکگرتنی کوردستان هیواو ئومێدی بە کوردستانیانی سەربەخۆخواز بەخشی، چونکە جۆگەلە ئاوەکانی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستان لە رووبارێکدا تێکەڵاو دەبوون، هەمووان پێیانوابوو کە ئیدی بەهێزو بەگورتر دەبێ. ئەوەش بە لێبوردەیی و دەستپێشخەری مێژوویی وێنا دەکراو لێکدەدرایەوە.

بۆ خوێندنەوەی مێژووی یەک ساڵەی حزبی یەکگرتن، لەبەراییدا بەپێویستی دەزانم کە کورتیلەیەک سەبارەت بەو سێ لایەنە بنووسم کە پێکەوە 'حزبی یەگکرتنی کوردستان'یان پێکهێنا.

# پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک)

پـــارتی سۆسیالیســـتی کـــورد(پاســـۆک) لە١١-٩-١٩٧٥ لە شاری کەرکوک ڕاگەیاندرا، نۆژەنکردنەوە و درێژەپێدەری کۆمەڵەی ژیانەوەی کـورد 'کاژیـک' بـوو. پارتێـک بـوو کە رەوتی سۆسیالیستی نەتەوەیی کردبووە ئامـانج. لەمـاوەی کەمتـر لە سـاڵێکدا بەمەبەسـتی هەڵگیرسـاندنەوەی خەبـاتی شۆرشگێرانە مەفرەزەی چەکداری رەوانەی شاخ کرد.

حەمەد مستەفا ناسراو بە 'ئازاد مسـتەفا'، ئەحـمەد هەردی، ملازم کەریم، ملازم شوان، جەلال حوسـە کەلـۆش ناسـراو بە'جەلالی حاجی حوسێن'. لەو تێکۆشـەرە ناسراوانە بـوون کە 'پاسـۆک'یـان دامەزرانـد. دواتـر حەمەد مسـتەفا لەلایەن بەڕێـوەبەرایەتی ئەمنـی عێـراقەوە دەسـتگیرکراو لە زینـدان تونـدکرا، لەسـاڵی ١٩٧٩ وەبەر لێبـوردنی گشـتی کەوت و ئازاد کرا، ئیدی ناوەکەیشی بۆ 'ئازاد مستەفا' گۆڕدرا.

دروشمی سەرەکی پاسۆک، **کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسـان** بـوو، هەروەهـا یەکەمـین رێکخـراوی سیاسـی باشـوور بـوو کە ئـاڵای کوردسـتانی بەرزکردبـۆوەو بـۆ رزگـاری و سـەربەخۆیی تێدەکۆشـا، راشـکاوانە داوای یەکبوونی دەکرد و زۆربەی راگەیانـدراوەکانی خـۆی لەژێر دروشـمی 'بـا یەکگـرین تـا سـەرکەوین' بڵاودەکـردەوە. پاسۆک خـاوەن هێزی پێشـمەرگەی تـایبەت بە خـۆی بـوو،

ئـالآی سـوری کـوردایەتی کە ئۆرگـانی ناوەنـدی هێـزی پێشمەرگەی پاسـۆک بـوو، چاپ و بڵاودەکردەوە. پاسـۆک باوەڕی بە خەباتی بەرەیی هەبوو، بۆیە رۆڵێکی بەرچاوی لە دامەزرانـدنی بەرەی جـود و بەرەی کوردسـتانیدا گێـڕا. لەپێنـاو رزگـاری و سـەربەخۆیی کوردسـتاندا چەنـدین شەهیدی پێشکەش بە خەڵک و خاکی کوردستان کردبوو.

ئـازاد مسـتەفا تێکۆشـەرێکی ناسـراو، پێـداگرو وڵاتپـارێزو نەتەوەیی بوو. تا ئەو لەژیان بوو، پاسۆک خاوەن رامان و هەوڵوێست و رەفتاری تایبەت بەخۆی بوو، لەلایەن تێکڕای هێزە کوردستانیەکانەوە رێزی لێدەگیراو پێوانەی بۆ دەکرا، بەڵام مخـابن لە ١٩-٣-١٩٨٩ ئـازاد مسـتەفا بەنەخۆشـی ماڵئـاوایی لە ژیـان کـرد، ئیـدی خـۆری 'پاسـۆک'یـش بەرەو ئاوابوون رۆیشت.

بارەگـای سـەرەکی پاسـۆک لە گونـدی نۆکـان بـوو، بەڵام لەئاکامی راپەڕینی بەهـاری ١٩٩١ سـەرکردەکانی گەڕانەوە باشوور، بنکەو بارەگـای ئاشکرای لە شـارەکاندا کـردەوە. بنکەی جەماوەری پاسۆک دەڤەری سلێمانی، بەتایبەتیش لە شارباژێر بوو، لێبڕاوانە هەوڵـی دەدا کە شـوێنپێی خـۆی لە هەولێرو بادینـان دا بکـاتەوە، بەڵام بەهـۆی ململانێی نێوان سـەرکردەکانی، ئەویَ رۆژیَ ئەو کـارە هاسـان نەبـوو. لە سـاڵیَ ١٩٩١ کـۆنگرەی خـۆی لە قەڵاچـوالان پێکهێنـاو نـاوەکەی بـۆ پـارتی سـەربەخۆیی کوردسـتان (پاسـۆک)

گــۆڕی. ژمـــارەیەک تێکۆشـــەری دیـــکە وەک ئەنـــدامی سـەرکردایەتی هەڵبژێـردران لەوانە مامۆسـتا کامیـل ژیـر، مامۆسـتا عەبدوڵڵا ئـاگرین، ئەنـدازیار مـژدە تـاهیر، عەلـی جـاف، غانـدی ، ئەنـوەر تـوفی، سـەرکۆ عەبـدول و شـێخ محەمەد باڵەک و هتد.

پاسۆک لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە لاواز بوو، ڕەوشـی دارایی وەکـو پێویســت نەبــوو، پێوەنــدی دێرینــی لەگەڵ حزبــی سۆسیالســتی کودســتاندا هەبــوو، بــۆیە لە ســاڵی ١٩٩٢ بەلیســتی هــاوبەش بەشــداری لە یەکەمــین هەڵبژاردنــی ئەنجـوومەنی نیشـتمانی کوردسـتاندا کـرد، بەڵام ئەولیسـتە نەگەیشــتە پەرلەمــان و تەنیــا ٢٤٨٨٢دەنگــی هێنــا،واتە ٢،٥٦% لە ڕێژەی دەنگەکان. بەوهـۆیەوە نائومێدی ڕووی لە ســەرکردەکانی کــرد، بــۆ دۆزیــنەوەی ڕێگەچــارەیەک بەشــداریان لە پرۆســەی یەکگرتنــی نێــوان پــارتی گەل و حزبـی سۆسیالیسـتدا کـرد کە لە دوای هەڵبژاردنـی ڕۆژی ١٩-٥-١٩٩٢ هەنگاویان بۆ هەڵێنابۆوە.

# حزبی سۆسیالیستی كوردستان (ح.س.ك)

دوای ئەوەی شۆڕشی باشووری كوردستان لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ دووچاری نسكۆ و هەرەس بۆوە، 'سەیدا ساڵح یوسفی' بەمەبەستی تێهەڵچوونەوەی شۆرشی كوردایەتی، ئامادەكاری و گەلاڵەڕێژی بۆ دامەزراندنی بزووتنەوەیەكی نوێ دەستپێكرد. لە ساڵی ١٩٧٦ بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموكراتی كوردستان لەسەر دەستی سەیدا ساڵح یوسفی دامەزرا. بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆرش دەستپێشخەری كردو مەفرەزەی سەرەتایی رەوانەی شاخ كرد، هەروەها وەك باڵێكی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان جێی خۆی گرت. دواتر ناوەكەی بۆ بزووتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان گۆڕدرا. بزووتنەوە لە ٨-٨-١٩٧٩ لەگەڵ كۆمیتەی ئامادەكاری پارتی دیموكراتی كوردستان كە ڕێزدار دكتۆر مەحمود عوسمان ڕێبەرایەتی دەكرد، یەكیگرت و 'حزبی سۆسیالیستی یەكگرتووی كوردستان'یان پێكهێنا.

حزبی سۆسیالست هێزێكی كاریگەرو قەوارەیەكی سیاسی بەتوانابوو، هەر ئەوەش وایكرد كە لە ساڵی ١٩٧٩دا رژێمی بەعس داوای دانوستاندن و وتوویژی لێبكات؛ هەرچەندە كە گفتوگۆی نێوان حزبی سۆسیالست و رژێمی

بەعس ناکام مایەوە بەڵام لە مێژوودا جێی خۆی گرتووەو بەڵگەی بەهێزی ئەو حزبەی پێشانداوە.

لە ١٢-٥-١٩٨١ لە یەکەمین کۆنگرەدا ناوەکەی بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان (ح.س.ک) گۆڕدرا، ئەگەرچی سەیدا ساڵح یوسف وەک ڕێبەرو پێشەوا هەڵبژێردرایەوە، بەڵام هەڤاڵ 'رەسول مامەند' بۆ سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. هەر بەهۆی ئەو کۆنگرەیەوە ژمارەیەک ئەندامی سەرکردایەتی پێشوو لەوانە دکتۆر مەحمود عوسمان و حاجی برایم و چەند فەرماندەیەکی دیکە تۆران و دوورکەوتنەوە.

حزبی سۆسیالیستی کوردستان هێزێکی پێشمەرگەی ئازاو چالاکی هەبوو، بەڵام ئەندامانی سەرکردایەتی لەرووی سیاسی و ئەخلاقیدا لەنێو خۆیاندا ناکۆک و ناتەباو بێپرنسپ بوون، کەمئەزموونی لە کاری رۆژانەدا سیماو ئادگاری خۆی پێشان دەدا. بەوهۆیەوە رۆژ دوای رۆژ بێهیوایی باڵی درێژتر دەکردەوە، کادرو سەرکردەکانی دادەبڕان و جیادەبوونەوە. لە مانگی ئابی ١٩٨٥ باڵێک بەسەرکردایەتی کاک قادر عەزیز، ئەندامی مەکتەبی سیاسی جیابۆوە، کاک عەبدولخالق زەنگەنە، ئەندامی (م.س)و ژمارەیەکی زۆر لە کادرو فەرماندەو پێشمەرگەی تێکۆشەر لەو باڵەدا جێی خۆیان گرت و لەژێر ناوی حسک/ ئیتیجاهی دیموکراتی شۆرشگێر درێژەیان بە

تێکۆشـان دا، دواتـر لە سـاڵی ١٩٨٨ حزبی زەحمەتکێشـانی کوردستانیان پێکهێنا.

حزبـی سۆسیالیسـت لە کـۆڕی خەباتـدا دەیـان سـەرکردەو کادرو فەرماندەی لێهاتووی لەوێنەی: سەیدا ساڵح یوسفی، دکتۆر خالید سەعید، عەلی عەسکەری، حوسێن بابەشێخ، سـەعدی عەزیـز(سـەعدی گچـکە)، غەفـوور ئـاغجەلەری، شـێرکۆ شـێخ عەلـی، تـاهیری عەلـی والـی، کـاردۆ گەلاڵـی، عەلـی هەژار، قـادر شـۆرش، ئەحـمەد فەقـێ ڕەش، سـەید سـەلیم، شینەبۆڵی و دەیـان فەرمانـدەی دیـکەی و نـزیکەی چـوار هەزار پێشـمەرگەی پێشـکەش بەگەل و نیشـتمان کردووە، بەوهۆیەوە حزبێکی ناوبانگ خۆشەویست بوو.

حزبـی سۆسیالیسـت ئێسـتگەی رادیـۆی لەسـەر شـەپۆلی کـورت هەبـوو، گۆڤـارو ڕۆژنـامەی بـڵاو دەکـردەوە بەڵام وەکـو پێویسـت نەبـوو، تەنیـا بەهـۆی ئـازایەتی پێشـمەرگەکانیەوە جێی خـۆی لەنێو جەماوەردا کردبۆوە، ڕێکخستنێکی بەهێز، دۆست و لایەنگری زۆری هەبوو.

سۆسیالسـت لە دامەزرێنەرانـی بەرەی کوردسـتانی بـوو، پـێش ڕاپەڕیـن مەیلـی دانوسـتاندنی لەگەڵ ڕژێمـی بەعـس هەبـوو، بـۆ ئەو مەبەسـتە لەسـەر ڕاسـپاردەی بـاڵێکی سۆسیالست کە ڕێزدار دکتۆر مەحمود ڕێبەرایەتی دەکرد، کـاک قـادر جەبـاری، ئەنـدامی سـەرکردایەتی حزبـی

سۆسیالیست سەردانی سلێمانی کردو لەگەڵ بەڕێوەبەری ئەمنی شارەکە کۆبۆوە، بەوهۆیەشەوە ناکۆکیەکانی نێوان باڵی کاک رەسول مامەندو کاک دکتۆر مەحمود قولتر بۆوە. هەرچۆنێ بوو، حزبی سۆسیالیست لە راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ رۆڵێکی کاراو بەرچاوی هەبوو، لە زۆربەی شارو شارۆچکەو کۆمەڵگەکاندا بنکەو بارەگای خۆی کردەوە. لە ساڵی ١٩٩٢ بەلیستی هاوبەش لەگەڵ پاسۆک بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا کرد، بەڵام هیچ کوردسی وەدەست نەهێنا. هەروەها رێزدار دکتۆر مەحمود عوسمان بۆ رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لەتەک رێزداران مام جەلال، کاک مەسعود، مەلا عوسمان عەبدولعەزیز خۆی کاندیدا کرد، بەڵام هیچیان دەنگی پێویستیان نەهێنا، سەرەنجام ئەو پرۆسەیە ناکام مایەوە.

# پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان (گەل)

لە٢٦ی تەممـــــووزی ١٩٨١ لە دەرەوەی وڵات یەکەمـــین کۆنگرەی خۆی پێکهێنا و کاک سامی عەبدولڕەحمان وەک یەکەمـین ئەمینـداری گشـتی هەڵبژێـردرا. پـارتی گەل وەک حزبێکی دیمـوکراتی شۆڕشـگێر خـۆی دەناسـاند و پێڕەوی لە سۆسیالسـتی زانسـتی دەکـرد. لەسـەر دەسـتی بەڕێـزان سـامی عەبـدولڕەحمان، نـوری شـاوەیس، وریـا سـاعاتی، دکتۆر مەجید جەعفەر، دڵشـاد میـران، عـزەت عەبدولعەزیز و چەند تێکۆشـەری دیکە دامەزرابوو. ئەوانەش هەموویـان پێشـینەی خەباتیـان لەنێـو پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتاندا هەبـوو، بەوهـۆیەوە لەلایەن هاوسـەنگەرانی پێشـوویانەوە دژایەتیـــان دەکـــرا و بـــازنەی تێکۆشـــانیان لێبەرتەســـک دەکرایەوە.

پـارتی گەل لەدەسـتپێکدا بڕیـاری دا کە هێـزی پێشـمەرگە ڕەوانەی گۆڕەپـانی خەبـات، بەتـایبەتیش دەڤەری بادینـان بکـات، بەڵام پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان ڕێگـری لێکـرد. لەمانگی تەممووزی ساڵی١٩٨٢ لە سەنات شەڕێک لەنێوان هەردوولادا ڕوویـدا، هێزەکەی پارتی گەل شـەڕی نەکـردو شکستی خوارد، ئەوەش دڵساردی بێهیوایی بەدوای خۆیدا هێنا، بۆیە پارتی گەل چەقی قورسایی خۆی لەسەر خەباتی دیبلۆماسـی و ڕاگەیاندندا چڕ دەکردەوە، هەوڵی ئاشـتەوایی

لەگەڵ(پ.د.ک) دەداو دەیویست بەھەر نرخێک بێ، بەزوویی بۆ باشووری کوردستان بگەڕێتەوە، سەرەنجام دوای بینەوبەردەیەکی زۆر لە ساڵی ١٩٨٦ توانی لەنێو خاکی باشووری کوردستاندا شوێنپێی خۆی لە گۆڕەپانی خەباتی چەکداریدا بکاتەوە و بنکەو بارەگای خۆی دابنێ.

پارتی گەل خاوەن هێزێکی بەدسپلین و هۆشیار بوو، ئاستی لێهاتوویی و هۆشیاری زۆربەی پێشمەرگەکانی لە ئاستی کادری لایەنەکانی دیکەدا پێوانە دەکرا. زۆربەی کادرەکانی دەرچووی زانکۆ و پەیمانگەکان بوون. خودی کاک سامی رێزێکی زۆری لە کەسانی خاوەن بڕوانامە دەنا، نازی رادەگرتن و شانازی پێوەدەکردن، بەوهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیران و دەرچووی زانکۆکان لەدەورەیدا کۆبببوونەوە و سەنگاییان بەرز کردبۆوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٧ یەکەمین کۆنفرانسی خۆی لە ناوچەی خواکورک پێکهێنا و لە ساڵی ١٩٨٩ دووەمین کۆنگرەی خۆی لە گوندی 'نوێ'ی رۆژهەڵاتی کوردستان و سێیەمین کۆنگرەیشی لە ١٩٩٢ لە هەولێر پێکهێنا.

پارتی گەل رۆڵێکی بەرچاوی لە دامەزراندنی بەرەی کوردستانیدا هەبوو، خودی 'کاک سامی'یش بەهۆی لێهاتوویی و لێزانی و پێشینەی خەباتی خۆی لەلایەن سەرکردەکانی وەک مام جەلال، کاک مەسعود،

عەبـــدولڕەحمان قاســـملۆ و عەبـــدوڵڵا ئـــۆجەلان ڕێـــزی لێدەگیراو رامانەکانی بەهێند وەردەگیران.
پـێش ئەنفالەکـانی ١٩٨٨ پـارتی گەل بـنکەو بارەگـای لە تەواوی شـوێنەکانی باشـووری کوردسـتان دانـابوو، لە دەڤەری بادینان، هەولێر، سلێمانی، هەروەها لە 'خواکوڕک' و 'دۆڵەکۆگە'یش بارەگای هەبوو.
پارتی گەل یەکێک بوو لەو لایەنانەی کە زۆر بەگەرمیەوە پێشـوازی لە پـڕۆژەی پێشـنیارکراوی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردستان بۆ راپەڕین کرد، بەزوویی ئامادەکاری بۆکردو لە مـــانگی شـــوباتی ١٩٩١ کادرەکـــانی خـــۆی رەوانەی ئـــۆردوگەو شـــارەکان کـــردەوە. ســـەرەنجام لەئاکـــامی راپەڕینـــی بەهـــاری ١٩٩١ بـــۆ شـــارە ئازادکراوەکـــانی باشـووری کوردسـتان گەڕایەوەو بنکەوبارەگـای خـۆی لە تەواوی شـار، شـارۆچکەو شـارەدێکان کـردەوە، چەقـی قورسایی خۆی لەسەر رێکخستن و راگەیاندن چڕ کردەوە.
وێـڕای ئەوەی کە رادیـۆی کوردسـتانی شۆرشـی لەسـەر شەپۆلی کورت دا هەبوو، زۆر بەخێرایی وێستگەی رادیۆی FM ی لە شارەکانی دهـۆک، هەولێر، سلێمانی دامەزراند، دواتـر کەنـاڵی تەلەفزیـۆنی لۆکاڵیشـی لە هەر سـێ شـارە گەورەکەدا دامەزرانـــد. بەلیســـتی گەل بەشـــداری لە هەڵبژاردنـی پەرلەمانـدا کـرد، تەنیـا ٩٩٠٣ دەنگـی هێنـابوو،

واته به ریـّـــژی ٢،٠٠١% ، بەوهـــۆیەوە ناکـــام مـــایەوە و کورسی بەدەست نەهێنا.

# رەوشی پێش یەکەمین هەڵبژاردن

هەرسێ لایەنی پارتی گەل، حزبی سۆسیالست و پاسۆک پێکەوە ئەندامی بەرەی کوردستانی بوون، بەڵام پێوەندییێکی بەهێزو راستوێژانەیان لەنێواندا دروست نەببوو، بەتایبەتیش بەهۆی کارەساتی هەکاری کە ساڵی ١٩٧٨ روویدابوو، سێ سەرکردەی ناوداری حزبی سۆسیالست، واتە 'عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید سەعید و حوسێن بابەشێخ'، لەلایەن هێزەکانی سەرکردایەتی کاتی/ پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق بەدیلی گیرابوون و شەهیدکرابوون، ئیدی لەلایەن هەندێک لە سۆسیالستەکانەوە بەچاوی تاوانبار، بکوژ و دوژمن سەیری کاک سامی دەکرا، چونکە ئەوێ رۆژێ ئەو سکرتێری سەرکردایەتی کاتی (قیادە مؤقتە) بوو، لەدەرفەتێکدا دەگەڕان کە دەستی لێبوەشێنن.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٢ کاک رەسول مامەند، سکرتێری حزبی سۆسیالست لە بەرەی کوردستانیدا سکاڵای لە کاک سامی کردبوو، بەوە تۆمەتباری کردبوو کە گوایە خەڵکی لێهانداوە، پیلانی لێکراوە، ویستویانە سوکایەتی پێبکەن و بیکوژن!! واتە پێوەندی نێوان حزبی سۆسیالست و پارتی گەل، بەتایبەتیش پێوەندی نێوان کاک رەسول و کاک سامی خراپ بوو، هیچیان متمانەیان بەوی دیکە نەبوو.

هەردوولا بـــۆ هەرەس و پـــوچکردنەوەی بەرانـــبەر دەستبەکار بوون. کاک سامی چاوی لەسەر کادرەکانی ناوچەی هەولێرو سلێمانی حزبی سۆسیالست بوو، هەروەها 'کاک رەسول'یش مرخی خۆی لە کادرەکانی دەڤەری بادینانی پارتی گەل خۆش کردبوو. واتە هەردوولا بەدوای چاڵ هەڵکەندن بۆ بەرانبەرەکەیان دەگەڕان. ئیدی بەوهۆیانەوە بیر لە پێکهێنانی لیستی هاوبەش لەنێوان پارتی گەل و حزبی سۆسیالیست نەدەکرایەوەو جێی پەسندیش نەبوو.

پێش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان هەموو لایەنە سیاسییەکان لە سەرکەوتنی خۆیان و بەرزی رێژەی دەنگدەرانیان دڵنیابوون!! لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە شاری شەقڵاوە بەڕێوەچوو، کاک سامی و من وەک پارتی گەل تێیدا بەشداربووین، هەستم بە خەیاڵ بڵاوی سەرکردەی حزبەکان کرد، چونکە ئەو رێژەیەی کە ئەوان گرەویان لەسەر دەکرد، ئەگەر کۆبکرابانەوە ٢٥٠% تێپەڕی دەکرد!. ئەوەش نەک هەر جێی باوەڕ نەبوون، بەڵکو خۆشخەیاڵی بەرجەستە دەکرد. پارتی و یەکێتی هەر یەکەیان پێیانوابوو کە ٧٠% تا ٧٥%ی دەنگەکان دەهێنن!! بزووتنەوەی ئیسلامی، سۆسیالست، شیوعی و پارتی گەل پێیانوابوو هەریەکەیان لایەنی کەم ٢٠% تا٣٠% دەنگەکان دەهێنن!!

پارتی گەل خۆی بۆ هەڵبژاردن ئامادە دەکرد، بەمەبەستی ڕاهێنانی کادران خولێکی چەند ڕۆژە لە بارەگای مەکتەبی سیاسی بەڕێوەچوو. لەهەموو شارو شارۆچکەکاندا کادر هاتبوون ( بۆ نموونە لە لقی سلێمانی ٢٠ هەڤاڵی بۆ ئەو دەورەیە رەوانە کردبـوو[١])، گـوایە لەسـەر شـێوازی بانگەشەی هەڵبژاردن، چۆنێتی رازیکردنی خەڵک و دەنگ وەرگرتن مەشق و ڕاهێنانیان پێدەکرێ. دوای تەواوکردنی خولەکە بەڕێز کاک سامی ویستی را و پێشبینی هەندێک لەوانە وەربگـرێ کە لەماڵەکەیـدا دانیشـتبووین. بـۆ ئەو مەبەسـتە بـانگی کامێرامـانەکەی خـۆی کـرد، کە کـوڕێکی دهۆکی بوو، ناوی 'نزار پیرۆ' بوو، پێگوت: (یەک بەیەک لێیانبپرسـە و رایـان وەربگـرە، بـزانین دواتـر راو پێشـبینی کامەیان راستتر دەردەچێ). کاک زێرەڤان بەرپرسی لقی دهـۆک کە مرۆڤێکـی وڵاتپـاریز و حـزب گـوێڕایەڵ بـوو، لەپـێش هەمووبـانەوە پرسـیاری لێکـرا، ئەو بە بـاوەڕێکی بەهێزەوە گوتی: سەرووی ٣٣% لە بادینان دەهێنین، کاک کـامەران کەرکـوکی گـوتی ٩% لە کەرکـوک دەهێنـین، ئەنـدازیار سـەرکەوت گـوتی ١٢% لە سـلێمانی دەهێنـین، کاک دکتۆر عەبدولکەریم گوتی ١٥% لەهەولێر دەهێنین! ئیدی ئەوانەی دواتر کە پرسیاریان لێکرا، هیچیان لە ٨%

[١] نووسراوی لقی سلێمانی بۆ دیاریکردنی ناوی ئەو کادرانە بەشداری خولی ڕاهێنان دەکەن لە بەشی بەڵگەنامەکاندا خراوەتەڕوو.

نەهاتنە خوارێ، ئەمەش بە واتای ئەوەبوو کە سەرکەوتنی پارتی گەل لە هەڵبژاردن مسۆگەرە!! کاتێک نۆرەی من هات، سەیرێکی ئەملاوئەولای خۆم کرد و گوتم: (نامەوێ پێمبڵێن رەشبینە، لەبەر دڵی ئێوە دەڵێم ئەگەر ١% لەهەموو کوردستان بهێنین زۆرە!)، کاک سامی چاوەڕوانی وەڵامێکی لەو شێوەیە نەبوو، بەکەمێک تووڕەبوونەوە داوای لە کامێرامانەکە کرد کە قسەکانی من پاک بکاتەوە. ئینجا رووی لەمن کرد و گوتی: (ئەبو فلاد! تۆ بەرپرسی رێکخستن و راگەیاندنیت، رادیۆو تەلەفزیۆنەکان چاویان لە قسەکانی تۆیە، لەجیاتی هیواو ئومێد بە کادران بدەیت، کەچی ساردیان دەکەیتەوە!).

من پێداگریم لەسەر پێشبینی خۆم کرد و گوتم: (من بە لۆژیکی ئەندازیاری لێکدانەوەی بۆ دەکەم، ئەگەر بەگوێرەی لیستی ناوی ئەندامانی رێکخستنەکانی لق و ناوچەکان بێ، دەتوانین بڵێین کە زیاتر لە پازدە هەزار ئەندام و پێشمەرگەمان هەیە، ئەگەر هەر ئەندامێکیش بتوانێ دوو دەنگ لە بنەماڵەکەی خۆیدا بۆ پارتی گەل مسۆگەر بکات، ئەوکاتە دەتوانین بڵێین چل و پێنج هەزار دەنگمان دەبێ، ئەوەش لە رێژەی ٧% کەمترە، بۆیە من پێموایە بەتەنیا ناگەینە پارلەمان!)، کەچی کاک سامی و هەڤاڵانی دیکە خۆشیان لە پێشبینی و لێکدانەوەکەی من نەهات، رەخنەبارانیان کردم.

پێش هەڵبژاردن، یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق هەر یەکەیان بە جیا داوای هاوپەیمانیان لە پارتی گەل کرد، پارتی گەل بەلێکدانەوە و بیانۆی نارەواوە رەتی کردەوە. لیستی هاوبەش و هاوپەیمانێتی لەگەڵ یەکێتی یان پارتی بەلای منەوە کارێکی پێویست بوو، چونکە بەلامەوە گرنگ بوو کە لەیەکەم هەڵبژارندا سەربکەوین و تێکنەشکێین. بۆ مێژوو دەڵێم کە هەریەکە لە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) پێشنیاری باشیان پێداین، ئامادەیی خۆیان دەربڕی کە لایەنی کەم ٨ کورسی پەرلەمانیمان پێبدەن. مخابن هەندێک لە هەڤاڵان ڕێگریان کرد و ئەو دەرفەتەیان لەدەست دا. کاک عەبدوڵڵا ساڵح و کاک فازل جەلال راشکاوانە گوتیان ئەگەر هاوپەیمانێتی لەگەڵ(پ.د.ک)دا بکەن، ئێمە واز دەهێنین. کاک بروسک نوری شاوەیس و کاک ئەقدەرو شێخ ستار بە توندی دژی هاوپەیمانێتی لەگەڵ(ی.ن.ک) راوەستان و هەڕەشەی کشانەوەو وازهێنانیان کرد. کاک سامی لایەنگری ئەوەبوو کە لیستی هاوبەش لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دروست بکەین، بەڵام ئەوانی دیکە پێیانوابوو کە گەیشتن بە پەرلەمان مسۆگەرەو پێویست بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەو حزبانە ناکات کە رۆژێک لە رۆژان شەڕی براکوژیان کردووە و هاوکاریان لەگەڵ سوپای پاسدارانی کۆماری

ئیسـلامی ئێرانـدا کـردووه. ئەوان پێیـانوابوو کە خەڵـک دەنگـی نەرێ بەو جـۆرە حزبـانە دەدات!! لەو نێـوەدا تەنیـا پارتی گەل قازانج دەکات، چونکە هەرگیز شەڕی براکوژی نەکردووەو دەستی پاسداری بۆ نێو باشووری کوردستان رانەکێشاوە.

هەرچەنـدە کە مـن ئاگـام لە رەوشـی نـاو کۆبوونەوەکـانی سـەرکردایەتی حزبـی سۆسیالیسـت و پاسـۆک نەبـوو کە لیسـتی هاوبەشـیان پێکهێنـابوو، بەڵام پێمـوایە ئەوانـیش لە سەرکەوتن و گەیشتن بە پەرلەمان مسۆگەر بوون، چونکە لە کۆبـوونەوەکەی سـەرکردایەتی بەرەی کوردسـتانی زۆر بێباکانە بە رێژەی ٧% رازی بوون.

ئەو سـتافەی کە بانگەشـەی هەڵبژاردنیـان بـۆ پـارتی گەل دەکرد، لەزۆر شوێندا کێشـەو گرفتیـان بـۆ دروست دەکرا، بەتـایبەتیش لە دەڤەری بادینـان. رۆژی ١٣ی ئایـار، کـاک سـامی لە دهـۆک لەلایەن کـادرو لایەنگرانـی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان-عێـراق، دووچـاری سـوکایەتی پێکردن بـۆوە. لەکاتی وتاردانـدا منداڵە ورتکەیـان هەناردە سـەری، هاتوهاواریـان کـرد، پەلاماریانـداو هـێلکە بارانیـان کـرد. لەو پێوەنـدەدا کـاک سـامی نـامەیەکی بەپەلەی بـۆ سـەرکردایەتی بەرەی کوردسـتانی نـارد. ئەو نـامەیە بـۆ مـاوەی دوو رۆژ لە رادیـۆو تەلەفزیۆنەکـانی پـارتی گەل دەخوێنـدرایەوە. رێـزدار مـام جەلال هەوڵیـدا رەوشـەکە

لەنێوان پارتی گەل و (پ.د.ک) هێورو ئاسایی بکاتەوە. ڕەوشەکە هێور کرایەوە، بەڵام بەوهۆیەوە کاک سامی ڕقێکی ئەستووری لەهەندێک بەرپرسی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵگرت، پێموایە هەرگیز لە بیری نەکردو لە دڵیدا نەسڕایەوە.

لێرەدا بە پێویستی دەبینم کە دەقی نامەکەی کاک سامی بنووسمەوە:

**[ من/ سامی عبدالرحمن**

**الى/ السادة مسعود البارزاني**

**+ مام جلال الطالباني**

**+ اللجنة العليا للجبهة الكردستانية**

**+ (م.س) الحزب الاشتراكي الكوردستاني**

**+ (م.س) پاسۆک**

**+ المكتب السياسي للحزب الشيوعي العراقي**

**+ (م.س) حزب كادحي كردستان**

**+ (م.س) الحركة اللديمقراطية الآشورية**

**+ (م.س) حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني (گەل)**

**منذ يوم أمس يقوم مسؤولوا الحزب الديمقراطي الكردستاني فى الفرع الأول باستفزازات متعمدة ومتصاعدة وغير مبررة ضدنا. حيث قطعوا موكبنا من زاويتة الى دهوک فى أكثر من مكان وحشدوا عددا كبيرا من الصبية**

فى مكان خطابي فى مدينة دهوك وكان كل واحدا من مسؤولي الفرع يقف فى رأس كل شارع فرعي بأيديهم اجهزة الاتصال وخلقوا ضوضاءا متواصلا حتى أثناء الوقوف حدادا على أرواح الشهداء استمروا فى ضوضائهم الى النهاية، ووضعوا احدى مكبرات الصوت مقابل مكان اقامتي بأعلى صوتها ليلا و نهارا اضافة الى سياراتهم المتجولة. وفي الليل شوشوا على تلفزيوننا الذي صورة الصحفيون الأجانب وذهبوا بتصاويرهم الى مقر (حدک) واليوم حيث تقرر ان نسافر الى زاخو، وضعوا مجاميع من الصبيان فى العديد من النقاط على طريقنا، ومع كل مجموعة احد الموجهين كما شوشوا على تلفزيوننا صباح اليوم أيضا والتشويش مستمر الى هذه اللحظة.

أين هذه الأعمال من الديمقراطية وحرية الرأي الذي أعلننا جميعا الإلتزام به؟؟. رغم كل ذلک حافظنا على هدؤنا حتى الآن ولم نقوم بأي اجراء مقابل. تجري هذه الأعمال فى وقت هناک العشرات من الصحفيين و الشخصيات الأجنبية في دهوک. ان مسؤولية حدوث أي حادث لا يحد عتباه، تقع على عاتق السيد (فاضل مطني) ومعاونيه، حيث أنه يوجه هذه الأعمال مباشرة. نرجوا من كافة الأطراف الحليفة في (ج.ک) التحقيق مما نقوله من فروعهم في دهوک. أما الأستمرا في مصادرة حريتنا في التعبير عن رأينا في الأنتخابات سيجعنا ان نضع استفهاما كبيرا على الأنتخابات

و نتائجها. وفي الختام ندعوكم الى وضع حد لهذه الأستفزازات التي ازعجت أهالي دهوك أيضا و الرامية الى اسكات صوتنا في الأنتخابات، في الوقت الذي ندعوا فيه جميعا الى حرية الرأي و الديمقراطية والانتخابات الحرة النزيهة.

١٤-٥-١٩٩٢ ][٢].

هێشتا چەند ڕۆژێک بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن مابوو کە هەڤاڵانی لقی یەک لە بادینان بروسکەیان ناردو ڕایانگەیاند کە بەدڵنیاییەوە ڕێژەی دەنگەکانی پارتی گەل ١٧% تێپەڕ دەکات!! هەروەها هەڤاڵانی هەولێرو سلێمانی تۆزێک هاتنە خوارێ، بەڵام هەر هەموویان لە گەیشتن بە پەرلەمان واتە تێپەڕکردنی ڕێژەی ٧% و هێنانی ٧ کورسی مسۆگەر بوون. شەوی پێش هەڵبژاردن بۆ هەندێ کاری پێویست سەردانی میوانخانەی کاک سامیم کرد، کە چاوم پێیکەوت، هەستم کرد لەنێو نیگەرانی و پەرێشانیدا تەکان دەدا، پێش ئەوەی من قسە بکەم، گوتی: (ئەبو فلاد! هەڵبژاردن بە دڵی ئێمە نابێ، حکومەت وەڵامی بۆ کۆنە موستەشارو پیاوانی خۆی ناردووە تا دەنگ بە پارتی بدەن، ئەگەر بە گوێی بکەن واتە زۆرترین دەنگ دەهێنێ و سەردەکەوێ، خۆزگە بە قسەی تۆمان بکردباو لستی هاوبەشمان دروست

---

[٢] دەقی ئەو بروسکەیەی کاک سامی عەبدولڕەحمان لە بەشی بەڵگەنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە.

بکردبـا!). پێموابـوو کە کـاک سـامی لەرێـی 'کـاک سـەید ئەحـمەد هەرکـی'یەوە ئەو هەواڵەی پێدرابوو. کـاک سـەید ئەحــمەد هەرکــی دوای راپەڕیــن ببــوو بە پــارتی گەل و لەسەر لیستی گەل خۆی کاندیدا کردبوو، بەڵێن و سۆزی بە کـاک سـامی دابـوو کە ئەو بەتەنیـا زیـاتر لە ٣٠ هەزار دەنگـی هـۆزی هەرکـی لەسـنووری پارێزگـای هەولێـر بـۆ لیسـتی گەل مسـۆگەر کـردووە!!. کـاک سـامی زۆر بـاوەڕی پێهەبـوو، تەنــانەت لە بانگەشــەی هەڵبــژاردن لە هەولێــر ئاماژەی بە کەسێکی رابردووپاک و لێهاتووی وەک سـەید ئەحـمەد هەرکـی کـردو رایگەیانـد کە لەسـەر لیسـتی گەلـدا خـۆی هەڵبـژاردووە و شـیاوی ئەوەیە کە دەنگـی خۆتـانی پێبدەن!.

# بەرەو یەکگرتن

سەرەنجام لە ١٩-٥-١٩٢٢ یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو، بەڵام ئاکامەکەی بۆ زۆربەی حزبەکان نەک هەر جێی نیگەرانی بوو، بەڵکو سەرکردەکانی شۆک کرد و هەمووانی راچڵەکاند. رۆژی ٢٠-٥-١٩٩٢ لە سەر ئاستی سلێمانی لایەنەکانی 'پارتی، شیوعی، سۆسیالست و گەل' کۆبوونەوەو راگەیاندراوێکیان سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژارد بڵاوکردەوەو نیگەرانی خۆیان دەربڕی. هەر ئەو رۆژە کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەیامێکدا رایگەیاند کە هەڵبژاردنەکە شەرعی نیە، تەزویری زۆری تێداکراوەو پارتی ئیلتیزامی پێوە ناکات!!. هەروەها (ی.ن.ک)یش نارەزایەتی خۆی پیشانداو رایگەیاند کە لەبادینان ساختەکاری زۆر کراوە، ئەو دەنگانەی لەناو سەندوقەکاندا بوون زۆر لە ژمارەی دانیشتووانی ناوچەکە زۆرترە، یەکێتی ناتوانێ ئاکامەکەی پەسند بکات.!!

رۆژەکانی ٢٠و٢١و٢٢ پڕاوپڕبوون لە هەواڵی دڕوودۆنگی، شێواوی و نیگەرانی، ترسی هەڵایسانی شەڕی نێوەخۆ لە بەردەرگەی بەرەی کوردستانیدا چەتری هەڵدابوو. نامەو بروسکەکان دەگۆڕدرانەوە، پارتی لە یەکێتی، یەکێتی لە

پارتی نیگەران بوو، حزبەکانی دیکەش لە هەردووکیان دڵپڕو نیگەران بوون. کاک سامی متمانەی زۆری بە کاک عەزیز محەمەد سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق هەبوو، حەزی دەکرد سەبارەت بەو کێشەیە بیروڕابگۆڕنەوە، کەچی کاک دکتۆر مەجید کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی گەل و کەسی یەکەمی دوای کاک سامی بوو، پێشنیاری دیداری کاک دکتۆر مەحمود عوسمانی بۆ کرد. رۆژی ٢٢ی ئایار، کاک سامی و کاک دکتۆر مەحمود کۆبوونەوە، دواتر هەردووکیان پێکەوە بەشداریان لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیدا کرد.

لەدەوروبەری ئەو شوێنەی کە کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانی تێدا بەڕێوەدەچوو، پێشمەرگەو پاسەوانی سەرکردەکان لە دڵەراوکێ دابوون، لە بەرانبەر یەکتر راوەستابوون، دەستیان لەسەر پەلاپیتکەی چەکەکانیان بوو. لە ناو کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانیش رەوش زۆر نالەبار، تێکچڕژاوو گرگرتوو بوو، بێمتمانەیی باڵی بەسەر کۆبوونەکەدا کێشابوو، پارتی و یەکێتی یەکتریان بە ساختەکاری تۆمەتبار دەکرد. راستیەکەی هەردووکیان دریغیان لە ساختەکاری هەڵبژاردندا نەکردبوو. سەرەنجام هەردوولا پێشنیاری ئەوەیان کرد کە رێژەی ٧% هەڵبگیرێ، بەوشێوەیە هەموو ئەو حزبانەی بەشداریان

لەهەڵبژارنـدا کـردووە دەگەنە پەرلەمـان. پـارتی و یەکێتـی بەوە رازیبـوون کە ٢٠ کورسـی بـۆ لایەنەکـان و ئەوانـیش هەر یەکەیـان ٤٠ کوردسـیان هەبـێ. کـاک سـامی و کـاک دکتـــۆر مەحمـــودو هـــاوڕێ عەزیـــز مـــحەمەد دژی ئەو پێشنیارەبوون، داوایان کرد بـۆ ئەوەی لەهەنگاوی یەکەمـدا خراپ بەسەر کورددا نەشکێتەوەو دیموکراسیەکەی لەنگ نەبـێ!! بـا ئاکـامەکەی پەسـند بکـرێ و سـەرکەوتنی هەڵبـژاردن رابگەیەنـدرێ، بەڵام بەو مەرجەی کە لەمـاوەی یەک ساڵدا هەڵبژاردنێکی دیکە بەڕێوەبچێ. بەڕێزان مـام جەلال و کاک مەسعود بەپەلە ئەوەیان قۆزتەوە سەرەنجام بـوو بەبڕیـار کە لەمـاوەی شـەش مـانگی داهـاتوودا واتە لە ١٩-١١-١٩٩٢ هەڵبـژردن بکـرێتەوە!! ئیـدی سـەرکردایەتی بەرەی کوردســـتانی لەو کۆبـــوونەوەیەدا ســـەرکەوتن و توانیان شەڕی نێوەخۆ بۆ چەند ساڵی دیکە وەدوابخەن و ئاگری چەکەکان دوور بخەنەوە.

شکسـتی حزبەکـان لە هەڵبـژاردن، سـەرکردایەتی 'حزبـی سۆسیالیســـت، پاســـۆک و پـــارتی گەل'ی رووبەڕووی پرسیارگەلێکی قورس و گران کردبـۆوە. بـۆ رزگـاربوون و خۆدەربـــازکردن لەو پرســـیارانە، دەبـــوایە دەریـــچەیەک بـدۆزرێتەوە، باشـترین دەریـچەش بـانگی بەرەو یەکگـرتن بوو. سەرکردایەتی ئەو لایەنانە پێیـانوابوو کە ئەگەر هێزو

توانای حزبەکان کۆبکرێنەوە و لە هەڵبژاردنی داهاتوودا کە لە شەش مانگی داهاتوودا بەڕێوەدەچێ!! سەرکەوتن مسۆگەر دەکەن و مافی زەوتکراو وەدەست دێننەوە.
بەهۆی نزمی رێژەی دەنگەکانی پارتی گەل، کاک سامی دڵی لە کادران و بەرپرسانی لقەکان شکابوو، تێگەیشتبوو کە ئەوان راستیان لێشاردۆتەوەو مادەلاییان کردووە. بەهۆی ئەوەی کە پێشتر من راشکاوانە رای خۆم دیاری کردبوو، متمانەی کاک سامی بەمن زیاتر ببوو، دەتوانم بڵێم منی خۆشەویستتر کردبوو. بەردەوام پرس و راوێژی پێدەکردم. رۆژی ٢٥ی ئایار لەگەڵ هەڤاڵ **شوان وسو** کە لێپرسراوی دارایی ئێستگەی رادیۆو تەلەفزیۆنی هەولێر بوو، چووین بۆ شەقلاوە، ئێوارە کە گەڕامەوە. پێیانگوتم کە کاک سامی تەلەفۆنی کردوەو لەتۆی پرسیوە. من هەمیشە بێ ئەوەی هیچ بنووسم، بەیانیان و ئێواران لە وێستگەی **'ئێرە هەولێرە رادیۆی پارتی گەل'**دا راستەوخۆ وتەی رۆژم پێشکەش دەکرد. ئەو بەیانیە سەبارەت بە شکست و ساختەکاریەکانی هەڵبژاردن قسەم کردبوو، پێموابوو کە کاک سامی گوێی لێبووەو رەخنەی لێهەبووە. دوای ئەوەی کە بەڕێوەبەرو کارمەندانی ئێستگەم کۆکردەوەو سەبارەت بە بەرنامەکانی رۆژی داهاتوو رێنوێنیم کردن، یەکسەر بۆ لای کاک سامی رۆیشتم.

لەیەکەم نیگـادا بەو دڵـۆپە بـزانەی کە لە لێوەکـانی 'کـاک سـامی' دادەبـارین، خۆشـحاڵ بـووم. بەگەرمـی پێشـوازی لێکـردم و دەسـتی گوشـیم، داوایکـرد کە دوو قـاوەی بـێ شـەکرمان بـۆ بهێـنن. زۆر بە ئـارامی و لەسـەرخۆ گـوتی: ئەمڕۆ کاک شەمسـەدین موفتی سـەردانی کردم، بـۆ خـۆت دەزانیت کە ئەو تێکۆشەرێکی بەتواناو دووربینە، پێشنیاری ئەوەی کـردووە کە هەمـوو ئەو لایەنـانەی کە بەربەسـتی ٧%مـان تێپەڕنەکـردووە، لەدەورەی یەکتـر کـۆببینەوە و یەکبگرین، با لەئێستاوە ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو بکەین و لیستی هاوبەش پێکبێنین!.

منیش پرسیم: یەککگرتن لەگەڵ کێ؟

گـوتی: کـاک شەمسـەدین پێیباشـبوو هەمـوو ئەوانەی کە کورسـیان نەهێنـاوە، یەکبگـرن و بەرەیەک پێبهێـنن، منـیش پێمگوتـووە یەککگـرتن لەگەڵ ئیسـلامیەکان نـاکرێ، حزبـی شـیوعیش عێـراقیە، بەس ئـێمەو حزبـی سۆسیالسـت دەمێنینەوە، خۆشت دەزانیت کە رای کاک رەسول بەرانبەر ئێمە ئیجابی نیە. ئەویش گوتویەتی کـاک رەسـول نـابێتە کێشە، باشترە ئەودوولایەنە ببنە یەک حزب.

مـن پرسـیم: کـاک شەمسـەدین لە خـۆیەوە ئەو پێشـنیارەی کرد یان کەسێک رایسپاردبوو؟

گوتی: پێموایە پێشنیارەکە هی خۆیەتی بەڵام ئۆکەی دکتۆر مەحمـود عوسـمانی لەگەڵـدایە، یـان پێشـتر لەسـەر ئەوە ساغبوونەتەوە و بۆتە راو پێشناری هەردووکیان.
بەهـۆی ئەوەی کە مـن پێشـتر بـۆ مـاوەی ١٠ سـاڵ لە ریزەکـانی سۆسیالسـتدا تێکۆشـابووم، لە نـزیکەوە زۆر لەوانم دەناسی، بۆیە کاک سامی دەیویست سەبارەت بە حزبی سۆسیالستی کوردستان زانیاری زیاتر وەدەست بێنێ و رای منیش وەربگرێ.
ئەوێ رۆژێ حزبـی سۆسیالسـت یەکـڕاو یەکهەڵوێسـت نەبوون، بۆیە بەگوێرەی زانیاریەکانی خۆم کورتە شیکاری و لێکدانەوەیەکم کرد و هەندێک روونکردنەوەم خستەروو.
کـاک سـامی دەیزانـی کە کـاک رەسـوڵ و سـەید کـاکەو مامۆستا سەعد و دەستەیەک کادری سۆسیالست دژایەتی کاک سامی دەکەن و ناحەزیـان لەگەڵیدا هەیە. هەروەها ئەوێ رۆژی 'کاک محەمەدی حاجی مەحمود و خاڵەحاجی و شـێخ مـحەمەد شـاکەلی' بەوە تۆمەتبـار دەکـران کە پێوەنـدی پتەویـان لەگەڵ دەزگـای ئیتلاعـات و سـوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەیە، کاک سامی وای پێشاندەدا کە خۆشی لەوان نایەت، بەڵام هەڵوێستی کاک دکتۆر مەحمود و کاک عەدنان موفتی و کاک عادل موراد و کاک قادر جەباری و مامۆستا ئەمینی بەدڵ بوو، دەتوانم بڵێم لەهەنـدێ شـتدا کتومـت وەک دکتـۆر مەحمـود بیـری

دەکــردەوە بەتــایبەتی ســەبارەت بە ســەدام و چــۆنێتی ڕەفتارکردن لەگەڵ ڕژێمی بەعس هاوڕامان بوون.
مـن دەمویسـت رای خـۆم بە دکتـۆر مەجیـدیش بڵـێم کە لە ژوورەکەی خۆیــدا لەبەرانــبەر ئەو ژوورەی کە ئــێمە لێیدانیشتبووین، خەریک بوو نامەی بۆ هەڤاڵانی ئەوڕوپا دەنووسـی. راسـتیەکەی دکتـۆر مەجیـد، پیـاوێکی پـاک و نیشـتمانپەروەرو دڵسـۆزە، بەڵام بەهـۆی دوورکەوتـنەوەو دابڕانـی لەکوردسـتان، وەکـو پێویسـت ئاگـای لە رەوشـی کوردسـتان نەبـوو، هێنـدە نەرم و نیـان بـوو کە هەڤـاڵان خۆشــیان لە رەفتارەکــانی نەدەهــات، بەڵام مــن زۆر خۆشمدەویســت و ریــزی زۆرم لێــدەنا، بەلای مــنەوە کەسێکی پەسندبوو. دوای ئەوەی ماڵئاواییم لە کاک سامی کـرد و لە ژوورەکەی هـاتمە دەرێ، یەکسـەر چـوومە لای کاک دکتۆر مەجیدو ئەو باسەم لەلای کردەوە، تکام لێکرد کە هەولــێ خــۆی بــدات و ئەو پڕۆســەیە وەدوا بخــات.
پێشنیاری من ئەوەبوو کە بەمەبەستی زیاتر یەکترناسین، باشـتروایە کە سـەرەتا کـاری هـاوبەش دەسـت پێـبکەین، دواتر هەنگاو بەهەنگاو بەرەو یەکگرتن بڕۆین.
لە رادیــۆی هەولێــر، رۆژانە هەم 'وتەی رۆژ'م پێشــکەش دەکردو هەمیش بەرنامەی 'مام عەوڵا'م هەبوو. بەرنامەی 'مـام عەوڵا'بەرنـامەیەکی رەخنەئـامێزبوو، خەڵـک لەڕێـی

نامەکانیانەوە پرسیاریان دەکرد و منیش راستەوخۆ وەڵامم دەدانەوە. زۆرجاران باسی ئەو رووداوامانەم دەکرد و رەخنەم لێدەگرتن کە بەچاوی خۆم دەمدیتن، بەهۆی وەڵامە رەخنەئامێزەکانەوە لەلایەن حزبەکانی دیکەوە گلەییمان لێدەکرا، واتە گلەیی لە رادیۆو لە پارتی گەل دەکرا، چونکە کەس نەیدەزانی کەمن رۆڵی مام عەوڵا دەگێڕم، تەنانەت زۆربەی کارمەندانی رادیۆو تەلەفزیۆنیش نەیاندەزانی کە من دەنگی خۆم دەگۆڕم و ڕۆڵی مام عەوڵا کایە دەکەم. دەکرێ بڵێم ئێمە یەکەمین کەس بووین کە لەرێی ئەو بەرنامەیەوە رەخنەمان لە رەفتاری ناشیرین و کرێتی کەس و لایەنەکان دەست پێکرد.
رۆژی ٢٦ی ئایار لە وتەی رۆژی رادیۆی هەولێردا بابەتی بەرەو یەکبوون و یەکگرتنی هێزە سیاسیە هاوڕامانەکانم هێنایە گۆڕێ و باسی ئەوەم کرد کە هێزە براوەکان مافی خۆیانە کە حکومەت پێکبهێنن و فەرمانڕەوایەتی بکەن، بەڵام ئەوانەی دیکە دەتوانن وەک ئۆپۆزیسیۆنێکی کاراو دڵسۆز چاودێری بەسەر کارەکانی حکومەتدا بکەن و هەڵەکانیان بۆ راست بکەنەوە، بەتایبەتی بەهۆی ئەوەی کە کورد ئەزمونی خۆبەڕێوەبەری و حوکمداری لاوازە و پێویستی بەهاوکاری و هاوهەنگی هەموو هێزە سیاسیەکان و کەسانی پسپۆڕ، شارەزاو خاوەن ئەزموون هەیە. دوای پێشکەشکردنی وتەی رۆژ لە بارەگای رادیۆو تەلەفزیۆن

هاتمە دەرێ و بێڕاوەستان بۆ لای کاک سامی چووم. دیاربوو گوێی لە وتەی ڕۆژ ببوو، بە پێکەنینەوە گوتی: دوێنێ شەو وانەبوویت، ئەمڕۆ تۆ لە ئێمە پەرۆشترو بەپەلەتریت بۆ یەکگرتن؟

من دژی یەکبوون و یەکگرتنی هێزە هاوڕامانەکان نەبووم، بەڵام پێموابوو کە بە مەرج ولە کاودانی ڕەسیودا ئەو پڕۆسەیە سەردەگرێ و سەرکەوتوو دەبێ، بۆیە لە وەڵامی کاک سامیدا گوتم: بەڵام من مەرج و شەرتەکانم لەبیر نەچووە، ئەو پڕۆسەیە وەک میوە وایە ئەگەر پێش کاتی خۆی لێبکرێتەوە، بۆ خواردن دەست نادات!

پارتی گەل ۹۹۰۳ دەنگی هێنابوو، واتە بە ڕێژی ۱،۰۲% . نزمی ڕێژەی دەنگەکانی پارتی گەل هەموو کادرو ئەندامانی مەندەهۆش کردبوو، هەرکەسەو لەناخی خۆیەوە گلەیی لە خۆی دەکرد، بەتایبەتیش ئەوانەی کە بەرپرس بوون، یان کاندیدا (پاڵێوراو)بوون و بۆ دەنگدانیش نەچووبوون، بەلێشاو ڕەخنەباران دەکران. ئەندامێکی سەرکردایەتی کە ڕۆژی هەڵبژاردن لەماڵەوە خۆی گنخاندن بوو، درەنگ لەخەو هەستابوو، دواتر کە زانیبووی سرە درێژە و پێویست بە چاوەڕوانیەکی زۆر دەکات، ئیدی بۆ بنکەی دەنگدان نەچووبوو، بەوهۆیەوە خۆی و پێشمەرگەکانی فریای دەنگدان نەکەوتبوون؛ ڕۆژی ۲۷ی

ئایـار، ئەوکـاتەی کە مـن لە لای کـاک سـامی دانیشـتبووم، ئەو هەڤاڵەش هاتە ژووری و سـڵاوی کـرد، مـن بە گەرمـی پێشوازیم لێکرد، بەڵام کاک سامی پشتی تێکرد و خۆی بە خوێندنەوەی ئەو بروسکانە خەریک کرد کە لە بادینانەوە رەوانە کرابوون.

رۆژی ۲۸-٥-۱۹۹۲ بەڕێـزان کـاک 'دکتـۆر مەحمـود'، کـاک 'شەمسـەدین مـوفتی' و کـاک 'عەدنـان مـوفتی' سـەردانیان کردین، کاک سامی، کاک دکتۆر مەجیدو من لە پێشـوازیان دابووین. لە دیدارێکدا بەدرێژی باس لە شکسـتی حزبەکـان لە هەڵبژاردن و دیاردەی ساختەکاری و سـەندوق پڕکـردن و سـەندوق گـۆڕین کـرا، خوێنـدنەوەی رەوشـەکەو بەخۆداچوونەوە بە پێویست و گرنگ زانرا، راشکاوانە باس لە یەکگرتنی نێوان حزبی سۆسیالست و پارتی گەل کرا. بەڕێـز دکتـۆر مەحمـود خوێنـدنەوەیەکی واقیعبینـانەی بـۆ رەوشـی دوای هەڵبـژاردن کـرد. چەنـد جارێـک دووپـاتی کردەوە کە ئەگەر حزبەکان یەکڕیزو یەکهەڵوێست نەبوون، چارەنووسێکی نادیار چاوەڕێ دەکات. من هەستم کرد کە بەڕێـزان کـاک دکتـۆر مەحمـودو کـاک سـامی دڵیـان بەوە خۆشـە کە بەزوویـی هەڵبـژاردن دەکـرێتەوە و ئەوانـیش بەشداری تێدا دەکەن و سەرکەوتووش دەبن!!

رۆژانـی دواتـر هەواڵـی بەرەو یەکگـرتن لەگەڵ حزبـی سۆسیالسـت بەگـوێی کـادرانی لـق و ناوچەکـان گەیشـت،

ژمـارەیەکی زۆر هەر لە دەسـتپێکدا ناحەزیـان پێشـاندا و ناڕەزایی خۆیان نەشاردەوە، بەتایبەتیش ئەوانەی کە دژی هاوکـاری هێـزە کوردسـتانیەکان لەگەڵ کۆمـاری ئیسـلامی ئێران بوون. زۆربەی کادرانی پارتی گەل، بەچاوێکی سەیر لە حزبـی سۆسیالسـتی کوردسـتانیان دەڕوانـی، بەوە تۆمەتبـار دەکـرد کە پاسـداری بـۆ کوردسـتان هێنـاوە، لە گرتنی شـاری هەڵەبجەدا چاوسـاغی بـۆ سـوپای پاسـداران کـردووە. تەنـانەت ئەوانەی سـلێمانی بە ئاشـکرا دژایەتـی کـاک مـحەمەدی حـاجی مەحمودیـان دەکـرد و بەهێزێکـی سـوپای پاسـدارایان دادەنـا، هەرچەنـدە کە کـاک 'ڕەسـول مامەند' تێکۆشەرێکی ماندوونەناس و کەسایەتێکی ناسـراو بوو، من بۆخۆیشم ڕێزی زۆرم بۆ ئەو سەرکردەیە هەبوو، لە دڵەوە خۆشمدەویسـت، بەڵام مخـابن هەڤـاڵانی خـۆی لێرەو لەوێ زۆر زەمیان کردبوو، خودی 'کاک سامی'یش هەرگیز دانی خێری بە کاک ڕەسول دانەنابوو، هەمیشـە بە پیاوێکی نەخوێندەوارو دێهاتی ناوی بردبوو، بەوهۆیـانەوە یەکگرتن لەگەڵ حزبی سۆسیالست بۆ کادرانی پارتی گەل بەئاسانی هەرس نەدەکرا.

ڕۆژی ٣-٦-١٩٩٢ شـاندێکی سـەرکردایەتی پـارتی گەل سەردانی شاری ڕانیەیان کردو لە بارەگای کاک ڕەسول مامەند لەگەڵ سەرکردایەتی هەردوو حزبی سۆسیالست و

پاسۆک کۆبوونەوە. لەوێ باس لە یەکگرتنی هەرسێ حزب کرابوو، لەسەر زۆر شت نیمچە ڕێککەوتنیان کردبوو. شاندەکەی پارتی گەل بە دەستی پڕ و بەهەواڵی خۆش هاتبۆوە، چونکە سەرکردایەتی پارتی گەل دەیزانی کە کادرو هەڤاڵان، هاوبیرانی 'پاسۆک'یان زۆر خۆشدەوێ و بە پارتێکی نیشتمانپەروەرو پاک لێیدەڕوانن. هەرچەندە کە پاسۆک باوەڕی بە سۆسیالستی زانستی نەبوو، واتە چەپ و پێشکەوتنخواز نەبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بۆ رزگاری و سەربەخۆیی تێدەکۆشا، لەگەڵ خەون و ئامانجەکانی پارتی گەل تێکیدەکردەوە. بەتایبەتیش زۆربەی هەڤاڵانی پارتی گەل رزگاریخوازو سەربەخۆخواز بوون و پێیانوابوو کە پێکەوەگرێدانی خەباتی نەتەوەیی و چینایەتی رەوایەو سەرکەوتن وەبەرهەم دەهێنێ.
رۆژی ٨-٦-١٩٩٢ لەمیوانخانەی کاک سامی لە شاری هەولێر لەپێشوازی شاندی حزبی سۆسیالست و پاسۆک دابووین. کۆبوونەوەیەکی بەرهەمدار بەڕێوەچوو، سەرکردایەتی هاوبەش پێکهات و بڕیاردرا بەرەو یەکگرتن ئامادەکاری بکرێ. هەرچەندە کە کاک رەسول مامەند هێندە پەرۆشی و پەلەی بۆ یەکگرتن نەبوو، بەڵام ئەویش بۆ رادیۆو تەلەفزیۆنی پارتی گەل قسەی کرد(ئەوکات حزبی سۆسیالست و پارتی لەسەر شەپۆلی کورت رادیۆیان هەبوو، هەروەها لەو سێ حزبە تەنیا پارتی گەل

رادیـۆی ئێـف ئـێم و تەلەفزیـۆنی لۆکـاڵی هەبـوو) زۆر بە حەماسـەوە قسـەی کـردو ئامـادەیی خـۆی بـۆ سەرخسـتنی پڕۆژەی بەرەو یەکگرتن راگەیاند.

ئەو رۆژە خواردنێکی شـاهانە بـۆ میوانەکـان ئامـادەکرابوو. چەنــدین بەرخ بێــئەوەی پارچەپــارچە بکــرێن، لە فڕنــی سوورکرابوونەوە، ناو هەناویان پڕ لە برنج و دەمیان تـژی لە ســەوزە کرابــوو، دیمەنێکــی رەنگینیــان وێنــاکردبوو؛ خواردنی جۆراوجۆر لەسەر مێزێکی درێـژ لەنـا باخچەکەدا داندرابوو. کورد گوتەنی شانوشکۆی ئاغایەتی کاک سـامی پێشاندەدا.

ئەویَ رۆژیَ زۆر بە ئاشکرا هەست بە ناتەبـایی ریزەکـانی حزبـی سۆسیالسـت دەکـرا. کـاک دکتـۆر مەحمـودو کـاک مــحەمەدی حــاجی مەحمــود یەک ســەنگەربوون و زۆر بەتاســـەوە باســـیان لە بەرەو یەکگـــرتن دەکـــرد و خوازیـــاربوون کە هەرچـــی زووتـــرە هەنگـــاوی بـــۆ هەڵبگیــرێتەوەو پەلەی تێــدا بکــریَ، بەڵام کــاک رەســول بەپارێزەوە بـۆ پڕۆسـەی یەکگـرتن دەچـوو، پەلەو خێرایـی پێوەدیـار نەبـوو. هــاوبیرانی پاســۆک زۆر هاوســەنگ و لێزانـانە رەفتاریـان دەکـرد و خـۆیـان دەنوانـد، بەوهـۆیەوە لەلایەن هەڤاڵانی پارتی گەلەوە رێزو خۆشەویستیان بەرەو هەورازتر هەڵدەکشا.

دوای ئەو کۆبـــوونەوەیە، پـــارتی گەل و پاســـۆک زۆر راســتویژانە بەرەو یەکگــرتن هەنگاویــان هەڵــدەهێنایەوەو ئامادەکاریان بۆ دەکرد، کەچی هەندێک لە هەڤاڵانی حزبی سۆسیالســت هێشــتا چاویــان هەر لەســەر بەغــداد بــوو. لایەنگرانــی کــاک رەســول مامەنــد زۆر لە رەفتــاری کــاک مـــحەمەدی حـــاجی مەحمـــود نـــیگەران بـــوون، بەوە تۆمەتباریــان دەکــرد کە دۆســتایەتی لەگەڵ عەلــی حەســەن مەجید (عەلی کیمیاوی)دا خۆشــەو بڕی ۱۳ ملیۆن دنیاری لێوەرگرتووە. لەلایەکی دیکەوە لایەنگرانی دکتۆر مەحمود وایــانبلاودەکردەوە کە لەســـەر داوای کۆمــاری ئیســـلامی ئێران کاک محەمەدی حاجی مەحمود پێوەندی خۆی لەگەڵ عەلی کیمیاوی خۆش کردوە، لەو رێیەوە زانیاری گرنگ سەبارەت بە پێوەندی نێوان یەکێتی و پارتی لەگەڵ عێراق پەیدا دەکات و بە ئیرانی دەدات! لە بەرانبەردا لایەنگرانی کــاک مـحەمەدی حـاجی مەحمود بەتـوانجەوە باسـی کـاک دکتــۆر مەحمودیــان دەکــردو دەیــانگوت دەســتوپێ ســپیە، بۆخـۆی و هەڤاڵەکانی مەبەستیان لە کـاک قـادر جەبـاری، کاک عەدنان موفتی و کاک عادل موراد بوو. ناتوانن یەک فلس پەیدا بکەن. دەیانگوت دکتۆر مەحمود ناوی گەورەو دەرگەی وێرانە، چۆتە بەغداد تەنیا یەک ملیۆن دینـاری هێناوە! هەردوو باندەکەش کـاک رەسـول مامەندیان بەوە تۆمەتبـار دەکـرد کە هەڵوێسـتی ئاشـکرای نیەو ناشـتوانێ

بڕیاری یەکلاکەرەوە وەربگرێ. تەنانەت هەندێک لەوان کە یەکتریان دەبینی بە گاڵتەوە بەیەکتریان دەگوت (هذا اسعد یوم فی حیاتی)، گوایە کاتێک کاک ڕەسول مامەند چاوی بەسەدام حوسێن کەوتووە، ئاوای گوتووە!. لەوکاتەی کە ئەو تۆمەت و دەنگۆیانە لەنێو ریزەکانی حزبی سۆسیالست بازاڕیان گەرم کردبوو، کڕین و فرۆشتنیان پێوەدەکراو ئێمەیشیان پێوە گیرۆدە کردبوو، ڕێک لەوکاتەداو لەرۆژی ١٠-٦-١٩٩٢ واتە تەنیا دوو ڕۆژ لە دوای پێکهێنانی سەرکردایەتی هاوبەش لەنێوان هەر سێ حزبەکە، لەرێی دیبەگەوە کاک محەمەدی حاجی مەحمود سەردانی بەغدادی کردو لەگەڵ عەلی کیمیاوی کۆبۆوە. هەواڵی چوونی ئەو شاندەی سۆسیالست بۆ بەغداد لەلایەن 'کاک سامی'یەوە زۆر بە ئاسایی وەرگیرا، بەڵام لەلایەن هەڤاڵانی دیکەی پارتی گەل جێی نارەزایی و نیگەرانی بوو. بەتایبەتیش ئەو هەڤاڵانەی کە حەزیان بە یەکبوون نەدەکرد و نەیاندەویست پارتی گەل خۆی هەڵبوەشێنتەوە، بۆیە زۆر بەئاشکرا توانجیان لێدەداو سەرکردەکانی حزبی سۆسیالستیان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە چاویان لە سامان و پارەی کاک سامی بڕیوە، ڕاشکاوانە دژایەتی هەر هەنگاوێکیان دەکرد کە کۆتایی بەتەمەنی پارتی گەل بهێنێ.

کاک سامی دڵسۆزانەو راستگۆیانە بۆ یەکگرتنی هەرسێ حزب تێدەکۆشا، رۆژانە راسپاردەو رێنوێنی بە راگەیاندن دەدا، بۆ ئەو مەبەستە یان لەگەڵ من کۆدەبۆوە یان راستەوخۆ بەدوای بەرێوەبەری رادیۆو تەلەفزیۆنی هەولێری دەناردو ئەو تەوەرانەی دەوروژاند کە مەبەستی بوو باسیان لێوەبکرێ. رۆژنامەی گەل کە بەزمانی عەرەبی دەردەچوو، ستافێکی تایبەت بە خۆی هەبوو، بەرپرسیارێتی لەئەستۆی کاک خەسرەو عەزیز بوو، بەڵام دیسانیشەوە کاک سامی بۆ خۆی سەرپەرشتی دەکرد، پێش بڵاوبوونەوە هەر بابەتێک دەبوایە بۆ خۆی بیانخوێنێتەوە، ئەوەی بەدڵی نەبوایە یان لادەدران یان گۆڕانکاریان تێدادەکرا. لەلایەکی دیکەشەوە بێپسانەوە پێشوازی لە کادرو بەرپرسانی لقەکان دەکرد و بۆ یەکگرتن رایدەسپاردن و داوای لێدەکردن کە بەنەرمی لەگەڵ کادران بجولێنەوەو باسی پیرۆزی یەکگرتنی سێ حزبەکە بکەن و دڵنیایان بکەنەوە کە پارتی گەل رۆڵی سەرەکی دەگێڕێ و دەڤەری بادینان دەکەین بە بنکەی سەرەکی ئەو یەکگرتنە!! ئەو پێیوابوو کە کادرانی پارتی گەل زۆر لەسەرکردەکانی حزبی سۆسیالست بەتواناترن، بەوهۆیەوە کادرانی پارتی گەل سەرکێشی و رێبەرایەتی حزبی داهاتوو دەکەن و ئەوان دەبن بە خاوەنی حزبەکە!! هەر لەورێیەشەوە پێگەیەکی بەهێزتر بۆ رامان و

بۆچوونەکانی پارتی گەل (کاک سامی) دروست دەبێ، سەرئەنجام لە هەڵبژاردنی داهاتوودا سەرکەوتوو دەبین. کاک سامی لەو باوەڕەدا بوو ئەگەر لە کۆنگرەی دامەزراندنیش حزبەکە بەناوی گەل ناونەنرێ، لەکۆنگرەی دووەمدا ناوەکە دەکرێتەوە بە پارتی گەل!! ئەو پێیوابوو مادام بلۆکی سۆسیالستی بەرەو شکان و هەڵوەشانەوەیە، ئیدی کەس داوای ئەوە ناکات کە حزبە تازەکە بە ناوی 'سۆسیالست یان چەپ'ەوە ناوبنرێ. بەکورتی و بەکوردی کاک سامی وای پێشاندەدا کە هەردوو حزبی سۆسیالست و پاسۆک لەبێ ڕێبەرایەتییەوە تێکشکاون و باوەڕیان بەخۆیان نەماوە، سەرکردەکانی ئەو دوولایەنە ئاستی هۆشیاریان نزمەو ناتوانن ڕووبەڕووی ڕۆشنبیر و نووسەرو خاوەن بڕوانامەی بەرز ببنەوە، ئەوان گەرەکیانە خۆیان لە بەرپرسیارێتی دەرباز بکەن و بێنە ناو پارتی گەل و لە سێبەری کاک سامی دا بحەسێنەوە!!

هەر سێ حزبەکە دەیانویست بە پلینیۆم و کۆنگرە ڕەوایەتی بە یەکگرتن بدەن. بۆ ئەو مەبەستە سەرەتا حزبی سۆسیالستی کوردستان لە ڕۆژی ٨-٧-١٩٩٢ لە هۆتێل ئەبو سەنای شاری سلێمانی پلینیۆمی خۆی پێکهێنا. پلینیۆمەکە بێ کێشەو ململانێ نەبوو، لەوێ بڕیاری یەکگرتن درابوو، بەڵام جەخت کرابۆوە کە پەلەی تێدا

نەکـرێ، ئەوەش وای دەگەیانـد کە لانــی کەم پێویســتی بە شـەش مـانگی کـارکردن هەیە. ئەو بڕیـارەی پلینیـۆم کـاک دکتــۆر مەحمــودی دڵســارد کردبــوو، بەنیــوە تــۆرانێکەوە بەرەو ئەوڕوپـا گەڕایەوە. دەگـوترا هێشـتا قـاچی لە خـاکی باشوور ئاودیو نەبوو کە بۆ راگەیاندنەکاندا دژی پـارتی و یەکێتی قسەی کردبوو.

هەواڵـی بەرەو یەکگرتنی هەر سـێ حزبەکە وەک بروسـکە بەهەمـوو کوردسـتاندا بڵاوببـۆوە. سـەرکردایەتی پـارتی و یەکێتــی زۆر بەپەرۆشــەوە بەدوای راســتیەکاندا دەگەڕان. ئەوان دەیانویسـت لە مەبەسـت و ئامـانجی سـەرکردایەتی سێ حزبەکە تێبگەن و بزانن بـۆچی ئـاوا بە پەلە بڕیاریـان یەکگرتنیـان داوە؟!، هۆکارەکـان چـین و کـاریگەری لەسـەر داهاتووی هەرێم چـی دەبـێ؟ بـۆ رێگـرتن و خـاوکردنەوەی ئەو هەنگـاوە، بەدوای بیـانۆدا دەگەڕان، باشـترین بیـانۆش بـوونی گومرگەکـانی حزبـی سۆسیالسـت و سـەردانەکانی کاک محەمەدی حاجی مەحمود بوون بـۆ بەغداد. لە رۆژی ٢٢-٧-١٩٩٢ سـەرکردایەتی بەرەی کوردسـتانی لە شـاری هەولێــر کۆبــۆوە، لەوێ بــابەتی گومرگەکــانی حزبــی سۆسیالسـت هێنـرایە گـۆڕێ و داواکـرا کە دەبـێ رادەسـتی حکومەت بکـرێن. هەروەهـا دەبـێ لێکـۆڵینەوە لەو پـارانەش بکـرێ کە وەرگیـراون. بێگومـان داواکە رەوا بـوو، مـادام هەڵبــژاردن کــراوەو بەرەو حکــومەت و دامەزراوەیــی

دەڕۆین، دەبوایە گومرگی حزبەکان و بەرەی کوردستانی ڕادەستی حکومەت بکرێن.
بڕیارەکانی کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانی بەدڵی سەرکردایەتی سێ حزبەکە نەبوو، بەڵام نەشدەکرا دژایەتی بکرێ. چوار ڕۆژی دوای کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانی واتە ٢٦ی تەمموز ساڵیادی دامەزراندنی پارتی گەل بوو. ساڵانە کە لەشاخ یان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بووین زۆر بەگەرمی و بە هەست و سۆزێکی زۆرەوە یادی دامەزراندنی پارتی گەل دەکرایەوە. ساڵی پێشوو (١٩٩١) هەر بەو بۆنەیەوە لە شەقڵاوە ئاهەنگێکی گەورەمان بەڕێوەبردبوو، ئەم ساڵە ڕادیۆو تەلەفزیۆنمان هەبوو، کەچی زۆر بە ساردی ئەو یادە بەڕێکرا.
بۆ قسەکردن لەسەر بابەتگەلی جۆراوجۆر، ڕۆژێک دوای ساڵیادی پارتی گەل، واتە ٢٧-٧-١٩٩٢ سەرکردایەتی هاوبەشی سێ حزبەکە لە هۆتێل ئەبوسەنای شاری سلێمانی کۆبوونەوە و لەسەر ڕۆژی کۆنگرەی هاوبەش یەکلایی بوونەوە. حەوتەیەک بەسەر کۆبوونەوەی هاوبەش تێپەڕ نەببوو کە هەواڵی چوونی کاک محەمەدی حاجی مەحمود بۆ بەغداد بڵاوبۆوە، دیسانەوە ئەو هەواڵە سەرکردایەتی پارتی گەل و کادرانی بەخۆیەوە خەریک کردەوە. لێکدانەوەی جۆراوجۆر بۆ ئەو سەفەرانەی کاک

مـــحەمەدی حـــاجی مەحمـــود بـــۆ لای رژێـــم دەکـــرا. راستیەکەیشـی هەڤاڵانی حزبی سۆسیالسست بەتایبەتیش کاک رەسول و هەڤاڵانی خۆیان لێبێبەری دەکرد و بێئاگایی خۆیـــان پێشـــان دەداو بە ئاشـــکرا دژایەتـــی ئەو جـــرت و فرتەیـان دەکـرد. کـاک سـامی بە ئاشـکرا لاگیـری لە کـاک محەمەدی حاجی مەحمود نەدەکرد، بەڵام دەیگوت : (مادام ئـێمە برِیـاری جیابوونەوەمـان نەداوە، ئەو یەکتـر دیـتن و سـەفەرانە پێویسـتن، لانـی کەم بـا رژێـم لە خۆمـان هـار نەکەیـــن!! چەنـــد رۆژێـــک مـــاوەو کـــۆنگرەی یەکگـــرتن دەبەســـترێ، دوای یەکبـــوونی ســـێ حـــزبەکە ئەوکـــاتە بەهەمووموومـان دەتـوانین ئەو بـرادەرە بەرزەفـت و کـۆنترِۆڵ بکەیـن!! ریـی نـادەین بەئـارەزووی خـۆی و بەبێ برِیـاری سەرکردایەتی بۆ هیچ شوێنێک برِوات). هەموو ئەوانەی کە کـاک محـمەدی حـاجی مەحمودمـان دەناسـی، دەمـانگوت: (سـەرکردایەتی سۆسیالسـت فێریـان کـردووە، ئەو بـرادەرە پشتی ئەستوورەو خۆی بە قیادە واحیدە دەزانێ و بەکەس کۆنترۆڵ ناکرێ).

بـــۆ ئەوەی پـــارتی گەل چـــرای ســـەوز بـــۆ یەکگـــرتن دابگیرسـێنێ، دەبـوایە کـۆنگرەی سـێیەم ببەسـتێ، بـۆ ئەو مەبەســـتە لە رۆژی ١٩-٨-١٩٩٢ لەهـــۆڵی میـــدیا ســـێیەمین کۆنگرە بەرِێوەچوو. ناوی کۆنگرەی لێنرابوو، ئەگینا تەنیا بـــۆ ئەوەبـــوو کە نەگـــوترێ پـــارتی گەل بەبـــێ کـــۆنگرە

هەڵوەشـێندرایەوە، بەواتـایەکی دیـکە بـۆ هەڵکردنـی چـرای سەوز بوو. هەربۆیەش لەناو کۆنگرەدا دەنگی نارەزایەتی بەرز بـۆوە، ئـێمە ژمـارەیەک ئەنـدام دژایەتـی خۆمـان بـۆ یەکگـرتن راگەیانـد، بەڵام بەهـۆی ئەوەی کەمینە بـووین و بەگـوێرەی پرنسـپی حزبـایەتی دەبـوایە گـوێڕایەڵی لە رای زۆرینە بکەیـن، بەناچارییەوە مل بۆ بڕیاری زۆرینە دراو پەسند کرا. وێڕای ئەوەشەوە ژمارەیەک هەڤاڵ راشکاوانە پێـداگریان لەســەر مـانەوەی پـارتی گەل کـرد و دژایەتـی خۆیـان بـۆ یەکگـرتن دووپـات کـردەوە. ئەو هەڤـاڵانەی کە پێداگریان لەسەر مانەوەی پارتی گەلدا دەکرد، بریتی بوون لە (بێستوون بەرواری، عادل دهۆکی، جەبار فەیلی، دکتـۆر عەبدولکەریم، ئیسـماعیل زاهیـر تـاهیر (موهەنـدیس کـاوە)، خوشکە حوسنا بامەڕنی، مەجید رزگاری، بێهزاد پیرموسا، مسـتەفا گـۆرون، رێکـار ئەحـمەد، پـاڵە بـاوانی، کـامەران ئەحمەد، سالار هەولێری و چەند هەڤاڵێکی دیکە).

ئێوارەی ئەو رۆژە لەگەڵ کاک پاڵە باوانی یەکترمـان بینـی، ئەو پێیوابـوو کە نـابێ بەشـداری لە کـۆنگرەی یەکگرتنـدا بکەین و پشت لە پارتی گەل بکەین. ئەو لەو بـاوەڕەدا بـوو کە ئەگەر کـاک سـامی و هەڤـاڵانی دیـکەش بـڕۆن، ئـێمە دەتـوانین درێـژە بەخەبـات بـدەین و پـارتی گەل زینـدوو رابگـرین!! ئەو جەختـی دەکـردەوە کە یەکگرتنـی ئەو سـێ

حـزبه سـەرکەوتوو نـابێ، یـان هەڵدەوەشـێتەوە یـان وردە وردە هەڤـاڵانی پـارتی گەل دەکشـێنەوەو دێـنەوە لای خۆمـان. راسـتیەکەی مـن دوو دڵ بـووم و لە چارەنووسـی یەکگـرتن نـیگەران بـووم، بەڵام 'پـارتی گەل'ی بەبـێ 'کـاک سـامی'م پێپەسـند نەبـوو، چـونکە ئەو دامەزرێـنەرو رابەر بوو. خەڵک و حزبەکان لە ئاوێنەی سیمای ئەودا لە 'پارتی گەل'یان دەڕوانی، بۆیە درێژەدان بە پارتی گەل بەبێ ئەو هـیچ واتـایەکی نەدەبەخشـی. وێـڕای ئەوانەشـەوە حەزم دەکـرد دەریـچەیەک بـۆ مـانەوەی پـارتی گەل هەبـێ. نەمدەویسـت ئەو کـادرانە لەیەکتـری دابـڕێن و پەرتەوازە ببن. لەلایەکەوە نەبـوونی سـەرچاوەی دارایـی گەورەتـرین کێشـە بـوو، لەلایەکـی دیکەشـەوە هەبـوونی کـاک سـامی لەبەرانبەر پارتی گەل دا گەورەترین هەڕەشـە بـوو. کاتێک باسـم لە نەبـوونی سـەرچاوەی دارایـی کـرد، کـاک پـاڵە بزەیەکـی هـاتێ و گـوتی: ( ئەوە چارەسـەرکراوە! کـاک فەرەنسۆ هەریری بەڵێنی پێداوم کە بەردەوام هاوکاریمـان بکـات، بەشـی پـارتی گەل لە بەرەی کوردسـتانی و لە حکـومەت نـابڕدرێ و بەوانە دەدرێ کە دەمێنـنەوە). ئەو دانپیانـانەی کـاک پاڵە پرسـیارگەلێکی سـەیری لە مێشـکمدا وروژانـد، بەتەواوی سـاردی کـردمەوە. هـیچ پرسـیارێکی دیکەم لێنەکردو کۆتاییم بە باسەکە هێنا.

# کۆنگرەی یەکگرتن

ڕۆژی ۲۰-۸-۱۹۹۲ کۆنگرەی یەکگرتنی هەر سێ حزبەکە لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر بە بەشداری ۷۵۰ ئەندام، کە هەر ۲۵۰ ئەندام هی حزبێک بوون، پێکهات. هەروەها ژمارەیەکی زۆری میوان لە نوێنەرانی حزب و لایەنە سیاسیەکان ئامادەببوون. سەرپەرشتیکردنی کۆنگرەی یەکگرتن بە من سپێردرابوو، منیش هەڤاڵانی رادیۆو تەلەفزیۆنی هەولێرم بۆ بەڕێوەبردنی کۆنگرە ریکخستبوو. بۆ یەکەمینجار هەوڵماندا کە ڕووداوەکانی ناو کۆنگرە بەپەخشی راستەوخۆی رادیۆ ببەستینەوە. بۆ ئەوێ رۆژێ کە تەنیا هێڵی تەلەفۆن هەبوو، کادری شارەزا و پسپۆڕ هەر بوونی نەبوو، کارێکی سەخت بوو، بەڵام دیسانیشەوە تێیدا سەرکەوتووبووین. لە رێی هێڵی تەلەفۆنی زەمینیەوە نێو هۆڵی کۆنگرە بۆ پەخشی رادیۆ دەگوازرایەوەو راستەوخۆ بڵاودەکرایەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکی گەورەو داهێنانێکی کەموێنەبوو، سەرنجی ئەندامانی کۆنگرەی بۆ سەر توانای پارتی گەل و مەکتەبی راگەیاندن راکێشابوو.

یەکەمین وتار لەلایەن کاک یاسین، سەرۆکی شارەوانی پارێزگای هەولێر پێشکەش کرا، دواتر هەرسێ لایەنەکە وتاری خۆیان خوێندەوە، لایەنە سیاسیەکان بەوتاری یان

بە بروسکە بەشداریان کرد. مخابن حزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە ئەو کات شەهید سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتی بوو، کەسیان نەهاتبوون، بروسکەشیان نەناردبوو، بەڵام نوێنەری حزبی دێمۆکراتی کوردستان/ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر کە کاک جەلیلی گادانی سکرتێری گشتی بوو، هاتبوو. نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لەوێ بوو. بۆیە زۆر بە گرنگم دەزانی کە 'حدکا'ش پەیامی هەبێ، بۆ ئەو مەبەستە قسەم لەگەڵ 'کاک ڕەسول مامەند' کرد و پێمگوت کە ئایا دەکرێ لە جیاتی ئەوانەوە بروسکەیەک بخوێنینەوە؟! بەڕێزیان هەبوونی بروسکەی 'حدکا'ی بە باش دەزانی، بەڵام بەبێ ئاگاداری ئەوان بەکارێکی ڕاستی نەدەزانی. بۆ ئەو مەبەستە ڕێککەوتین کە لە ڕێی بێسیمەوە هۆکاری نەهاتنی نوێنەرو نەناردنی بروسکە بپرسین. بێڕاوەستان لە پشتی پەردەی شانۆکەوە، بەناوی کۆنگرەوە پەیامێکم نووسی و بە برادەرانی بێسیم دا تا بۆ دەفتەری سیاسی حدکا ڕەوانەی بکەن. لەسەر ئەوە ڕانەوەستام کە ئایا پەیامەکە ڕەوانە دەکرێ و وەڵامەکەی دێتەوە، یەکسەر بروسکەیەکم بەناوی دەفتەری سیاسی حدکا نووسی، هەوڵمدا کە ئەو وشەو دەستەواژانە دەکار بکەم کە ڕاگەیاندراوەکانی ئەوانی پێدەنووسرا. خوشکە 'زبێدە' بێژەری تەلەفزیۆنی هەولێر بوو، لەگەڵ کاک 'شوان وسو' کە لێپرسراوی

دارایی ئێستگەی رادیۆو تەلەفزیۆنی هەولێر بوو، سەکۆی شانۆ (مەنەسسە)یان بەڕێوەدەبرد و داوایان لە میوانەکان دەکرد کە بێن و وتار پێشکەش بکەن یان پەیام بخوێننەوە. خوشکە زبێدەم بانگ کردو پێمگوت: (بگەڕێوە بەردەم مایکرۆفۆن و بڵێ: ئێستا نۆرەی خوێندنەوەی بروسکەی حزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانە و با بفەرموون). ئەو قسەکانی تەواو کردو بۆ پشت پەردەی شانۆ گەڕایەوە، منیش هاتمەوە بەردەم مایکرۆفۆن و گوتم: پەیامی پیرۆزبایی لە بەرێز دەفتەری سیاسی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانی برامانەوە، حیزبی شەهیدو پێشەواو شەهید قاسملۆ بۆ کۆنگرەی یەکگرتن هاتووە. هەرکە ناوی شەهیدان پێشەواو قاسملۆ هات هەموو ئامادەبووان زۆر بەگەرم و گوڕی دەستیان بە چەپڵەلێدان کرد، من واهەستم کرد کە ئەو پێشوازیە گەرمە لە پەیامی حدکا لە رقی نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەوانە بوو کە کەیفیان بە 'حدکا' نەدەهات. منیش بە شێوازێکی تایبەت و لەسەر خۆ پەیامەکەم دەخوێندەوە، کە ناوی 'حدکا'م دەهێنا بە ئەنقەست رادەوەستام تا چەپڵە لێبدەن، راستیەکەیشی ئامادەبووانی کۆنگرە زۆر بەهێز چەپڵەیان لێدەدا. ئەو چەپڵەی بۆ پەیامی حدکا لێدرا بۆ نوێنەری هیچ لایەنێک لێنەدرابوو.

ئەو وتارانەی کە خوێندرانەوە، ئەو پەیام و بروسکانەی کە ڕەوانە کرابــوون، تەنــانەت شــیعرەکەی کــاک 'شــێرکۆ بـێکەس'یـش گەشـبینی و خۆشـحاڵیان تێـدابوو. پەیـڤ و ڕسـتەکان ئامادەبووانیـان گـوڵاوپڕژێن دەکـرد و دەروونـی فێنک دەکردنەوە. بەگوێرەی بەرنامە تەنیا مـن بـۆم هەبـوو دەمــانچە لەگەڵ خــۆم بـبەمە نــاو کـۆنگرە، کەچــی دواتــر زانیمان کە 'تامین خان' هاوسـەری کاک مـحەمەدی حـاجی مەحمـودیش دەمـانچەی هێنـاوەتە نـاو کـۆنگرەوە. مـن ئەو کــارەم بە ئاســایی وەرگــرت، چــونکە تــامین خــان تێکۆشــەرێکی مانــدوونەناس بــوو، کەسـێکی دڵسـۆز بـوو، بەڵام کــاک ســامی و هەڤــاڵان زۆر پێینــیگەران ببــوون، دەیانپرسـی: کـێ دەڵـێ چەکـی دیـکەش نەهێنـراوەتە نێـو هۆڵەکە؟!

ڕۆژی ١٩ی ئـاب تـا کۆتـایی هـاتنی کارەکـانی یەکەم ڕۆژی کـۆنگرە لە ٢٠ی ئـاب، پاسـەوانی و پارێزگـاریکردنی هـۆڵی کـۆنگرە بە پێشـمەرگەکانی پـارتی گەل سـپێردرابوو. دوای تەواوبـــــوونی کارەکــــانی یەکەمــــین ڕۆژ ئەرکەکە بە پێشـمەرگەکانی حزبـی سۆسیالسـت سـپێردرا. ئێـوارەکەی هەواڵی ئەوە بڵاوبۆوە کە گوایە سەری وایەرێک لە هۆتێل هەورامـانەوە بـۆ نـاو هـۆڵی کـۆنگرە ڕاکێشـراوە. هەنـدێک گوتیان ئەوە هێڵی تەلەفۆنەو هیچ نیە، پاشـان دەرکەوت کە بڕێک تـی ئێن تـیTNT کە زیـاتر لە ٤٠ کیلـۆگرام دەبوو،

لەلای چەپی شانۆی هۆڵەکەدا شاردرابۆوە! گومانی ئەوەی لێدەکرا کە ڕۆژی دووەم بتەقێندرێتەوە. هێنانی ئەو بڕە 'تی ئێن تی'یە بۆ ناو هۆڵی میدیاو شاردنەوەی لەلای چەپی شانۆکەدا لێکدانەوەو شرۆڤەی زۆری هەڵدەگرت، بەڵام بە فەرامۆشی سپێردراو ئێستاش نەزاندرا کە کێ و بۆچی هێنرابوو؟!

ڕۆژی دووەمی کۆنگرە دەستەی بەڕێوەبەرانی کۆنگرە دەستنیشان کران کە کاک 'عەبدوڵڵا ئاگرین'یشیان لەگەڵ دابوو، بەڵام هەندێک لە پاسۆکەکان و هەندێک لە سۆسیالستەکان ئەوەیان پێخۆش نەبوو، بەدوای بیانۆیێک دەگەڕان تا بە یەکێکی دیکە بیگۆڕن. ڕۆژی ٢٢ی ئاب کاتێک ئەندامان لەنێو هۆڵی کۆنگرەدابوون، ڕۆژنامەی یەکگرتن (هی پاسۆک و سۆسیالست بوو) و ڕۆژنامەی سورێن( هی لقی سلێمانی سۆسیالست بوو) هێنرانە ناو هۆڵەکەوە، پێشتر بڕیار لە کارێکی لەو بابەتە نەدرابوو. هەرچەندە کە هەردوو ڕۆژنامەکە هی پارتی گەل نەبوون و هەڤاڵان ئاگایان لێنەبوو، بەڵام دیسانەوە کەسمان قسەمان نەکرد، کەچی هەڤاڵانی سۆسیالست ئەوەیان کرد بە بیانۆ کە گوایە وێنەی هەندێک کەس لە ڕۆژنامەکەدا بڵاو کراوەتەوە کە خۆشەویست نین، ئەوان مەبەستیان لە مامۆستا عەبدوڵڵا ئاگرین بوو، وابزانم پێشتر خۆیان بۆ

ئەو کـارە ئامـادە کردبـوو، هەڤـالانی لقـی سـلێمانی حزبـی سۆسیالسـت لاپەرەیەکـی رۆژنـامەی عێراقـی سـەردەمی رژێمیان کۆپی کردبوو کە گوایە وێنەی مامۆستا 'عەبدوڵلا ئـاگرین'ی تێـدایەو پشـتیوانی لە قادسـیە سـەدام کـردووە!! بەسەر ئەندامانی کۆنگرە دابەشیان کـرد، ئیدی بەوهـۆیەوە رەوشـێکی نەخـوازراو دروسـت بـوو، پشـێوی بـاڵی کێشـاو کەشـی هـۆڵەکە گـۆڕا. راستیەکەشـی دەسـتی کـاک مـلازم شـوان و کـاک مـحەمەدی حـاجی مەحمـودی تێـدابوو، بـۆیە مامۆسـتا عەبـدوڵلا ئـاگرین تورەبـوو، سـەکۆی شـانۆی بەجێهێشـت و هـاتەخوارێ. لەراسـتیدا ئەو کـارەی دژ بەو کـرا، کـارێکی نـاحەزانەو هەرزەکـارانە بـوو، چـونکە درۆدۆنگـی لـێکەوتەوە، بێمتمـانەیی بەرهەمهێنـا. بەداخەوە هەر ئەو رۆژە هەنـدێک لە سۆسیالسـتەکان دڵـی کـاک 'شەمسەدین موفتی'یان شکاند و ناچاریان کرد کە هۆڵی کـۆنگرە جێبهێڵـێ، ئەوە لەکاتێکـدابوو کە بەرێزیـان بـۆ بەرهەمهێنانی کۆنگرەکەو پرۆسەی یەکگرتنی سێ حزبەکە ماندوونەناسـانە تێکۆشـابوو، زۆر خـۆی هـیلاک کردبـوو. شوێنپەنجەی بەرێزیان لەسەرخستنی پرۆسەی یەکگرتندا دیاربوو.

ئیـدی ئەو رۆژە لەنێـو ئـاڵۆزی و هەناسـەبرکێدا، لیژنەکـان پێکهێنـران و بریـاردرا کە هەمـوو ئەنـدامانی کـۆنگرە لە لیژنەیەک یان زیاتر جێ بگرن و نـابێ کەسێک لەدەرەوەی

لیژنەکانـدا بمێنێـتەوە. مـن لە هەر دوو لیـژنەی راپـۆرتی سیاسی و راگەیاندن دا ئەندام بووم. لە هەر دوو لیژنەکەدا گەل و پاسۆکەکان وەک یەک تیپ کاریان دەکرد و لەسـەر زۆربەی شـتەکان هـاوڕابوون، بەڵام هەڤاڵانی سۆسیالسـت هەریەکەیـان لە ئاشـێکی لێـدەکرد و لەخـۆڕاوە دژایەتـی یەکتریـان دەکـرد. هەنـدێکیان هەر سـەریان لە راپـۆرتی سیاسی و راگەیاندن دەرنەدەکرد، پێشنیاری بێناوەڕۆکیان پێشـکەش دەکـرد و بـڕگەی بێواتایـان تێدەئاخنی، کە جێی پەسند نەبوون. سـەرەنجام گەل و پاسـۆکەکان بەتوندی لە دژیانـدا راوەسـتان. وایلێهـات هەر پێشـنیارێکیان بکردبـایە بەدەنگـی لیـژنەکە رەتـدەکرایەوە. لە زۆربەی ئەو کـارانەدا یـــان بێـــدەنگ دەبـــوون و نەیانـــدەتوانی داکـــۆکی لەپێشـنیارەکانیان بـکەن یـان هانایـان بـۆ کـاک رەسـول مامەندو مامۆستا سەعد دەبرد.

لیـژنەی پەیـڕەوی نـاوخۆ کێشـەیان هەبـوو، لە مـادەی سـێیەمی پـڕۆژەی پێشـنیارکراو بـۆ کـۆنگرە، سـەبارەت بە ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی نووسرابوو: [کۆنگرە کۆمیتەیەکی ناوەندی هەڵدەبژێرێت کە پێکدێت لە ٢٥ ئەندام و ٦ ئەنـدامی یەدەگ -احتیـاط-، کەپێویسـتە ئەم مەرجـانە هەبێـت لەو ئەنـدامانەدا کەخۆیـان دەپـاڵێون بـۆ کـۆمیتەی ناوەندی:

ا- تەمەنی لە سی ساڵ کەمتر نەبێت.
ب- سێ ساڵ لە ریزەکانی حزبەکەی خۆیدا کاری کردبێ.
ج- دەبـێ ناوبـانگی چـاک بـێ و خـاوەن رابردوویەکـی خەباتگێڕی بێت].

لە کاتێکدا لەنێو کۆنگرەدا ساغ کرابۆوە کە هەشت کەس لە هەر حزبێک بۆ سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێن. واتە وەکو سـێ لیسـتی دەبـێ. بەوهـۆیەوە دەبـوایە بنووسـرێ ٢٤ ئەندام، بەڵام راستیەکەی ئەوەی دیکە بۆ کاک 'شەمسەدین مـوفتی' هەڵگیرابـوو، ئەویـش لەبەر نـارەزایەتی هەڤـاڵانی کاک رەسول مامەند هۆڵی کۆنگرەی بەجێهشت بوو، ئیدی لە یەکگرتندا کاری نەدەکرد. هەڤاڵانی کاک رەسول مامەند پێداگریان لەسـەر ٢٤ ئەنـدام دەکـرد، کەچـی ئەوانـی دیـکە بـوێری ئەوەیـان نەدەکـرد کە دەسـتکاری تێـدابکەن. پێیـانوابوو کە ئـایەتی کتێبـی ئاسـمانیەو نـابێ دەسـتکاری بکرێ!! سەرەنجام ئەو ناکۆکیە هێنرایە نـاو هـۆڵی کـۆنگرە، دەنـگ بـۆ ٢٥ ئەنـدام درا، کەچـی لە هەڵبژاردنـدا تەنیـا ٢٤ پاڵێوراو بۆ ئەندامی سـەرکردایەتی پەسند کران. لەلایەکی دیـکەوە مەرجـی سـی سـاڵ تەمەن بـۆ خـۆ کاندیـدا کـردن دانرابـوو، ئەوەش نـارەواو بێجێی بـوو. زۆربەی ئەنـدامانی لیـژنەی پەیـڕەو لەگەڵ ئەو مەرجە دا نەبـوون، کەچـی ئەوەشیان دەستکاری نەکرد. لە ئاکامدا کەسانێک خۆیان کاندیـدا کـرد کە لەژێـر سـی سـاڵی دابـوون. لەلایەکـی

دیکەشەوە دەگوترا هەندێک لەوانەی هاتوونەتە ناو کۆنگرە سێ ساڵ کەمتر لە ریزی حزبەکاندا خەباتیان کردووە، ئەوەش مەرجێکی ناڕاستە. دەگوترا مادام کەسێک بوو بە ئەندامی کۆنگرە ئیدی مافی خۆی پالاوتنی دەبێ، ئەگەر دەنگی پێویستیشی هێناو و متمانەی وەرگرت، مافی خۆیەتی ببێ بە ئەندامی سەرکردایەتی. مخابن ئەو خاڵەش یەکلایی نەکرایەوەو لەکۆنگرەش بەلاچاوێکەوە تێپەڕکرا.

رۆژی ٢٥ی ئاب لەکاتێکدا کە ئەندامان هەڵدەستان و تێبینی و پێشنیاری خۆیان دەخستە بەردەم کۆنگرەو لەسەر بڕگەو مادەکاندا گفتوگۆیان دەکرد، کاک موحسین بایز لە بەردەم مایکرۆفۆندا زۆر بەتووندی هەڕەشەی لەو کەسانە کرد کە دەستیان لە شەهیدکردنی دکتۆر خالید، عەلی عەسکەری و حوسێن بابەشێخ دا هەبوو! مەبەستی لەکاک سامی عەبدولڕەحمان بوو.، بەوهۆیەوە رەوشی ناو کۆنگرە شلەژاو بەتەواوی تێکچوو. کاک سامی لە جێی خۆی هەڵسایەوە، هەڤالانی پارتی گەل لە دەورەی کۆبوونەوە، منیش بە خێرایی خۆم گەیاندە لای، تەنیا من چەکم پێبوو، دەستی کاک سامیمان گرت و لە هۆڵەکە هێنامانە دەرێ. هەرچەندە کە کاتی ئەو قسەیەش نەبوو، بەلام لەداخی پێداگری کاک سامی لەسەر یەکگرتن لەگەڵ حزبی سۆسیالست و پاسۆک، هەڤاڵێکی خۆمان بە

تووڕەییەوە بە کاک سامی گوت": (ئەوەت دەویست؟ بۆ ئەوە ئیسرارت لەسەر یەکگرتن دەکرد؟ ئەمە کۆنگرەیە یان گازینۆی لگاوچیانە؟!). دواتر بەهەوڵی کاک ڕەسول و مامۆستا سەعد و کاک قادر جەباری ڕەوشەکە ئاسایی کرایەوەو کاک سامی بۆ ناو هۆڵی کۆنگرە گەڕایەوە.
کاک موحسین بایز لەخۆڕاوە نەهاتبووە سەر شانۆو ئەو قسانە بێ پشتیوان نەبوون. ئێمە پێمانوابوو کە دەستی هەندێک ئەندامی سەرکردایەتی پێشووی حزبی سۆسیالستی تێدایە. ئەوکات گومانەکان لەسەر خاڵە سەید کاکەو کاک شێروان شێرەوەندی چڕدەکرانەوە.
لە ڕۆژی ٢٦ی ئابدا، دەرگەی خۆپاڵاوتن کرایەوەو ژمارەیەکی زۆر خۆیان کاندیدا کرد، دواتر دەنگدان دەستی پێکرد. پاشان دەست بەهاوێرکردنی دەنگەکان کرا. لە هاوێرکردنی دەنگەکاندا، بەتایبەتی لە خوێندنەوەدا دەردەکەوت کە زۆربەی هاوبیرانی پاسۆک بەس دەنگیان بە کاندیداکانی خۆیان داوە. ئەو کاغەزانەی کە ناوی کاک ملازم کەریم وکاک ملازم شوان لە ریزبەندی سەرەوەدا نووسرابوون، هی پاسۆکەکان بوون، بەڵام بەدەگمەن لەناو ئەو کاغەزانەدا ناوی کاک سامی و کاک ڕەسولی تێدابوو. ئەوەش ناڕەزایی لێکەوتەوە، هەڤاڵانی پارتی گەل و سۆسیالست پێیانوابوو کە کاک ملازم کەریم و ملازم شوان بە بەڵێنەکانی خۆیانەوە وەفادار نەبوونە کە پێشتر

ڕێککەوتنــی لەســەر کرابــوو. ڕاســتیەکەی لەســەرەتای هاوێرکردنی دەنگەکاندا، دەنگی کاک سامی و کاک ڕەسول نزم بوو، کەچی کاک ملازم کەریم و کاک ملازم شوان لەپێشەنگدا بوون. بەوهۆیەوە کاک سامی و کاک ڕەسول نـیگەران بـوون. مـن لەسـەر سـەکۆی هـۆڵەکەدا ڕێنـوێنی ئەوانەم دەکـرد کە دەنگەکانیـان هـاوێر دەکـرد. لەوکـاتەدا کاک محەمەد عەلی دۆسکی بەدوامدا هات کە کاک سامی ناردبووی. بەپەلە چوومە میوانخانەکەی کاک سامی، ئەو کاتە دکتۆر مەجیدیش لەوێ بوو، هەردووکیان پەشیمان دەهاتنە بەرچاوان. هەر سەرپێی قسەمان کرد و داوایان لێکردم کە دەستوبرد بکەم و ئەو کێشەیە چارەسەر بکەم. دکتــۆر مەجیــد گــوتی: ( فەوەڵلاهــی زۆر بە ئاســایی وەریدەگرم ئەگەر مـن دەرنەچـم، بەڵام نـابێ دەنگـی کـاک سامی لە هی کاک ڕەسول و هی دکتۆر مەحمود کەمتر بـێ! ئەوەی لەدەسـتت دێ بـڕۆ درێغـی مەکە). هەر لەوێ یەکێکم نارد تا لە خواردنگەی تاجریان کەباب و تکە بۆ ئەوانە بهێنن کە دەنگەکانیان هاوێر دەکرد؛ منیش بەپەلە بۆ هـۆڵی میدیا گەڕامەوە. دوای مـاوەیەک خـواردن گەیشـت، ئەوانیش دەستیان لە هاوێرکردنی دەنگەکان بەرداو. سێ کەس لەوانەی کە ناوەکانیان دەخوێندەوە، متمانەی تەواوم پێیان هەبوو. ئەوانم جیا کردەوەو پێمگوتن: (کاتێک ناوی

کاندیداکانی پارتی گەل دەخوێننەوە، ئەگەر کاک سامی تێدابوو باشە، ئەگەرنا لەجیاتی سالم رێکار، ئێوە بخوێننەوە سامی عەبدولڕەحمان، هەروەها ئەگەر دکتۆر مەجیدی تێدا نەبوو، بەڵام مەجید رزگاری تێدابوو، ئێوە ناوی مەجید رزگاری بە دکتۆر مەجید بخوێننەوە). لەوانەیە کارێکی باشم نەکردبێ و بە ساختەکاری لەقەڵەم بدرێ، بەڵام ئەگەر ساختەکاریش بێ، دیسانەوە هیچ کاریگەری لەسەر دەنگی پاڵێوراوانی سۆسیالست و پاسۆک دا نەبوو، بەس لە دەنگی من و کاک مەجید رزگاری کەمی دەکرد. ئیدی دواتر هاوێرکردنی دەنگەکان بەو شێوەیە بەڕێوەچوو، ئاکامەیشی بەدڵی کاک کاک سامی هاتەوە.

دوای دوو رۆژ پرۆسەی هاوێرکردنی دەنگەکان کۆتایی پێهات. بیست و چوار کەس بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران. لە هەر لایەنێکدا هەشت کەس دەرچووبوون. بەتێکڕایی کاک ملازم کەریم و ملازم شوان ژمارەی پێوانەییان شکاندبوو، هەریەکەیان زیاتر لە ٧٠٠ دەنگیان هێنابوو، بەڵام دەنگی کاک سامی، کاک رەسول و کاک دکتۆر مەحمود لە دەنگی ئەوان کەمتر بوو. سەرەنجام ئەوانەی کە ناوەکانیان لێرەدا تۆمارکراوە، دەنگیان هێناو بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران:

**لە پارتی گەل:** [سامی عەبدولڕەحمان، دکتۆر مەجید جەعفەر، ڕێکار ئەحمەد، بروسک نوری شاویس، مەجید رزگاری، زێرەڤان، عەبدولا سالح، فازل جەلال، هەروەها کاک پالە باوانی و کاک عادل خانەقینی بۆ جێگر هەڵبژێردرابوون].

**لە حزبی سۆسیالست:**[دکتۆر مەحمود، رسول مامەند، محەمەدی حاجی مەحمود، مامۆستا سەعد، قادر جەباری، نیزامەین گلی، سەید کاکە، عومەر بۆتانی، هەروەها خالە حاجی و عەدنان موفتی بە جێگر هەڵبژێردرابوون]

**لە پاسۆک:** [ملازم کەریم، ملازم شوان، عەبدوڵلا ئاگرین، مامۆستا هادی، ئەندازیار مژدە، عەلی جاف، بارزان سەعید گەوهەر، حوسێن جاف، هەروەها مامۆستا کامل ژیرو مامۆستا رۆژ وەک جێگر هەڵبژێردرابوون].

## یەکەمین کۆبوونەوەی (ک.ن)

ڕۆژی ٢٩-٨-١٩٩٢ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی یەکگرتن یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی لەمیوانخانەی کاک سامی لە شاری هەولێر پێکهێنا. مەبەست لەو کۆبوونەوەیە دەستنیشانکردنی سەرۆک، جێگری سەرۆک و سکرتێری گشتی و هەڵبژاردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و دابەشکردنی دەزگاکان بوو. پێشتر لابەلا سەرکردایەتی هاوبەشی هەرسێ حزبەکە لە نێو خۆیاندا نیمچە ڕێککەوتنێکیان کردبوو کە سەرۆک دەستەڵاتێکی ڕەمزی هەبێ و کاک دکتۆر مەحمود ببێ بە سەرۆک، کاک ملازم کەریم بە جێگری سەرۆک و کاک سامی پۆستی سکرتێری گشتی وەربگرێ کە کاراکتەری سەرەکی حزب دەبێ. لەو کۆبوونەوەیەدا کاک ڕەسوڵ مامەند دەیویست کاک سامی بە دەستەڵاتێکی ڕەمزی ببێ بە سەرۆک و پۆستی سکرتێری گشتیش بۆ ئەو بێ، بەڵام هەر لەسەرەتادا کاک قادر جەباری و مامۆستا سەعد دژی ئەو پێشنیارە ڕاوەستان. بەوهۆیەوە گفتوگۆو مشتومڕێکی زۆر کرا. زۆرینەی هەڤاڵان ڕاو سەرنجی خۆیان خستە ڕوو، بەڵام کاک محەمەدی حاجی مەحمود و کاک دکتۆر مەجید تا دواین خولەکەکانی ئەو دانیشتنە هیچ قسەیەکیان نەکردبوو، تەنیا وەک گوێگر دانیشتبوون. کاک سامی زۆر

نیگەران بوو، بێگومان پۆستی سەرۆکێکی رەمزی پەسند نەدەکرد، بەڵام حەزیشی نەدەکرد کە خۆی ئەو پێشنیارە رەتبکاتەوە، کاک دکتۆر مەجید هەستی کرد کەدەبێ ئەو قسەبکات، بۆیە بە پێکەنینەوە گوتی: (جا ئەوە چۆن دەبێ؟! کاک سامی دەبێ بە دەستەڵاتەوە براگەورە بێ هەروەک پێشتر رێککەوتنمان لەسەر کردووە). هەرچەندە کە دکتۆر مەحمود لەنێو کۆنگرەدا نەبوو، بەڵام بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرابوو، کاک قادر جەباری و مامۆستا سەعد دەیانویست کاک دکتۆر مەحمود پۆستی سەرۆکی تەشریفاتی وەربگرێ، ئەوەش بەو واتایە بوو کە کاک رەسول ئەندامی مەکتەبی سیاسی بۆ دەمێنێتەوە، ئەویش نیگەران و دڵگران بوو. ئەو هەرگیز رازی نەدەبوو لەگەڵ کاک محەمەدی حاجی مەحمود و مامۆستا سەعد و کاک قادر جەباری دا هاوپۆست بێ، چونکە پێشتر ئەو بۆ ماوەی ١١ ساڵ سکرتێری حزبی سۆسیالست بووەو براگەورەی ئەوان بووە، بۆ ئەو هاسان نەبوو بۆ ریزی ئەوان دابەزێتەوە. کورد گوتەنی: ( پۆست بەرزکردنەوە ئاسان و جێی دڵخۆشیە، بەڵام دابەزاندن کارێکی یەکجار سەختە، نیگەرانی و ناحەزی لێدەکەوێتەوە).

بەهۆی ئەو ناکۆکیانەوە بابەتی سەرۆک و جێگری سەرۆک و سکرتێری گشتی بۆ دواتر هەڵگیراو دەست بە پێشنیارکردن بۆ بەرپرسی کۆمیتەی پارێزگاکان کرا:

مامۆستا سەعد بۆ بەرپرسی کۆمیتەی پارێزگای هەولێر؛ مامۆستا هادی بۆ بەرپرسی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی؛ کاک فازل جەلال بۆ بەرپرسی کۆمیتەی پارێزگای دهۆک؛ مامۆستا نیزامەدین گلی بۆ بەرپرسی کۆمیتەی پارێزگای کەرکوک؛ کاک حوسێن جاف بۆ بەرپرسی میحوەری گەرمیان (پارێزگای دیالە). دواتر نۆرەی بەرپرسی دەزگاکان (مەکتەبەکان) هات. کاک سامی پێشنیاری کرد کە کاک عەبدوڵڵا ساڵح ببێ بە بەرپرسیاری دەزگای رێکخستن چونکە شارەزایەکی زۆری هەیە!! پێشنیارکرا کە کاک قادر جەباری بەرپرسیاریەتی دەزگای پەیوەندیەکان وەربگرێ. لەو نێوەدا کاک ملازم کەریم پێشنیاری کرد تا من (رێکار ئەحمەد) ببم بە بەرپرسی مەکتەبی راگەیاندن، زۆر باسی لە سەرکەوتوویی مەکتەبی راگەیاندنی پارتی گەل کردو ئاماژەی بە رۆڵی من لە سەرپەرشتیکردنی کۆنگرەدا کرد، هەرچەندە هێشتا پێشنیارەکان نەخرابوونە دەنگدانەوە، بەڵام کاک سامی دژی ئەو پێشنیارە راوەستا. پێشنیاری کرد با مامۆستا عەبدوڵڵا ئاگرین بەرپرسیارێتی دەزگای راگەیاندن وەربگرێ. هەرچی کاک ملازم کەریم بوو دەیویست کاک عەبدوڵڵا ئاگرین لە بەرەی کوردستانیدا بمێنێتەوەو ئەندامی دەزگای پەیوەندیەکانیش بێ، بەڵام کاک سامی پێداگری کرد. لەسەر پێداگری کاک

ملازم کەریم سەرپەرشتیاری رادیۆو تەلەفزیۆنەکان بۆ من پێشنیارکرا. راستیەکەی پێداگری کاک سامی بۆ من جێی تێڕامان و شتێکی سەیر بوو. کاک سامی متمانەی زۆری بەمــن هەبــوو، وەک هەڤــاڵ و برازایێکــی خــۆی منــی خۆشدەویســت، توانــای منــی لە راگەیاندنــدا بینــی بــوو. هەرگیــز بــاوەرم نەدەکــرد کە پێشــنیاری بەرپرســیارێتی دەزگای دارایی بۆ من بکات. من ئەندازیاریم خوێندووە، وەک نووسەرو رۆژنامەوان کارم کردووە. لە رێکخستنەوە دەســتم بە سیاســەت کــردووە، پێشــتر بەرپرســیارێتی 'مەکتەبی راگەیاندن' و 'مەکتەبی رێکخستن'م پێکەوە لە ئەســتۆ دابــووە. مــاوەیەک بەرپرســی لقــی هەولێــرو ماوەیەکیش لەکارگێڕی بەرەی کوردستاندا کارم کردبوو، کەچــی کــاک ســامی دەزگــای دارایــی بەشــیاو دەزانــی! هەرچــۆنێ بــوو مــن وەک تــاکە پــاڵێوراو بــۆ بەرپرســی دەزگای دارایی پێشنیارکرام.

یەکەمین رۆژی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی کۆتایی هات. کاک سامی بانگی ژوورەکەی خۆی کردم و پێیگوتم: (دەبوایە زووتر قسەت لەگەڵ بکەم، بۆیە تۆم بۆ دەزگای دارایی پێشنیارکرد، چونکە ئەوەی بەرپرسی دارایی بێ، دەبێ لەمنەوە نزیک بێ و ئاگای لە وردو درشتی داهات و دارایی هەبێ، تۆم پێ لەهەموویان باشترە. دەزگای راگەیاندن کێشەی نیە، چونکە هەر دەبێ پرس و راوێژ بە

مـن و بە تـۆ بـکەن، مـن وەک سـەرپەرشـتیاری رۆژنـامەو بڵاوکراوەکـــان، تـــۆش وەک سەرپەرشـــتیاری رادیـــۆو تەلەفزیۆنەکان).

رۆژی دواتـــر واتە ٣٠-٨-١٩٩٢ کۆبـــوونەوەی کـــۆمیتەی ناوەندی دەستی پێدەکردەوە، دەبوایە بۆ بابەتی سەرۆک و جێگـــری ســـەرۆک و ســـکرتێری گشـــتی بگەڕێیـــنەوە و چارەسەرێک بدۆزینەوە، بەڵام پێشتر کـاک دکتـۆر مەجیدو کـاک فـازل جەلال و مـن بـابەتی دەسـتەی سـەرۆکایەتیمان تـاوتوێ کردبوو. ئێمە لەو بـاوەڕەدابوون کە بە پێکهێنـانی دەسـتەی سـەرۆکایەتی کێشـەکە یەکلایـی دەبێـتەوە. کـاک رەسـول بەگـوێرەی پۆسـتەکەی دەسـتەڵاتێکی هاوشـێوەی کاک سـامی دەبێ، هەروەهـا دەبێتەوە بەرپرسـی هەڤاڵانی پێشـووی خـۆی. لەنـاو کۆبـوونەوەدا مـن ئەو پێشـنیارەم هێنـایە رۆژەڤەوە، بەڕێـزان 'دکتـۆر مەجید، قـادر جەبـاری، مـلازم کەریـم، عەبـدوڵلا ئـاگرین، مامۆسـتا سـەعد، فـازل جەلال' پشـــتیوانیان لە پێشـــنیارەکە کـــرد. گفتوگـــۆیەکی تێروتەسەلی لەسەر کرا، خرایە دەنگدان و بەکاتی پەسند کرا. ئیدی بەو شـێوەیە کـاک سـامی، کـاک مـلازم شـوان و کـــاک رەســـول وەک ئەنـــدامانی دەســـتەی ســـەرۆکایەتی هەڵبژێـردران و بڕیـاردرا کە هاودەسـتەڵات دەبـن. کـاک رەسول گوتی: (هەرچەندە پێکهێنانی دەستەی سەرۆکایەتی

پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە بەڵام بیرۆکەیەکی بەجێیەو بۆ ئەم قۆناغە شتێکی باشە و من ئیلتیزامی پێوەدەکەم و کاک سامیش بە برا گەورەی خۆمان دەزانم).
کاک رەسول مامەند چەند جارێک لەنێو کۆبوونەوەکەدا هەڵساو چووە دەرێ، نیگەرانی و بێزاری پێوە دیاربوو، بۆیە لە یەکێک لەو کاتانەی کە کاک رەسول لەنێو کۆبوونەوەدا نەبوو، کاک قادر جەباری پێشنیاری کرد، ئەگەر کاک رەسول منگەمنگی کرد و پاشەکشەی کرد، ئۆتۆماتیکی بە کاک دکتۆر مەحمود شوێنەکەی پڕدەکەینەوە. ئیدی بوو بە بڕیار و پێموایە لە کۆنووسی کۆبوونەوەشدا تۆمار کرا.
هێشتا بەیاننامەی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی تایپ نەکرابوو کە کاک رەسول بۆ رانیە گەڕایەوە. ئەوانەی کە بۆ بەرپرسیاری کۆمیتە پارێزگاکانیش پێشنیارکرابوون، چاوەڕوان بوون کە بودجەیان پێبدرێ و بەدەستی پڕ بچن و بەکاتی پەیوەندی بە شوێنی کارکردنیانەوە بکەن. بەرپرسیاری کۆمیتە پارێزگاکان بۆ وەرگرتنی بەشە بودجەی خۆیان چاویان لەوەبوو لەگەڵ بەرپرسی پێشنیارکراوی دەزگای دارایی دابنیشن و سەبارەت بەپێداویستی خۆیان قسە بکەن. ئەوان پێیانوابوو کە پارەیەکی زۆر لەبەردەست دایە، وەک ئەوەی پەرداخ لە دەریا پڕبکەیت!! ئەوەندە بە ئاسانی بودجەو بەشی

پێداویستی خۆیان وەردەگرن و دەچنە شوێنی کاری خۆیان. مخابن ئەو بابەتە هێندە ئاسان نەبوو، من بۆ بەرپرسی دەزگای دارایی پێشنیارکرابووم، بەڵام بە فەرمی نەکرابوو، هەروەها هیچ پارەم لەبەردەستدا نەبوو. راستیەکەی چاوەڕوان بووم کاک سامی و ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی دەست لە گیرفانیان رابکەن و قاسەی دارایی تژی بکەن. بۆ ئەو مەبەستە قسەم لەگەڵ کاک سامی کرد. ئەو گوتی: (داوا لە بەپرسی دارایی هەر سێ حزبەکەی پێشوو بکە تا پارەکانیان بهێنن و رادەستی ئێوەی بکەن).

کاک رەسول و کاک محەمەدی حاجی مەحمود بەرەو شەقڵاوە رۆیشتبوون، لەوێوە بۆ رانیە چووبوون. کاک رەسول لە رانیە مابۆوەو کاک محەمەدی حاجی مەحمودیش بۆ سلێمانی رۆیشتبوو. رۆژی ٣٠ی ئاب لەکاتێکدا تەنیا کاک سامی و کاک ملازم کەریم لەوێبوون، رووم لێنان و داوام لێکردن تا بەرپرسەکانی مەکتەبی دارایی پارتی گەل و پاسۆک بێن، هەرچی هەیە لەگەڵ مەکتەبی دارایی حزبی یەکگرتندا کۆپاکی بکەن، رادەستی ئێمەی بکەن و لە کۆنووسدا تۆمارو واژۆی بکەن. کاک ملازم کەریم بە چاوێکی پڕ لە پرسیارەوە سەیری کردم و گوتی: (مەگەر ئێوە! مەبەستی پارتی گەل بوو،

بەرپرسیاریێتی دەزگای داراییتان لەئەستۆدانیە؟! دەبێ ئێوە مشـوری دارایـی بخـۆن! خەڵـک چـاوی لەدەسـتی ئێـوەیە، هەنـــدێک لە دۆلارە ســـەوزەکان دەربێـــنن و پێداویســـتی کــۆمیتە پارێزگــاو دەزگاکــانی دیــکەی پێــدابین بــکەن!).
قسەکانی کاک ملازم کەریم بۆ من و بۆ کـاک سـامی جێـی پرسـیار و تێڕامـان بـوون. ئیـدی بـۆم ئاشـکرابوو کەئەوان بەبــۆنی گۆشـــت برژانـــدنەوە یەکگرتنیـــان کـــردووە. بە پێکەنینەوە پێمگـوت: (ئێمە یەکگرتنمـان کـردووە، خـۆ ئێـوە پەیوەنــدیتان بە 'پــارتی گەل'ەوە نەکــردووە؟! ئەگەر وایە پێویسـت بە حزبـی یەکگـرتن ناکـات، بـا نـاوەکە هەر پـارتی گەل بێ!). کاک سـامی بیڕاوەسـتان پشـتیوانی لە قسـەکانی مـــن کـــرد و گـــوتی: (دەســـتەی ســـەرۆکایەتی پـــێکەوە دادەنیشـین و بـاس لە مەسـەلەی دارایـی دەکەیـن، دواتـر لەگەڵ تۆ دادەنیشین و بەرنامەیەک دادەڕێژین و مەسەلەی پارە دەبڕینەوە).
لەدوای کـۆنگرەی یەکگـرتن و دەستنیشـانکردنی دەسـتەی سـەرۆکایەتی، کـاک رەسـول مامەنـد بەیـاوەری شـاندێکی حزبـی یەکگـرتن لە رۆژی ٨ی ئەیلـول چووبـوونە شـاری شەقڵاوەو سـەردانی مەکتەبـی سیاسـی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردستانیان کردبوو. مەبەست لەو سەردانە خستنەرووی ئاکامی کۆنگرەی یەکگرتن و جەخت کردنەوە لە پێوەندی برایـانە بـوو. هەر هەمــان رۆژ کــاک رەســول مامەنــدو

شـــاندەکە چووبـــوونە هـــاوینەهەواری پیرمـــام (مەســـیف سەلاحەدین) سەردانی مەکتەبی سیاسی 'پارتی دیموکراتی کوردســتان- عێـراق'یـان کردبـوو، لەگەڵ کـاک مەسـعود بارزانی کۆببوونەوەو باسیان لە ئاکامی کۆنگرەی یەکگرتن کردبـوو، هەروەهـا جەختیـان لەسـەر پێوەنـدی دوو قـۆڵی نێوان یەکگرتن و پارتی کردبۆەوە.

لەسەر پێشنیاری کاک سامی، داوام لە کاک ملازم شـوان کرد کە بەرپرسی پێشووی دارایی پاسۆک بێتە هەولێرو کۆپاکمـــان لەگەڵ دا بکـــات، هەر بـــۆ هەمـــان مەبەســـت بروسکەیەکم بۆ کاک رەسول مامەند ناردو داوام لێکرد کە بەرپرسـی دارایـی سۆسیالسـت رەوانەی لای ئـێمە بکـات، چونکە دەمـانەوێ سـەبارەت بە دارایی سێ حزبەکە قسـە بکەین. لەوەڵامـدا کـاک رەسـول نووسـی بـووی کە حزبـی سۆسیالسـت هەرچـی هەیە لەلای کـاک مـحەمەدی حـاجی مەحمودەو مەکتەبی سیاسی هیچی نیە. ئیدی بەو هـۆیەوە کارەکـانی دەزگـای دارایـی بـۆ دووەمـین کۆبـوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی هەڵگیرا.

# دیسان كۆبوونەوە و رووداوەكانی دواتر

لە هەفتەی سێیەمی مانگی ئەیلول، دەرچوونی كاك رەسول مامەند لە حزبی یەكگرتن و شێمانەی نۆژەنكردنەی حزبی سۆسیالستی كوردستان لەسەر زاران دەهات و دەچوو. هەواڵەكە بە گوێی كاك سامی و هەڤاڵانی سەركردایەتی گەیشت، ئەوانیش زۆر پەرۆشانە بەدوای هەواڵەكەدا چوون. بۆ ئەو مەبەستە چەندین هەڤاڵ سەردانی كاك 'رەسول مامەند'یان كرد و لەنزیكەوە قسەیان لەگەڵدا كرد، بەڵام لەبڕیاری خۆی پەژیوان نەدەبۆوە. ئەو باسی یەكگرتنی گەورەتری دەكرد. سەرەتا كاك محەمەدی حاجی مەحمود سەردانی رانیەی كرد و چاوی بە كاك رەسول كەوت، كە هاتەوە تەواو نائومێد دیار بوو. خاڵە سەید كاكەش سەردانی كردبوو، لەوێ كاك رەسول باسی یەكگرتنی گەورەتری كردبوو. خاڵە سەید كاكە پێیگوتبوو با بەسەرهاتێكت بۆ بگێڕمەوە. كاك رەسول بە تاسەوە گوێی بۆ شل كردبوو. خاڵە سەید گوتبوی: [دەڵێن جارێكیان ژنێكی باردار لەپێش خەسووی نانی دروست دەكرد، تیرۆگی لەسەر فەرشەكەدا دەهێناو دەبرد. لەناكاو بایەكی لێبەردەبێ و زۆر بەسەر خۆیدا دەشكێتەوەو لەروودا دەمێنێ. خەسووەكەی دڵنەوایی دەكات و دەیەوێ تەریق نەبێتەوە، بە بووكەكەی دەڵێ:

کچم خۆت سەخڵەت مەکە، واتای ئەوەیە کە تۆ کوڕێکت دەبێ و بە دایک و باب گەورەی دەکەیت. ئیدی ژنەکە بەو قسەیە دڵی خۆش دەبێ و بۆ دۆخی ئاسایی خۆی دەگەڕێتەوە. دیارە ژنەکە باوبژی هەبووە، پاش ماوەیەک تینی بۆ دێ، روو لە خەسوی دەکات دەڵێ : دایە کوڕەکی دیکەش بە داک و باب گەورە بکەم؟! خەسووەکەی پێدەکەنێ و دەڵێ: وەڵا یەکێکت باش گەورە کردووە، ئیدی نۆرەی دوەمیانە]. لە پاشاندا خاڵە سەید کاکە گوتبووی: (وەڵا ئێمە یەکگرتنی یەکەممان باش بەسەر پێ خستووە، ئیدی نۆرەی یەکگرتنێکی گەورەترە!!). رۆژی ٢٥-٩-١٩٩٢ من و کاک عەبدوڵڵا ساڵح چووینە رانیە، سەردانی کاک رەسول مامەندمان کرد و لەنزیکەوە قسەمان لەگەڵدا کرد، ئەو هیچ گلەیی لە ئێمەو لەهاوبیرانی پاسۆک نەبوو، ئەو پێیوابوو کە هەڤاڵانی دێرینی خۆی ناپاکیان لەگەڵدا کردوەو ئەویان فرۆشتووە! کاک رەسول زۆر نیگەران دەهاتە بەرچاوان، بەڵام ئارام و لەسەرخۆ دەدوا، پاشان گوتی: باوەڕ بکەن لە خودام دەویست ئەوانە لە کۆڵم ببنەوە! حزبی سۆسیالستیان تێکدا، یەکگرتنیش تێکدەدەن! پاشان ئەگەر بۆچوونەکەم راست یان هەڵە دەرچوو، ئەو کاتە وەرنەوەو دوو قسەی دیکە لەگەڵ یەکتریدا دەکەینەوە). مخابن سەردانی ئێمەو ئەندامانی دیکەی

كۆمیتەی ناوەندییش هیچ كاریگەریان لەسەر هەڵوێستی ئەو بەڕێزە دانەنا.

رۆژی ٢٨-٩-١٩٩٢ لەبارەگای مەكتەبی سیاسی لەهەولێر كۆبوونەوەی ناوەندی بۆ تەواوكردنی كارەكان و بۆ گفتوگۆكردن لەسەر پێشنیارەكانی پێشوو (ك.ن) كۆبۆوە. لەو كۆبوونەوەیەدا بەو شێوەیە بڕیاریان لێدراو بەرپرسیاریەتیەكان دابەشكران:

١/ مامۆستا هادی، بەرپرسیاری كۆمیتەی پارێزگای سلێمانی.

٢/ مامۆستا نیزامەدین گلی، بەرپرسیاری كۆمیتەی پارێزگای كەركوك.

٣/ مامۆستا سەعد عەبدوڵلا، بەرپرسیاری كۆمیتەی پارێزگای هەولێر.

٤/ فازل جەلال، بەرپرسیاری كۆمیتەی پارێزگای دهۆك.

٥/ حوسێن جاف، بەرپرسی كۆمیتەی پارێزگای دیاله (میحوەری گەرمیان).

٦/ مەلازم شوان، بەرپرسیاری دەزگای رێكخستن، عەبدوڵلا ساڵح، یاریدەری دەبێ، مامۆستا رۆژ و مامۆستا ئەمین ئەندامانی دەزگای رێكخستن دەبن.

٧/ قـادر جەبـاری، بەرپرسـیياری دەزگـای پەیوەنـدیەکان، کاک مەجید رزگاری، عـومەر بۆتـانی، خـاڵە حـاجی و کـاک مژدە تاهیر ئەندامانی دەزگا دەبن.
٨/ ڕێکـــار ئەحـــمەد بەرپرســـیاری دەزگـــای دارایـــی و پێداچوونەوە. مامۆسـتا سـەلام گۆمەشـینی و کـاک لوقمـان سەدیق ئەندامانی دەزگا دەبن.
٩/ عەلـــی جـــاف بەرپرســـیاری دەزگـــای بەدواداچـــوون (متابعة)، کاک پاڵە باوانی ئەندامی دەزگا دەبێ.
١٠/ مـلازم کەریـم بەرپرسـیاری دەزگـای سـەربازی، کـاک مـحەمەدی حـاجی مەحمـود، خـاڵە سـەید کـاکە، کـامەران ئەحمەد و زێرەڤان ئەندامانی دەزگا دەبن.
١١/ ســـامی عەبـــدولڕەحمان راســـتەوخۆ سەرپەرشـــتی دەزگای راگەیاندن دەکات. عەبدوڵڵا ئاگرین بەرپرسیاری دەزگـا، خەسـرۆ عەزیـز، یاریـدەدەری بەرپرسـیار، ئاسـۆ حەسـەن و کامـل ژیـر ئەنـدامانی دەزگـا. ڕێکـار ئەحـمەد سەرپەرشتیاری رادیۆو تەلەفزیۆنەکان.
١٢/ عەبـدوڵڵا سـاڵح بەرپرسـیاری دەزگـای تـوژینەوەو لێکـۆڵینەوە، عـومەر بۆتـانی، عەبـدوڵڵا ئـاگرین، کامـل ژیـر، مامۆستا سەعد، نیزامەدین گلی و عەبدولمەوجود شنگالی ئەندامانی دەزگا.

١٣/ بروسـکە نـوری شـاوێس بەرپرسـیاری دەزگـای ڕێکخسـتن و ڕاگەیانـدنی دەرەوە. کـاک عەدنـان مـوفتی و مامۆستا جەعفەر ئەندامانی دەزگا.
١٤/ مامۆسـتا سـەعد عەبـدوڵلا، بەرپرسـیاری دەزگـای ڕێخکـراوە پیشـەیی و جەماوەریەکـان. مامۆسـتا مـحەمەد فـاتح، مامۆسـتا بێسـتون، هەڤـاڵان شـێرزاد و هەنگـاو ئەندامانی دەزگا.
١٥/ سـەید کـاکە بەرپرسـیاری دەزگـای یـارمەتی خێزانـی شەهیدان و کاروباری پەککەوتوان. مامۆستا سـەمەد، کـاک هەردی عەدۆ، کـاک سەربەسـت، کـاک مـحەمەد عـومەر و کاک موعتەسەم ئەندامانی دەزگا دەبن.
لەو کۆبـوونەوەیەدا گفتوگـۆ سـەبارەت بە داوا و پێشـنیاری یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان بـۆ بەشـداریکردنی حزبـی یەکگرتن لە حکومەت کرا. کاک سامی ڕاشکاوانە گوتی کە برادەرانی یەکێتی لە وتاری کۆنگرەی یەکگرتن و پاشـانیش داوای ئەوەیان کردوە کە حزبمان بەشداری لە حکومەتدا بکـات. یەکێتـی ئامـادەیە دوو وەزیـر بە حزبـی یەکگـرتن بدات، ئێمەش بەڵێنمان پێیانداوە و ئەگەر ڕۆڵـی شایسـتە بە حزبـی یەکگـرتن بـدرێ، ئەگەر لەبڕیـاری سیاسـی و لە هەموو دەزگاکانی حکومەتدا بەشداری بە یەکگرتن بکەرێ و ڕۆڵـی کـارای هەبـێ، ئـێمە بەشـداری دەکەیـن. بـۆ ئەو

مەبەستە دەکرێ گفتوگۆ لەگەڵ برایانی پارتیش بکەین. مخابن ئەو بابەتە بە توندی رەتکرایەوە، بەتایبەتی کاک قادر جەباری نارەزایەتی خۆی دەربڕی و راشکاوانە گوتی جێی شەرمەزاریە لەو حکومەتەدا بەشداری بکەین، حکومەتی یەکێتی و پارتی بۆ ئەوە نابێ ئێمە تێیدا بەشداری بکەین!!. ئیدی لەسەر پێداگری کاک قادر جەباری و مامۆستا سەعد ئەو پێشنیارە دەنگدانی لەسەر نەکراو بۆ کۆبوونەوەکانی دواتر هەڵگیرا.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا کاک سامی، کاک نیزامەدین گلی، کاک عەدنان مفتی (ئەگەر نەیکرد، قادر جەباری)، کاک دلشاد میران، کاک کامل ژیر، کاک خەسرۆ عەزیز و کاک عومەر بۆتانی بۆ ئەنجوومەنی گشتی کۆنگرەی عێراقی پاڵێوران. هەروەها بریاردرا کە رۆژنامەی یەکگرتن ئۆرگانی ناوەندی حزبی یەکگرتن بێ و هەفتانە جارێک بە زمانی کوردی چاپ و بڵاوبکرێتەوە، هەروەها دوو هەفتە جارێک بە زمانی عەرەبی چاپ و بڵاوبکرێتەوە. بەڵام رۆژنامەکانی دیکە جارێ رابگیرێن و بڵاو نەکرێنەوە.

رۆژی دواتر واتە لە ١-١٠-١٩٩٢ کاک سامی و کاک شوان و کاک محەمەدی حاجی مەحمود سێ قۆڵی کۆبوونەوەو بڕیاریاندا کە هەر سێ لایەنی پێشوو، واتە (گەل- سۆسیالست- پاسۆک) هەریەکەیان نیو ملیۆن دینار بهێنن. کاک سامی هەر دەمودەست لەجیاتی نیو ملیۆن، کەچی

یەک ملیـۆن دینـاری رادەسـتی ئـێمە کـرد، کـاک 'مـلازم شوان'یش بروسکەی بۆ کاک ئومێد عەباس نارد تا نیو ملیۆن دینار بهێنێ. بڕیاردرا کە ئەو ملیۆنەی کاک سامی کە بەردەسـت بـوو بەسـەر کـۆمیتەی پارێزگاکـان دابەش بکرێ. ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی، واتە کاک سامی، کـاک مـلازم شـوان و کـاک مـحەمەدی حـاجی مەحمـود هەرسـێکیان لەسـەر چـۆنیەتی سـەرفکردن نامەیەکیـان بـۆ رەوانە کـردم[3]، کە تێیدا نووسـرابوو: بـڕی ٣٠٠ هەزار بـۆ کـۆمیتە پارێزگـای **'کەرکـوک'**و ٢٥٠ هەزار بـۆ کـۆمیتە پارێزگای **'سلێمانی'** و ٥٠ هەزار دینار بۆ کۆمیتە پارێزگای **'دیالە'** (هـی سـلێمانی و دیـالە بە کـاک مـحەمەدی حـاجی مەحمود بدرێ). هەروەها بڕی ٢٠٠ هەزار دینار بۆ کۆمیتە پارێزگـای **'هەولێـر'** [4]. هەروەهـا بـڕی ٧٠٠ هەزار بـۆ کۆمیتەی پارێزگای (**دهۆک و نەینەوا**) بدرێ بە کاک فازل جەلال، پەنجـا هەزار دینـاریش قەزری هۆتێـل قەسـری زەهەبـی (کۆشـکی زێـڕین) بـدرێتەوە، چـونکە کـاتی خـۆی هەندێک لە ئەندامانی کۆنگرە لەوێ بوون. بەتێکڕایی بـڕی ٣٠٠ هەزار دینارمـان رادەسـتی کـاک مـحەمەدی حـاجی مەحمود کرد. ئەو بەڵێنی دا کە هەر بچێتەوە سلێمانی، نیو ملیۆنەکە رەوانە دەکات.

[3] نامە هاوبەشەکە لەبەشی بەڵگەنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە.
[4] کۆپی فاکتورەکە ، لە بەشی بەڵگەنامەکاندا خراوەتەڕوو.

ڕۆژی ٧-١٠-١٩٩٢ واتە  شەش ڕۆژ دواتر مامۆستا سەعد عەبدوڵڵا بەرپرسی کۆمیتە پارێزگای هەولێر نامەیەکی نووسی بوو، داوای دووسەد هەزار دینار بۆ کۆمیتەی پارێزگای هەولێر، پەنجا هەزار دینار بۆ دەزگای ڕێکخراوە جەماوەریەکان و پازدە هەزار دیناری بۆ شەهیدانی هەولێر کردبوو[٥].

ئەو چەند ڕۆژەی کە کاک محەمەدی حاجی مەحمود لە هەولێربوو، لەسەر دەرفەت بازی نەدەدا. دوای کۆبوونەوە داوای لێکردم کە ئەو ئەندازیارانەی پێبناسێنم کە ئێستگەی رادیۆو تەلەفزیۆنیان دروست کردووەو بۆ پارتی گەل کاریان کردووە. ڕاستیەکەی هەردوو ئەندازیار کاک فەتاح و مامۆستا جەبار هاوکاری ئێمە بوون، منیش زۆر ڕێزم لێدەنان، بۆیە هەواڵم بۆ ئەندازیار فەتاح ئیبراهیم ناردو بە کاک محەمەدی حاجی مەحمودم ناساند. ئەویش کاتێ گەڕایەوە، ئەندازیار فەتاحی لەگەڵ خۆیدا بۆ سلێمانی برد، لەوێوە بۆ شارەزوور بردبوویان. پاشان ئەندازیار فەتاح هاتەوە، وابزانم دیاریان پێدابوو.

چەند ڕۆژ دواتر کاک محەمەدی حاجی مەحمود بە کاک نەوزاد، نیو ملیۆن دیناری چاپی عێراقی بۆ ڕەوانە کردبووم. کاک نەوزاد گوتی: (کاکە حەمە سڵاوی هەبوو،

[٥] ئەو نامەیەی بەڕێز مامۆستا سەعد عەبدوڵڵا لە بەشی بەڵگەنامەکاندا خراوەتەڕوو.

گوتی با ئەوە بگۆڕنەوە، ئەگەر کەمی کرد باقیەکەیتان بۆ ڕەوانە دەکات). منیش پارەکەم بە کاک لوقمان سدیق دا کە ئەندامی دەزگای دارایی بوو، خزمی کاک مژدەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی یەکگرتن بوو، تا بیبات بۆ بازارو بیگۆڕێتەوە. ئەویش لەگەڵ دوو هەڤاڵی دیکە پارەکەیان بۆ بازاڕ برد. زۆر بە خێرایی گەڕانەوە. کاک لوقمان بەهەشتاوی هاتە ژورێ و سڵاوی کرد، هەستم کرد زۆر پەرێشان و توڕەیە. هێشتا من هیچم نەپرسی بوو، ئەو گوتی: (کاک ڕێکار! ئەم پارەیە تەزویرە، دەڵێن لەئێران چاپ کراوە و تەزویری ئێرانی پێدەڵێن! نەک هەر نەیانگۆڕیەوە، زۆر نەمابوو پۆلیسمان بۆ بانگ بکەن و ئابڕووشمان بچێ).

ڕۆژی ٥-١٠-١٩٩٢ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی لە هاوینەهەواری پیرمام (مەسیف سەلاحەدین) بەڕێوەچوو. کاک ڕەسول مامەند هاتبوو، بەڵام ڕێی پێنەدرا بەناوی حزبی سۆسیالست بەشداری بکات، هەر لەسەر ناوی خۆی وەک ڕەسول مامەند بەشداری تێدا کرد.

ڕۆژی ٦-١٠-١٩٩٢ ڕاگەیاندراوی نوژەنکردنەوەی حزبی سۆسیالستی کوردستان بڵاوکرایەوە. ئەوەش واتای ئەوەبوو کە بەشێکی سۆسیالست لە یەکگرتن دادەبڕێن،

بەوهۆیەوە لە دەستپێکی کارواندا گورز بە حزبی یەکگرتن کەوت و ناحەزی بۆ پەیدا بوو.
رۆژی ٧-١٠-١٩٩٢ کـاک مـحەمەدی حـاجی مەحمـود بـۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی لە هەولێر بوو، بەیەکەوە دانیشـتن و مەسـەلەی پـارە تەزویـرەکەم لەگەڵ بـاس کـرد. ئەو وەک پیشـەی هەمیشـەیی خـۆی بزەیەکـی هاتێ و گوتی: (باشە بە هەرزانتر بیفرۆشنەوە!). پێموابـوو شارەزایی لەوەداهەبوو، دەیزانـی لەهەنـدێ شـوێندا بە سـێ یەک و بە چـوار یەک دەفرۆشـرایەوە. لەوانەیە مەبەسـتی بووبێ کە ئێمەش ئاڵوگۆڕی بۆ بکەین و لە کۆڵی بکەینەوە، بەڵام مـن ئەوەم رەت کـردەوە و پـارەکەم بـۆ گەڕانـدەوە. دواتر چوومە لای کاک سامی ئەوەم بۆ باس کرد. ئەویـش سەرێکی باداو گوتی: (هەر ئەوەمان کەمبوو!).
لە کۆبـوونەوەی مەکتەبـی سیاسـی بڕیـاردرا کە شـاندێکی یەکگـرتن سـەردانی هەردوو وڵاتـی تورکیـاو ئێـران بکـات. رۆژی ١٣-١٠-١٩٩٢ کاک سامی عەبدولڕەحمان و شـاندێک بە هەلی کۆپتەری هاوپەیمانان لە شەقڵاوە بەرەو دیاربەکر هەڵفـڕین، بڕیـاریش وابـوو لەوێ بە فـڕۆکە بەرەو ئانکـارا بفـڕن. هەر لەژێـر رۆشـنایی بڕیارەکـانی کۆبـوونەوەی مەکتەبی سیاسی چەند رۆژ دواتـر کـاک مـحەمەدی حـاجی مەحمود بەیاوەری شاندێک بەرەو تاران بەڕێکەوت. لەوێ چـاوی بە ئاغـای مـحەمەدی کەوتبـوو. دەگـوترا لەگەڵ

سوپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعات و وەزارەتی ناوخۆ کۆبـوٚتەوەو لەسـەر زۆر شـت ڕێککەوتـوون. نـزیکەی دوو حەفتەی پێچوو. دەنگۆی ڕێککەوتنی حزبی یەکگرتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و هێنانی چەک بڵاوبۆوە!! یەکێتیی نیشـتمانی کوردسـتان زۆر بەو سـەفەرە نـیگەران ببـوو. نیگەرانـی خۆیـان نەدەشـاردەوە، تەنـانەت لە راگەیانـدن دا هەڕەشـەی لەو هێـزە سیاسـیانەی باشـوور دەکـرد کە پێوەنـدی لەگەڵ کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران دەبەسـتن. راسـتیەکەی ئەو شـاندەی بـۆ تورکیـا رۆیشـتبوو، بەهـۆی ئەوەی کە وەزیـری دەرەوەی تورکیـا لە دەرەوەی وڵاتەکەیدا بوو،سەفەری شاندەکەی یەکگرتن ناکام مـایەوە و رۆژی ١٦ی تشرینی یەکەم بۆ کوردستان گەڕایەوە.

ئەویٚ رۆژی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان زۆر دژی کۆماری ئیسلامی ئێران و دۆستەکانی ئێران بوو. بەئاشکرا هەڕەشەی دەکرد و ناڕاستەوخۆش کاک محەمەدی حـاجی مەحمـودی بە پیـاوی ئێـران دادەنـا. راستیەکەیشـی ئەو سـەفەرەی کـاک محەمەدی حـاجی مەحمـود لەسـەر حزبـی یەکگرتن حیساب بوو. پاشان وا بڵاوبـۆوە کە پێنج هەزار کلاشـنکۆفی هێنـاوەو هەمـووی لەژێـر پـردەکەی سـلێمانیدا فرۆشـتۆتەوە. هەروەهـا دەگـوترا ئەرزاقـی زۆری هێنـاوە، کەچـی ئەوانـیش دیـار نەبـوون، راسـتیەکەی ئێستاشـی

لەگەڵدا بێ، ئێمە هیچمان لێنەبینی. جارێکیان ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی سەردانی کاک سامی کردبوو، راشکاوانە نیگەرانی خۆیانی سەبارەت بە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلای ئێران پێڕاگەیاندبوو.

سەبارەت بە بەشداربوونی کاک رەسول مامەند لە کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانی و بڕیارەکانی ئەو کۆبوونەوەیە، هەروەها سەبارەت بە سەردانی شاندی حزب بۆ تورکیاو ئێران، دەزگای رێکخستنی ناوەندی لەرۆژی ١٠-١٠-١٩٩٢، بڵاوکراوەیەکی ناوخۆی بۆ کۆمیتەی پارێزگاکان و کۆمیتەکانی حزب رەوانەکرد و دڵنیایی کردنەوە کە لایەنە سیاسیەکان رەفتار لەگەڵ حزبی یەکگرتنی کوردستاندا دەکەن و دڵنییایی دابوو کە کاک رەسول مامەند بە سیفەتی شەخسی بەشداری کردووە نەک بەناوی هیچ حیزبێک!!. هەر لەو بڵاوکراوەیەدا خرابووەروو کە حزبی یەکگرتن و (ی.ن.ک) سەبارەت بە ئۆپۆزیسیۆنی عێراق و ئایندەی عێراق، چۆنیەتی بەشداربوونی بەرەی کوردستانی هاوڕاو و هاوبۆچوونن. هەروەها بڕیارە نوێنەرانی گەلی کورد بە ڕێژەی ٢٥% بەشداری لە کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق دا دەکەن[٦].

---

[٦] بڵاوکراوەی ناوخۆی دەزگاری رێکخستنی ناوەندی کە رۆژی ١٠-١٠-١٩٩٢ دەرچووە، لە بەشی بەڵگەنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە

دوای کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی، دوای دانیشتن و کۆبوونەوە لەگەڵ (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) و دڵخۆشکردن بە بەڵێنەکانیان، سەرکردایەتی حزبی یەکگرتن پێیوابوو کە حکومەت بودجەی تایبەت بۆ حزبەکان تەرخان دەکات. ئەگەرچی نزیکەی دوومانگ بەسەر دامەزراندنی حزبی یەکگرتن تێپەڕیبوو، بەڵام جگە لە ملیۆنەکەی پارتی گەل و نیو ملیۆنەکەی هاوبیرانی پاسۆک، هیچ داهاتی دیکەمان نەبوو. پێشتر بڕیاردرابوو کە داهات لە دەستی بەرەی کوردستانیدا نەمێنێ و بۆ حکومەتی هەرێم بگەڕێتەوە، هەروەها حکومەت مانگانە نیو ملیۆن دینار بەو حزبانە بدات کە نەگەیشتوونەتە پەرلەمان. بەوپێیە دەبوایە کە بودجەی حزبی یەکگرتن لانی کەم یەک ملیۆن و نیو دینار بێ.

ڕۆژی ١٦-١٠-١٩٩٢ 'مامۆستا ڕۆژ' جێگری کۆمیتەی ناوەندی، بەناوی دەزگەی ڕێکخستنی ناوەندیەوە سەبارەت بە دەزگای دارایی نووسراوێکی بە ژمارە ٢، بۆ مەکتەبی سیاسی ڕەوانەکرد، کە لەڕوانگەی دڵسۆزی و هەستکردن بەبەرپرسیارێتیەوە نووسرابوو. لێرەدا بەپێویستی دەزانم کە دەقی نووسراوەکە بخەمە بەرچاوان:

**[ بۆ/ م.س تێکۆشەر**

بابەت/ دەزگای دارایی
سڵاوی یەکگرتن و سەرکەوتن.
بەڕێزان! لەکاتێکدا کە دارایی و بودجەی هەرسێ لایەن (پاسۆک-گەل- سۆسیالست) بریتی بووە لە بیروباوەڕو خۆشەویستی خاک و نەتەوەکەمان و خەونی هیوای ئاییندەیەکی ئازاد، برایەتی و خۆشەویستی هاوبیری و هاوسەنگەری پەیوەندیەکی هێندە بەتینی لەنێوان ریزەکانمدا بەستبوو کە هەر کەسە بەجل و بەرگ و تەنانەت خۆراک و گیرفانی خۆی بەهی برا شۆڕشگێرەکانی زانیوە، چونکە گیان بەخشی یەک ڕێبازو مەبەست بوون، بەوجۆرە هەست وگیانی خۆبەخت کردن و درێژە بەخەبات و ڕێ و شوێنی شەهیدەکانمان دراوە.
بێگومان دارایی بڕبڕەی پشتی هەموو حزبێکە ئەگەر بەشێوەیەکی دروست سووی لێوەربگیرێ. ئەگەر بەگۆترەو بێ بەرنامە بڵاوبکرێتەوە، بینای فکری و شۆرشگێری هەڵدەتەکێنێ و دەبێتە هۆی:-
١- ژیاندنی کەسانی بێ بیروباوەڕ و بگرە زیاندەریش، سوود وەرگرتنی لایەنەکانی تر لەو جۆرە کەسانە وەک لە (هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی)دا بۆمان دەرکەوت!!

٢- لەدەستدانی کەسانی شۆڕشگێڕ و بڵاوبوونەوەی دیاردەی دزی کردن لە (حزب)، پێچەوانەی کۆکردنەوەی یارمەتی و پیتاک بۆی، ئەمەش ئەنجامێکی ترسناکی هەیە.
٣- لەبری بیرکردنەوە لە پرۆژەی گەشەپێکردنی (حزب) و بەهێزکردنی، ورتە ورت و پاشملە وتن و زەم کردنی یەکتر دەبێتە مۆرانەو نەک تەنیا زنجیرەی ڕێکخستنەکانمان دەترازێنێ، بەڵکو دەبێتە هۆی لەبن هێنانی بنەماکانی داب و نەریت و ڕەوشتی بەرزی کۆمەڵایەتیمان و هەرەس بە ورەو وزەی برا شۆڕشگێڕەکانمان دێنێ و کاتێ ئەو داراییە بەرەو کزی و نەمان بۆوە ئەندامان و دەزگاکان لەگەڵ خۆی ڕاپێچ دەکات.

بۆ ئەوەی دارایی بکەینە هۆکارێکی گرنگی گەیاندنی پەیامی پیرۆزی یەکگرتن بەنێو خۆو دەرەوەی کوردستان و درێژە بە خەبات و ڕێبازە جەماوەریە نوێیەکەمان بدەین و ڕێگا نەدەین بەپێچەوانەوە دارایی دەورە سلبیەکەی ببینێت، بەپێویستی دەزانم ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێنە تیشکی ڕووناکی بۆ بەرنامەی دەزگای داراییمان:-

١- خۆمان بە موڵکی یەکگرتن بزانین، پێویستە سامانیشمان لەپێناوی سەرکەوتنی یەکگرتندا ببەخشین و بەتایبەتی ئەندامە شۆڕشگێڕەکانمان کە بەهۆی شۆڕشەوە

لەدوای راپەڕیــن چیــان دەســتکەوت بــووە پێشکەشــی یەکگرتنــــی بــــکەن و بەوجــــۆرە دەیســـــەڵمێنن کە هاوچارەنووسین و سەرکەوتنیش مسۆگەر دەکەین.
٢- هــیچ دەســتکەوت و پــارەو کەرەســەیەکی لایەنەکـانی (گەل- پاســۆک- سۆسیالیســت) لای کەس نەمێنێــتەوەو بگەڕێتەوە بۆ دارایی یەکگرتن و تەنیا بەو جۆرە بەردی بنــاغەی یەکگـــرتن بـــۆ ســـەرکەوتن جێگیــر دەبێــت، (رێکخستنەکانمان لەکاتی کۆنگرەوەو تا ئێستا چاوەڕوانی ئەم هەنگاوەن).
٣- بەپێی مەرجی تایبەت یارمەتی و سلفەو قەرز بدرێت بە ئەندامان و یەکسانی و دڵسۆزی رەچاو بکرێت، نەک بەپێی سوود و ئارەزوو و مەزاجی چەند کەسانێک بێت!! چونکە ئەم رەفتــارانە نەک درز بەڵکــو کەلــێن دەخــاتە نێــوان ریزەکانی رێکخستن.
٤- وەک دەزگایەک سەرپەرشتی دارایی بکرێ بە هۆی:-
ا- بوونی لیژنەی سەرف لەگشت دەزگاو لیژنەکانی حزبدا.
ب- بوونی لیژنەی (تدقیق)و لێپرسینەوە.
ج- دیاری کردنی مانگانە بەپێی بەرپرسیاری و پلەو ساڵی خزمەت و ژمارەی خێزان.
د- ئاگاداری کاری گومرگ.

هـ- بوونی سجلی تایبەت بۆ ئابوونەو بەخشیش و دەست کەوتەکان.

و- بوونی سلجی تایبەت بۆ تۆمارکردنی کەرەسەو ئۆتۆمبیل و چەک و تەقەمەنی لە گشت دەزگای بارەگاکانداو بەسەرکردنەوەیان.

ز- دیاری کردنی سنووری دەستەڵاتی سەرفی (م.س) و بەپێی پێویست.

٥- خستنەکاری دارایی بۆ پاشەکەوت کردن لە پرۆژەی سوودبەخش و بەبەرنامەی تایبەت.

٦- بیر لە چۆنێتی بوژاندنەوەی ئابووری کوردستان و دامەزراندنی بانقی نەتەوەیی و پەرەدان بە کارگەو کێڵگەو پیشەسازی و بازرگانی و سامانە سروشتیەکانی نەوت .. و هاوینەهەوارەکانمان بکرێتەوە.

لەگەڵ رێزدا، هەر بژین بۆ کورد

م.رۆژ

دەزگای رێکخستنی ناوەندی

وێنەیەک بۆ/

بەرێز کاک رێکار

لەگەڵ رێزدا و فریای (حزب) بکەوە! ].[٧]

[٧] ئەم نامەیەی بەرێز مامۆستا رۆژ لە بەشی بەڵگەنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە.

ئەم نـــامەیە نمـــوونەیەکی لە خەمخـــۆری ئەنـــدامان بـــۆ ســـەرکەوتنی حزبـــی یەکگرتنـــی بەرجەســـتە دەکـــرد. هەر لەدەسـتپێکدا دەیـان نـامەو پەیـام سـەبارەت بە گێـڕانەوەی دارایـی سـێ حـزبەکە هـاتن و داوامـان لێکـرا کە هەنگـاو هەڵبگــرینەوەو بەرپرســیاریەتی لەســـەر شـــانی خۆمـــان لابـدەین. ئـێمەش هەوڵـی خۆمـان دا، مخـابن هـیچ لایەنێـک ئامـادە نەبـوو کە کۆپـاکی مەکتەبـی دارایـی بکـات. ئـێمە لە دەزگای دارایی لە رووودا مابووین، لەسـەرێکەوە دەمـانزانی کە هەر سێ حزبەکە پێشتر پارەیان هەبووەو داراییان تژی بـووە، لەسـەرێکی دیکەشـەوە توانـاو دەسـتەڵاتی ئەوەمـان نەبـوو بچـین و بەزۆر لێیـانوەربگرین. بـۆ ئەو مەبەسـتە لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی قسەمان کرد. هەموویان بێدەستەڵاتی خۆیان پێشان دەدا. کاک سامی پێیگوتم: (واز بێنە! ئەوانی دیکە نـایهێننەوە، منـیش ئامـادە نـیم کە ئەوەی کۆمـان کـردۆتەوە لە قـوڕکی ئەو حـوت (نەهەنـگ)انەی بکەم. ئەوانە وەک حوتی برسی دەمیان کردۆتەوەو بەهـیچ تێر نابن).

رۆژی ٨-١٠-١٩٩٢ مامۆســتا هــادی بەرپرســی کــۆمیتەی پارێزگــای ســلێمانی، نــامەیەکی پــڕ لە گلەیــی نــاردبوو، نووسـی بـووی کە ئێـوە هاوکاریتـان بـۆ پارێزگاکـانی دیکە نـــاردووە، کەچـــی تەنیـــا ١٥٠ هەزار دینارتـــان بـــۆ ئـــێمە نـاردووە. مـن وەڵامـی نـامەکەیم دایەوەو بـۆم نووسـی کە

ڕۆژی ١-١٠-١٩٩٢ لە ڕێـــی کـــاک مـــحەمەدی حـــاجی مەحمـودەوە بـڕی دوو سـەدو پەنجـا هەزار دینارمـان بـۆ ڕەوانە کـردوون، تکـایە ئەگەر وەرتـان نەگرتـووە، داوای لێبکەنەوە. مخابن دواتر ئەو سەد هەزارەی دیکە دیزە بە دەرخۆنەی لێکراو ئێستاش بە مامۆستا هادی نەدرا. کاک مـلازم کەریـم زانـی بـووی کە پـارەکە وەک خـۆی بە کـۆمیتەی پارێزگـای سـلێمانی نەگەیشـتووە، بـۆیە لەو پارەیەی کە بڕیار بوو دارایی پاسۆک بۆ دەزگای دارایی یەکگـرتن ڕەوانەی بکـات، لە خـۆیەوە ٣٠٠ هەزاری بـۆ سـەرف کردبـوون. ڕۆژی ١٠-١٠-١٩٩٢ نـامەیەکی بـۆ مـن نارد، کە تێیدا نووسی بووی، لە پارەکەی خۆیان کە پێنج سەد هەزار دینار بووە، سێ سەد هەزاریان بە کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی داوە، کە پێشتر **سەدو پەنجا هەزاریان** پێگەیشـتبوو، باقیەکەشـی دوو سـەد هەزار بـوو، بـۆ منـی ڕەوانەکردبوو[٨].

بێگومـان کـاک مـلازم کەریـم لە دڵسـۆزی و بەمەبەسـتی ڕازیکردنـی کـۆمیتەی پارێزگـای سـلێمانی، بەبـێ پرسـی دەسـتەی سـەرۆکایەتی و بەبـێ ئاگـاداری دەزگـای دارایـی ئەو کارەی کردبوو. دیارە کارەکەش بۆ پشتیوانیکردن لە مامۆسـتا هـادی بـوو کە بەرپرسـیاری کـۆمیتەی پارێزگـای

[٨] نامەی بەڕێز کاک ملازم کەریم لە بەشی بەڵگەنامەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

سلێمانی بوو، ئەویش پێشتر لە پاسۆک دا هاوبیری کاک ملازم کەریم بوو.

# دەزگای ڕاگەیاندن و گرفتەکانی

مامۆستا عەبدوڵڵا ئاگرین بە فەرمی بەرپرسیاری دەزگای ڕاگەیاندن بوو، سەرپەرشتیاری ڕادیۆو تەلەفزیۆنەکانیش بەمن سپێردرابوو، بەڵام ڕۆڵ و دەسەڵاتی دەزگای ڕاگەیاندن سنووردار کرابوو. ڕۆژنامەی '**یەکگرتن**' کە پێش پێکهێنانی حزبی یەکگرتن چەند ژمارەیەکی لێدەرچووبوو، لە سێیەمین ڕۆژی کۆنگرەدا بەبێ سڵاوکردن هاتەژووری و هۆڵەکەی داپۆشی. بەهۆی ئەوەی کە وێنەی چەند کەسێکی پێوەبوو، نارەزایی لێکەوتەوەو وابڵاوکرایەوە کە بەمەبەستی بانگەشەکردن بۆ هەڵبژاردن ئەم ژمارەیە دەرچووە!! هەر لە سێیەمین ڕۆژی کۆنگرەدا ڕۆژنامەی '**نەورۆز**'، کە ڕۆژنامەی لقی دهۆکی پاسۆک بوو، بە ناوی پارتی سەربەخۆیی کوردستان (پاسۆک) بڵاوکرایەوە. هەروەها ڕۆژنامەی '**سورێن**' کە ڕۆژنامەی لقی سلێمانی حزبی سۆسیالستی کوردستان بوو، بڵاوکرایەوەو هێنرایە نێو هۆڵی کۆنگرەوە. ئەگەر سووکە پاساوێک بۆ دەرچوواندنی ڕۆژنامەی یەکگرتن لە سێیەمین ڕۆژی کۆنگرەی هاوبەشی هەر سێ حزبەکەدا هەبووبێ، بەڵام هیچ پاساوێک بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی 'نەورۆز' و 'سورێن' نەبوو، کە بەناوی حزبەکانیانەوە بڵاوکرابوونەوە. دواتریش کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری دا

ڕۆژنامەی یەکگرتن ئۆرگانی ناوەندی حزب بێ، هەفتانە بە زمانی کوردی و دوو هەفتە جارێک بە زمانی عەرەبی چاپ و بڵا بکرێتەوە. کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری دابوو کە ڕۆژنامەکانی دیکە رابگیرێن کەچی بێ ئەوەی هیچ بڕیارێک لە دەزگای راگەیاندنەوە هەبووبێ، ڕۆژنامەی سورێن بە بڕیاری کاک محەمەدی حاجی مەحمود درێژەی پێدراو لێینووسرا (ئۆرگانی حزبی یەکگرتنی کوردستان/کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی). ژمارەی (٧٢)ی ڕۆژنامەی 'سورێن' کە بەناو هی مانگی ئەیلول بوو، لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ بڵاکرایەوە، تەنیا بەسەردێڕێکی گەورە نووسرابوو(یەکگرتن خەون و ئاواتی شەهیدان بوو ئێمە هێنامانە دی..) دەنا باس لە حزبی یەکگرتن نەکرابوو[٩].

لە سەروتاردا کە دەبوایە بەدوای سەردێر (مانشێت)دا بڕۆیشتبایە و باسی لەیەکگرتن و ئاواتی شەهیدان بکردبایە، کەچی باس لە جێبەجێ کردنی ئاسایش لە کوردستان کرابوو. بابەتەکانی دیکەش بریتی بوون لە (نارازی حکومەتی کینیا، گەڕانەوەی جۆلان بۆ سوریا، بارەگایەکی نەتەوەیەکگرتووەکان دەدرێتە بەر قازیفە، چەند هەواڵێ). لە سەرجەمی هەشت لاپەڕەکەیدا تەنیا لە

[٩] لاپەڕە یەکی ژمارە ٧٢ی ڕۆژنامەی سورێن لەبەشی بەڵگەنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە.

گۆشـەی خـوارەوەی لاپەڕە ٧ دا بەیاننـامەی کۆبـوونەوەی یەکەمی کۆمیتەی ناوەندی حزبی یەکگرتن چاپکرابوو.

کـۆمیتەی ناوەنـدی لە کۆبـوونەوەی خۆیـدا بڕیـاری دا کە ڕۆژنـــامەی 'یەکگـــرتن' وەک ئۆرگـــانی ناوەنـــدی حزبـــی یەکگـرتن درێـژەی پێبـدرێ. هەمـوو کارەکـانی ڕۆژنـامەی یەکگـــرتن لە ژێـــر چـــاودێری و سەرپەرشـــتی مامۆســـتا عەبـدوڵلا ئـاگرین دابـوو، کـاک ئاسـۆ حەسـەن وعەبـدوڵلا قەرەداخی وەک نووسەر تێیدا دەستبەکار بوون. هەروەهـا کاک بـرزۆ عەلـی هەژار سەرپەرشتی چاپی دەکرد. دواتـر لەسـەر پێـداگری کـاک سـامی، ڕۆژنـامەی 'گەل' کە پێشـتر پارتی گەل بڵاوی دەکردەوە، وەک زمانحـاڵی یەکگـرتن بە زمانی عەرەبی درێژەی پێبدرا[١٠]. ئەوەش بە کـاک خەسـرۆ عەزیزو کـاک مەدحـی مەندەلاوی سـپێردرابوو، بەڵام کـاک سامی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی دەکرد.

لە ڕۆژی ٣-١٠-١٩٩٢ لەسـەر داوای کـاک سـامی بـڕی دە هەزار دینار بۆ ئێزگەی دەنگی یەکگرتن لە خەلیفان، پازدە هەزار بـۆ ڕۆژنـامەی یەکگـرتن و بیسـت هەزار دینـار بـۆ ڕادیـــۆو تەلەفزیـــۆنی هەولێـــر ســـەرفکرا[١١]. بەبەراورد بە کـۆمیتەی پارێزگاکـان پـارەیەکی یەکجـار کەم بـۆ دەزگـای

---

[١٠] لاپەڕە یەکـی ژمـارە ٥٢ی ڕۆژنـامەی گەل کە دوای یەکگـرتن بە زمـانی عەرەبـی بڵاوبۆتەوە، لەبەڵگەنامەکاندا ئاماژەی پێدراوە.

[١١] نامەی کاک سامی لە پێوەند بە سەرف بۆ دەزگـای ڕاگەیاندن لەبەشـی بەڵگەنامەکاندا خراوەتەڕوو.

راگەیانــدن بە هەر ســێ جــۆرەکەی (نووســرا، بیســراو و بینراو) سەرفکرا. من ئەوەم پێناخۆشبوو، خوازیاربووم کە لایەنــی کەم هێنــدەی کــۆمیتەی پارێزگایەکیــان بــۆ دابــین بکــرێ. کــاک ســامی کە بــۆ خۆیشــی رۆژنــامەوان و راگەیانـدکاربوو، حەزی بە پێشـکەوتنی راگەیانـدن دەکـرد، بەڵام دوو ئەنــدامەکەی دیــکەی دەســتەی ســەرۆکایەتی پێیــانوابوو کە لەم قۆنــاغەدا دەبــێ گرنگــی بە کــۆمیتەی پارێزگاکان بدرێ، راگەیاندن نـاتوانێ وەکو پێویست رۆڵـی خـۆی ببینـێ!!. سـەبارەت بەو بـابەتە رۆژی ٥-١٠-١٩٩٢ نامەیەکم بۆ دەستەی سەرۆکایەتی نووسـی و داکۆکیم لە دەزگـای راگەیانـدن کـرد، چەنـد پێشـنیارم خسـتبووەڕوو، لێمخواســتبوون کە بــودجەیەکی دیــاریکراو بــۆ دەزگــای راگەیاندن تەرخان بکرێ و لانـی کەم لە بوجەی کۆمیتەی پارێزگای هەولێر کەمتر نەبێ[١٢].

بابەتی هەرە سەیر ئەوە بوو کە رۆژی ١٦-٩-١٩٩٢ رادیۆو تەلەفزیـۆنی یەکگـرتن لە سـلێمانی، بەبـێ پـرس و راوێـژی دەزگــای راگەیانــدن و بەبــێ ئاگــاداری سەرپەرشــتیاری ئێزگەکـــانی رادیـــۆو تەلەفزیـــۆن، نووســـراوێکیان بـــۆ بەڕێــوەبەرێتی گشــتی پەروەردەی پارێزگــای ســـلێمانی نــاردبوو، داوایــان لێکردبــوون کە ســێ کارمەنــدی ســەر

[١٢] کۆپی ئەو نامەیە لەبەشی بەڵگەنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە.

میلاکی بەڕێوەبەرێتی پەروەردە، بۆ رادیۆو تەلەفزیۆنی یەکگرتن دەستکراوە بکرێن، ئەوانیش بە نووسراوی ژمارە (ش٩٨٢٨) لە بەرواری ٢٩-٩-١٩٩٢ بە ئیمزای مامۆستا نەشئەت غەفوور سەعید، وەڵامیان دابوونەوەو نووسیبوویان کە بەپێی رێنوێنیەکانی بەرەی کوردستانی و ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە، ناتوانرێ داواکاریەکە جێبەجێ بکرێ، بەڵام دەتوانن داوای مۆڵەتی بێموچەیان بۆ بکەن، بۆ ئەوەی کارەکانیان ئەنجام بدرێ[١٣].

نەبوونی پارە تەنگی بە رادیۆو تەلەفزیۆنەکان هەڵچنی بوو. رادیۆی دەنگی یەکگرتن کە پێشتر رادیۆی کوردستانی شۆرش بوو، بارەگای لە خەلیفان بوو، خوازیاربوون لە پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکەین. لەو بارەیەوە رۆژی چواری تشرینی یەکەم، کاک مەدحی مەندەلاوی نامەیەکی رەوانە کردو ئاماژەی بە کێماسیەکان کرد. لەو نامەیەدا داواکرابوو کە (سێ ریکۆردەریان بۆ دابین بکرێ. پێویستیان بە وەرگێری کوردی و عەرەبی و بێژەری بادینی هەیە. ئۆتۆمۆبیلێکی دیکەیان بۆ دابین بکرێ. لەهەموو شارو شارۆچکەکاندا هەواڵنێرو پەیامنێریان بۆ دابین بکرێ. نەسریەی کادران بەتایبەتی ئەوانەی شەوانە

---

[١٣] نووسراوی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی بۆ رادیۆو تەلەفزیۆنی یەکگرتن لە بەشی بەڵگەنامەکاندا راوەتە بەرچاوان و بڵاوکراوەتەوە.

لەوێ دەمێننەوە، زیاد بکرێ. نووسەرێک یان دووانی دیکەیان بۆ رەوانە بکرێ. چەک بە کادرەکان بدرێ. بۆ ئەوەی کادران بمێننەوە، دەبێ هاوکاریان زیاد بکرێ. جلوبەرگ و پێڵاوی زستانەیان بۆ بکڕدرێ. پاداشت و هاوکاری ئەو کادرانە بکرێ کە پێویستن بەتایبەت ئەوانەی تازە ژنیان هێناوە یان ئەوانەی بەنیازی هاوسەرگیرین).
بەڕێوەبەری رادیۆی دەنگی یەکگرتن پێشنیاری کردبوو: کە رادیۆکە بۆ شەقڵاوە یان هەولێر بگوازرێتەوە، هەروەها ئەگەر لەماوەی ئەم مانگەدا ئەو داواکاریانە جێبەجێ نەکرێن، ئیتر لە راوەستانی پەخشی رادیۆ گلەییان لێنەکەن. هەروەها رۆژی ١٠-١٠-١٩٩٢ نامەیەکی دیکەی نووسیبوو، داوا مۆڵەتی سێ رۆژی کردبوو[١٤].
رادیۆو تەلەفزیۆنی شارەزوور لە دوای کۆنگرەوە دامەزرابوو، چونکە بە سپۆنسەری کاک محەمەدی حاجی مەحمود بوو، ئیدی لەخزمەتی کارو چالاکی و گەڕانەکانی ئەو دابوو. بەڕێوەبەرو کارمەندانی راگەیاندن لە شارەزوور بە بێ ئەو بەڕێزە نەیاندەتوانی پەنجە بە ئاودا بکەن.
رۆژانە ئاگام لە رادیۆو تەلەفزیۆنی هەولێر هەبوو، جار جارە سەردانی رادیۆو تەلەفزیۆنی سلێمانی و دهۆکم

---

[١٤] نامەی بەڕێز کاک مەدحی مەندەلاوی لە بەشی بەڵگەنامەکاندا خراوەتە بەرچاوان.

دەکـــــرد. دەبــــوایە دەزگـــــای ڕاگەیانـــــدن، بەتـــــایبەتی سەرپەرشـــــتیاری ڕادیــــۆو تەلەفزیــــۆن، وێــــڕای سەرپەرشتیکردنیان، پێویست بوو بودجەشیان بۆ دابین بکات، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بەردەوام خەزێنەی دەزگای دارایی بەتاڵ بوو، ئیدی کاک سامی پێداویستیەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی هەولێری دابین دەکرد، ئەوانی دیکە دەبوایە چاویان لە دەستی کۆمیتەی پارێزگاکان بێ، یان کاتێ پارە هەبووایە دەزگای دارایی ڕاستەوخۆ بۆی ڕەوانە دەکردن.

بێ پارەیی کاریگەری نەرێنی لەسەر دەروونی ئەندامانی دەزگـــای ڕاگەیانـــدن دانـــابوو، هەروەهـــا بەهـــۆی دەســـتتێوەردانی ئەنـــدامانی دەســـتەی ســـەرۆکایەتی و مەکتەبی سیاسی، دەزگای ڕاگەیاندن بێسەروبەر ببوو. هەندێک هەڤاڵیش هەر بە ئارەزوو ناکۆکیەکانیان قوڵتر دەکردەوە. جارێکیان لە سەر شتێکی بچووک کێشە لەنێوان من و مامۆستا عەبدوڵڵا ئاگرین سەری هەڵدا. مامۆستا سەعد پشتیوانی لەمن کردو گوتی ئەوە بە پشتیوانی یەکێتی ئاوا دەکات! دواتر کاک عەبدوڵڵا ساڵح هەواڵی دامێ کە گوایە یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێشمەرگەیان پێداوەو!! دەیەوێ بۆ بارەگای ڕادیۆو تەلەفزیۆن بچێ! لەو کاتەدا بەرپرسی دارایی و جێگری بەڕێوەبەری ڕادیۆو تەلەفزیۆنی هەولێر تەلەفۆنی بۆ کردم

و گوتی کە مامۆستا عەبدوڵڵا ئاگرین هاتۆتە بارەگا و بە ئارەزووی خۆی هەندێک لە کارمەندەکانی دەرکردووە. کورد دەڵێ ماڵ لە خۆی نەبوو، میوانیشی بێتەسەر! منیش چەند پێشمەرگەیەکم لەگەڵ خۆم دا بردو بەتوورەیی لە بارەگای مەکتەبی سایسی دەرچووم و بەرەو بارەگای رادیۆو تەلەفزیۆن رۆیشتم، کە گەیشتمە ئەوێ مامۆستا عەبدوڵلا و پێشمەرگەکان رۆیشتبوون. دەنا لەوانەیە کێشەکە ئاڵۆزتر دەبوو. ئێستا دانی پێدا دەنێم کە سنگ فراوانی و لێبوردەیی مامۆستا عەبدوڵڵا ئاگرین ئاوی بە ئاگرەکە داکرد. ئەگەر ئەویش وەکو من لاملی بکردایە بێگومان خراپ بەسەر حزبی یەکگرتندا دەشکایەوە. من یاداشتێکم بۆ دەستەی سەرۆکایەتی نووسی و گلەیم لە دەستتێوەرادنی بەرپرسی دەزگای راگەیاندن کردو، بەتووندی رەخنەم لێگرت، بەوەش تۆمەتبارم کرد کە گوایە بەمەبەستی داگیرکردانی بارەگای رادیۆو تەلەفزیۆن، پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانی هێناوە. دواتر بەناو بژیوانی کاک سامی و بەسنگ فراوانی مامۆستا عەبدوڵلا ئاگرین لەگەڵ یەکتر ئاشبووینەوەو دەستمان لەملی یەکتر کرد و لە تریقەی پێکەنینمان دا. ئیدی تا یەکگرتن هەڵوەشایەوە، وەک دوو هاورێباز، دەزگای راگەیاندنمان بەڕێوەدەبرد.

لە دەزگای ڕاگەیاندندا بڕیاردرابوو کە هانی کادران بدرێ، هەروەها بۆ دڵگەرمکردنی کادرە سەرکەوتووەکان، بەتایبەتیش ئەوانەی کە ماندوونەناسانە کار دەکەن، ئەوانەی لەرادەبەدەر خۆیان ماندوو دەکەن و شەونخونی دەکێشن و شوێنپەنجەیان دیارە، ڕێزیان لێندرێ، سوپاسنامەیان بۆ ڕەوانە بکرێ و بەخشیشیان پێبدرێ. لەم پێوەندەدا نموویەک دەخەمە بەرچاوان[١٥].

---

[١٥] کۆپی ڕێزلێنان بۆ کادرێکی رادیۆو تەلەفزیۆن لە بەشی بەڵگەنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە.

# نۆژەنکردنەی حزبی سۆسیالستی کوردستان

رۆژی ٦-١٠-١٩٩٢ راگەیانـدراوی نـۆژەنکردنەوەی حزبـی سۆسیالستی کوردستان بڵاوکرایەوە. ئیدی کاک رەسول مامەند، کاک شێخ محەمەد شاکەلی، شێروان شێرەوەندی و ژمـارەیەک تێکۆشـەری بەوەجـی دیـکە لە یەکگـرتن کشانەوە، بەوهۆیەوە کێشەی ناوەخۆی بۆ حزبی یەکگرتن دروست بوو.

پێشـــتر ئامـــاژەم پێکردبـــوو کە رۆژی ٥-١٠-١٩٩٢ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی لە هـاوینەهەواری پیرمـام بەڕێوەچووبـوو. کـاک رەسـول مامەنـدیش بـۆ کۆبـوونەوەکە بـانگکرابوو، بەڵام لەسـەر پێداگری شاندی حزبی یەکگرتن، بەڕێزیان وەک کەسایەتی لەو کۆبـوونەوەیەدا بەشـداری کردبـوو. ئیـدی دوای ئەو کۆبوونەوەیە، بەبیانۆی ئەوەی کە هەوڵی دوورخستنەوەی یەکێتی و پارتی لەکاک رەسول دەدەن و کارێک دەکەن کە ئەوان پشتیوانی لێنەکەن، هەڤاڵانی سۆسیالستی ناو حزبی یەکگرتن تاک تاک و دوو دوو سەردانی مەکتەبی سیاسی هەردوو لایەنەکەیان دەست پێکرد. کاک محەمەدی حاجی مەحمـود سـەردانی ڕێـزدار مـام جەلالـی کـرد، دوای گەڕانەوەی بەتەنیا لەگەڵ کـاک سـامی دانیشـت و دڵنیـای کـردەوە کە ئەوان متمـانە بە کـاک رەسـول نـاکەن و

پشـتیوانی لێنـاکەن!! هەروەهـا دوای دیـداری لەگەڵ ڕێـزدار کـاک مەسـعود بـارزانی، هەمـان ئەو دڵنیـاییەی دووپـات کردەوە. هەر لەو ماوەیەدا مامۆستا سـەعد سـەردانی کـاک کۆسـرەت ڕەسـولی کـرد و ئەویـش بەڵێنـی دابـوو کە پشتیوانی لەکاک ڕەسول ناکەن. مامۆسـتا سـەعد لە زمـانی کاک کۆسرەتەوە دەیگێڕایەوە کە مادام حزبی سۆسیالست بەشداری لە کۆنگرەی یەکگرتندا کردووە، واتە ئەو حزبە هەڵوەشـاوەتەوە. ئێسـتا هەر سـێ حـزبەکەی پێشـوو بە فەرمی نەماون و حزبی یەکگرتن میراتگرو شـوێنگرەوەی هەر سـێکیانە، تەنـانەت کـاک دکتـۆر فوئـاد مەعسـوم کە سەرۆکی ئەنجوومەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، هەمان بەڵێنی دابوو. ئەو بەڵێنانەی یەکێتی لە بڵاوکراوەی دەزگـای ڕێکخسـتن بۆ کـۆمیتەی پارێزگـاو کـۆمیتەی قەزاو ناحیەکـان ئامـاژەی پێکرابـوو، تێیـداهاتبوو: [سـەبارەت بە کـۆنگرەی یەکگـرتن و دامەزرانـدنی حزبـی یەکگرتنـی کوردسـتان، برایـانی (ی.ن.ک) پشـتگیری و خۆشـحاڵی خۆیان دەربڕی و هەرجۆرە جیابوونەوەو لادانێک بەڕاست نازانن و پشتیوانی لێناکەن و ئیعترافی پێناکەن]. ئەو قسانە بـۆ هەنـدێک لە هەڤـاڵان جێـی خۆشـحاڵی بـوو، بەڵام بەلای منەوە جێی گومان بوون، چونکە ڕۆژێک پێش بـانگەوازی زینـدووکردنەوەی حزبـی سۆسیالسـتی کوردسـتان، کـاک ڕەسول مامەند بۆ کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانی بانگ

کرابوو. لەو کۆبوونەوەیەدا شاندەکەی یەکگرتن بەتایبەتی کاک قادر جەباری وکاک سامی پێداگریان کردبوو کە حزبی سۆسیالست هاتۆتە ناو یەکگرتن و کەسی دیکە بۆی نیە بەو ناوەوە بەشداری لە کۆبوونەوەدا بکات. کاک فەرەنسۆ هەریری بروسکەی بۆ کاک رەسول مامەند کردبوو، ئەویش لەرووداماببوو. ئەگەر رێ بە کاک رەسول نەدەدرا بەشداری کۆبوونەوەکە بکات، بەسەر کاک فەرەنسۆدا دەشکایەوە کە بۆچی بانگی کردووە. ئەگەر رێی پێددەدرا بەسەر شاندی یەکگرتن دا دەشکایەوە کە چۆن بە بەشداریکردنی رازی بوون. سەرەنجام رێ بەکاک رەسول درابوو وەک میوان بەشداری لە کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانیدا بکات.

ئێمە هەموومان دەمانزانی کە بانگکردنی کاک رەسول بۆ کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانی لەخۆڕاوە نەبووە. من بەهۆی ئەوەی کە لەڕێی کاک پاڵە باوانیەوە ئاگام لە پێشنیارەکەی کاک فەرەنسۆ بۆ مانەوەی پارتی گەل و بەڵێنی هاوکاریکردنی هەبوو، ئەو رووداوشم لەنێو ئەو هاوکیشەیەدا دەخوێندەوە؛ بۆیە راشکاوانە ئەو باسەم بۆ کاک سامی گیڕایەوە. ئەو بەنیمچە نیگەرانیەوە پرسی کە بۆچی پێشتر باست نەکردووە؟!

رۆژی ١٥-١٠-١٩٩٢ دەزگای ڕێکخستن ڕوونکردنەوەیەکی بۆ ڕێکخستنەکان ڕەوانە کرد کە سەبارەت بەو کێشەیە تێیدا هاتبوو: **[هەوڵوێستی حزبمان لەم دابڕانە بەم جۆرەی خوارەوەیە.**

**١- نەچونە ناو مەیدانی دەودەوانێ و شەڕە جوێنی ڕاگەیاندن.**

**٢- لەگەڵ هەموو لایەنەکانی بەرەی کوردستانی وتوویژکراوەو زۆر ڕێز لە یەکگرتن دەگرن و پشتیوانی دەکەن و لەگەڵ هیچ دابڕانێک نین و تەئکیدیان کردووە کە (ڕەسول مامەند) شەرعیەتی نیە بەناوی سۆسیالستەوە قسە بکات و بەو ناوەوە نەناسرێ و مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت. دوای ئەو بەڵێنانەی لایەنەکان دوو کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی کراوەو ئاگاداریان نەکردووەو هەوڵیان داوە بەشداری کۆبوونەوە بکەن، ڕێیان پێنەدراوە.**

**٣- داوای ئەو ممتەلەکاتە دەکەین و دەبێ بگەڕێتەوە بۆ حزبی یەکگرتن کە کاک ڕەسول مامەند دەستی بەسەردا گرتووە کە بریتین لە:**

**(١- دارایی حزب. ٢- ئێزگەی ڕادیۆ و چەند جیهازێکی ڕاکاڵ.**

**٣- چەنـــد ئۆتـــۆمبێلێک. ٤- چەک و تەقەمەنـــی. ٥- ئۆتۆمبێلێکی پڕ لە دەزگای لاسلکی. ٦- ئەرشیف).**

**٤- لەبەرئەوەی کە هەمـــوو دابـــڕان و پەرتبوونێـــک لە بەرژەوەنـدی دوژمـــنەو یەکگـــرتن و تەبـــایی خواســـتی ســـەرجەمی جەمـاوەرە ســتەمدیدەکەمانە و دەمـانگەیێنێتە ئامـانجە پیرۆزەکانمـان بە پێویسـتی دەزانـین کە کـاتی زێڕینمان بەو کێشە لاوەکیە بەسەر نەبەین][١٦].**

کاک ڕەسول مامەند و هەڤاڵانی لەڕۆژانی ٤ تا ٧-١١-١٩٩٢ لە شـاری ڕانـیە کۆنگرەیەکیـان پێکهێنـاو نـاوی دووەمـین کـۆنگرەی حزبـی سۆسیالسـتی کوردسـتانیان لێنـا. ئیـدی چارەنووسی ئەوان یەکلایی بۆوە.

لەو کـاتەدا کێشـــەی پـــارتی کرێکـــارانی کوردســـتان و هەڵوێسـت نوانـدن لەڕۆژەڤ دابـوو. سـەرکردایەتی حزبـی یەکگـرتن بە پشـتیوانیکردنی لەهەڵوێسـتی پارتی و یەکێتـی دژ بە پەکەکە، دەیویست ڕۆیشتنی کاک ڕەسول بێئەکتیـڤ بکـــات و لە هاریکـــاری ئەوان بێبەشـــی بکـــات. بەڵام لەوســـەروبەندەدا کـــاک دکتـــۆر مەحمـــود لە ئەورڕوپـــا لەبەرژەوەنـدی پەکەکە لێـدوانی دا. بێگومـان قسـەکانی بەڕێزیان بەدڵی یەکێتی و پارتی نەبوو، بۆیە داوا دەکرا کە

---

[١٦] ڕوونکـردنەوەی دەزگـای ڕێکخسـتنی ناوەنـدی حزبـی یەکگرتنـی کوردسـتان بـۆ ڕیزەکانی ڕێکخستن، لە بەشی بەڵگەنامەکاندا کۆپی لێهەڵگیراوەتەوە.

وەڵامی بدرێتەوە، سەرەنجام وتەبێژێک بەناوی حزبی یەکگرتن ڕاگەیاند کە ئەو قسانەی کاک دکتۆر ڕامانی خۆیەتی و ڕەنگ لە سیاسەتی حزبی یەکگرتن ناداتەوە. ئەگەر لەبەر جیابوونەوەی کاک ڕەسول نەبوایە، هەرگیز حزبی یەکگرتنی کوردستان سازشی نەدەکرد و لێدوانی ئەندامێکی سەرکردایەتی خۆی ڕەت نەدەکردەوە. زۆرێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دژی ئەوەبوون کە هەڵوێست لە دکتۆر مەحمود بگیرێ و واپێشان بدرێ کە لێدوانەکەی تەنیا ڕەنگ لە ڕامانی خۆی دەداتەوە. مخابن بەهۆی ئەو لێدوانەوە دڵی کاک دکتۆر مەحمود لە یەکگرتن ڕەنجاو خۆی بەدوورگرت. تا یەکگرتن هەڵوەشایەوە هەر لاتەریک و دوورەپەرێز ڕاوەستابوو.

کاک سامی زۆر شێلگیرانە هەوڵی دەدا پشتیوانی پارتی و یەکێتی بۆ یەکگرتن مسۆگەر بکات، بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژی ١٦-١١-١٩٩٢ سەردانی بەڕێز کاک مەسعود بارزانی کرد. پاش ئەو سەردانە وا بڵاوبۆەوە کە گوایە ڕای ئەوان زۆر ئەرێنی و باشە، بەڵێنیان داوە کە پشتیوانی لەکاک ڕەسول نەکەن و وەک حزبی سۆسیالستی کوردستان ڕەفتاری لەگەڵدا نەکەن.

هەر بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژی ١٩-١١-١٩٩٢ کاک عەبدوڵڵا ئاگرین سەردانی بەڕێز مام جەلالی کرد، کە گەڕایەوە زۆر خۆشحاڵ دەهاتە بەرچاوان، ئەویش جەختی کردەوە کە

رای یەکێتـی ئەرێنـی و باشــە، پشــتیوانی لەکـاک رەســول نـاکەن و دەیـانەوێ دۆسـتایەتی و پێوەنـدی خۆیـان لەگەڵ حزبی یەکگرتندا بەهێزتر بکەن، بۆیە لە رۆژانـی داهـاتوودا شـاندێکی باڵایـان دێ و سـەردانمان دەکەن. راستیەکەشـی رێـزدار مـام جەلال زۆر رێـزی کـاک مـلازم کەریـم و کـاک سامی دەگرت و پێوانەی تایبەتی بۆ دەکردن. دەگوترا کاک مــلازم کەریــم لە عەشـــەرە موبەشـــەرەکانی مـــام جەلال تاڵەبانیە.

گرفتـی حزبـی سۆسیالسـتی کوردسـتان (کـاک رەسـول مامەنــــد) بەردەوام بـــوو. رۆژی ١٩٩٢/١١/٢١ حزبـــی یەکگــرتن بــۆ پاراســتنی بارەگاکــانی، هێزێکــی رەوانەی شــەقڵاوە کـرد. لە کـۆیەو رانـیەو شــەقڵاوە کێشــەو گرفـت لەنێوان حزبی یەکگـرتن و حزبـی سۆسیالسـتی کوردسـتان لەسـەر گێـڕانەوەی بارەگاکـان هـاتە ئـاراوە. لەو پێوەنـدەدا ئەندامانی (م.س) پێیانوابوو کە کاک رەسول لە شوێنێکەوە هان دەدرێ و دەستی لەپشت دەدرێ بۆیە کێشە بۆ حزبی یەکگترن دروست دەکات. ئەو کێشەیە وایکرد کە مەکتەبـی سیاسـی بەپەلە کـۆببێتەوە. رۆژی چـوار شـەممە، رێکەوتـی ٢٥-١١-١٩٩٢ کاک سامی نامەیەکی بۆ کـاکە حەمەو مـلازم کەریم و کاک قـادر نـارد و داوای لێکـردن بێن بـۆ هەولێر. ئیـــدی لە رۆژی دووشـــــەممە رێکەوتــــی ٣٠-١١-١٩٩٢

لەکۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیدا کاک دکتۆر مەحمود لە شوێنی کاک رەسول مامەند وەک ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی جێگیرکراو جەختی لەسەر کرایەوە، کەچی تا حزبی یەکگرتن هەڵوەشایەوە تەنیا یەکجاریش کاک دکتۆر مەحمود لە هیچ کۆبوونەوەیەکی حزبی یەکگرتندا بەشداری نەکرد.

بەهۆی رۆیشتنی کاک رەسول، مەکتەبی سیاسی بڕیاردرا کە خاڵە حاجی لە ئیحتیاتەوە ببێ بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مامۆستا ئەمین'یش ببێ بە ئەندامی ئیحتیاتی (ک.ن)، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا (م.س) بڕیاری دابوو کە بەهەر نرخێک بێ، نابێ هیچ بنکەو بارەگەیەک رادەستی هەڤالانی کاک رەسول بکرێ. راستیەکەی ئەندامانی پێشووی سەرکردایەتی حزبی سۆسیالست، ئەوانەی لەناو حزبی یەکگرتن دابوون، زۆر دژی کاک رەسول بوون و حەزیان بە خۆشکردنی ئاگرەکە دەکرد، بەڵام زۆرینەی کادرانی پێشووی سۆسیالست دڵیان بۆ ئەو لێیدەدا. ئەگەر دڵنەوایی و خۆشەویستی نواندنی ئەندامانی سەرکردایەتی نەبوایە، لەوانەیە هەر بۆخۆیان بارەگاکانیان رادەستی هەڤالانی کاک رەسول دەکردەوە و بۆ لای ئەو دەگەڕانەوە. سەرەنجام لە رۆژی١٠-٢-١٩٩٣ حزبی سۆسیالستی کوردستان بۆ نێو ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان گەڕایەوە کە سالی ١٩٧٩ لێیدابڕابوو.

# کێشەی گومرگەکانی دەڤەری سلێمانی

پـــێش پرۆســـەی یەکگرتن،وێـــڕای گومرگەکـــانی بەرەی کوردستانی، لقی سلێمانی حزبی سۆسیالستی کوردستان لە دەڤەری سلێمانیدا گومرگی تایبەت بەخۆی هەبوو، باجی وەردەگـرت و بـۆ خۆیـان سـوودیان لێوەردەگرت. کـاک ڕەســول مامەنــد دەیگــوت ئــێمە لەو گومرگــانەدا هــیچ سوودمەند نەبووینە، تەنیا کاک محەمەدی حاجی مەحمود دەزانێ و دەڵێ مەسرەفی لقی سلێمانی پێدەکەم! تەنانەت کاتێک بۆ دارایی حزبی یەکگرتن داوای پارەمان لێکرد، ڕاشـکاوانە گـوتی کە هەرچـی هەیە لەلای لقـی سـلێمانیەو داوا لەوان بکەن.

مامۆسـتا نیـزامەدین گلـی بەرپرسـی کـۆمیتەی پارێزگـای کەرکوک بوو، لە سەرەتای مانگی یازدە هـات بۆ هەولێرو باســی نەبــوونی و بێپــارەیی کــرد، منــیش هــیچ پــارەم لەدەستدانەبوو. کاک سامی گوتی پێیبڵێ با لە کاکە حەمە وەریبگرێ.

نــزیکەی دوو مانــگ و نیــو دەبــوو کە حزبــی یەکگــرتن دامەزرابوو، گومرگەکانی دەڤەری سلێمانی پڕکاربوون و داهاتەکەیشــی نادیــار بــوو. لەلایەکــی دیکەشــەوە بەهــۆی مانەوەی ئەوە خاڵە گومرگیانەوە یەکێتیی و پارتی زۆر لە حزبی یەکگرتن نیگەران و بێزار بوون. ڕۆژی ٥-١١-١٩٩٢

سـەرکردایەتی سیاسـی بەرەی کوردسـتانی کۆبـۆوە. بەڕێزان کاک سامی، کاک محەمەدی حاجی مەحمود، کاک قادر جەباری و کاک عەبدوڵڵا ئاگرین بەشداریان تێداکرد. لەکۆبوونەوەکەدا زۆر بە ئاشکرا دژایەتی حزبی یەگگرتن کرابوو. ریزداران مام جەلال و کاک مەسعود هەڕەشـەیان کردبوو. ئەوێ رۆژێ وابڵاوبۆوە کە کاک حامیدی حاجی غالی هۆشیاری بە کاک محەمەدی حاجی مەحمود داوەو پێیگوتووە کە ئاگاتان لە خۆتان بێ، چونکە نیازیانە دوای رۆیشـتنی مـام جەلال و کـاک مەسـعود، پێشـمەرگە پەلامارتـان بـدەن و بتـانگرن! بـۆ ئەو مەبەسـتە کـاک محەمەدی حـاجی مەحمـود هێزێکـی زۆری لەگەڵ خۆیـدا هێنـابوو. هەرچـۆنێ بـوو کۆبـوونەوە بە خێـر گـوزەراو ئەوەی پێشـبینی دەکرا وا دەرنەچوو. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا کەهەموو گومرگەکان رادەستی حکومەتی هەرێم بکـرێن و نـابێ لەدەرەوەی شـەرعیەتدا هـیچ پـارەیەک لە بازرگاکـان وەربگیـرێ. هەروەهـا بڕیـاردرا کە حکـومەتی هەرێم سلفەیەک بە حزبەکان بدات و بەزووترین کـاتیش بودجەی گونجاو بۆ ژیانی حزبەکان دابین بکرێ. دوای هـاتنەوەی شـاندەکەی حزبـی یەککگرتن، کە لەنێـو خۆشـدا تاوتوێی گومرگ دەکرا، خاڵە حاجی بروسکەیەکی بۆ کاک محەمەدی حاجی مەحمود نارد و داوای لێکرد با بۆ ماوەی

هەفتەیەک گومرگەکان رابگیرێن و رێ لەو ئۆتۆمۆبیلانەش نەگیرێ کە وەزارەت گومرگی لێوەرگرتوون.
شەوی ٧-١١-١٩٩٢ خاڵە حاجی دیدارێکی لەگەڵ تەلەفزیۆنی یەکگرتن لە سلێمانی کردو زۆر بەرپرسانە قسەی کردو جەختی کردوە کە ئێمە بە بڕیارەکانی بەرەی کوردستانی پێبەند دەبین، بەڵام دەبێ حکومەت بودجەی حزبەکان بدات و برسیان نەکات.
هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی بەتایبەتیش کاک قادر جەباری، کاک ملازم کەریم و کاک عەبدوڵڵا ئاگرین زۆر پێداگریان لەسەر هەڵگرتنی گومرگەکان دەکردەوە. ئێمەش لە دەزگای دارایی نەماندەزانی داهاتی ئەو گومرگانە چەندن و بۆ کوێ دەچن، بۆیە پشتگیریمان لە پێشنیارەکەی ئەو بەڕێزانە دەکرد. من نازانم ئایا کاک سامی ئاگای لە داهاتی ئەو گومرگانە هەبوو یان نا؟! نازانم چ تێکەولێکەیەک لەنێوان کاک سامی و کاکە حەمەدا هەبوو؟!. ئەوەی هەبوو کاک سامی حەزی بە هەبوونی گومرگ دەکرد بەو مەرجەی داهاتەکەی راستەوخۆ بۆ دەزگای دارایی بێتەوە. ئەمەش هەر خواست و خەونێکی دوورەدەست بوو. ئێستاشی لەگەڵدابێ یەک دینار لەو گومرگانەوە بۆ دەزگای دارایی نەهات. راستیەکەیشی داهات و سوودی ئەو

گومرگـانه بـۆ خـودی كـاك مـحەمەدی حـاجی مەحمـود و سەرئێشەكەیشی بۆ حزبی یەكگرتن بوو.
لە دوای ١٠-١١-١٩٩٢ كاتێـک گومرگەكـان هەڵنەگیـران و رادەسـتی حكـومەت نەكـران، یەكێتـی و پـارتی هێزیـان كـۆكردەوە. ئـێمە لە حزبـی یەكگرتنـدا لە ئینـزار دابـووین. رۆژی ١٤ی مانـگ ئاگـادار كراینەوە كە هێزێكی هاوبەشـی پارتی و یەكێتی چوونەتە سەر بارەگاكانی حزبی یەكگرتن لە پێنجـوین، بەڵام شــەڕی رووی نەدابـوو. رۆژی دواتــر هێزێكی گەورە بۆ سەر ئەو خاڵە گومرگیانە چووبوون كە بەنــاو هــی حزبــی یەكگــرتن بــوون!! دەگــوترا پێشــتر پێشمەرگەكان چۆلیان كردبوو، بەڵام ئاگریان لە كەپرەكە بەردرابـوو، بەوەش بڕیارەكـانی بەرە جێبەجـێ كرابـوو!!. ئەو رۆژە هەڤـاڵان لە هەولێـر لە دۆخێكـی یەكجـار پەشـێو دابـوون. هەنـدێک پێیـانوابوو كە هەر ئەمشــەو پەلامـاری بارەگاكانمـان دەدەن. لە میوانخـانەی كـاک سـامی بـووین، كاک سامی داوایكرد كە هێزێک بۆ پاسەوانیكردن بهێنم. بە كـاک سـامیم گـوت: (مـن دڵنیـات دەكەمەوە كە هـیچ نـابێ، فەرمـوو ئێـوە بـڕۆنە مـاڵەكەی خۆتـان لە عەنكـاوە، ئەگەر شتێک روویدا من بەرپرسیاریەتی هەڵدەگرم).
كاک محەمەدی حاجی مەحمود پێگەی خۆی لە شـارەزوور قــایم دەكــرد، بــۆئەو مەبەســتە رادیــۆو تەلەفزیــۆنێكی لە شـارەزوور دانـابوو، كە دەزگـای راگەیانـدن و منـیش وەک

سەرپەرشتیاری رادیۆو تەلەفزیۆنەکان هەر ئاگامان لێنەبوو، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر باش هاوکاری دەکران. دەگوترا ئەو پارەیەی لەوێ سەرف دەکرێ بەقەد سەرفیاتی هەموو کەناڵەکانی دیکەی تەلەفزیۆن دەبێ!! بەڵام راستیەکەی ئەو پارەیە خودی خۆی پێیدەدان و لە دەزگای دارایی بۆیان سەرف نەدەکرا. پەیامنێرو کامێرامانەکان بەهۆی ئەوەی بژێوی خۆیان لەدەستی ئەو وەردەگرت، بەردەوام بەدوایدا دەرۆیشتن، بۆ پرسەش برۆیشتایە دەیانکرد بە هەواڵ و بڵاویان دەکردەوە.

حزبی یەکگرتن پارەی نەبوو، خەزینەی دەزگای دارایی بەتاڵ بوو، کەچی کاک محەمەدی حاجی مەحمود بە پارەی گومرگەکان، بەسەر قوتابخانەکاندا دەسوڕایەوە و قەمسەڵەی '**شین**'ی بەسەر دابەش دەکردن، سەردانی نەخۆشخانەو زانکۆی دەکرد و بەڵێنی پێدەدان کە هاوکاریان دەکات. بۆ خۆناساندن پارەی بە زانکۆی سلێمانی و تیپی مۆزیک و رێکخراوەکانی دیکە دەدا، بەس بۆ ئەوەی بڵێن ئەشەوبیلا پیاوی باشە. لەلایەکی دیکەوە ئەو بەرێزە ئەوەندە بە هەوڵی ئازادکردنی فلان و فیسار خەریک بوو کە لە ئێران گیرابوون، نیو ئەوەندە نەدەپڕژایە سەر کاری حزبی. رۆژانە بۆ ئەو مەبەستە خەڵک سەردانیان دەکرد، بەرپرسانی حزبەکانی دیکە نامەیان بۆ

دەنــارد. هەنــدێک دەیویســت بچــێ بــۆ ئێــران و بەرگەی پێویســت بــوو. هەنــدێک کێشــەیان هەبــوو دەیانویســت لە ئێـرانەوە بۆیـان چارەسـەر بکـرێ. هەبـوو کەسـوکاری لە ئێـران گیرابـوو، دەبـوایە ئەو داکۆکیـان لێبکـات و ئازادیـان بکــات. هەبــوو نەخــۆش بــوو داوای هاوکــاری مــاددی و بەرگەی پەڕینەوە بـۆ ئێرانـی دەکرد. لەلایەکـی دیکەشـەوە بەرپرسە سەربازیەکانی حزبی یەکگرتن بەتایبەتی ئەوانەی لە حزبــی سۆسیالســتەوە هــاتبوون، دەیــانزانی کــاک مـحەمەدی حـاجی مەحمـود پـارەی لەژێـر دەسـتدایە، بـۆ فیشەک، چەک و پێداویستی دیکەش نامەیان بۆ ئەو دەنارد و داوایان لەو دەکرد.

رۆژ دوای رۆژ پێوەنـدی حکـومەت و یەکێتـی لەگەڵ حزبـی یەکگرتن خراپتر دەبوو، شـەڕانگێزانە رەفتاریـان دەکـرد. لە ٢٠-١١-١٩٩٢ مامۆسـتا نیـزامەدین گلـی نـامەیەکی بـۆ کـاک محەمەدی حـاجی مەحمـود نـاردبوو، مـن بۆخـۆم نـامەکەیم نەبینی بوو، بەڵام کاک سامی دەیگوت باسی ئەوەی کردوە کە خــودی کــاک دکتــۆر فوئــاد مەعســوم ســەرۆکی ئەنجـوومەنی وەزیرانــی حکـومەتی هەرێـم بڕیـاری داوە پشـکی گـومرگ لە دەڤەری کەرکـوک بە حزبـی یەکگـرتن نەدەن، تــا گومرگەکــانی دەڤەری شــارەزوور رادەســتی حکومەت نەکرێن، رەفتار لەگەڵ حزبی یەکگرتن دا نەکەن.

دوو هەفتە بەسەر بڕیارەکانی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی تێپەڕ ببوو، بەڵام حکومەت هیچ سلفەیەکی بە حزب نەدابوو، گومرگەکانی دەڤەری شارەزووریش دەستبەکاربوون و داهاتەکەیشی بۆ ئێمە شاراوە بوو. ڕێک لەو کاتەدا کاک محەمەدی حاجی مەحمود بەبیانۆی سەردانی ماڵەوەیان لە سنە، خاڵەکانی گومرگی بەسەر کردبۆوەو دواتریش لە ڕێی باشماغەوە هاودیوی ئێران ببوو. ئیدی جارێکی دیکە هەواڵی هێنانی چەک وئەرزاق لەئێرانەوە بڵاوبۆوە. ئەوەش خۆی لە خۆیدا گرفتێکی دیکەی بۆ حزبی یەکگرتن دروست کرد.

سەفەرکردنی ئەندامانی سەرکردایەتی و شاندی حزبی یەکگرتن بۆ وڵاتی ئێران، بڵاوبوونەوەی دەنگۆی هێنانی چەک و ئازوقە نەک هەر لایەنەکانی دیکەی نیگەران کردبوو، بەڵکو ئەندامانی سەرکردایەتی حزبی یەکگرتنی کوردستانیشی دووچاری دڵەڕاوکێ و نیگەرانی کردبوو، چونکە ئەوانیش ئاگایان لە وردەکاریەکان نەبوو، کەس نەیدەزانی کە ئایا ئەو دەنگۆیانە ڕاستن یان نا؟؟ نەدەزاندرا کە ئایا کۆماری ئیسلامی ئێران هاوکاری حزبی یەکگرتن یان هاوکاری کاک محەمەدی حاجی مەحمود دەکات؟؟!

لەوپێوەندەدا کاک عەلی بەگ جاف، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی دەزگای بەدواداچوون لە ڕاپۆرتێکدا

بۆ دەستەی سەرۆکایەتی و مەکتەبی سیاسی نووسی بووی: [ لە ماوەیەکی کەمدا دووجار وەفدمان لە بارودۆخێکی ناسکدا چوون بۆ ئێران و خەڵک و ئەو لایەنانەی کە دژ بە حزبی یەکگرتنن و هەر یەکگرتن بە تێکڕایی، پڕوپاگەندەی زۆر ئەکەن لەلایەک ئێران سووتەمەنی و ئازوقە و چەک و دراو و یارمەتی جۆراوجۆر بە چەردەی زۆر هەردوو جارەکە دراوە بە حزبمان هەتا لە بازاڕدا وەکو زاراوەی لێهاتووە کە چەکی جۆراوجۆر هەڕاج ئەکەن بەناوی چەکی یەکگرتن؟! هەروەها ئەمجارەی دوایی زیاتر دیعایەکە گەرمترە بۆ زۆرتر؟! با لەم ڕووەوە روونکردنەوەیەکی باش هەبێت، بەڵام با مستەوایەکی سیاسی و تەحلیلاتێکی وردەکاری (مقنع)ی تیا بێت، ئەگەر راستە با بخرێتە بەرچاو کە بۆچی یارمەتیمان ئەدەن و بەرامبەر بەچی؟؟ و ئەوانەی ئەگەر هاتوون و دێن با ڕوونبکرێنەوە چۆن تصرفی پێوەکراوەو ئەکرێ؟؟!!][17].

لەسەرەتای مانگی ١٩٩٢/١٢ تێکهەڵچوون لەنێوان بنکەی ناڵپارێزی یەکێتی و مەفرەزەیەکی یەکگرتن کە (جەمال دۆڵەسووری) لەسەر بردنی سەیارەیەک روویدا، لەئەنجامدا کەسێک کوژرا. ئیدی ئەوەش کێشەیەکی دیکەی

[17] کۆپی نامەکەی بەڕێز عەلی جاف لە بەڵگەنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی نامەکە یەکجار درێژەو چواردە لاپەڕەیە، تەنیا ئەو بڕگەیە کۆپی کراوە.

بۆ حزب دروست کردبوو. بۆ خۆ دەربازکردن، کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی حزبی یەکگرتن دەیگوت ئەو کابرایە هیچ پەیوەندی بە حزبەوە نیەو نازانین کێیەو لە کوێش دادەنیشێ!!

ڕۆژی ٣-١٢-١٩٩٢ سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی لە بارەگای کارگێڕی لەشاری هەولێر کۆبۆوە. شاندەکەی حزبی یەکگرتن هەمان ئەو شاندەبوو کە لە کۆبوونەوەی مانگی پێشوو بەشداری کردبوو. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا کە سێ هەزارو حەفت سەد پێشمەرگەی حزبی یەکگرتن لە سوپای حکومەتی کوردستاندا بەشداریان پێبکرێ. هەروەها بڕیاردرا کە هەموو چەکە قورسەکان و ئۆتۆمۆبیلی سەربازی و کەلوپەلی سەربازی رادەستی حکومەت بکرێن. دیارە بەرەی کوردستانی لەخۆڕا ئەو بڕیارەی دابوو، باش دەیزانی کە هیچ لە حزبەکان چەکی قورس و ئۆتۆمۆبێلی سەربازی رادەست بە حکومەت ناکەن. سەرەنجام هەرواش دەرچوو.

سەبارەت بە کێشەی نێوان حزبی یەکگرتن و حزبی سۆسیالست (هەڤالانی کاک رەسول مامەند)، سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی بڕیاردرا کە نابێ هێز بەکاربهێنرێ و توندوتیژی لێبکەوێتەوە. ئەگەر

پێویستی کرد حکومەت بەپێی یاسا چارەسەری بکات. هەر بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکی تایبەت لە بەڕێزان عومەر فەتاح (ی.ن.ک)، دکتۆر جەرجیس حەسەن(پ.د.ک) و مەلا حەسەن(حشع) پێکهێنرا. راستیەکەی ئەو لیژنەیە تەنیا لەسەر کاغەز تۆمار کرابوو، دەنا ئێستاو ئێستاش نە جارێک کۆبۆوەو نە هیچ راو سەرنجێکی بەهێند وەرگیرا. بەکوردیەکەی 'بە ناو لە دایک بوو، بێناو مردو گۆڕەکەیش بە نادیاری مایەوە!'.

# کێشەی دارایی، گرفتێکی بێ چارەسەر

ڕۆژی ١-١٠-١٩٩٢ لەگەڵ بەڕێزان (فازل جەلال، عومەر بۆتانی، کامیل ژیر و عەلی بەگ جاف) کۆبووینەوەو سەبارەت بە دەزگای دارایی گفتوگۆیەکی تێروتەسەلمان کرد، لەو کۆبوونەوەیەدا بڕی مووچەی پێشمەرگە، کادر و ئەندامانی سەرکردایەتی دیاری کرا، وێڕای ئەوەشەوە هەمووومان هاوڕابووین کە دەبێ کادری دڵسۆزو داهێنەر لە بوارەکەی خۆیدا بەتایبەتیش کادرانی ڕاگەیاندن سوپاسنامەو دیاری تایبەتیان پێبدرێ.

دواتر دەزگای دارایی ئەو ڕێنوێنیانەی بۆ کۆمیتەی پارێزگاکان ڕەوانە کرد، بەوهۆیەوە مووچەی پێشمەرگەی سەڵت، خێزاندار و بەرپرسەکان دیاریکرابوون، پێوەرێکی تاڕادەیەک باش دەکار کرابوو، بەڵام گومانی تێدانەبوو کە ئەو مووچانە پێداویستی خێزانەکانی دابین نەدەکرد[18].

ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕەوشی دارایی حزبی یەکگرتن بەرەو خراپی دەڕۆیشت. ناچاربووین کە لەکۆتایی مانگی تشرینی دووەمی ئەو ساڵە (١٩٩٢)، ئێزگەی دەنگی یەکگرتن کە پێشتر ئێزگەی دەنگی کوردستانی شۆرش بوو، هی پارتی گەل بوو، لە دوای ڕاپەڕین بارەگای لەگوندی بەنۆکەی

[18] ڕێنوێنی دەزگای دارایی بۆ کۆمیتەکانی حزبی یەکگرتن لە بەشی بەڵگەنامەکاندا خراوەتەڕوو.

دەڤەری خەلیفان داندرابوو، کاک مەدحی مەندەلاوی سەرپەرشتی دەکرد، بۆ هەولێر بگوازرێتەوە.

لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٩٢ کاک سامی و هەڤالانی دیکە هەوڵ و کۆششی زۆریان بۆ پەیداکردنی سەرچاوەی دارایی دا، چەندین جار سەردانی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی و حکومەتیان کرد. هەروەها سەردانی ڕێزداران کاک مەسعود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانیان کرد. حکومەتی هەرێم پێدانی بودجەی حزبی یەکگرتنی بە هەڵگرتنی ئەو خاڵە گومرگیانەوە بەستابۆوە کە لە دەڤەری سلێمانی هەبوون و داهاتەکەشیان لە دەزگای دارایی دەشاردرایەوە. سەرەنجام توانرا بڕی یەک ملیۆن و نیو دیناری عێراقی لە کابینەکەی کاک دکتۆر فوئاد مەعسوم وەربگرین.

ڕاستیەکەی ئەو سێ لایەنەی کە حزبی یەکگرتنیان پێکهێنابوو، ئامادەنەبوون کۆپاکی دارایی خۆیان پێشان بدەن و وردبینی تێدابکرێ. هەڤالانی سۆسیالست جگە لە کاک محەمەدی حاجی مەحمود هەموویان وایان پێشاندەدا کە هیچیان بۆ بژێوی ڕۆژانەی خۆیشیان نیە!! هەروەها کاک سامی پێداگری دەکردو داواکاربوو کە ئەوان پێشتر بیهێنن. کاک سامی ئامادەبوو هێندەی هەردوو لایەنەکەی دیکە بهێنێ. کاتێک ئەوان منگە منگیان دەکرد و خۆیان لێ لادەدا، ئەویش دارایی ئاشکرا نەدەکرد. دەگوترا کە کاک

سامی لە وڵاتانی ئەوروپا سۆپەرمارکێت و کارگەی هەیە. دەگـــوترا کە کەشـــتییێکی بـــارهەڵگری لە رۆمانیـــا هەیەو خزمەکانی ئیشی لەسـەر دەکەن. دەگوتران و چیرۆکەکـان بێکۆتـایی بـوون. بێگومـان ئەوانە تەنیـا گـۆتە گـۆت بـوون، دەنا هیچ کەس نەیدەزانی پارتی گەل (کاک سامی) چەندی هەیە. دارایـی هەڤـاڵانی سۆسیالسـتیش بە گومرگەکـانەوە بەسترابۆوە، دەگوترا کە عەلی حەسـەن مەجید جارێک ١٣ ملیۆن دیناری بە کاک محەمەدی حاجی مەحمود بۆ حزبـی سۆسیالسـت نـاردووەو نـاوە نـاوەش دیـاری بـۆ رەوانە دەکات. دەگـوترا کە کـاک مـحەمەدی حـاجی مـحەمەد تەنیـا سـێ ملیـۆن دینـاری بە مەکتەبـی سیاسـی داوە و بە کـاک رەسول مامەندی گوتوە: (با پارەکەی دیکە لای من بمێنـێ، چـونکە ئێـوە نـازانن دەسـتی پێـوەبگرن و لە مانگێکـدا هەمـووی تەخشـان و پەخشـان دەکەن!!). بێگومـان ئەوەش تەنیـا بگۆومەگۆ بـوو، دەنـا سۆسیالسـتەکانیش نەیانـدەزانی چەند هەیەو لە کوێ هەڵگیراوە. دارایی پاسۆک بە حیسـاب و کیتاب بوو. پێش پرۆسەی یەککگرتن شـەش ملیۆن دینـارو نزیکەی سێ سەد هەزار دۆلاریان هەبووە. دوای یەککگـرتن کاتێک بۆیان ئاشکرابووکە کاک سـامی و کـاک مـحەمەدی حـــاجی مەحمـــود نـــایهێنن، ئەوانـــیش ئەوەی داوایـــان لێبکرابووایە، دەیانهێنا، جارێک نیو ملیۆن دینـار و جـارێکی

دیــکەش ســـەدو پەنجــا هەزار دیناریــان هێنــاو ئەوەی دیکەشیان لەنێو خۆیاندا دابەشیان کرد، یان چاپخانەو شتی دیکەیان پێ کڕی.
لە ناوەڕاستی مانگی دوازدەی ساڵی ١٩٩٢ جارێکی دیکە کاک محەمەدی حاجی مەحمود بەرەو ئێران رۆیشت. ئەمجارەشیان دەنگۆی هاوکاری کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ حزبی یەکگرتن بڵاوبۆەوە. بۆ مێژوو دەڵێم بە درێژایی یەک ساڵ تەمەنی حزبی یەکگرتن واتە، لە ئابی ١٩٩٢ تا ئابی ١٩٩٣ کە من بەرپرسیاری دەزگای دارایی بووم، یەک قرۆش لەو رێیەوە بە دەست ئێمە نەگەیشت.
کۆمیتەی پارێزگاکان بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی خۆیان، دەستیان بە فرۆشتنی شتی زیادە کردبوو. بۆ نموونە کۆمیتەی پارێزگای دهۆک لەو ماوەیەدا ٢٤٥ هەزار دینار داهاتی خۆی لە فرۆشتنی ئۆتۆمۆبیلەکانی دابین کردبوو، بەڵام خۆ نەدەکرا درێژە بە کەمکردنەوەی ئەوانی دیکە بدرێ[١٩].
دەستپێکی ساڵی ١٩٩٣ بۆ حزبی یەکگرتن یەکجار قورس و گران بوو، جارێکی دیکە تەنگمان بە کاک سامی هەڵچنی و داوای پارەمان لێکرد. ئەویش پرس و راوێژی بە بەڕێزان ( ملازم کەریم، عەبدوڵڵا ئاگرین، قادر جەباری و

[١٩] لەبەشی بەڵگەنامەکاندا لیستی ئەو شتانەی کە کۆمیتەپارێزگای دهۆک بۆ دابین کردنی پێداویستی فرۆشتبوونی، خراوەتەڕوو.

مامۆستا سەعد) کرد، هەموویان هاوڕابوون کە مەکتەبی دارایی پێشووی سێ حزبەکە دەبێ دەست لە گیرفانی خۆیان ڕابکەن. بۆ ئەو مەبەستە داواکرا کە سێ لایەنەکەی پیشوو هەر یەکەیان ٢٠٠ هەزار دینار بهێنن. دیسانەوە پاسۆک و پارتی گەل هێنایان، بۆ ئەو مەبەستە کاک سامی، ملازم کەریم، عەبدوڵلا ئاگرین و کاک قادر جەباری نامەیەکی هاوبەشیان بۆ کاک محەمەدی حاجی مەحمود ناردوو داوایان لێکرد کە ئەویش ٢٠٠ هەزار دینار بهێنێ. کاک سامی لە گیرفانی خۆیەوە هاوکاری ئێستگەی رادیۆو تەلەفزیۆنی هەولێری دەکرد. تەنانەت وایلێهاتبوو بەڕێوەبەری رادیۆو تەلەفزیۆن بەبێ ئاگاداری دەزگای دارایی بۆدابین کردنی پێداویستی رۆژانە، راستەوخۆ یەخەی کاک سامی دەگرت و ئەویش هاوکاری دەکرد و پێیدەگوت کە نابێ دەزگای دارایی ئەوە بزانن، با لیستی سەرفیاتەکان لای خۆتان بمێنێ، کەی دارایی هەیبوو، لێیان وەربگرنەوەو بۆ منی بگێڕنەوە. بەڕێوەبەری رادیۆو تەلەفزیۆنی هەولێر کە پارەکەی وەربگرتایە، من یەکسەر دەمزانی، چونکە ئەو رۆژە دەینارد لە خواردنگەی ناوشار فراوینیان بۆ بێ. لە کاتێکدا بۆ خۆیان نانــدین (چێشتخانە)یان هەبوو، سێ ژەمە خواردن ئامادە دەکرا. کاتێک منیشی دەبینی، بەپێکەنیەوە دەیگوت: (کاک سامی

له تـــۆ باشـــتره، ئەو پارەمـــان پێـــدەدات بەڵام ئەتـــۆ بەس فەرمانمان بەسەردا دەکەیت).
له ٥-١-١٩٩٣ بەمەبەســـتی کەم کـــردنەوەی گلەیـــی و گازانـــدەی هەڤـــاڵان، له دەزگـــای دارایـــی بڕیارمـــان دا بەنووســـراوێک داوای لیســـتی ســـەرفیاتی مـــانگی کـــانونی یەکەمی ١٩٩٢ بکەین. لەو نووسراوەدا که ژمارەکەی ٢٠٥ بـــوو، واپێشـــاندرابوو که ئەوان لیســـتی ســـەرفیاتیان نەگەڕانـدۆتەوە، بـۆیە هاوکاریـان بـۆ ڕەوانە نەکـراوە!! له نووسـراوەکەدا هـاتبوو: (دووپـاتی دەکەیـنەوە که یەکێـک لەبنەمـا پێویسـتەکانی هەر حـزب و دەزگەیەک بـریتیە له پێشکەشکردنی حساباتی دارایی ڕێکوپێک و بەفیڕۆنەدانی، چونکه بارودۆخی ئەمڕۆی ئابووری گەلەکەمان و حزبمان داوامـان لێـدەکات که زیـاتر سـووربین لەسـەر پـاکی و وردبینی و ڕێکی حسابات)[٢٠].
کـۆمیتەی پارێزگاکـان دەسـتوبردیان کـردو زۆر بەخێرایـی وەڵامی نووسراوی داراییان دایەوە. لیستی سەرفیاتیان بە واژۆی بەرپرســـی پەیوەنـــددار گەیانـــده دەســـتمان. بەسەیرکردنی ئەو ڕاپۆرت و سەرفیاتانە وەک دەگوترێ له دین وەرگەڕاین. خەزێنەی حزب بەتاڵ بوو، کەچی ئەوان بەپای پیلان سەرفیان کردبوو. دارایی کۆمیتەی پارێزگاکان

[٢٠] ئەو نووسـراوەی دەزگـای دارایـی له بەشـی بەڵگەنامەکانـدا کـۆپی لێهەڵگیـراوەتەوەو خراوەتەڕوو.

کــورتی هێنــابوو، داوای پڕکــردنەوەی کورتهێنانەکەیــان دەکرد. بۆ نموونە کۆمیتەی پارێزگای دهۆک یەک ملیۆن و ســەدو ســێ وشــەش هەزارو نۆســەدو ســی و چــوار (١١٣٦٩٣٤) دیناریان سەرف کردبوو[٢١].

لەمانگی شوباتی ١٩٩٣ نەبوونی زۆری بۆ هێنابووین، کاک ملازم کەریم و کاک قادر جەباری سەردانی بەڕێز مام جەلال و کاک کۆسرەت و کاک دکتۆر فوئاد مەعسومیان کردبوو. مام جەلال داوای لە کاک دکتۆر فوئاد مەعسوم کردبوو کە حکومەتی هەرێم بڕی دوو ملیۆن دینار بە حزبی یەکگرتنی کوردستان بدات. هەرچەندە من بەرپرسی دارایــی بــووم، بەڵام هەر ئاگاشــم لێنەبــوو. کــاک قــادر جەبــاری چووبــوو ئەو پــارەیەی وەرگرتبــوو، کــاک مــلازم کەریم لە ژوورەکەی خۆی دەستی بەسەردا گرتبوو. ئەو پێیوابوو کاکە حەمەو کاک سامی پارەیان هەیەو لەژێرەوە بە هەڤــاڵانی خۆیــانی دەدەن. ئەو گومانەیشــی راســتبوو. کــاکە حەمە لە پــارەی گــومرگی دەڤەری ســلێمانی پێداویستیەکانی خــۆی دابــین دەکــرد. ئیــدارەی مەکتەبــی سیاســی و رادیــۆو تەلەفزیــۆنی هەولێــر راســتەوخۆ لە گیرفــانی کــاک ســامی پێداویســتیەکانی خۆیــان مســۆگەر دەکرد.

[٢١] کۆپی حیساباتی کۆمیتەی پارێزگای دهۆک لە بەشی بەڵگەنامەکاندا تۆمار کراوە.

رۆژی سێ شەممە، ڕێککەوتی ١٦-٢- ١٩٩٣ کاک قادر جەباری ئەو دوو ملیۆنەی هێنابوو، ملیۆنێک لەجیاتی بودجەی هەردوو مانگی یەک و دووی ساڵی ١٩٩٣ ی حزبی یەکگرتنی کوردستان بوو، هەروەها ملیۆنەکەی دیکەش وەک دیاری بەڕێز مام جەلال بوو. هەروەها پارەکەش لای کاک ملازم کەریم گل درابۆوە. کاک کەریم هاتە لای من و بە گاڵتەوە گوتی: (ئەگەر من ببم بە خەزنەدارت قەبوڵم دەکەیت یان نا؟). خەزێنەی دەزگای دارایی بەتاڵ بوو، گوتم: (ئەگەر خەزینە بەتاڵ بێ هەموو کەس ناتوانێ ببێتە خەزنەدار!). ئەو گوتی: (دوێنێ تۆ لێرە نەبوویت، کاک قادر جەباری چووبووە وەزارەتی دارایی و هێناویەتی، ئیتر قاسەکەم پڕ کردووە).

بۆ سەرفکردنی ئەو دوو ملیۆن دینارە دەبوایە من و کاک سامی پێکەوە ئیمزای بکەین، ئینجا کاک ملازم کەریم پارەکەی سەرف دەکرد. رۆژی ١٦ی مانگ کاک سامی بەتەنیا دوو نامەی بۆ ناردبوو بەڵام کاک کەریم گوتبووی با بەیانی 'ڕێکار'یش ئیمزای بکات. لە رۆژی ١٧ی شوباتدا ئەم پارانەمان سەرف کرد:

| | |
|---|---|
| کۆمیتەی پ. هەولێر | (١٥٠) سەدو پەنجا هەزار |
| تەلەفزیۆنی هەولێر | (٤٥) چل و پێنج هەزار دینار |
| کۆمیتەی پ. کەرکوک | (١٦٠) سەدو شەست هەزار |
| کۆمیتەی پ. دهۆک | (٤٣٠) چوار سەدوسی هەزار |

| | |
|---|---|
| کۆمیتەی پ. سلێمانی | (٤٠٠) چوار سەد هەزار دینار |
| دەزگای ڕێکخستن | (٢٥) بیست و پێنج هەزار |
| بارەگای (م.س) | (٥٠) پەنجا هەزار دینار |
| هاوکاری ئەندامی (ک.ن) | (٥٠) پەنجا هەزار دینار |
| لەشکری یەک | (٢٠٠) دوو سەد هەزار دینار |
| لەشکری دوو | (٥٠) پەنجا هەزار دینار |
| قەرزی مامۆستا سەعد | (٢١) بیست و یەک هەزار |
| دانەوەی قەرزی دەزگای دارایی | (١٧٩٠٠) حەڤدە هەزار و نۆسەد دینار |
| قەرزی کاک سامی | (٧٥) حەفتاو پێنج هەزار دینار |
| سلفە بۆ ڕێکخراوی کادۆ | (٥) پێنج هەزار دینار |
| حیمایەکانی کاکە حەمە | (١٠٢٠٠) دە هەزار و دووسەد |

بەتێکڕایی لە ڕۆژی ١٧ی شوباتدا بڕی **یەک ملیۆن و شەش سەدو هەشتاو نۆ** هەزار دینار بەئیمزای کاک سامی و من لەلایەن خەزنەدارەوە سەرف کرا[٢٢].

تا ئەو کاتەش بودجە یان سلفەی حزبی یەکگرتن لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دیاری نەکرابوو، چاوەڕوان بووین وەزارەتی دارایی و ئابووری بە نووسراوی فەرمی ئاگادارمان بکاتەوە. مانگی سێ

[٢٢] لە بەشی بەڵگەنامەکاندا کۆپی هەندێک لەو سەرفیاتانە دەخەینە بەرچاوان.

بەبیانۆی زۆری پشێویی فەرمی و نافەرمیەوە حکومەت خۆی بێدەنگ کرد و هەواڵێک لەبودجە نەبوو.
رۆژی٥-٣-١٩٩٣ کاک عەلی بەگ جاف، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی دەزگای بەدواداچوون (متابعة)، سەبارەت بە رەوشی حزب راپۆرتێکی لەژێر ناوی (چەند تێبینیەک دەربارەی بارودۆخی حزبمان لە یەکگرتنەوە تاکو ئێستا) بۆ دەستەی سەرۆکایەتی و مەکتەبی سیاسی بەرزکردەوە. لەو راپۆرتەدا باسی هەموو دەزگاکان کرابوو. سەبارەت بە دەزگای دارایی تێیدا هاتبوو:[**دوای ئەوەی گومرگ بە رەسمی نەماوەو دوو مانگە حکومەتی فیدراڵی کوردستان بودجەی دیاریکراو ئەدات بە حزبەکانی بەرەی کوردستانی، لەوانەش حزبی خۆمان، پێویستە شاراوە نەبێت بەلای کەمەوە لای ئەندامانی سەرکردایەتی حزب بەتایبەتی تر لای(متابعة)ی جوانەمەرگ و لەبارچوو؟!!، چونکە حکومەتی کوردستان پارەتی حزبەکان بەشتێکی نهێنی نازانێ لەکرداریا ئیتر بۆچی ئێمە بیشارینەوە؟!.**
**وەکو لە پەیڕەوو پرۆگرامدا هاتووە ئەو سەرچاوانە باس ئەکات کە دارایی بۆ حزب دابین ئەکات. ئەبێت ئەمانە مانگ بە مانگ بخرێنە پێشچاو و یەک فلس بە غەیری رێگەی سازمان و دەزگای داریيەوە کەسانی ترو لایەنی تر دەستکاری نەکات و لە سجلاتی حزبدا چەسپ و تۆمار**

**بکرێت تاکو ئەو پیاچوونەوەو متابەعەیەی پەیڕەو و پڕۆگرام داینـاون دەست بەکاربێ بۆ تەدقیق و بەراوردکردن]** هەر لەو راپۆرتەدا کاک عەلی بەگ جاف نووسی بووی: **[ ئێستەش کەسانێ هەن بەناوی حزبی یەکگرتنەوە لەگەڵ کەسانی پارتی و یەکێتی ڕێککەوتن و خاڵی سەیتەرەو گومرگیان داناوە، مەکائین ئاودیو ئەکەن ئایا پارەکەی بۆ حزب ئەبێت؟؟!].**

بێگومان کاک عەلی بەگ جاف و ئەندامانی سەرکردایەتی حزبی یەکگرتن بەباشی دەیانزانی کە داهاتی ئەو سەیتەرەو خاڵە گومرگیانە بە حزبی یەکگرتن نادرێن، بەڵکو لەلایەن کەسانێکەوە گل دەدرێنەوەو بۆخۆیان سوودی لێوەردەگرن. هەڤاڵانی دەڤەری شارەزوورو سلێمانی بەوردی ئاگایان لەو کێشەیە هەبوو، بۆیە بەنامەو بە راپۆرت باسیان لەو داهاتانە دەکردو خوازیاربوون کە بۆ حزب بگەڕێتەوە.

لە ١١-٤-١٩٩٣ کاک کۆسرەت رەسول عەلی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهێنا. هەم بۆ پیرۆزبایی و هەمیش بۆ مەلەسەی بودجە چەند جارێک سەردانی حکومەتمان کرد. سەرەنجام بڕی نیو ملیۆن دیناریان سەرف کرد، بەڵام لە بانک (مصرف الرافدین) پێمانگوترا ئەگەر ژمارەی حیساب نەکەنەوە، مانگی

داهاتوو پارەتان پێنادەین. بۆ مانگی ئایار ژمارە حیسابێک بەناوی حزبی یەکگرتن کرایەوە کە ژمارەکەی (٦٦٣٠) بوو، تەنیا بە واژۆی من دەتوانرا پارەی لێڕابکێشرێ.

رۆژی ١٣-٥-١٩٩٣ وەزارەتی دارایی و ئابووری نووسراوی ژمارە (١٠٨) بۆ بانکی ناوەندی عێراقی/ هەرێمی کوردستان ناردو داوای لێکرد کە بڕی ٥٠٠ هەزار دینار برێژێتە ناو ژمارە حیسابی (٦٦٣٠) لە بانکی رافیدەین[٢٣]. بەم شێوەیە بۆ یەکەمینجار بودجەی حزبی یەکگرتن بە دەفتەرچەی حیساب، بەلاپەڕە (١٢١٨٨٥٢) لە رۆژی ١٥ی ئایار لە بانکی رافیدەین چوار سەد هەزار دیناری عێراقی ڕاکێشراو سەد هەزار بۆ رۆژانی دواتر هێڵرایەوە [٢٤]. لە مانگی حوزەیران حکومەتی هەرێم جارێکی دیکە لە رک راچوو، سلفەی بە حزبی یەکگرتن نەدا و وابلاوبۆوە کە راگیراوەو چیتر نادرێ.

ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی، مەکتەبی سیاسی و منیش وەک بەرپرسی دەزگای دارایی لە دەرگەی ئەم و ئەومان دا. چەند جارێک سەردانی کاک کۆسرەت سەرۆکی حکومەت و کاک دکتۆر رۆژ جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کاک شێخ دارۆ وەزیری دارایی و

---

[٢٣] کۆپی ئەو نووسراوەی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ تەمویل کردن لە بەشی بەڵگەنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە.

[٢٤] کۆپی ئەو لاپەڕەیە لە بەشی بەڵگەنامەکاندا دەخرێتە بەرچاوان.

ئابووریمان کرد. پاساوەکانیان لاوازبوون و دڵیان تێر ئاو نەدەکرد!. ئیدی خۆیابوو کە یەکێتی و پارتی لەڕێی حکومەتەوە گوشارەکانی خۆیان چڕتر دەکەنەوە. مەبەستی ئەوان بێهێزکردنی حزبی یەکگرتن و دەستەمۆکردنی سەرکردەکانی بوو.

لەیەکێک لەو جارانەی کەمن بۆ بەدواداچوونی بودجەی حزب سەردانی کاک کۆسرەتم کردبوو، بەڕێزیان پێیگوتم: (ئەدی عەلی حەسەن مەجید بودجەتان بۆ رەوان ناکات؟!). ئەو پرسیارە نیگەران و تورەی کردم، لەوەڵامدا گوتم: (حزبی یەکگرتن رۆژێک لەرۆژان گفتوگۆی لەگەڵ رژێمی بەعس نەکردووە، ئەگەر مەبەستت پێش هەڵبژاردنە، ئەوە حزبەکانی بەرەی کوردستانی هەموویان پێکەوەبوون). ئەو پێداگری لەسەر پێوەندی نێوان سەرکردەکانی حزبی یەکگرتن کردەوەو گوتی: (ئێمە زانیاریمان هەیە کە حزبی یەگگرن نامەی بۆ عەلی حەسەن مەجید ناردووەو ئەویش وەڵامی داونەتەوە، ناکرێ ئاگات لەوە نەبێ!).

راستیەکەی لەنێو ئەو قسانەدا گومانێک خۆی حەشاردابوو. دوای گەڕانەوەم، ئەو بابەتەم لەگەڵ کاک سامی باس کرد. پێمناخۆشبوو کەمن ئەندامی سەرکردایەتی بم و ئاگام لەو مەسەلەیە نەبێ، چونکە ئێمە ئەوانەی لە پارتی گەل و پاسۆک هاتبووین، زۆر دژی

پێوەنـدی لەگەڵ رژێمـی بەعـس بـووین، بەڵام هەڤـاڵانی سۆسیالسـت لە کۆبوونەوەکانیشـدا مەیلـی خۆیـان بـۆ پێوەندی لەگەڵ حزبی بەعس نەدەشاردەوەو خوازیاربوون کە پێوەندی باش لەگەڵ بەغداد دروست بکرێ.
کـاک سـامی سـەبارەت بە نـامەی عەلـی حەسـەن مەجید، گوتی: (ئەوە ئێمە نەمانکردووە، پێشتر سۆسیالست و کاکە حەمە کردوویـانە، دوای یەکگـرتن هەوڵیانـدا درێـژەی پێبـدەن، بەڵام ئـێمە لە دەسـتەی سـەرۆکایەتی رەتمـان کـردەوە بـۆیە پێویسـت نەبـوو لە کۆبـوونەوەی مەکتەبـی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیدا باسی لێوە بکەین!. هەروەهـا جارێکی دیکە کاکە حەمە نامەی بۆ عەلی حەسەن مەجید ناردبوو، ئەویش دوو مانگ پێش ئێستا وەڵامی نامەکەی بـۆ دەسـتەی سـەرۆکایەتی نـاردبۆوە، بەڵام ئـێمە بەپێویسـتمان نەزانـی و بەردێکمـان لەسـەر دانـا!!).
وەڵامەکەی کاک سامی نەیتوانی باوەڕ بەمن بهێنێ کە کاک سامی ئاگای لە ناردنی ئەو نامانە نیە. بەتایبەتی زۆرجاران بە گـاڵتەوە گوتبـووی ئەگەر لەگەڵ سـەدام رێکـبکەوین لە زۆر دەموچاوی کرێت رزگارمان دەبێ.
نـامە نـاردن بـۆ عەلـی کیمیـاوی و هـاتنەوەی وەڵام بـۆ دەستەی سەرۆکایەتی بۆ من بە هاسانی هەرس نەدەکرا، چونکە حزبی یەکگرتن لە ئامـانجە ستراتیژیەکانی خۆیدا جەختی کردبۆوە کە: (کورد لە کوردستاندا یەک نەتەوەیە

کە خاوەنی مێژوو، خاک، زمان، داب و نەریتی تایبەتی خۆیەتی و لەلایەن داگیرکەرانەوە بە پێچەوانەی خواست و ویستی خۆی دابەش کراوە، لەبەر ئەوە خەبات دەکەین لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان و وەدەستهێنانی دیموکراسی و ئازادی وەک هەموو نەتەوەیەک لە جیهاندا[٢٥]).

ڕۆژی دواتر سەردانی دەزگای ڕێکخستنم کرد، بەڕێزان عەبدوڵڵا ساڵح و مامۆستا ڕۆژ لەوێ بوون، سەبارەت بە ناردنی نامە بۆ عەلی حەسەن مەجید پرسیارم لێکردن، ئەوانیش هیچ ئاگایان لەو مەسەلەیە نەبوو. کاک عەبدوڵڵا ساڵح سەرێکی باداو گوتی: (باشترین چارەسەر ئەوەیە حزبی یەکگرتن هەڵبوەشێتەوەو بۆ حزبە کۆنەکانی خۆمان بگەڕێینەوە، ئاخر بەو شێوەیە چۆن ڕێکخستن دەکرێ و چۆن وەڵامی ئەندامان دەدرێتەوە!). مامۆستا کەریم ڕۆژ کە ڕامانی نەتەوەیی و کوردستانی هەبوو، وەک هەموو پاسۆکەکانی دیکە باوەڕی بە سەربەخۆیی کوردستان هەبوو، بە دڵتەنگییەوە گوتی: (هاوبیر! پارە کوێری کردوون، دەیانەوێ لەو ڕێیەوە سەربەخۆیی کوردستان بە دیاری بۆ نەتەوەی کورد بهێنن؟!!). دواتر لەگەڵ کاک قادر

[٢٥] ئەو بڕگەیەی پەیڕەو لە بەشی بەڵگەنامەکاندا دەخرێتە بەرچاوان.

جەباری و کاک فازل جەلال و مامۆستا سەعدیش باسم کرد، ئەوانیش بێئاگایی خۆیان پێشاندا.
وێرای هەموو ئەو گرفتانەشەوە ئێمە بۆ وەرگرتنی بودجەی حزب پێداگریمان دەکرد، سەرەنجام لە نیوەی مانگی تەمموزدا بودجەی مانگی حوزەیران و تەمموزمان لە ماوەی یەک هەفتەدا بە چەک لە وەزارەتی دارایی و ئابووری وەرگرت .
لەماوەی بەرپرسیارێتیم لە دەزگای دارایی حزبی یەکگرتندا زۆر دیمەن و رووداو بێزارو ماندوویان کردم، بەڵام رووداوێک لەهەموویان زیاتر برینداری کردم، کاتێک بینیم کە کاک ملازم کەریم و ملازم شوان خۆیان لە باوکی شادڕەوان 'ئازاد مستەفا' دەدزنەوە. مام مستەفا وێڕای ئەوەی کەباوکی سەرکردەیەکی تێکۆشەربوو، بۆخۆیشی پیاوێکی بە ویقاربوو، هەژاری تەنگی پێهەڵچنی بوو، لە سلێمانیەوە بۆ هەولێر هاتبوو، بەپرسیارو گەڕان بارەگای مەکتەبی سیاسی دۆزیبۆوە، کەچی هاوسەنگەرانی کوڕەکەی نەیاندەویست پێشوازی لێبکەن و دەستی بگرن. کاتێک ئەوەم بینی چوومە لای و دەستیم ماچ کرد، هەرچەندە خەزێنەی یەکگرتن بەتاڵ بوو، بەڵام شتێکم بۆ پەیداکرد. ئێستاش ئەو داخە لە دڵمدا ماوەتەوەو ئەو رووداوەم لەبیر ناچێتەوە کە ئەوێ رۆژێ نەمتوانی وەکو پێویستی هاوکاری بکەم و لە خزمەتی دابم.

# کۆبوونەوەی ئازار و ژانەکانی دواتر

ڕۆژی١٧ی شوباتی ١٩٩٣ شاندێکی حزب کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان کاک سامی، کاک محەمەدی حاجی مەحمود و مامۆستا عەبدوڵلا ئاگرین بەرەو ئێران ڕۆیشت و ڕۆژی ٤ی ئازار گەڕایەوە. دوای گەڕانەوەی شاندەکە لە ڕۆژی ١٠ی ئازار کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دەستی بەکارەکانی خۆی کرد. ڕۆژەڤی کۆبوونەوە بریتی بوولە: خستنەڕووی ئاکامی سەردانی شاندەکە بۆ ئێران، هەڵسەنگاندنی ڕەوشی حزب و باشووری کوردستان، دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ دارایی حزب.

کۆبوونەوە لە کەشێکی بێهیوایی بەڕێوەچوو. بێزاری و گرژی لەرووی ئەندامانەوە دەتکایەوە، پێشنیاری جۆراوجۆر خرانە ڕوو. خاڵە سەید کاکە لەو پەڕێ نائومێدیدا گوتی: (من پێمباشە هەر حیساب بۆ حکومەتی هەرێم نەکەین، لەگەڵ حکومەتی بەغدا ڕێکبکەوین، وەک ئەوەی ساڵی ١٩٦٦ مام جەلال کردی، بارەگاکانی خۆمان ببەینە دیبەگەو پردێ و مەخمور، ئەوەی لەدەستمان بێ بیکەین!). کاک محەمەدی حاجی مەحمود گوتی: (دەمێکە هاوار دەکەم و دەڵێم با بارەگاکانی خۆمان ببەینە سورێن. ئێستا کاتی هاتووە با شارەکان چۆل بکەین و بچینەوە شاخ، ئەگەر ئەوە بکەین کۆماری ئیسلامی ئێران هاوکاریمان دەکات،

ئەوکاتە لە خاڵی هێزەوە داواکانی خۆمان بەسەر حکومەتی یەکێتی و پارتی دەسەپێنین!). هیچ ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی پشتگیری لەو دوو پێشنیارە نەکرد. من گوتم: (باشتروایە ببینە حزبێکی سڤیل، پێشمەرگەکانمان لە سوپای یەکگرتوو جێی خۆیان گرتووە، ئیدی لەمەودوا دەبی حکومەت مووچەیان پێبدات، ئێمەش با خۆمان بچووک بکەینەوە. تەنیا چوار بارەگای سەرەکی لە دهۆک، هەولێر، سلێمانی و کفری دا هەبێ. لەو شارانەشدا رادیۆو تەلەفزیۆنمان هەبێ، کاری رێکخستن و راگەیاندن بکەین و خۆمان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو ئامادە بکەین). بەڕێزان مامۆستا سەعد، مامۆستا عەبدوڵڵا ئاگرین، عەبدوڵڵا ساڵح، قادر جەباری و مامۆستا هادی پشتیوانیان لە پێشنیارەکەی من کرد، بەڵام هیچ یەک لە پێشنیارەکان دەنگدانیان لەسەر نەکرا. دواتر بۆ تێپەڕکردنی ئەو بابەتە، کاک سامی گوتی: (هەوڵی خۆمان دەدەین، ئەگەرنا دەبێ بیر لە یەکگرتنێکی گەورەتر بکەینەوە، لە رۆژانی داهاتوودا بەوردی قسەی لەسەر دەکەین).

ئێمە لەناو کۆبوونەوەدابووین کە هەڤاڵێک نامەیەکی کاک شێرزاد شێخانی دایە دەستم، کە بۆ کاک محەمەدی حاجی مەحمود ناردبووی. کاک شێرزاد کادری راگەیاندن بوو، پێشتر سۆسیالست بوو. پێش ئەوەی نامەکە بە کاک محەمەدی حاجی مەحمود بدەم، سەردێڕی نامەکەم

خوێندەوەو کە نووسی بووی: (بۆ فراکسیۆنی حزبی سۆسیالست لەناو بەرەی یەکگرتندا!). بەدەست خۆم نەبوو، پێکەنینم هات. هەڤالان هۆکاری پێکەنینەکەیان پرسی، منیش گوتم: (کادرەکان باشتر ڕەوشەکەیان خوێندۆتەوە، باشترین چارەسەر ئەوەیە بگەڕێینەوە بۆ حزبەکانی پێشوومان و ناوەکەیش بکەین بە بەرەی یەکگرتن). ئیدی نامەکەم بە کاکە حەمە دا.

لەو کۆبوونەوەیەدا جارێکی دیکە بەشداریکردن لە حکومەتی هەرێم هێنرایە ڕۆژەڤەوە. کاک سامی باسی ئەوەی کرد کە کابینەی حکومەتی نوێ کە بڕیاروایە لە مانگی نیسان پێکبێ، ئامادەیە وەزارەتێکمان بداتێ. پێشنیاری کرد کە رای خۆمان سەبارەت بەو بابەتە دیار بکەین. ئێمە هەموومان بە سەرسوڕمانیەوە لەو پێشنیارەمان ڕوانی، کەچی کاک قادر جەباری یەکسەر پشتیوانی لە پێشنیارەکە کردو جەختی کردەوە کە بەشداریکردن لە حکومەت کارێکی پیرۆزو نیشتمانیە و نابێ پەسندی نەکەین!! ئەو بۆچوونەی کاک قادر جەباری تەواو پێچەوانەی هەڵوێستەکەی پێشووتری بوو. لە کۆبوونەوەی پێشتر باسی ئەوەکرا کە حکومەت ئامادە دوو وەزیر بە حزبی یەکگرتن بدات کەچی کاک قادر جەباری سەنگەری گرت و بەشداریکردنی بەناپاکی

نیشـتمانی لێکدایەوە، کەچـی ئەمجارەیـان بـۆ یەک وەزیـر پشتیوانی دەکردو بە کارێکی پیرۆزو نیشتمانی دادەنا. کاک محەمەدی حاجی مەحمود لەژێر لێوانەوە دەگرژیەوە، بۆ ڕەوانـــدنەوەی سەرســـوورمانی ئـــیمە، گـــوتی: (بەڵـــێ بەشـداریکردن کـارێکی نیشـتمانیەو کـاک قـادر بە جـاری دەبـێ بە وەزیـر!). ئەوکـاتە زانیمـان کە بـۆچی کـاک قـادر جەبـاری جەخـت لە بەشـداریکردن لە کـابینەی حکـومەتی هەرێم دەکاتەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا کە شـاندێکی حـزب سـەردانی تورکیا بکـات، چونکە حیکمەت چەتین، وەزیـری دەرەوەی تورکیـا بـۆ خـۆی پێشـوازی لە شـاندەکە دەکـات و لەگەڵیدا کۆدەبێتەوە.

کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی چوار ڕۆژی خایاند. ئاکام بڕیـــاردرا کە بەدوای دەریـــچەی دیـــکەدا بگەڕێـــین و لە کۆبوونەوەکـانی داهـاتوودا پێشـنیاری گونجـاوتر بهێنیـنن و باسەکانمان چڕتر بکەینەوە.

ڕۆژی ١٦ی ئازار شاندێکی حزب کە پێکهـاتبوو لە بەڕێزان کاک سـامی، مامۆسـتا عەبدوڵڵا ئـاگرین و کـاک مـحەمەدی حاجی مەحمود سـەردانی تورکیان کرد و لەگەڵ وەزیـری دەرەوە کۆبـــوونەوە. لەو ســـەفەرەدا دیـــداریان لەگەڵ بـــاڵیۆزانی بەریتانیـــا، ئەمریکـــا، ئوســـترالیاو سویســـرا کردبـوو. هەڵـبەت دیـدارەکان وەکـو پێویسـت بەرهەمـدار

نەبـوون. لەرووی سیاسـیەوە شـتێکی بـاش بـوون، بەڵام لەوکـاتەدا حزبـی یەکگـرتن پێویسـتی بە سـەرچاوەیەکی بەهێزی دارایی هەبوو، ئەوەش مەیسەر نەدەبوو.
لەو سەفەرەدا جیهازێکی وێستگەی تەلەفزیۆنیان کڕیبوو، کاک سامی دەیگوت من پارەکەیم داوەو کاک محەمەدی حاجی مەحمودیش دەیگوت من پارەکەیم داوە. ئێستاش ئەو مەتەڵە هەڵنەهات و نەزانرا بە پارەی کامیان کڕدراوە.
لە رۆژانی دواتر، بەجێهێشتنی ریزەکانی حزبی یەکگرتن دەستی پێکرد. ژمارەیەک کادر بەرەو ئەوروپا سەری خۆیان هەڵگرت. بەرێوەبەرو کارمەندانی رادیۆی حزب لە کفری بارگەو بنەیان پێچایەوەو چوونە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. هەروەها کاک عادل دهۆکی کە کادرێکی لێهاتووی پارتی گەل بوو لەگەڵ چەند هەڤاڵی دیکە لە بادینان پەیوەندیان بە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد. هەروەها ژمارەیەک کادری رادیۆی دەنگی یەکگرتن بەبیانۆی سەرقاڵی و کاری دیکەوە وازیان هێناو بۆ سەر کارەکانی پێشوویان گەڕانەوە، تەنانەت کاک برزۆ عەلی هەژار کە لە رۆژنامەی یەکگرتن کاری دەکرد، وازی هێناو پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد.

راستیەکەی لە ماوەکانی پێشووتردا، پارتی و یەکێتی بۆ گوشارخستنە سەر حزبی یەکگرتن و لاوازکردنی، ڕێکەوتنێکی دوو قۆڵیان کردبوو. ئەو ڕێکەوتنە لەلایەن کاک عەلی عەبدوڵلا لە پارتی و کاک دکتۆر فوئاد مەعسوم لە یەکێتی واژۆی لەسەر کرابوو. ڕێککەوتنەکە بەپاساوی ئەوەی کە گوایە حزبی یەکگرتن پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و حکومەتی بەعس دا هەیە، بۆیە ئەنجامدرابوو، جەخت کرابۆوە کە دەبێ حزبی یەکگرتن لەڕەندە بدرێ، پەڕو باڵی بکرێ، بودجەی پێنەدرێ و پاسیڤ و بێکاریگەر بکرێ. خاڵەکانی ئەو ڕێککەوتنە لە واری کرداریدا هێواش هێواش جێبەجێ دەکران.
مخابن هەندێک کوردی کۆنە بەعسی لەنێو ریزەکانی حزبی یەکگرتندا هەبوون. ئەوەش کێشەی لێدەکەوتەوە. لەمانگی نیسانی ١٩٩٣ کەسێک بەناوی 'کەریم لەتیف' کە گوایە لای کاک محەمەدی حاجی مەحمود بووە، لەنێو شاری سلێمانیدا کوژرا. یەکێتی خۆی لێبێبەری دەکردو دەیگوت کاتی خۆی ئەوکەریم لەتیفە یەکێکی شەهید کردووە، براو خزمەکانی ئەو شەهیدە بە بێ ئاگاداری ئێمە تۆڵەی خۆیان کردۆتەوەو ئەو تاوانبارەیان بە سزا گەیاندووەو ئێمە تێیدا بەرپرسیارنین!! کاک محەمەدی حاجی مەحمود نیگەران بوو، داوای رادەستکردنی ئەوانەی دەکرد کە 'کەریم لەتیف'یان کوشتبوو. دەگوترا کەسانی زۆر تاوانبارتر لە

ریزەکـانی پـارتی و یەکێتـی جێیـان کـراوەتەوەو ئاسـوودە دەژیــن. بێگومــان یەکێتــی زۆر بە توونــدی ئەوەی ڕەت دەکـردەوە کە ئاگـای لە کوشـتنی کەریـم لەتیـف هەبـووبێ. بەو هۆیەوە گرژی و ئاڵۆزی لەسـنووری سلێمانی لەنێوان یەکێتـی و یەکگـرتن سـەری هەڵـدایەوە. بـۆ ئەو مەبەسـتە بەڕێـزان کـاک مـلازم کەریـم و مامۆسـتا عەبـدوڵلا ئـاگرین سـەردانی بەڕێـز 'مـام جەلال'یـان کـرد، ئیـدی بەمێرخاسـی ئەوان کێشــەکە کۆتــایی پێهــات و ڕووداوی ناخۆشــتری لێنەکەوتەوە.

هەرچەنــدە کە ڕێککەوتــنەکە لەلایەن هەردوو حــزبەکەوە واژۆ کرابــوو. پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان-عێــراق بە نەرمـی دەجـولایەوەو خـۆی لێدەپاراسـت، کەچـی یەکێتیـی نیشــــتمانیی کوردســـــتان وەک ئەوەی هەنگـــــی لەدارا دۆزیبێــتەوە زۆر شــێلگیرانە خاڵەکــانی ئەو ڕێککەوتــنەی جێبەجێ دەکـرد. بەوهـۆیەوە نـاحەزی و دژایەتـی بەرانـبەر بە یەکێتیی لەنێو ریزەکانی حزبی یەکگرتندا پەڕەی دەسەند و ئەستووتر دەبوو.

ڕۆژی ٢٢ی نیســـــان ســــــەرکردایەتی سیاســــــی بەرەی کوردســتانی کۆبــووە. کۆبــوونەوەکە بەبــێ کێشــەو گرفـت بەڕێوەچووبـوو. دوای کۆبـوونەوە کـاک مـحەمەدی حـاجی مەحمود چاوی بە کاک مەسعود بـارزانی کەوتبوو، باسـی

یەکگرتنی گەورەتریان کردبوو. ئەوەش جێی خۆشحاڵی کاک ملازم شوان بوو. ئەو دیدارە خاڵی وەرچەرخانی رۆیشتبوون بەرەو پارتی بوو. دواتر کاک سامی و هەندێک هەڤاڵی دیکەی مەکتەبی سیاسی خۆیان بۆ بەرەو یەکگرتنی گەورەتر ئەرکدار کرد، ئەو ئەرکەش بوو بە خەون و خولیاو خەمی رۆژانەیان و بەردەوام بیریان لە خۆ دەربازکردن دەرکردەوە.

# کێشەکانی ناو هەناوی حزبی یەکگرتن

دوای پێکهێنانی دەستەی سەرۆکایەتی رقی کاک ملازم شوان بەرانبەر بە کاک سامی ئاشکرابوو، بەوێنەی ئاوی جۆگەلە رژایەوە. ئەو پێیوابوو مادام هەردووکیان هاوپۆستن، دەبێ بڕیاری هەردووکیان یەک پێوانەیان بۆ بکرێ. چەند جار ناوی کاک سامی لە رادیۆو تەلەفزیۆن بێ، دەبێ ئەوەندە جارەش ناوی کاک ملازم شوان بێ. من ئەو داوایەم بە نارەوا دادەنا، ناوهێنانی هەڤاڵان بەگوێرەی کارو چالاکیەکانیان بوو. نەدەکرا هەڤاڵێک بەشداری لە دیدارێک یان کۆبوونەوەیەکدا نەکربێ، کەچی ناوی لەریزی ئەواندا بێ کە بەشداریان کردووە!! من زۆر بە ئارامی و لەسەرخۆ دەمویست ئەو راستیە بخەمە بەرچاو، کەچی ئەو سووربوو لەسەر داواکەی خۆی و لێبڕاوانە پێداگری دەکرد. پێمگوت ئەوە کاک سامی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ فلانە رۆژنامەی ئینگلیزی کردووەو ئێمە وەرمانگێڕاوەتە سەر کوردی و بڵاوی دەکەینەوە، ئایا دەکرێ ناوی بەڕێزتانیش لەگەڵ ئەوەدا بنووسین؟! ئەو دۆشداما، دوایی گوتی: (بەڵێ! بەشێوازێکی دیکە دەتوانن ناوی منیش بێنن، بڵێن کاک سامی عەبدولڕەحمان کە ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیەو ئەو دەستەیەش لە بەڕێزان ملازم شوان و دکتۆر مەحمود و سامی عەبدولڕەحمان پێکهاتووە، ئەو

دیـدارەی کـردووە). وابـزانم هەمـان داوای لە مامۆسـتا عەبدوڵلا ئاگرینیش کردبوو، خواستبووی چەند جار ناوی کاک سامی لە رۆژنامەی یەکگرتن دا دەنووسرێ، دەبێ ئەوەندەش ناوی ئەو بنووسرێ. دەگوترا کە مامۆستا عەبدوڵلا ئاگرین بە پێکەنینەوە پێیگوتبوو: (کاک سامی پاسپۆرتی بەریتانی هەیەو هاونیشتمانی بەریتانیایە، ئەگەر نووسرا، ئەوەش بۆ تۆ بنووسرێ؟!!).

رۆژ لە دوای رۆژ کێشـەو ململانێـی نێـوان ئەنـدامانی سـەرکردایەتی ئاشـکراتر دەبـوون و هەڤـاڵانی بارەگـا هەستیان پێدەکردن. لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ کاک دکتۆرئازاد بە پارەی خودی کاک سامی یەک تانکەر بەنزینی لە ئێرانەوە هێنابوو. کاک سامی گوتی بۆ یەکجـار بەنـزین بە سـەیارەی هەمـوو ئەنـدامانی سەرکردایەتی بدەن. بەوهۆیەوە کاک ملازم شوان خۆی تورەکردبوو، گوتبووی تا تانکەرەکە تەواو دەبێ من بەردەوام تێیدەکەم و پیاویشم دەوێ بڵێ لەل!. هەڤاڵانی ئیدارەی مەکتەبی سیاسی هاتن و داوایان لەمن کرد ئەوە بەکاک ملازم شوان بڵێم کە بەنزینەکە بە پارەی حزب نەکراوە، کاک سامی بۆ خۆی کڕیویەتی. منیش رێزێکی زۆرم بۆ کاک ملازم شوان هەبوو، بەتایبەتیش بۆ ئەو هەڤاڵانەی کە بەردەوام باسیان لە سەربەخۆی و رزگاری کوردسـتان دەکـرد. رۆژی دواتـر لە بارەگـای مەکـتەب

سیاسی ئەو مەسەلەیەم لەگەڵ باس کرد، کەچی ئەو بەنیو تووڕەبوونەوە گوتی: (کاک ڕێکار ئەم قسانە بۆ مناڵ بکە! من شیرە خۆرەنیم! پاری کاک سامی و پارەی حزب یانی چی؟ هەرچی هەیە هی یەکگرتنە).
ڕاستیەکەی کاک ملازم شوان لەخۆڕاوە ململانێی لەگەڵ کاک سامیدا دەکرد. پێیوابوو بەو ململانێیە لەلایەن سۆسیالستەکان و پاسۆکەکان و هەندێک لە پارتی گەلەکانەوە خۆشەویست دەبێ و بۆ داهاتوو پێگەی لەناو حزبی یەکگرتندا بەهێزدەبێ!! من پێموابوو بەململانێکردن نرخی خۆی دەهێنایە خوارێ. دڵسۆزانە چەند جارێک داوام لێکرد کە ململانێی و ناحەزی لەگەڵ کاک سامی بە زیانی حزبی یەکگرتن تەواو دەبێ، بەڵام ئەو لەسەر بۆچوونی خۆی سوورتر دەبوو.
لەبارەگای مەکتەبی سیاسی، لەژووری مەکتەبی سیاسیدا تەنیا یەک کورسی لەپشتی مێز داندرابوو، بۆیە کاک ملازم شوان پەلەی دەکرد، بەیانیان زوو خۆی دەگەیاندە ئەوێ و لەسەر ئەو کورسیە دادەنیشت. لەرۆژانی سەرەتادا کاک سامی بەئاسایی وەریدەگرت، بەڵام کاتێک هەستی بە ململانێی کاک ملازم شوان کرد، زۆری پێسەیر بوو. جارێکیان بەگاڵتەوە گوتی: (نابێ، دەنا هەقە سێ کورسی لەپشت ئەم مێزە دابنێین تا کەس تووڕە نەبێ)، کەچی ئەو

بـرادەرە ئەو قسـەیەشـی بەدڵ نەبـوو، ڕەنگـی دەموچـاوی گــۆڕاو بەتــووڕەییەوە لە ژوورەکە چــووە دەرێ. دوایــی مامۆستا عەبدوڵلا ئاگرین بەدوای داچوو، ئاشتی کردەوەو بۆ ژوورەوەی هێنایەوە.
هەرچەنـدە کە بەڕێـزان مـلازم شـوان، مـلازم کەریـم و مامۆسـتا عەبـدوڵلا ئـاگرین پـێکەوە لە پاسـۆک خەباتیـان کردبوو، بەڵام کاک ملازم شوان ململانێی لەگەڵ ئەوانیشدا دەکـرد. کـورد گـوتەنی ئەوانیشـی دەبوغزانـد. جارێکیـان نـامەیەکی ڕەوانشـاد ئـازاد مسـتەفای پێشـاندام کە بـۆی نووسـی بـوو بەڕێزتـان لەدوای مـن سـەرکردەی پاسـۆک دەبــن و مــن ئەو حیــزبە بەتــۆ دەســپێرم. ئەوەش بەو واتایەبوو کە ئەو خۆی پێ لە کاک ملازم کەریم و ئەوانی دیکە گەورەتر بوو. منیش هەر بۆ گاڵتە پێمگوت: (ئەگەر هەمـان نـامەی بـۆ کـاک مـلازم کەریمـیش نـاردبێ چـی؟!). دواتر ئەو باسەم لەگەڵ کاک ملازم کەریم کردوە، ئەویش نامەکەیەکی هاوشێوەی لەگیرفانـدابوو کە شـادڕەوان ئـازاد مستەفا بۆ ڕەوانە کردبوو، هەمان دەربڕین دووپات ببۆوە. ئەوکـاتە تێگەیشـتم کە شـادڕەوان کەسـێکی زۆر شـارەزا بــووەو بەباشــی هــزرو لێکــدانەوەی ئەو دوو بــرادەرەی خوێنـدۆتەوە بـۆیە نـامەی ئـاوای بـۆ نووسـیوون. مامۆسـتا عەبــدوڵلا ئــاگرین زۆر نەرم و لەســەرخۆ بــوو، ڕێــزی لەهەموو کەس دەگرت. زۆر حەزی لەکارەکەی خۆی بوو،

ڕەنجـی دەکێشـا و لەڕادەبەدەر خـۆی مانـدوو دەکـرد، بەوهـۆیەوە دڵـی زۆربەی هەڤـاڵانی بەلای خـۆیەوە ڕاکێشـابوو، کەچی کاک ملازم شوان خەنجەری لەویش دەوەشاند. زۆر جاران بەناهەق و بەناڕەوا زەمی دەکرد و تـۆمەتی بـۆ هەڵدەبەسـت و دەیگوت: (ئەگەر کـاک کەریـم نەبوایە، هیچ حزبێک ئەو کابرایەی بە ئەندام وەنەدەگرت!! بەڵام خزمـایەتی کـاری خـۆی کـردووەو ئەوی گەیانـدۆتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی!).
کـاک قـادر جەبـاری کە ئەنـدامی مەکتەبـی سیاسـی بـوو، سەبارەت بە کاک محەمەدی حاجی مەحمود زمانی بەخێر نەدەگەڕا. هەمیشـە بە پاسـدارێکی بەوەفـای کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران و بـرای گیـانی بەگیـانی عەلـی حەسـەن مەجید نـاوی دەبـرد. جارێکیـان کـاک سـامی لەسـەر ئەو قسەیە لێی تووڕەبوو، پێیگوت: (کاک قادر ئێوە ١٣ ساڵ پێکەوە لەیەک حزب خەباتتـان کردووە، دۆسـت و هەڤاڵی یەکتربـوون، ئەو قسـانە لە بەرژەوەنـدانیە و زیـانی بـۆ هەمووومان هەیە). کاک محەمەدی حـاجی مەحمـود هەمشـە بە خەنـدە و پێکەنینەوە قسـەکانی خـۆی دەکـات، گلەیـی و گازانـدەکانی خـۆی لە کەسـێک بەشـێوازێکی تـایبەت دەردەبڕێ ئەگەر مـرۆڤ لێیـورد نەبێتەوە لەمەبەسـتەکەی تێناگات. ئەویش کاک قادر جەباری بەوە تۆمەتبار دەکرد

که لەرێی کارگێڕی بەرەی کوردستانیەوە خۆی دەوڵەمەند کردووە، دەیگوت پێشمەرگە نانی نیە کەچی ئەو کارگەی پاقلاوە و شیرنەمەنی داناوە.
مامۆستا سەعد رۆشنبیرێکی لێهاتوو، لێزان، نووسەرو رۆژنامەنووس، بەلێهاتوویی خۆی گەیشتبووە سەرکردایەتی، سۆسیالستەکانی هەولێر زۆریان خۆشدەویست، بەڵام ئەویش وەبەر تیروتوانجی هەڤاڵانی خۆی دەکەوت و لە دەسرێژی رەخنەکانی کاک محەمەدی حاجی مەحمود دەربازی نەدەبوو، زۆر جاران دەیگوت: (مامۆستا سەعد هۆتێل و خانووی زۆری کڕیوە، بۆچی ئەو پارە بۆ کۆمیتەی پارێزگای هەولێر نایهێنێ؟! من لە گیرفانی خۆم بۆ شارەزوورو سلێمانی خەرجی دەکەم).
مامۆستا سەعد زۆر بەو قسانە تووڕە دەبوو، دەیگوت: (من مامۆستا بووم و باوکم دەوڵەمەند بوو، پێش ئەوەی ببمە پێشمەرگە خانووی خۆم هەبوو، ماڵی بابم خانووی خۆیان هەبوو، ئەگەر کاکە حەمەش ئەوە نەزانێ، خۆ کاک رێکار و هەڤاڵانی هەولێر دەزانن!)، هەروەها سەبارەت بە کاکە حەمە دەیگوت: (چەند رستەی هەلەق و مەلەقی نووسیوەو ناوی شەڕی پارتیزانی لێناوە، نوقتەو فاریزەیان تێدانیە، خۆی لێبۆتە محەمەد حەسەن هەیکەل!).
کادرانی هەولێر، بەتایبەتیش رێکخستنەکانی زانکۆ گلەییان لە کاک عەبدوڵڵا ساڵح یاریدەدەری بەرپرسی دەزگای

ڕێکخستن دەکرد، بەوە تۆمەتباریان دەکرد کە ماستاو بۆ ئەندامە ژنەکان دەکات و بۆ خواردن لە ڕێستۆرانت بانگهێشتیان دەکات، بەشی ناوەخۆیان بۆ بەکرێ دەگرێ، لەو ڕێیەوە پارەی حزب بە هەدەر دەدات. ڕاستیەکەی لەسەر بڕیاری دەستەی سەرۆکایەتی دەزگای ڕێکخستن ڕاسپێردرابوو تا خانوو بەشێوەی بەشی نێوەخۆ بۆ ئەو فێرخوازانەی یەکگرتن بگرێ کە لە شارەکانی دیکەوە بۆ هەولێر هاتوون.

زۆربەی کادرانی ئیدارەی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ کاک مەلازم کەریم هەڵیان نەدەکرد، گلەیی و گازاندەیان لێهەبوو، لەلای کاک سامی سکاڵایان دەکردو نارەزایی خۆیان پێشاندەدا و بەوە تۆمەتباریان دەکرد کە جنێوی ناشیرین دەدات و بێڕێزیان پێدەکات. کاک سامی و مامۆستا عەبدوڵڵا ئاگرین ئەو کادرانەیان هێور دەکردەوە، جارێک دەمەقاڵێ و چەکراکێشانی لێکەوتەوە. کاک کەریم جنێوی بە ئەندازیارێک بە ناوی (ف.م)دا بوو، کە سەرپەرشتی ئیدارەی بارەگای مەکتەبی سیاسی دەکرد، ڕاستیەکەیشی کادرێکی لێهاتوو بوو، کەسێکی ڕۆشنبیرو خاوەن ڕێزبوو. ڕۆژێکیان کاک کەریم لە ڕێی هاتنی بۆ مەکتەبی سیاسی لە شۆفێرێک تووڕە دەبێ، کە دێتە بارەگا ڕق و هەڵچوونی خۆی بەو کادرە هەڵدەڕێژێ، ئەویش لێی

قەبـوڵ ناکـات و بەرانگـژی دەبێـتەوە. ئـێمە هەموومـان لە ژوورەکـانی خۆمـان بـووین و خەریکـی کـاری رۆژانەی خۆمـان بـووین، لەگەڵ دەنگـی هـات و هـاوار و قیرەقیـر راچڵەکـین. کـاک کەریـم بـوو بەدەنگـی بەرز جنێـوی بە کـادرەکە دەدا ئەویـش کڵاشـنکۆفی لێراکێشـابوو، چەنـد پێشـــمەرگەیەک چووبـــوونە نێوانیـــان. کـــاک ســـامی بە هەشتاوی لە ژووری مەکتەبی سیاسی هاتە دەرێ، کاتێک ئەو دیمەنەی دیت، زۆر توورە بوو، ئەو ئەندازیارە (ف.م) پێشـتر پـارتی گەل بـوو، کـاک سـامی ئەوی دەناسـی و تێیرادەدیت، بۆیە لە کادرەکەی راخوڕی و داوای لێکرد کە چەکەکەی دابنـێ، ئەویـش رووی لە کـاک سـامی کـردو بە زمـانێکی پـڕ لە پـاڕانەوەدا گـوتی: (مامۆسـتا ئێـوە مـن دەناسن، قەت دیوتانە بێڕێزی بە کەسێک بکەم؟! بەڵام ئەو مـلازم کەریمە هەر لەخـۆڕاوە جنێو دەدات، سوکایەتیمان پێدەکات و کەرامەتمان دەشکێنێ، چەند جارێک بە قسـەی خـۆش پێمگوتـوە کە مـن لەو جـۆرە کەسـانە نـیم، مـن خزمەتکـار نـیم و لێـی قەبـوڵ نـاکەم، بەڵام ئەو فێـر بـووە، وادیارە بۆی تەرک ناکرێ، دەبوایە بە زمانی خۆی وەڵامـی بدەمەوە!).

لەلایەکی دیکەوە مەکتەبی سیاسی لە خۆڕاوە دژایەتی کاک 'عەلـی بەگ جـاف'یـان دەکـرد، لەکاتێکـدا کە بەڕێزیـان ئەنـــدامی کـــۆمیتەی ناوەنـــدی و بەرپرســـیاری دەزگەی

بەدواداچــوون (متــابعە) بــوو. نــاحەزی وایکردبــوو کە دەزگەی بەدواداچــوون وەک نــاو بمێنێــتەوە، هاوکــاری نەدەکــراو شــوێنی بــۆ دەستنیشــان نەدەکــرا. ســەرەنجام ئەویش نیگەرانی و نارەزایەتی خۆی بە راپۆرتێک خستە بەرچاوان کە تێیدا هاتبوو: **[لەهەمووشت سەیرتر هەر بە (فەرمان)ی دەمی کاکە پاڵەیان لابردو خراوەتە رێکخستن و نامەیەکی (م.س)ی بەرێز لە ١٦-١-١٩٩٣دا هاتووە بۆ کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی و وێنەیەکییشی نێردراوە بۆ بەندە کە ئەو نوسخەیەی بۆ من هاتووە ئیمزای (م.س)ی پێوەنیە! هەڵم گرتووە بۆ کاتی خۆی، کە ئەمر ئەکات: دەزگایەک بۆ (عەلی جاف) دانرێت لایەقی متابعە بێت تاکو لەبەر(کەم دەرامەتی)؟! لەوێوە کاروباری متابعە بەرێت بەرێوە؟! کەچی وەڵامێکی سەیری دوور لە حزبایەتی و هەتا کۆمەڵایەتیش دراوەتەوە بە بروسکەیەک لە ١٨-١-١٩٩٣دا لەلایەن کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی کە ئەمە رابگرن تا...... کەچی هەر لە هەمان رۆژدا ١٨-١-١٩٩٣ (م.س)ی بەرێز وەڵامی ئەو بروسکەیە ئەداتەوە کە ئەوە جێبەجێ بکەن و (هۆ)کانیشی وتووە، کە دەقی هەردوو بروسکەکەم لایە بۆ کاتی خۆی و لەوکاتەوە تاکو ئێستا کەس باسی هیچ ناکات بێجگە لەو گشت تەشەنوجانەی کەکراو وترا دژی بەندەو مامۆستا رۆژ و لەئەنجامدا**

لێپرسراوی تازەی کۆمیتەمان چەند جارێک دی و بڕیاری دا کە ئیتر کۆتایی بەو بروسکەو بروسکەکاریە بهێنن و لاپەڕەیەکی تازە هەڵداتەوە؟! بەڵام هەمـوو شـتێک دوای ئەوە (تەجمید) کراو متابعە هەر جوانەمەرگە! رەنگە ئەو جۆرە شێوازو ئەسلوبە لەلایەنەکانی تردا بەکەڵک هـاتبێ، بەڵام بـاوەڕ نـاکەم بـۆ ئێسـتاو لەگەڵ منـدا جـێگەی خـۆی بگرێ، چونکە من بەدەستدرێژی ئەزانم لەسەرخۆم، چونکە نە ئەوەنـدە سـاویلکەو نەئەوەنـدەش بـێ قەدرم ئەم جـۆرە ئەسلوبانە بایەخی هەبێت، بەڵام کاروباری متابعە، دارایی، رێکخسـتن راپۆرتەکـان هەروەکـو خـۆی ئەڕوات. لەنـاو ڕیزەکانی حزبدا لە (سلێمانی) ئەدرێت بە گوێمانا کە گۆیا من (تەجمید) کراوم، ئەو بەندوباوەیان خستۆتە شوێنمان، یاخوا پیرۆزیان بێت. وادیارە بە عەقڵیەتی زۆر دواکەوتوانە کار ئەکەن، هەر کەسێک بە دڵی ئەوان و بەڕێزتان نەبێت (فەرامۆش)ی ئەکەن و ئەوانی تریش داراییەکەی حکومەتی فیدراڵی کوردستان تەرخـانی کـردووە بـۆ حزبەکـان بەبـێ حسـاب و بەپێـی (پێویسـتە)ی مـل کەچ کردنـی بـرادەران ئەیـان دەنـێ تـاکو بەهـۆی (پـارە)کەوە دەسـتەڵاتیان ببێت و(رەشــە خەڵـکەکە) ناچـار بکـرێن لەم نەداری و گـرانیە سەختەدا بەدوایانەوە بن، باوەڕناکەم ئەم شـێوازە تاسـەر سـەرکەوتوبێت و ئەگەر بـۆ جـارێکی تـریش بخـرێنە نـاو تاقمێکی ترەوە وەکو لەناو (هـۆز)دا دەنگوباسـە؟! ئەوەش

**نە سەرکەوتنە بەو شێوەو نە مەسئولیەت و نە چەوتی و لادان هیچکامێکیان ناپارێزی و وون ناکات. هەروەها هەندێ کەس سەری مانگەومانگ یارمەتی و سلفە لەوەش زیاتر بەزۆرو رەزا وەرئەگرێت و زۆربەی کاتیش سست وکەمکارە هەندێکیش بە قەدەر لافاوەکەی سلێمانی ١٩٥٧ زیانی داوە لە حزب، کەچی هەر زیاتر ئەگیرێ بە سنگەوە، هۆکارەکانیش شاراوەنین، ئەوەش بابوەستێت، زۆر بە داخەوە ئەیڵێم برادەران زۆریان وا ئەزانن کە زەم و وتیوتیان لەسەر برادەران بارکرد ئەوە نرخداریە، بەڵام پێشینان ئەڵێن لەکوێ زەمی برادەرانت بیست، هەر لەوێش زەمی خۆت ئەکرێ].**

کێشەی نێوان ئەندامانی سەرکردایەتی سنووری سووری بەزاندبوو. کادرو هەڤاڵانی بارەگای مەکتەبی سیاسیش پێیانزانی بوو. رۆژێکیان نانی فراوینمان لە بارەگای مەکتەبی سیاسی دەخوارد. هەندێک هەڤاڵی حزب لە بادینانەوە هاتبوون و لەگەڵ ئێمە لە سەر مێزی سەرکردایەتی نانیان دەخوارد. مامۆستا سەعد ئەو دیمەنەی زۆر پێجوان بوو کە سەرکردەو کادرو ئەندام پێکەوە نان دەخۆن. بە خۆشحاڵیەوە گوتی: (هەڤاڵان سەیر بکەن! ئەم دیمەنە چەند جوانە! لەسەر ئەم مێزەدا خەڵکی هەموو شارەکانی کوردستانی تێدایە، ئەگەر بەهۆی

تێکەڵبـوونی سـێ حـزبەکە نەبـوایە ئەم دیـمەنە جـوانە بەرجەسـتە نەدەبـوو!). هەڤـاڵ 'سـەردار بەرواری' بە پێکەنینەوە باگۆی مامۆستا سەعدی دایەوەو گوتی: (سەیدا تـو راسـت دبێـژی! ئەگەر سـێ سـەبەتە گـلیش دنـاڤ ئێـک تەلیسدا کۆم بکەی، دێبیتە ئێک تەلیسـە گلیش!). مامۆسـتا سـەعد لە دڵەوە پێکەنـی و لەواتـاکەی تێنەگەیشـت. ئەو وایزانـی دەڵـێ سـێ سـەبەتە گوڵ، لەکاتێکدا ئەو مەبەسـتی سـێ سـەبەتە زبـڵ و پاشـەڕۆک بـوو. هەرچەنـدە کە راستیەکیشـی تێدابوو، بەڵان مـن و کـاک زێرەڤـان و کـاک عەبدوڵلا ساڵح ئەو قسەیەمان زۆر پێناخۆشبوو.

مخابن ریزبەندی لەنێو رێکخستن و دامەزراوەکانی حزبی یەکگرتنـدا رەچـاو نەدەکرا، زۆرجـاران ئەنـدامانی کـۆمیتەی ناوەنـدی، بەرپرسـیاری کـۆمیتەی پارێزگاکـان و دەزگاکـان نامەیان بۆ مەکتەبی سیاسـی دەنووسـی، لەجیاتی 'بەڕێز'، سـوودیان لە وشـەی 'تێکۆشـەر' وەردەگـرت. یـان هەر دەنووسـرا بـۆ(م.س.)!! تەنـانەت هەنـدێک قەرزی کـۆنی لایەنەکـان هەڵگیرابـوون و دەبـوایە حزبـی یەکگـرتن بیانـداتەوە. بۆ نمـوونە بەرێز خـاڵە سـەید کـاکە نـامەیەکی نووسـی بـوو، ئامـاژەی بە قەرزی کەسـێک کردبـوو کە پێشتر چەکی بۆ هاوبیرانی پاسۆک چاک کردبۆوە[٢٦] .

[٢٦] دەقـی نـامەکەی خـاڵە سـەید کـاکە و نـامەیەکی کـاک قـاادر جەبـاری لە بەشـی بەڵگەنامەکاندا بڵاوکرانەتەوە.

# مانگی تەمووز، مانگی هاڵاو

لە رۆژی ٢٩ی ئایار کاک محەمەدی حاجی مەحمود بەپاساوی سەردانی ماڵەوەیان کە لە شاری سنەدا دەژیان، بەرەو ئێران رۆیشت. سێ رۆژ دواتر، واتە لە ٢ی حوزەیران لەرێی رادیۆی ئێرانەوە زانیمان کە چۆتە خزمەت رابەری کۆماری ئیسلامی ئێران. رۆژی ٣ی حوزەیران هەر لە رێی رادیۆی تارانەوە بیستمان کە چاوی بە سەرکۆماری ئیسلامی ئێران و سەرۆکی ئەنجوومەنی شورای ئیسلامی (پارلەمان) کەوتووە. لە رۆژانی دواتر چاوی بە سەرۆکوەزیران، سەرۆکی قوەی قەزایی و جێگری سەرکۆماری کۆماری ئیسلامی ئێران کەوتبوو. ئەو هەواڵە هەمووانی تاساندبوو. ئەو بەڕێزە باسی دیدارو کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران نەکردبوو، ئەو گوتبووی کە ماندووەو یەک هەفتە پێویستی بە پشوودان هەیە، سەری خێزان و منداڵەکانی خۆی دەدات!! زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی خوازیار بوون کە لە کۆبوونەی کۆمیتەی ناوەندیدا کاک محەمەدی حاجی مەحمود سزا بدرێ. هەندێک پێیانوابوو کە ئەو کارەکانی خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران رێکخستووەو خۆی بۆ جیابوونەوە لە حزب ئامادە دەکات!

من لەو باوەڕەدا نەبووم کە کاک محەمەدی حاجی مەحمود لە حزب جیابێتەوە، بەڵکو پێموابوو ئەو دەیەوێ ببێ بە کەسی یەکەمی حزب. ڕۆژێکیان لە بارەگای مەکتەبی سیاسی دانیشتبووین. سەبارەت بە نەبوونی و کێشەی دارایی بیروڕامان دەگۆڕیەوە. کاک محەمەدی حاجی مەحمود بە پێکەنینەوە گوتی: (من ساڵی ١٩٧٩ وازم لە یەکێتی هێناو چوومە ناو سۆسیالست، لە کۆنگرە بە ڕێکەوت (سودفە) بووم بە ئەندامی ئیحتیاتی کۆمیتەی ناوەندی. هەندێک هەڤاڵ شەهید بوون، دیسان بە ڕێکەوت بووم بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. پاشان کاک قادر عەزیزو کاک عەبدولخالق زەنگەنە ڕۆیشتن، دیسان بە ڕێکەوت بووم بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. لە حزبی یەکگرتنیشدا کاک ڕەسول ڕۆیشت و دکتۆر مەحمود نەهاتەوە، دیسان بە ڕێکەوت بووم بە ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی، ئەگەر پارەتان بۆ پەیدا بکەم بەڕێکەوت دەمکەن بە سەرۆک؟!). لەو سۆنگەیەوە من پێموابوو کە کاک محەمەدی حاجی مەحمود چاوی لە پۆستی سەرۆک یان سکرتێری گشتی حزب بڕیوە، ئەگەر ئەو پۆستەی پێبدرێ، کێشەی دارایی نامێنێ.

هەر لەمانگی حوزەیران دا، پارێزگاری سلێمانی بە نووسراو داوای ڕادەستی کردنی (کەمالی ئایشە قەڵەو)ی دەکرد (کە لەلایەن کاک محەمەدی حاجی مەحمودەوە

داڵــدەدرابوو، پارێزگــاری لێــدەکرا) کە بە تــۆمەتی دزینــی سەیارەی سکاڵای لەسەردا تۆمار کرابوو، پۆلیس بەدوایدا دەگەڕا. لە ســەرەتای مــانگی تەممــووزدا ســەرکردایەتی لە هەبــوونی کێشــەیەک لە شــاری کــۆیە ئاگــادار کــرایەوە. هەڤاڵانی حزبی یەکگرتن دووکەسیان دەستگیر کردبوو، لە بارەگــــادا زینـــــدانیان کردبـــــوون. حکـــــومەت ئەوەی بەدەستدرێژی بۆ سەر دادگە دەزانی، دەیگوت مادام دادگە هەیە نابێ حزبەکان خەڵک بگرن و زیندانیان بکەن. کاک سامی بەو ڕووداوە زۆر نیگەران و دڵتەنگ ببوو. مامۆستا ســەعد و مامۆســتا ئەمــین پشــتیوانیان لەو هەڤــاڵانەی کــۆیە نەدەکرد، بۆیە کاک سامی فەرمانی کرد کە دەبێ ئەو دوو کەسە ئازاد بکرێن. ئەگەر تۆمەتێک هەیە با لەلای پۆلیس سکاڵایان لەسەر تۆمار بکرێ. کۆمیتەی ناوەندی پشتیوانی لە بۆچــوونەکەی کــاک ســامی دەکــرد، چــونکە پێشــتر لە کۆبوونەوەکاندا سەرکردایەتی سیاســی بەرەی کوردســتانی بڕیاری دابوو کە حزبەکان کەس نەگرن و زیندانی نەکەن. ئەگەر کێشــەیەک هەبــوو بــا ڕووبەڕووی پــۆلیس و دادگە بکرێتەوە.

ڕۆژی ٩ی تەممووز کۆمیتەی ناوەندی بە ئامادەبوونی ١٩ ئەنــدام کۆبــوونەوەی ئاســایی خــۆی پێکهێنــا. ئەم بەڕێــزانە ئامــادە نەببــوون: (دکتــۆر مەجیــدو دکتــۆر مەحمــود لە

ئەوروپـابوون و نەگەڕابـوونەوە. مـلازم کەریـم و خـاڵە حاجی بۆ دەرەوەی کوردستان سەفەریان کردبوو؛ فازل جەلال نەخـۆش بـوو). لەو کۆبوونەوەیدا بـۆ یەکەمینجار کاک بروسک نوری شاوەیس ئامادە ببوو.

ئـێمە چـاوەڕوان بـووین کە سـەرەتای کارەکانمـان بە رەخنەگرتن لە کاک محەمەدی حاجی مەحمودو سزادانی دەستپێبکات، کەچی کاک سامی گوتی: (دەزانم کە هەڤالان سەرنج و تێبینیان سەبارەت بە سەفەرەکەی کاک محەمەد بۆ ئێران هەیە، بەڵام من لە جیاتی ئەو وەڵام دەدەمەوەو دەڵێم ئەگەر ئەمنیش لە جێگەی ئەو لە ئێران بام و پێیانبگوتبام کە رابەرو سەرکۆمار داوای دیتنت دەکەن، ناچار دەبووم و دەچووم، بۆیە حەز دەکەم بەم باسە کاتی کۆبوونەوە نەگیرێ). کاک محەمەدی حاجی مەحمود بزەیەکی هاتێ و گوتی : (ئەگەر دەیانەوێ باسی سەفەرو دیدارەکانیان بۆ دەکەم، بەڵام جگە لە دیتن هیچ سوودێکی دیکەی نەبووە). وێڕای ئەوانەشەوە بەڕێزان قادر جەباری، مامۆستا سەعد، عەبدوڵڵا ئاگرین، بروسکە شاوەیس، کامیل ژیرو من قسەمان کرد، لایەنی نەرێنی و ئەرێنی سەفەرەکەمان تاوتوێ کرد. بێگومان رووداوەکە بەو شێوەیە نەبوو کە کاک سامی شرۆڤەی بۆ کرد! ناکرێ پێشوەخت ئامادەسازی بۆ نەکرابێ. لە کوێی جیهاندا روویداوە، کەسێک بۆ خۆشی خۆی سەفەری

وڵاتێک بکات، لەوێ سەرۆکی ئەو وڵاتە و بەرپرسانی باڵا پێیبزانن و بۆخۆیان داوای لێبکەن کە چاویان پێبکەوێ؟!! هەموومـــان پێمـــانوابو ئەگەر ســـەفەرەکە هـــیچ خێـــری نەبـووبێ، زۆر بەگـران لەسـەر حـزب دەکەوێ؛ گوشـاری یەکێتی و پارتی لەسەر یەکگرتن چڕتر دەبێتەوە. چەندەی سەبارەت بەو بابەتە قسە کرا، کاک سامی هەر داکۆکی و پشتیوانی لە کاک محەمەد کرد. من پێموابوو کە پێشتر ئەو بەڕێـــزانە لەو بـــارەیەوە دوو بەدوو قســـەی خۆیـــان بڕانــدبۆەوە، بــۆیە بەکەمبــایەخی لە قســەکانی ئێمەیــان دەڕوانی.

دوای پێشکەشــکردنی ڕاپــۆرتی هەنــدێک لە دەزگاکـــان، ڕۆژەڤـی کۆبـوونەوە بـۆ یەکگرتنـی گەورەتـر گـۆڕدرا. مـن پێشــتریش ڕای خــۆم بەئاشــکرا بە هەمــووان گوتبــوو. هەرچەندە کە حزبی یەکگرتن هیچ بنەمایێکی حزبی بوونی پێوەنەمـــابوو، بەڵام دیســـانەوە لەگەڵ ئەوەدانەبـــووم کە بچێتە ناو حزبێکی دیکە. من پێموابوو با یەکگرتن بکەین بە 'بەرە' و هەر ســـێ حـــزبەکەی پێشـــوو بە خشـــکەیی ڕێکخستنەکانی خۆیان زیندوو بکەنەوە. بۆیە جارێکی دیکە رامــای خــۆم دووپــات کــردەوەو گــوتم: (نەمــانی حزبــی یەکگـرتن، واتە هەڵگیرسـاندنی شـەڕی نێوەخـۆ، مـن بەهـیچ شێوەیەک ئامادەنیم بەشداری لە شـەڕی کورد بە کورددا

بکەم، ئەو بەرپرسیاریە ناخەمە سەر شانی خۆم! بەڵام ئێوە لە بڕیاری خۆتاندا ئازادن، هەروەها منیش ئازادم، تا دوایین رۆژ لەگەڵتاندا دەبم، ئەوکاتەی ئێوە دەڕۆن، من دەمێنمەوە). هەروەها قسەو گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە کرا. زۆربەی ئەندامانی ناوەندی ژێربەژێر بەڵێنیان دابوو، بابەتەکە یەکلایی ببۆوە. زۆریان هەوڵدا کە لەیەکتر جیانەبینەوەو پێکەوە جوانین!! من هەر پێداگریم لەسەر رامانی خۆم کرد و سەرەنجام پێش تەواوبوونی یەکەمین رۆژی کۆبوونەوەی کۆمیتەی، گوتم: (هەڤالان! من لە هەڵوەشاندنەوەی حزبی یەکگرتن و چوونە ناو حزبێکی دیکە بەشداریتان لەگەڵدا ناکەم، داواش دەکەم کە بە کۆنفرانس یان بە کۆنگرە ئەو بابەتە یەکلایی بکرێتەوە، ئیتر تا بەستنی کۆنفرانس یان کۆنگرە بەشداری هیچ کۆبوونەوەیەک لەگەڵ ئێوەدا ناکەم، چونکە دوو رای جیاواز، وەک دوو هێڵی تەریب هەرگیز بەیەکتر ناگەین و بەشداری بوونم لەو کۆبوونەوانەدا بێواتایە). ئیتر هەموومان لە کۆبوونەوە هاتنیە دەرێ و رۆژی دواتر نەچووم و بەشداریم لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا نەکرد.

رامانی من، ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی و مەکتەبی سیاسی بێزار کردبوو. هەر ئەو ئێوارەیە واتە لە ئێوارەی ٩-٧-١٩٩٣ لەڕێی بێسیمەوە بروسکەیەک بەناوی مەکتەبی

سیاسی بۆ کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی و دهۆک رەوانە دەکەن و تێیدا دەنووسن کە ئەگەر 'رێکار' هاتە ئەوێ رێی پێنەدرێ کە کۆبوونەوە لەگەڵ کادرەکاندا بکات، چونکە ئەو نایەت، لەوانەیە کاریگەری لەسەر کادران دابنێ و ئەوانیش بە هەڵوەشاندنەوەی حزبی یەکگرتن رازی نەبن.

کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی کۆتایی پێهاتبوو. هەڤاڵێک هەواڵی پێدام کە کاک محەمەدی حاجی مەحمود دەیەوێ چاوی پێتبکەوێ. چەند سەعات دواتر دوو قۆڵی پێکەوە دابنیشتین. ئەو وای پێشاندا کە زۆر بە هەڵوێستی من سەرسامەو ئەویش دەیەوێ یەکگرتن هەڵنەوەشێتەوە. دەیان بەڵگەو پاساوی بۆ مانەوەی حزب هێنایەوە، سوێندی بۆ خواردم کە ئەویش دەمێنێتەوەو هەوڵی رازیکردنی حاڵەحاجی و مامۆستا نیزامەدین گلی دەدات. ئەو دەیگوت با ئەوانی دیکە بڕۆن، چونکە باوەڕیان نەماوەو مرخی خۆیان لە پۆستی حکومەت خۆشکردووە!

هەروەها لەو ماوەیەدا لەگەڵ مامۆستا هادی و کاک عەبدوڵلا ساڵح و کاک فازل جەلال قسەم کرد. ئەوانیش دڵنیاییان پێدام کە دەمێننەوەو لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی حزبی یەکگرتندا نین!! من پێموابوو ئەگەر ئەوهەڤاڵانە گوشاری خۆیان دەکار بکەن، لەوانەیە کاک سامی و

هەڤـاڵانی دیـکە لە بڕیـاری خۆیـان پاشـگەزببنەوەو واز لە هەڵوەشاندنەوە بهێنن و بیر لەچارەسەری دیکە بکەنەوە.
ڕۆژی دواتـریش کۆبـوونەوەی کـۆمیتەی ناوەنـدی درێـژەی هەبوو، من بەشداریم تێدانەکرد، سەردانی بارەگای ڕادیـۆو تەلەفزیـــۆنی هەولێـــرم کـــرد. هۆکـــاری نەچـــوونم بـــۆ کۆبـوونەوەی (ک.ن) بـۆ کـادرانی ڕاگەیانـدن ڕوونکـردەوە. ئیدی لەو ڕۆژەدا کۆمیتەی ناوەندی کە شـەش ئەنـدام لەنـاو کۆبوونەوەدا نەبوون، بڕیاریان لە هەڵوەشاندنەوەی حزبـی یەکگرتن دابوو.
دەسـتەی سـەرۆکایەتی حـزب بەمەبەسـتی ڕوونکـردنەوەی هەڵوێســتی خۆیــان و خســتنەڕووی بڕیــارەکەی بەرەو یەکگرتـی گەورەتـر، لە ڕۆژانـی دواتـر سـەردانی کـۆمیتەی پارێزگاکانیــان کــرد. ڕۆژی ١٧-٧-١٩٩٣ شــاندێکی بــاڵای ســەرکردایەتی حزبـی یەکگـرتن کە لەئەنـدامانی دەسـتەی سەرۆکایەتی و مەکتەبی سیاسی پێکهاتبوو، لەگەڵ کادرانی دەڤەری سـلێمانی کۆبـوونەوە، خۆشـبەختانە زۆرینەیـان بە توونـــدی دژی هەڵوەشـــاندنەوەی حزبـــی یەکگـــرتن هەڵوێسـتیان وەرگرتبـوو. هەروەهـا ڕۆژانـی دواتـر لەگەڵ بەشـێک لە کـادرانی هەولێـر کۆببـوونەوە، ئەوانـیش دژی هەڵوەشـــاندنەوەی حزبـــی یەکگـــرتن ڕاوەســـتابوون و پرسیاری هەڵوێستی منیان کردبوو. ئەوان واتێگەیشـتبوون کە مـن ئاگـاداری ئەو کـادرانەم کـردۆتەوە. بەتـایبەتی کـاک

بەکـر حەمە راشـکاوانە پرسـی بـوو: (باشـە بـۆ هەڤـاڵ ڕێکارتـان لەگەڵدا نیە؟ دەکرێ بزانین رای ئەو چیە؟). لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کاک سامی گوتبووی :(بەس ڕێکار دژی ئەو بڕیارە بووە، هەوڵی خۆمان دەدەین و ئەویش رازی دەکەیـن، واتە کەس نـامێنێتەوە). وادیـارە ئەو هەڵوێستەی کادرانی هەولێر بە دڵی سەرکردایەتی نەبووە، بۆیە کاک سامی بە کاک قادر جەباری دەڵێ: (کاک قادر! ئەی نەمـانگوت بروسـکە بـۆ هەمـوو کـۆمیتە پارێزگاکـان لێبدەن و ڕێ نەدرێ ڕێکار کۆبوونەوە بە کادران بکات؟!). ئیـدی بەوهـۆیەوە کـادرانی هەولێـر تێگەیشـتبوون کە مـن لەگەڵیانـدا نـاچم، بـۆیە لە دەرفەتـدا دەهـاتنە لای مـن و پرسیاری هەڵوێستی منیان دەکرد. خۆشبەختانە کۆمیتەی پارێزگای دهۆک دژی بڕیاری سەرکردایەتی هەڵوێستیان گرتبوو داوایان کردبوو لە کۆنگرەدا یەکلایی بکرێتەوە.

لەو ماوەیەدا کاک سامی چەند جارێک لەگەڵ من دانیشت و زۆر هەوڵـی دا کە مـن لەگەڵیـدا بمێـنمەوە. یەک یەک براکانمی بانگ دەکرد و داوای لێدەکردن کە هەوڵی خۆیان بدەن و دڵی منیش رازی بکەن. ئەو دەیزانی کە من زۆر ڕێز لە خاڵەکانم دەگرم و گوێیان لێڕادەگرم، بۆیە داوای لە مامۆستا ئیبراهیم (خاڵم)کردبوو کە هەوڵی خۆی بدات و دڵی من نەرم بکات!. ئەویش پێیگوتبوو: (کاتێک ڕێکار

دەستی بەکاری سیاسی کرد، پرسی بە ئێمە نەکرد، کە وازی لە سۆسیالست هێناو بوو بە پارتی گەل پرسی بە ئێمە نەکرد، من هەوڵی خۆم دەدەم بەڵام باوەڕ ناکەم لەو مەسەلەیەدا بە گوێی کەس بکات! ئەو ئاشقی بیروباوەڕ بووە نەک پارەو دەستەڵات).

لەو ماوەیەی کە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی خەریکی رازیکردنی کادران بوون، کاک عەبدوڵلا سالّح پێیگوتم کە دیدارێکی مام جەلال رێکخراوە، حەز دەکەم تۆش لەگەڵمان دابیت. ئێوارەکەی ئێمە(عەبدوڵلا سالّح، پالّە باوانی، غەریب بامەڕنی و من) لە میوانخانەکەی خۆیدا لە هەولێر سەردانی بەڕێز مام جەلالمان کرد. کاک عەبدوڵلا سالّح لە رێی کاک مەلا یاسینەوە ئەو دیدارەی رێکخستبوو. مام جەلال وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی زۆری بە گەرمی پێشوازی لێکرین و رێزی لێگرتین. دواتر لە دیدارێکدا بە روو خۆشیەوە قسەی لەگەڵدا دەکردین. سەبارەت بە ئامانجی دیدارەکە پرسیاری لێکردین. کاک عەبدوڵلا سالّحیش گوتی: (بەڕێز مام جەلال! ئێمە هاتووین چاومان بە بەڕێزتان بکەوێ و دەردە دڵێکیش بکەین!). دواتر سەبارەت بە بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی سەبارەت بە یەکگرتن لەگەڵ پارتی قسەی کرد. مام جەلال پرسی کە ئایا سەرجەم ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئەو بڕیارەیان

داوە؟؟ کاک عەبدوڵڵا ساڵح ڕووی بەلای مندا وەرگێڕاو گوتی: (هەڤاڵ ڕێکار بە ئاشکرا دەژی ئەوەیە کە حزبی یەکگرتن هەڵبوەشێتەوە، ئێمەش نیگەرانین و حەز بە ماونەوەی دەکەین، بەڵام کێشەکان گەورەن و بە ئاسانی چارەسەر ناکرێن!). دواتر لە میانی قسەکاندا بەڕێز مام جەلال ڕووی لەمن کرد و پرسی: (باشە برادەری عەزیز! ئەتو بۆ دژی هەڵوەشاندنەی حزبی یەکگرتنیت؟!). منیش سەبارەت بە پێکهێنانی حزبی یەکگرتن قسەم کرد و دواتر گوتم: (بە هەڵوەشاندنەوەی حزبی یەکگرتن تای تەرازووی هێز لە کوردستان دەگۆڕدرێ، شەڕی براکوژی هەڵدەگیرسێ، من دژی هەڵگیرساندنی شەڕی براکوژیم، بۆیە دژی هەڵوەشاندنەوەی حزبی یەکگرتنم).
وادیار بوو ئەو قسانە کاریگەریان هەبوو. ماوەیەک هەمووان بێدەنگ بووین. دواتر مام جەلال ڕووی لەکاک پاڵەو عەبدوڵڵا ساڵح کردو پرسی:(ئێوەش پێتانوایە کە بەهۆی نەمانی یەکگرتن شەڕی براکوژی دروست دەبێ؟!). ئەوانیش هاوڕامان بوون و ترسی خۆیان لە هەڵگیرساندنی شەڕی براکوژی خستەڕوو. سەرەنجام مام جەلال گوتی: (برایان هەڵگیرساندنی شەڕی براکوژی هێندە ئاسان نیە، پەیوەندی نێوان من و جەنابی کاک مەسعود زۆر خۆشە، هەردوولامان تێگەیشتووین، ئاقڵبووین و دەزانین کە

شـەڕی براکـوژی هەمـوو دەسـتکەوتەکانمان لەبـێن دەبـا!. ئێـوەش خـاوەن بڕیـاری خۆتـانن، ئەگەر یەکگـرتن بڕیـاری خۆیدا و چوو بۆ ناو پارتی، ئێوە رەگەزی خێربن و رێ لە هەڵگیرسـاندنی شـەڕی براکـوژی بگـرن!! ئەگەر دەمێنـنەوە هەوڵبـدەن پەیوەنـدی خۆتـان لەگەڵ هەمـووان بـاش بـکەن، ئەگەر مەبەسـتی دیکەشـتان هەیە، فەرمـوون لە خزمەتـداین!). هێشـتا مـام جەلال قسـەکانی خـۆی تەواو نەکردبـوو، کـاک پـاڵە بە پێکەنیـنەوە گـوتی: (بەڕێـز مـام جەلال ئەگەر یەکگـرتن بڕیـاری هەڵوەشـانەوەی دا، ئـێمە دێینە ناو یەکێتی). مـام جەلال ئەو داوایەی نەکردبوو، ئەو چاوەڕوانیەشی نەبوو، بۆیە بە زوویی دەستوبردی کرد و گـوتی: (برایـان مـن ئەو داوایەم نەکـردووە، ئێـوە ئـازادن، دەرگەی یەکێتـی بەرووی کەسـانی چەپ و پێشـکەوتنخواز کـراوەیە). مـن و کـاک عەبـدوڵلا سـاڵح و کـاک غەریـب بـامەڕنی، خۆمـان لە قسـەی کـاک پـاڵە بێـبەری کـرد و رامانگەیانـد کە ئەوە رای خـودی خـۆیەتی و پێشـتریش قسـەی لەو بابەتە نەکراوە. راستیەکەی بەڕێز مـام جەلال بەو قسەی کاک پاڵە ئیحراج ببوو، بۆیە نەیویست درێژە بەو باسـە بـدرێ. زۆر جەختـی لەسـەر برایەتـی و تەبـایی نێوان لایەنە سیاسـیەکانی کوردسـتان کـردەوەو باسـی لە خەون و خواسـتەکانی گەلـی کوردسـتان کـردو دڵنیـای کردینەوە کە ئیدی گەلی کوردستان بۆ دواوە ناگەڕێتەوە،

ڕۆژ دوای ڕۆژ، هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشەوە دەڕوات و، بۆ مسۆگەرکردن و وەدەستهێنانی مافی زیاتر تێدەکۆشێ. دەبێ هەمووومان بەو لۆژیکەوە سیاسەت بکەین و لە خەمی گەلەکەماندابین.

لەڕێی گەڕانەوە بۆ بارەگا، ئێمە گلەییمان لە کاک پاڵە کرد و گوتمان: (کێ باسی چوونە ناو یەکێتی کردووە؟ بۆچی واتگوت؟). کاک پاڵە لە ڕووداما بوو، هەستی بە هەڵی خۆی دەکرد، بە هەناسە ساردیەوە گوتی: (من هەر لەسەرەتاوە دژی هەڵوەشانەوەی پارتی گەل بووم، ئێستا کە گەل فت بووە، دەیانەوێ یەکگرتنیش فت بکەن، بۆیە ئەو بەردەم فرێدا تاوەکو هاوکاریمان بکەن گەل زیندوو بکەینەوە!).

لەماوەی دوو هەفتەی دوای کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، واتە لە ١٠ تا ٢٤ی تەمموز چەند جارێک لەگەڵ کاک محەمەدی حاجی مەحمود یەکترمان بینی. ئەو هەمیشە جەختی لەسەر مانەوە دەکردەوەو وای پێشاندەدا کە دەیەوێ لە کرۆکی هەوڵەکانی کاک سامی و کاک ملازم کەریم تێبگات و بزانێ کە بە چ مەبەستێک باس لە یەکگرتنی گەورەتر دەکەن! لەو ماوەیەدا من بودجەی حزبی یەکگرتنم لە حکومەت وەرگرتبوو. کاک محەمەدی حاجی مەحمود چووبوو بۆ لای کاک کۆسرەت و داوای پارەی لێکردبوو، پێیگوتبوو کە ئەگەر هاوکاریمان بکەن و

بودجەکەمـان نەبـڕن، ئەوە یەکگـرتن دەمێنێـتەوە. ئەویـش پێیگوتبـوو ئەم مـانگە بـودجەم سـەرف کـردووەو پـارەکە خـراوەتە سـەر ژمـارە حیسـابی حزبـی یەکگـرتن و فـڵانە کەس (واتە ڕێکار) ئاگای لێیە.

کاکە حەمە دەیزانی کە تەنیا بە ئەمری من دەتوانرا پارە لە ژمـارە حیسـاب رابکیشـرێ. دوای گەڕانەوەی لەلای کـاک کۆسـرەت باسـی ئەوەی کـرد کە پـارە خـراوەتە ژمـارە حیسـاب. منـیش پێمگـوت بەڵـێ، بەڵام دوێنـێ پـارەکەم دەرهێناوەو بە ئەمری کاک سامی و کاک شوان بۆ رادیـۆو تەلەفزیۆن و بـۆ قەرزی کـۆمیتەی پارێزگاکـان سـەرفکراوە. ئەوەی لای مـــن ســـەیربوو ئەوەبـــوو، هەمـــووان تـــا سـەرفەکەیان نەدیبـوو، دڵنیـان دانەمرکـابۆوە. زۆریشـم لا سـەیربوو کە بـۆچی پەلەیـان لەسـەرفکردنی دەکـرد! ئەوان جاران تکایان دەکرد کە دەستی پێوەبگرم و بۆ شـتی زۆر گرنـگ و پێویسـت نەبـێ، سـەرفی نەکەم، کەچـی ئێسـتا خواخوایانە کە یەک فلس نەمێنێتەوە. بەوهۆیەوە نیو ملیۆن دینـارەکە هەمـووی سـەرف کـراوە، بەڵام شـتێک هەیە لێتناشـارمەوە کە ئەم مـانگە دوو بـودجە لەمـاوەی یەک هەفتەدا سـەرف کـراوە. واتە نیـو ملیـۆن دینـار لە بانـک دا ماوە، کاک سـامی دەزانـێ، دەیەوێ بەو نیو ملیـۆنە بەڵا لە خـۆی دوور بکـاتەوە، بەڵام مـن بـۆ مـانەوەی یەکگـرتن سەرفی دەکەم. سەیرم کرد بەو کارە زۆر نیگەرانە. دواتر

بیستمەوە کە لەملاولەولا گلەیی کردبوو، گوتبووی فلانە کەس (رێکار) دەیەوێ خۆی کەسی یەکەم بێ بۆیە پارەکەی لە بانک هێشتۆتەوە. رۆژی ٢٤ی تەمموز کاک محەمەدی حاجی مەحمود هات بۆ هەولێر. لە شوێنێکدا یەکترمان بینی. ئەو گوتی چەکی زۆرم هێناوە، دەبێ لە ئێستاوە ئاگامان لە بارەگای رادیۆو تەلەفزیۆن و بارەگای مەکتەبی سیاسی هەبێ. ئەگەر کاک سامی و هەڤالان رۆیشتن، ئێمە رێ نەدەین کە ئەوان دەستی بەسەردا بگرن. من دڵنیام کردەوە کە بارەگای رادیۆو تەلەفزیۆن مسۆگەرە، چونکە کارمەندانی هی خۆمانن و دەمێننەوە. هەرچەندە کە من پێداگریم کرد و دڵنیام کردەوە، کەچی کاکە حەمە پەرۆشی و دڵسۆزی نواندو بەزۆر ئاربیجی وچەند گوللەیەکی بەو پێشمەرگانەدا کە لەگەڵ من بوون و گوتی: ( ئەوانە بۆ بارەگای رادیۆو تەلەفزیۆنە). دواتر زۆر پێداگری لەسەر یەکگیرفانی کردەوەو وای پێشاندا کە مانەوەی پارە لە بانگ سوودی بۆ ئێمە نابێ و کاک سامی لەرێی حکومەتەوە دەستی بەسەردا دەگرێ، بۆیە باشتروایە دەریبهێنی، جا بە ئارەزووی تۆ، لای خۆت دەمێنێتەوە یان دەیدەیتە من و دەیبەم لە سلێمانی هەڵیدەگرم. من لە دڵەوە گوتم ئەگەر بڵێم با لای من بێ، لەوانەیە گومانی لەلا دروست بێ و دڵ پیسی بکات، بۆیە

بۆ متمانەپێکردن داوام لێکرد کە یەکێک لەگەڵمدا بنێرێ کە هەر ئێستا دەچم دەریدەهێنم، گوتم: (جیاوازی لەنێوانماندا نیە، مادام بەڵێنی مانەوەت داوە، با پارەکە لای تۆ بێ، بەڵام بەومەرجەی بۆ درێژەپێدان بە یەکگرتن بێ). کاکە حەمە دەیان شێرو رێوی هێنایەوەو سوێندی بە شەرەف و بە قورئان خوارد کە دەمێنێتەوە، گوتی: (ئەگەر نەمامەوە ئەوە پارەکە بۆ تۆ دەگێڕمەوە!!). منیش فریوی قسەکانی ئەوم خوارد و زۆر خۆشباوەڕانە بڕیارمدا کە پارەکە بەو بدەم. هەر ئەو کاتە داوام لە کاک نەوزاد کرد کە شۆفێری کاک محەمەدی حاجی مەحمود بوو، لەگەڵمدا بێ و بچین بۆ بانک. رۆژی ٢٤-٧-١٩٩٣ بە چەکی لاپەڕە (١٢١٨٨٥٩) دەفتەرچەی ژمارە (٦٦٣٠) پارەکەم لە بانکی رافیدەین دەرهێنا[٢٧] و بە کاک نەوزادم دا تا بۆ کاک محەمەدی حاجی مەحمودی ببات. مخابن چوار رۆژ دواتر واتە لە ٢٨ی تەمموزدا، لە هەنگاوێکی چاوەڕواننەکراودا ئەو بەڕێزە بەیاننامەی هاوبەشی بەرەو یەکبوونی لەنێوان یەکگرتن و پارتی لە سلێمانی خوێندەوە. هەندێک لەلایەنگرانی خۆیشی کەوتنە هەلەکە سەماو دەستیان بە دروشمی 'زەردو شینی ئاسمانی، کاکەحەمەو بارزانی' کرد. دەگوترا کاک محەمەدی حاجی مەحمود پێشتر

---

[٢٧] کۆپی ئەو لاپەڕەیەی کە پارەکەی پێراکێشراوە، لە بەشی بەڵگەنامەکاندا خراوەتەڕوو.

ئامادەکـاری بـۆ ئەو کـارە کردبـوو، خـزم و هاوکـارانی پێشـــەنگ بـــوونەو خەڵکـــی ڕەشـــۆکییش لە بێئاگـــاییەوە بەدوایـان کەوتـوون. ڕاستیەکەیشـی لۆژیـک ئەوە قەبـوڵ ناکـات کەسـێک ئەنـدام یـان کـادری پـارتی دیمـوکراتی کوردستان بێ، کەچی دروشمێک بڵێتەوە کە ناوی بارزانی لە دواوەی کـــاکە حەمەدا بـــێ!. ئەو ڕەفتـــارەی کـــاک مـحەمەدی حـاجی مەحمـود یەکەمـین هەنگاوی بێبەڵێنـی و پەیمانشـکێنی خۆیـا دەکـرد، بەڵام هەرزوو هەواڵـی بـۆ مـن ناردو دڵنیایی کردمەوە کە بۆ سەرلێشێواندنی کاک سامی و هەڤـاڵانی دیـکە ئەو کـارەی کـردووەو تـا ڕۆژی کـۆنگرە درێـژەی پێدەدات و لە نێو کـۆنگرەدا هەڵوێسـتی ئاشـکرای دەبێ و دەمێنێتەوە!!

مــن لەگەڵ بڕیــاری خــۆم دا ڕاســتگۆ بــووم، بــۆیە بــۆ ڕوونکــردنەوەی هەڵوێســتەکان، ســەردانی بەڕێــز کــاک جەوهەر نـامق، سـەرۆکی پەرلەمـان و ئەنـدامی مەکتەبـی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانم کرد. سەبارەت بە مانەوەی ئێمە قسـەمان کـرد. ئەو ڕاشکاوانە پێشنیارەکانی خۆی خستەڕوو، پێیباشبوو هەمووومان بچین یان گوشـار لەسـەر کاک سامی دروست بکەین و ناچاری بکەین لەو بڕیارە پاشگەز ببێتەوە. دواتر سەردانی بەڕێز کاک قادر عەزیز، سکرتێری گشتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

و کاک عەبدولخالق زەنگەنە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشان و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان کردو باسی رامانی خۆمانم بۆ کردن. ئەویش رۆژێ ئەوانیش کێشەیان لەگەڵ ئەو باڵەدا هەبوو کە بۆ چوونە ناو یەکێتی خۆیان ئامادە دەکرد. پاشان لە رێی مامۆستا مەلا حەسەن سەردانی بەڕێز هاوڕێ عەزیز محەمەد، سکرتێری گشتی حزبی شیوعی عێراقم کرد. مەبەست لەو سەردان و دیدارانە بۆ ئەوەبوو کە ئەوانیش بزانن کە هەموو حزبی یەکگرتن ناڕوات و بەشێکی دەمێنێتەوە.

شەوانە کاک سامی بەدوایدا دەناردم و پێکەوە لەناو باخچەکەیدا پیاسەمان دەکرد. ئەو هەوڵی دەدا تا من رازی بکات، منیش هەوڵم دەدا کە ئەو پاشگەز بکەمەوە. راستیەکەی کاک سامی رێزی زۆری هەبوو، منیشی خۆشدەویست و حەزی دەکرد دانەبڕێم. ئەو جەختی دەکردەوە کە سیاسەت کردن لەنێو پارتیدا زۆر ئاسانە، ئەوانەی توانایان هەیە دەتوانن شوێنی خۆیان بکەنەوە. ئەو دەیگوت وەک ئەوە وایە کە یاریزانێکی لێهاتوو بچێتە نێو تیپێکی تۆپانێ، بەڵام یاریزانەکانی ئەو تیپە هەموویان ماندوو، هیلاک، کەمتوانا و بەساڵاچوو بن، ئەویش گوڕوتینێکی زۆری هەبێ، بەوهۆیەوە سەرنجی راهێنەری تیپەکە بۆ لای خۆی رادەکێشی. بۆ سەرکەوتنی تیپەکەی ناچار دەبێ کە بایەخی زیاتری پێبدات و بیکات بە کاپتن!).

شەوێک لەو شەوانەی کە پێکەوە پیاسەمان دەکرد و کاک سامی هەوڵی تامیکردنی منی دەداو لێیدەخواستم کە وەک پێشوو هاوکار و پشتیوانی بم، من پێمگوت: (تکات لێدەکەم با حزبی یەکگرتن بە دەردی پارتی گەل نەچێ، ئەگەر هەر لە هەڤـالانی سەرکردایەتی نائومێدو بێهیوابوویت با پارتی گەل زیندوو بکەینەوە، دەنا بەڕێزتان بڕۆن دابنیشن و ببن بە 'أب القائد' واتە سەرکردەی باوک). کاک سامی بەو قسەیە تووڕەبوو، بەتووندی وەڵامی دامەوەو گوتی: (کوڕۆ تو دخوازی ئەز ببم ئەحمەد حەسەن بەکر و توژی ببی سەدام حوسێن؟!). ڕاستیەکەی من ئەو مەبەست و نیازەم نەبوو. من دەمویست کاک سامی وەک هزروانێکی چاک و سەرکردەیەکی لێهاتوو لە لووتکەدا بمێنێتەوە. کاک سامی هەموو روخسارێکی سەرکردەی تێدایە، تەنیا لە بەڕێوەبردن و لە ڕەفتاری ڕۆژانەیدا سەرکەوتوو نیە. ئەگەر رق لەیەکێک هەڵبگرێ، لەوانەیە بۆ هەمیشە ئەو رکە لەدڵیدا بمێنێتەوە.

من دەمزانی کە کاک سامی زۆر لە ڕەفتارەکانی کاک ملازم شوان و کاک محەمەدی حاجی مەحمود بێزارو تەنگەتاو بووە. بە کوردیەکەی ماندوویان کردبوو، بۆ دەربازبوون لەوان بەدوای دەریچەیەکدا دەگەڕا. لە درێژەی قسەکانمدا گوتم: (مەبەستم ئەوەنیە تۆ ببێ بە

ئەحــمەد حەســەن بەکــرو منــیش بــبم بە ســەدام، چــونکە مرۆڤەکــان وەک یەک نــین، هەرکەســە خــۆیەتی و نــابێ بە کەســـی دیـــکە. مەبەســـتم ئەوەیە بەرێزتـــان لە لـــووتکەدا بمێننەوە، کاریگەریتـان لەسـەر داهاتووشـدا هەبـێ، حـزب ئیلهام لە بۆچوونەکانت وەربگرێ).
کاک سامی کاریگەری زۆری لەسـەر کادرانی پارتی گەلدا هەبــوو، رامــانی خــۆی ســەبارەت بە حــزب، ســەرکردەو وڵاتانیش بۆ ئێمە بەیانکردبوو. ئەو رێزێکی زۆری لە مـام جەلال و شەهید عەبدولڕەحمانی قاسملو دەگرت، بەڵام لە رۆژانــی پــێش دووەمــین کــۆنگرەی یەکگــرتن، راشـکاوانە هەســـت بەوە دەکـــرا کە دڵـــی لەمـــام جەلال شـــکاوە. راستیەکەیشـــی نـــاهەق نەبـــوو، چـــونکە هەنـــدێک ئەنـــدامی ســـەرکردایەتی لە خـــۆڕاوە قســـەی ســـەیرو ســـەمەرەیان بە نـــاوی مـــام جەلالەوە بـــۆ کـــاک ســـامی دەهێنـــایەوە. کـــاک محەمەدی حاجی مەحمود کە زۆر دژایەتـی یەکێتـی و مـام جەلالـی دەکـرد، دەیویسـت هەمـوو سـەرکردایەتی یەکگـرتن هەمان رق لە سەرکردەکانی یەکێتی هەڵبگرن، کـاک مـلازم شوان هەمان بۆچوون و رامانی هەبوو، بەڵام کـاک مـلازم کەریـم و مامۆسـتا سـەعدو مامۆسـتا عەبـدوڵلا ئـاگرین و کاک قادر جەباری و مامۆسـتا نیزامەدین گلـی، پێچەوانەی ئەوان بـــوون، هەر لە ســـەرەتاوە پێیـــانوابوو کە دەبـــێ پێوەندی نێوان یەکگرتن و یەکێتی تایبەت و پتەو بێ. ئێمە

خوازیاربووین کە حزبی یەکگرتن پێوەندی راستین و برایانەی لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی کوردستاندا هەبێ. بە داخبارییەوە لە نەخۆشی حزبی یەکگرتنمان دەڕوانی و بەدوای رێگەچارەیەکدا دەگەڕاین، کەچی بەچاوی خۆمان دەمانبینی کە سەرکردایەتی باڵادەست بۆ سەربڕینی حزبی یەکگرتن چەقۆ تیژدەکات. بۆ رێگرتن لەسەربڕینی حزبی یەکگرتن هیوامان لەسەر کۆنگرە هەڵچنی بوو. هەوڵی خۆمان دەدا کە لە کۆنگرەدا ئەو کێشەیە یەکلایی بکرێتەوە. شەوێکیان لەگەڵ کاک سامی، دوو بەدوو لە باخچەی میوانخانەکەی ئەودا پیاسەمان دەکردو سەبارەت بە یەکگرتن قسەمان دەکرد، کاک سامی رکی پەنگخواردووی خۆی لە مام جەلال نەشاردەوەو گوتی: (ئەمن نازانم جەلال تاڵەبانی لەبەرچی حەز بە شکستی ئێمە دەکات؟! بۆچی دژایەتیمان دەکات؟!، شەرت بێ دارێکی لە رۆحی بدەم تا لە ژیان ماوە هەر بڵێ ئۆف!). ئەو قسەیەی کاک سامی ئاوارتەو چاوەڕوان نەکراوبوو، چونکە زۆر جاران لەبەردەم ئێمە(هەڤالانی پارتی گەل)دا باسی سەرکردەبوون، تواناو لێهاتوویی بەڕێز مام جەلالی کردبوو، رستەی 'مام جەلال بەڕێزتان سەروەرن'ی دەکار کردبوو. دەیانجار گوتبوی خەبات بەبێ مام جەلال ناکرێ.

پێیوابوو ئەگەر هەموو حزبەکان پشتی ئەو سەرکردەیە بگرن، ئیدی کەشتی کورد بە مەنزڵێ بێوەیی دەگات.
جاران پێوەندی نێوان مام جەلال و کاک سامی زۆر بەهێز و پتەوبوو. لەدوای دامەزراندنی پارتی گەل لە ساڵی ١٩٨١، هەردووکیان لە سوریا یەکتریان دیتبوو، رێککەوتنێکی زارەکی و ئەخلاقیان کردبوو. هەر لە رێی رێزدار 'مام جەلال'یشەوە معەمەر قەزافی سەرکۆماری لیبیا، هاوکاری بۆ کاک سامی و پارتی گەل رەوانە کردبوو. ساڵی ١٩٨٧ کاک سامی بۆ دیداری مام جەلال چوو بۆ یاخسەمەر، ماوەی سێ هەفتە لەلای مایەوە. ئەو پێشمەرگانەی کە لەگەڵی دابوون، دەیانگێڕایەوە کە مام جەلال لەڕادەبەدەر رێزی لە کاک سامی گرتووە، چەکی پێداون و هاوکاری کردوون. هەروەها مەفرەزەیەکی تایبەتی لە پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە خزمەت داناوەو رایسپاردوون کە لەگەڵ کاک سامیدا برۆن، بۆ هەر شوێنی دەچێ، دەبێ لەگەڵیدابن و بەباشی پاسەوانی لێبکەن. مام جەلال گوتبووی بە هەر نرخێک بێ، پێویستە بە سەلامەتی و بە پارێزراوی بگەڕێتەوە ئێرە.
دوای ئەوەی کاک سامی لەو گەشتە گەڕایەوە، نامیلکەی (جولة فی الأرض المحروقة)ی نووسی کە ئەوێ رۆژێ، ئەو نامیلکەیە بەهاو نرخێکی گەورەی رۆژنامەوانی و

مێژوویی هەبوو. لەو نامیلکەیەدا کاک سامی ستایش و پەسنی زۆری 'مام جەلال' و (ی.ن.ک)ی کردبوو.
لەسەرەتای پێکهێنانی حزبی یەکگرتنی کوردستان، دیسانەوە پێوەندی نێوان کاک سامی و مام جەلال هەر زۆر باش و تایبەت بوو. تەنانەت لە بەشداریکردنیان لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق هاوڕامان و هاوهەڵوێست بوون. کاک سامی لەدووەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی یەکگرتندا زۆر راشکاوانە ئاماژەی بە هەڵوێستی جوامێرانەی مام جەلال و (ی.ن.ک)ی کرد، کەچی لە ئابی ١٩٩٣دا پێچەوانە ببۆوە و بۆچوونی کاک سامیش گۆڕانی بەسەرداهاتبوو.

# پێش دووەمین کۆنگرە

ڕۆژی ٣٠-٧-١٩٩٣ هەواڵی شەهیدکردنی ڕێناس (قەیس محەمەد) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و بەرپرسی لقی دهۆک بڵاوبۆوە. کۆمیتەی پارێزگای دهۆک لەڕێی بێسیمەوە هەواڵی پێداین کە کاتژمێر ٢٢،٤٥ی ڕۆژی ٢٩-٧-١٩٩٣ هێزەکانی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەیەک کاتدا هێرشیان کردۆتە سەر بارەگای زاخۆ و دهۆکی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، لەنێو ماڵەکەی خۆیدا، بەبەرچاوی ژن و منداڵەکانیەوە دەستڕێژیان لە 'ڕێناس محەمەد' کردووەو شەهیدیان کردووە، هەردوو بارەگاکەش تاڵان کراون. ئەو هەواڵە وەک زەنگی مەترسی بۆ هەڵگیرساندنی براکوژی لێیدا. کۆمیتەی ناوەندی حزبی یەکگرتنی کوردستان بەو هەواڵە نیگەران و دڵتەنگ بوون، بەڵام هەڵوێستەی پێنەکردن و لە هەنگاوی بەرەو چوونە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان ساردی نەکردنەوە. شەهیدکردنی کاکە 'ڕێناس' کە هەڤاڵێکی دێرین و مینای برایێکی خۆشەویستم بوو، زۆر داخباری کردم، تەنیا ئەوەم لەدەستهات کە بروسکەیەکی سەرەخۆشی بنێرم و هاوخەمی خۆمیان پێڕابگەیەنم.

سەرکردایەتی باڵادەستی حزبی یەکگرتن لێبڕاوانە بەرەو خەونی خۆی هەنگاوی هەڵدەگرتەوە، بەڵام سەرەنجام لەژێر گوشاری کادرانی کۆمیتەی پارێزگاکان و پێداگری ئێمە (من، عەبدوڵلا ساڵح و فازل جەلال)، مەکتەبی سیاسی لە رۆژی ٧-٨-١٩٩٢ کۆبۆوەو بڕیاری دا کە رۆژی ١٤ی ئاب دووەمین کۆنگرەی حزبی یەکگرتن پێکبهێنێ و لەوێ بڕیار لە چارەنووسی حزب بدرێ. سەرکردایەتی باڵادەست بەباشی تێگەیشتبوو ئەگەر ئەندامانی کۆنگرە لەڕێی هەڵبژاردنەوە بۆ کۆنگرە بێن، بەرنامەی ئەوان هەرەس دێنێ و بڕیار لە مانەوەی حزبی یەکگرتن دەدرێ، بۆیە بەئەنقەست یەک هەفتە زووتر بڕیاریاندا کە کۆنگرە ببەسترێ. بەهۆی ئەوەی کاتێکی کورت لەبەردەم مابوو، کۆمیتەی پارێزگاکان فریای کۆنفرانس و هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە نەدەکەوتن. سەرکردایەتی باڵا دەست داوای لە بەرپرسانی کۆمیتەی پارێزگاکان کرد تا ئەو کادرانە بۆ دووەمین کۆنگرە بانک بکرێن کە کۆسپ لەبەردەم هەڵوەشاندنەوەی حزبی یەکگرتن دروست ناکەن!!

ئێمە زۆر بەئارامی و لەسەرخۆ کاری خۆمان دەکردو پێداگریمان لەسەر مانەوەی حزبی یەکگرتن دەکردەوە. رۆژانە کادران پەیوەندیان پێوەدەکردین و دەیانویست لەو دەنگۆیانە تێبگەن کە سەبارەت بە رای ئێوە بڵاودەکرایەوە.

ئێمە پێمانوابوو کە بەهۆی هەڵوەشانەوەی حزبی یەکگرتن هەم پارسەنگی هێز لە کوردستان دەگۆڕێ و هەمیش دیاردەی فرەحزبی لەترکزە دەکەوێ. بەوهۆیەشەوە دوو سەنگەری زیندوو دەکرێتەوەو شەڕی براکوژی هەڵدەگیرسێتەوە. چەند جارێک ئەو بابەتەم لەگەڵ کاک سامی دا هێنایەگۆڕێ. ئەو پێیوابوو کە بە یەکگرتنێکی گەورەتر پایەی دیموکراسی لە کوردستان دەچەسپێ و قایم دەبێ، هەروەها سیاسەتی فیفتی بە فیفتی کۆتایی پێدێ!! لەو ڕێیەشەوە کوردستانیان بە وێستگەی ئارامی دەگەن. شەوێکیان زۆر تکای لێکردم کە ژیانی خۆم و نزیکەکانی خۆم نەخەمە مەترسیەوە. داوای لێکردم یان لەگەڵیدا بۆ ناو پارتی بچم، یان بچم بۆ ناو یەکێتی نیشتمانیی کوردستان یان لە کوردستان دوور بکەومەوەو بچمە ئەوروپا. کاک سامی درێژەی بە پێداگریەکانی خۆیداو دڵسۆزانە گوتی: (چیتان پێویست بێ بۆتان جێبەجێ دەکەم! ئەگەر دەتەوێ ڕەوانەی بەریتانیاتان دەکەم!، تکام وایە کارێک مەکە کە دڵم لێت بشکێ، وامەکە مام و برازایەتیمان تێکبچێ).

شەو درەنگ داهاتبوو، دەمویست ماڵئاوایی لێبکەم، بەڵام پرسیم: (کاک سامی چ کارێک مام و برازایەتیمان تێکدەدات و بە چ شتێک دڵت دەشکێ؟). بەبێ ڕاوەستان

گوتی: (ئەگەر حزب دروست بکەیت!). زەردەیەکم هاتە سەر لێوانم، دوایی گوتم شەو درەنگە بەڵام سبەی شەو ئەو بابەتە یەکلایی دەکەینەوە.
شەوی دواتر ئەو بابەتەمان درێژتر کردەوە. من پێمگوت: (باشە بۆچی بەڕێزتان لە ساڵی ١٩٧٩ لە پارتی جیابوونەوەو لە ١٩٨١ 'پارتی گەل'تان دامەزراند؟). کاک سامی دەیان پاساوی هێنایەوە. پێیوابوو کە بۆ ئەوێ رۆژێ دامەزراندنی پارتی گەل خواست و پێداویستی قۆناغەکە بوو. گوتی: (کاتێک هەستم بە مەترسی هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان کوردانی ئێران و عێراق (رۆژهەڵات و باشوور) کرد، ناچاربووم کە جیاببمەوە. هەڵبەت وازهێنان لە سیاسەت کارێکی قێزەوەن و راکردن بوو لە بەرپرسیارێتی، بۆیە لەژێر ناوی پارتی گەلدا درێژەمان پێدایەوە). منیش گوتم: (بەنەمانی حزبی یەکگرتن نەک هەر مەترسی هەڵگیرساندنی شەڕی براکوژی هەیە، بەڵکو هەڕەشەی ئاشکراش لەسەر دەستکەوتەکانی باشوور دروست دەبێ!. لە هەنگاوی یەکەمدا گورزێکی کاریگەر لە پەیکەری ئەو دیموکراسیە دەدرێ کە دەمانەوێ هەنگاوی بۆ هەڵبگرینەوە، چونکە دیاردەی فرەحزبی دەپوکێتەوە. ئەوەتا باڵێک لە حزبی زەحمەتکێشان دابڕاوەو دەیەوێ بچێتە ناو یەکێتی، ئێوەش

دەتــانەویٚ بچــن بــۆ نــاو پــارتی، ئایــا کــام حــزب لە گۆڕەپانەکەدا دەمێنێتەوە؟!).

ئەویٚ رۆژیٚ جـگە لە یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان و پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق، حزبی شیوعی عێراق، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێـڕاق و پـارتی پارێزگـارانی کوردسـتان هەبوون.

کاک سامی پێیوابوو کە حزبایەتی لە باشووری کوردستان وەک وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـای لێـدیٚ. لەویٚ دوو حزبی گەورە، دیموکرات و کۆماریخوازەکان هەن! لێرەش پــارتی و یەکێتــی دەمێــنەوە. جەختــی دەکــردەوە کە کوردەکـانی نـاو حزبـی شـیوعی عێـراق وردە وردە واز دەهێـنن و بەرەو پـارتی و یەکێتـی دەڕۆن، بـزووتنەوەی ئیسلامی و پارێزگارانیش دێنە ناو پارتی، یان لە فەلەکەی پارتیدا جێگیر دەبن.

لەسەرەتای مانگی ئابدا، ئێمە شـوێنێکمان بـۆ بارەگا لەناو شـاری هەولێـر بەکـریٚ گـرت. پێداویسـتیەکانمان بـۆ دابـین کرد و جیهازێکی پەخشی رادیۆشمان لێدانا. بەکوردیەکەی خۆمـان بـۆ درێـژەدان بە کـاروانی تێکۆشـان ئامـادە کـرد. کارمەند و بەڕێوەبەرانی ئێزگەکەش دەستنیشان کران.

من لەڕۆیشتنی سەرکردایەتی باڵادەستی حزبی یەکگرتن دڵنیابووم، بەڵام هێشتا سووکە گومانێک بۆ ماونەوەی کاک محەمەدی حاجی مەحمود مابوو. ڕۆژی ١١ی ئاب کاک محەمەد نامەی بۆ ناردم و داوای لێکردم کە بۆ ئێوارەکەی لە سلێمانی بم. کاتژمێر شەشی ئێوارە گەیشتمە سلێمانی و بۆ ماڵی ئەوان چووم. سەیرم کرد زۆر کەیفی ساز بوو، پێیوابوو کە زۆرینەی کادران دەمێننەوە، ئەوانەیشی کە دەڕۆن لەلایەن پارتیەوە بە ساردی پێشوازیان لێدەکرێ و هیچ پۆست و بەرپرسیارێتیان پێنادرێ. ئەوجارەیان ڕاشکاوانە ڕامانی هەڤاڵانم سەبارەت بە خۆی پێگەیاند. ئەو بە پێکەنینەوە دڵنیای کردمەوە کە هەمووی سێ ڕۆژی دیکە ماوەو ڕاستی و چەوتی دەردەکەوێ. دواتر گوتی: (دیدارێکمان لەگەڵ بەڕێز مام جەلال ڕێکخستووە، ئەم ئێوارەیە لە قەڵاچوالان سەردانی دەکەین).

ئێوارەکەی بۆ قەڵاچوالان بەڕێ کەوتین، هەردووکمان لەنێو سەیارەکەی ئەودابووین. سەبارەت بە دیدارەکە، چۆنێتی خستنەڕووی ڕامانی خۆمان، شێوازی داوای پشتگیری و هاوکاری قسەمان کرد. ئەو حەزی دەکرد کە من قسە بکەم و باسی مانەوەی یەکگرتن و داوای هاوکاری لێ بکەم. منیش پێموابوو کە ئەو لە نزیکەوە مام جەلال دەناسێ، باشتروایە ئەو قسە بکات، چونکە هەم

ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی حزبی یەکگرتنەو هەمیش پێگەو شوێنی کارکردنی لە پارێزگای سلێمانیە. سەرەنجام لەسەر هەندێ شت ساغ بووینەوە.
بەڕێز مام جەلال لە بارەگای تایبەتی خۆی لە قەڵاچوالان بەگەرمی پێشوازی لێکردین. لە دانیشتنێکدا کە ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی ئامادەببوون، گفتوگۆمان کرد. مام جەلال زۆر بە ئارامی و لەسەرخۆ قسەی دەکرد، زۆر بەدڵنیاییەوە گوتی: (ئەگەر دەچن بۆ ناو پارتی رەگەزی خێربن، هەولبدەن برایەتی و تەبایی نێوان پارتی و یەکێتی و لایەنەکانی دیکە گەشە پێبدەن، ئەگەر دەمێننەوە بێگومان یەکێتی دۆستتان دەبێ، ئەگەر نا باوەشی یەکێتی کراوەیەوە، فەرموون بۆ ناو یەکێتی و دەرگە کراوەیە، ئێوە هەردووکتان دەبن بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ئەو هەڤاڵانەی دیکەش هەموویان بەو پۆستەی لەناو یەکگرتندا هەیانە لە مەڵبەندو کۆمیتەکاندا جێگایان بۆ دەکەینەوە، هەندێکیان رەوانەی حکومەت دەکەین). من بەرسقم دایەوەو گوتم: (زۆر سوپاسی هەستی بەڕێزتان دەکەین، ئێمە دەمانەوێ بمێنینەوەو درێژەپێدەری کاروانی خەباتی خۆمان بین، بەڵام بەپەرۆشەوە حەز دەکەین کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لایەنەکانی دیکەش دۆست و هاوکارمان بن).

ئیدی قسەو باسەکانمان لەسەر مانەوە چڕکردەوە. کاکە حەمە گوتی: (بەڕێز مام جەلال! ئێمە دەمانەوێ بمێنینەوە، بەڵام برادەرانی خۆمان لە رەفتاری یەکێتی نیگەرانن، گومانیان لە دۆستایەتی هەیە، بە کوردیەکەی لە یەکێتی دڵنیانین). بەڕێز مام جەلال بەو قسەیەی زۆر تووڕە بوو، گوتی: (کاکە حەمە دەنا برادەرانی ئێمەش لە مانەوەی تۆ دڵنیانین! پێیانوایە کە سەرەنجام دەچیتە ناو پارتی!). دیسانەوە من هاتمەوە نێو قسەکان و پێداگریم لەسەر مانەوەی خۆمان کرد. کاک محەمەدی حاجی مەحمود سەیرێکی منی کرد، دوو سێ جار بە چاو تێیگەیاندم کە باسی پڕۆتۆکۆل و رێککەوتنی نێوان یەکگرتن و یەکێتی بکەم، بەڵام من خۆم لە قەرەی ئەو بابەتە نەدا، بە ئاماژەیەک باسی ئەوەم کرد کە ئێمە بۆ ئەو کارە تەنیا نیو ملیۆن دینارمان هەیە، ئەویش لای کاکە حەمە دامانناوە. دواتر کاکە حەمە خۆی باسەکەی هێنا گۆڕێ، بەمەبەستی دڵنیابوون لە بودجەی حزبی، خوازیاربوو کە رێککەوتنێکی نووسراو لەنێوان هەردوولادا هەر ئێستا ئیمزا بکەین. ئەو داوایە بە دڵی مام جەلال نەبوو، بە تووڕەییەوە گوتی: (نا! ئێمە شتی وا ناکەین، ئێوە بۆ خۆتان دەمێننەوە نەک بۆ ئێمە! ئەگەر ئیرادەی مانەوەتان هەبوو، بڕیاری مانەوەتان دا، ئەوکات ئێمەو حکومەت و پارتیش رای خۆمان دەبێ و نائومێدتان ناکەین، ئێوە لەپێناو گەیشتن بەم رۆژە

خەباتتان کردوە، قوربانیتان داوەو تێکۆشاون، ناکرێ ئێمە تێربین و ئێوەش برسی! ئەگەر پارە هەبوو بۆ هەمووومان دەبێ، ئەگەر نەشبێ بۆ هەمووومان نابێ، واتە پێکەوە تێرو برسی دەبین، بەڵام هیچ رێککەوتنێک ئیمزا ناکەین).

ئەو قسەیە کۆتایی بە دانیشتنەکەمان هێنا، لەهەمان کاتدا شەویش درەنگ داهاتبوو، مۆڵەتمان لە مام جەلال و هەڤالانی خواست و بەنیازی رۆیشتین هەڵساین. هەموومان هاتینە دەرێ، کاکە حەمە دەستی مام جەلالی گوشی و خواحافیزی کرد و لەگەڵ کاک حامی حاجی غالی و شێخ جەعفەر دوور کەوتنەوەو بە چپەدوو دەستیان بە قسەکردن کرد. کاتێک من دەستم خستە نێو دەستی بەرێز مام جەلال و ویستم خواحافیزی بکەم، گوتی: (بوەستە با دوو قسەت بۆ بکەم! برادەری عەزیز! ئێمە باشتر کاکە حەمە دەناسین بۆیە رێککەوتنی لەگەڵدا ناکەین. ئەو دەیەوێ رێککەوتنێکی لەگەڵ ئیمزا بکەم، بۆ لای جەنابی کاک مەسعودی ببات و پارەی پێوەربگرێ، من شتی واناکەم. دەستیش لەو پارەیەی بشۆ کە لەلای ئەوتان داناوە. ئەو برادەرە نە موڵکی یەکگرتنە، نە دەبێ بە موڵکی پارتی. نە هیواشمان پێی هەیە ببێ بە موڵکی کورد، چونکە لە روانگەی ئێمەوە ئەو ساغ بۆتەوەو براوەتەوە، لەسەر

داوای دۆستانی خۆی، ئەو دەڕوات! من ئەوە قسەی خۆم کرد، ئێوەش کەیفی خۆتانە، هیوادارم وا دەرنەچێ).
من ماڵئاواییم لە بەڕێز مام جەلال و هەڤاڵەکانی دیکە کردو بەرەو لای سەیارەکە ڕۆیشتم. کاک عەلی بچکۆل کە خزمی نزیکی کاکە حەمەیە، کاتێک بینی من بەتەنیام، بەپەلە خۆی گەیاندە لای من و بە سووکە تکاو نیو تووڕەبوونێکەوە گوتی: (کاک ڕێکار تکات لێئەکەم واز لە کاکە حەمە بێنە! ئەو حەزی لێیە بچێتە ناو پارتی، بەڵام چونکە گفتی بەتۆ داوە ئیتر شەرم ئەکات، ئەیەوێ بیانۆیەک بدۆزێتەوەو خۆی لە دەستت دەرباز بکات).
لەڕێی گەڕانەوەماندا بۆ سلێمانی هەستم دەکرد کە کاکە حەمە حەز دەکات ئەو قسانەی بۆ بگێڕمەوە کە لەگەڵ بەڕێز مام جەلال کردبوومان. سەرەنجام لێمی پرسی کە دوو بەدوو چیتان گوت؟ منیش ڕاشکاوانە ئەوەی گوترابوو بۆیم گێڕایەوە. ئەو خۆی تێکنەدا، بە سووکە خەندەیەکەوە گوتی: (ئەگەر موڵکی کەسانی دیکە بم، بە قسەیان دەکەم و دەچم بۆ ناو پارتی، بەڵام من بڕیارم داوەو دەمێنمەوە). ئەوێ ڕۆژێ دەگوترا کە دەزگەی ئیتلاعاتی ئێران زۆر دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاردەکات و دەیەوێ ڕۆڵی یەکێتی بچووک بکاتەوە، بۆیە دەیەوێ حزبی یەکگرتن بۆ ناو پارتی بچێ، چونکە بەوهۆیەوە تای تەرازووی هێز لە کوردستان دەگۆڕێ.

# دووەمین کۆنگرەی حزبی یەکگرتن

سەرکردایەتی باڵادەست بۆ خۆی ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرە کرد و خۆیشی بە ئارەزووی خۆی ئەندامانی کۆنگرەی دەستنیشان کرد. سەرەتا بڕیاربوو لە هۆڵی میدیا کۆنگرە بەڕێوەبچێ. ئێوارەی رۆژی ١٣ی ئاب راگەیەندرا کە کۆنگرەکە لە هۆڵی رۆشنبیری دەبەسترێ، چونکە لە تەنیشت بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبەو ئەندامانی کۆنگرە بەئاسانی دەیدۆزنەوە!! هەر ئەو ئێوارەیە کاک سامی بەدوای کاک عومەر حەسەن، بەرپرسی پاسەوانەکانی بارەگای رادیۆو تەلەفزیۆنی هەولێری ناردبوو. کاتێک ئەو گەیشتبووە لای کاک سامی، ئینجا ئەو مەفرەزەیەی کە پێشتر ئامادەکرابوو، رەوانەی بارەگا کرابوون و بە پێشمەرگەکانی دیکەیان گوتبوو ئەوە بە فەرمانی کاک سامی و کاک عومەر ئێوە ئەمشەو بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە، چەکەکانتان لێرە بەجێبهێڵن و سبەی ئێوارە وەرنەوە. بەو شێوەیە رۆژێک پێش کۆنگرە بارەگای رادیۆو تەلەفزیۆنی هەولێر داگیرکرا.

بەیانی زوو چاوم بەکاک محەمەدی حاجی مەحمود کەوت و باسی ئەوەم بۆ کرد کە دوێنێ شەو پێشمەرگەیان بۆ بارەگای رادیۆ و تەلەفزیۆن ناردووەو داگیریان کردووە. ئەو دڵنیایی کردمەوە کە بۆخۆی بە ئەنقەست ئەوەی

پێشنیار بۆ کاک سامی کردووە، ئەوانەیشی کە چوونەتە ئەوێ گوێ لە قسەی کاک سامی راناگرن و تەنیا فەرمان لەخۆی( کاک حەمە) وەردەگرن!!.
بڕیاروابوو کاتژمێر ١٠ی رۆژی ١٤ی ئاب کۆنگرە دەست بەکارەکانی بکات، دواتر گوتیان کاتژمێر ١٢، پاشان بۆ کاتژمێر ١٤ واتە ٢ی پاش نیوەڕۆ دواخرا. سەرەنجام بەمەبەستی بەرێوەچوونی دووەمین کۆنگرە، زیاتر لە ٢٥٠ ئەندام لە هۆڵی رۆشنبیری کۆکرانەوە. لەنێو کۆنگرەکەدا هیچ لافیتەو پلاک کارتێک هەڵنەواسرابوو، شڕوشپرێوی زۆری پێوەدیاربوو. دوای سروودی ئەی رەقیب، کۆنگرە کرایەوە. سەرکردایەتی باڵادەست بۆخۆیان شتێکیان بەناوی راپۆرت نووسی بوو، کاک ملازم کەریم هاتە سەر سەکۆی شانۆکەو دەستی بە خوێندنەوە کرد، هێشتا تەواوی نەکردبوو کە دەنگی نارەزایی ئەندامان بەرزبۆوە. گلەیی و گازاندەو رەخنە وەک لافاو هێرشی هێنا. ئەوەی دەچووە سەر شانۆ دژی ئەو راپۆرتەو نیازی سەرکردایەتی باڵادەست قسەی دەکردو جەختی لە مانەوەی حزبی یەکگرتنی کوردستان دەکردەوە، بەتایبەتیش مامۆستا سەلام گۆمەشینی زۆر راشکاوانە قسەی کردو گوتی:(دەمێکە دەزانین کە ئێوە بڕیاری خۆتان داوەو چاوتان لە پۆست و پایەی حکومەتە، فەرموون ئێوە بڕۆن و ئێمەش دەمێنیەوە. دەبێ لێرەدا بە

دەنگدانی ئەندامان بڕیار لە چارەنووسی حزبی یەکگرتن بدرێ). دوای قسەکانی مامۆستا سەلام ، من و زۆر هەڤاڵی دیکەش ویستمان قسە بکەین، بەڵام کاک ملازم کەریم کە کۆنگرەکەی بەڕێوەدەبرد، بەبیانۆی ئەوەی کە درەنگەو هەواش گەرمە دانیشتنی ئەمڕۆ کۆتایی پێدەهێنرێ و بەیانی دەست بە کارەکانی کۆنگرە دەکرێتەوە. ئەوان کە پێشوەخت بڕیاری خۆیان دابوو، نەیاندەتوانی وەڵامی هەڤالان بدەنەوە، ئیدی بەو شێوەیە خۆیان لە رەخنەو گازاندە دەرباز کرد و نەیانویست چیتر گوێ لە رامانی ئەندامانی حزبەکەی خۆیان بگرن.

شەو من و کاک محەمەدی حاجی مەحمود، خاڵە حاجی، عومەر حەسەن، مامۆستا هادی و مامۆستا سەلام گۆمەشینی و چەند هەڤاڵێکی دیکە پێکەوە دانیشتین. داوا لە من کرا کە ئەمشەو شتێ بنووسم و بەیانی بیخوێنمەوە، باسی مانەوەی حزب بکەم و داواش بکەم کە ئەندامان دەنگ بە مانەوە بدەن. ئاکامی دەنگدان هەرچی بێ، ئێمە لەنێو کۆنگرە بمێنینەوەو درێژە بە کارەکانی خۆمان بدەین. کاتژمێر ١٠ی رۆژی ١٥ی ئاب، زۆربەی ئەندامان لەنێو کۆنگرە ئامادە ببووین، کەچی لە ئەندامانی سەرکردایەتی تەنیا 'کاک محەمەدی حاجی مەحمود، مامۆستا هادی و من' لەوێ بووین. لەبارەگای مەکتەبی سیاسیەوە

تەلەفۆنمان بۆ میوانخانەی کاک سامی کرد و هۆکاری نەهاتنی ئەوانمان پرسی، لەوەڵامدا کاک عەبدوڵڵا ساڵح پێیگوتین هەندێک میوانی تایبەت هاتوون، هەر ئێستا بەڕێ دەکەون و دێن. من و کاک محەمەدی حاجی مەحمودو کاک عومەر حەسەن و مامۆستا سەلام لە حەوشەکە راوەستابووین و سەبارەت بە درێژەدان بە کۆنگرە قسەمان دەکرد. دیسان جەخت کرایەوە کە ئەگەر ئەندامانی دیکەی سەرکردایەتی دیکە هاتن یان نەهاتن، من بچم ئەوە بخوێنمەوە لە شەو رێککەوتنمان لەسەر کردبوو. ئێمە لەو قسانەدابووین کە کاک 'جەمیل بەگ' هات، وەک ئەوەی بیەوێ مژدەمان بداتێ، گوتی: (تەلەفۆنم لەگەڵ کاک دکتۆر مەحمود کردووە، داوای کردووە کە بچین بۆ ناو پارتی!!). هێشتا ئەو قسەکانی تەواو نەکردبوو، من یەخەم گرت و بەدرۆم خستەوە. ئاخر دوو رۆژ پێشتر کاک عومەر بۆتانی تەلەفۆنی بۆ کردبوو، ئەو داوای کردبوو کە بمێنینەوە، ئەویش لە نزیکترین کاتدا دێتەوە!!. بەوهۆیەوە دەمەقاڵێ لەنێوان من و کاک جەمیل بەگ دروست بوو. کاک محەمەدی حاجی مەحمود دەیویست ڕەوشەکە هێور بکاتەوە، لەوکاتەدا خاڵە حاجی لەگەڵ دووکەس کە بۆ من نەناسراوبوون، گەیشتن. ئیدی کاک محەمەدی حاجی مەحمودیان جیاکردەوەو بەچپەدوو کەوتنە قسە کردن. کات بەرەو دەمژمێر یازدە دەرۆیشت،

هەموومان ڕێککەوتین کە بچینە ناو کۆنگرە، سەرەتا کاک محەمەد بچێتە سەر سەکۆ و باسی مانەوە بکات، دواتر مـن بچم و ئەوە بخوێنمەوە کە شەو لەسەری ڕێککەوتبووین. هەموومان چووینە ناو هۆڵەکە. لەوکاتەی کە کاک محەمەدی حاجی مەحمود لە شوێنی خۆی هەڵسا تا بۆ سەر سەکۆ بڕوات، هەریەکە لە بەڕێزان ملازم کەریم، خاڵەسەید کاکە و بروسک نوری شاوەیس هاتنە ناو هۆڵەکە و یەکسەر بۆ لای کاک محەمەدی حاجی مەحمود ڕۆیشتن، لەسەر پلیکانەکاندا پێیگەیشتن. کاک ملازم کەریم قۆڵی لە قۆڵی هەڵکێشا، ئیدی هەر چواریان لە پشتی پەردەکەدا دەستیان بە فسکەفسک کرد. نزیکەی پێنج خولەک بەو شێوەیە لە چاوەڕوانیدا ماینەوە. لەوکاتەدا کاکە حەمە هاتە بەردەم مایکرۆفۆن. زۆر بەوردی سەیری ئادگاریم کرد، سوور سوور هەڵگەڕابوو، دەتگوت کەسێکی بەناحەق کوشتووەو لێی پەشیمانە، بەڵام هێشتا هیچی لەدەم دەرنەهاتبوو، کە کاک بروسکە بە دوایدا هات و ئەویش گەڕایەوە. گەڕانەوەی کاکە حەمە بۆ پشت پەردەکە زەنگی بێبەڵێنی بوو. رووم لەو هەڤاڵانەی کە لەنزیک من دانیشتبوون کردو گوتم: (هەڤاڵان بابرۆین! بەڵێنی پەمەیی بەو بڕادەرە دراوە، گومانی تێدانیە کە دەڕوات). من و کاک عومەر حەسەن، سەردار بەرواری، مامۆستا سەلام،

دکتــۆر ئــازاد و ژمــارەیەک هەڤــاڵی دیــکە هەڵســاینەوەو ویســـــتمان هــــۆڵەکە جێبهێڵــــین. هێشـــــتا هەر لەنـــــاو هۆڵەکەدابووین کە کاک محەمەدی حاجی مەحمود هـاتەوە ســەر شــانۆو بە دەنگێکــی پــڕ لە شــەرمەزاریەوە گــوتی: (هەڤالان بڕیارماندا دەچین بۆ ناو کۆنگرەی پارتی و لەوێ کێشــەکانی خۆمــان چارەســەر دەکەیــن). ئیــدی دەنگــی نـاڕەزایی هەڤـالان بەرزبـۆوە. قسـەی نـاحەز و نەشـیاویش لەدەمی هەندێک هەڤاڵ بەرانبەر بە کـاک مـحەمەدی حـاجی مەحمـود هــاتە دەرێ. هەنــدێک بە ئاشــکرا جنێویــان دەدا. هەر لەوێدا هەنـدێک هەڤـاڵ بەوەتۆمەتباریـان کـردم کە مـن خۆشــباوەڕم بــۆیە متمــانەم بە کــاک مــحەمەدی حــاجی مەحمود کردو پارەکەم پێدا، ئەویش گورزی خۆی وەشاند، هەم پــارەکەی بــردین و هەمــیش بەهــۆی ئەوەوە دەســت بەسەر بارەگای رادیۆو تەلەفزیۆن داگیراوە.

دوای ئەوەی کە هۆڵی رۆشنبیریمان بەجێهشت، ئێمە (مـن، مامۆســتا ســەلام، عــومەر حەســەن، دکتــۆر ئــازاد و چەنـد هەڤـاڵێکی دیـکە) چـووینە مـاڵی کـاک دکتـۆر ئـازاد و لەوێ دوو راگەیانـدراومان بەنـاوی 'دەسـتەی کـادرانی نـوێنەر لە دووەمـــین کـــۆنگرەی حزبـــی یەکگـــرتن'ەوە نووســـــی و جەختمان لەمانەوەو درێژەدان بە کاروانی خەبات کـردەوە، هەر لەو راگەیانـدراوەدا پیرۆزباییمـان لەو هەڤـالانەش کـرد کە دەچــنە نــاو کــۆنگرەی پــاتی، لەهەمــان کاتــدا نــامەی

پیرۆزباییمان بۆ کۆنگرەی پارتی ناردو لێمانخواستن کە پێوەندی برایانەی نێوانمان پارێزراو و بەردەوام بێ. لە بیرخەرەوەکەدا نووسیبوومان : (بەبڕواوە دووپاتی دەکەینەوە کە وەک هەمیشە دۆستی نزیکی لایەنەکانی بەرەی کوردستانی و پارتە خەباتگێڕەکەتان (پارتی دیموکراتی کوردستان) دەبین. هیوادارین ئەم بیرخەرەوەیە ببێتە سەرەتای دەستپێکردنی هاوکاری لەنیوانماندا). هەر ئەو ڕۆژە واتە ١٥-٨-١٩٩٣ بەیاننامەکان بۆ ڕاگەیاندنی حزبەکان ڕەوانەکران، کەچی هیچیان ئاماژەیان پێنەکرد.

بەپێویستی دەزانم کە دەقی ئەو ڕاگەیانداوە لێرەدا وەبیربهێنمەوە:

**[ئەی جەماوەری بەشەرفی کوردستان!**

**وەکو لای هەمووان ئاشکرایە کە (حزبی یەکگرتنی کوردستان) لە ڕۆژانی ١٤و١٩٩٣/٨/١٥ دوومین کۆنگرەی خۆی لەشاری هەولێردا بەست، بەڵام دەڵێین بەداخەوە لەبیرو بۆچوونی سیاسیمان دا جیاوازیمان هەبوو، بۆیە ئێمە دەستەی کادیرانی نوێنەر لە کۆنگرەدا بڕیارماندا کە درێژەپێدەری بۆچوونی خۆمان بین و مانەوەی خۆمان ڕابگەیەنین. لەهەمان کاتیشدا پیرۆزبایی گەرم لەو هەڤاڵ و کادیرانە دەکەین کە ماوەیەک بەیەکەوە ڕێبواری یەک**

ڕێگەبووین، ئەوا ئەمڕۆ ئەوان بەبڕواوە بۆ یەکگرتن لەگەڵ برایـانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان هەنگاویـان نـا.. ئێمەش دووپاتی دەکەینەوە کە وەک هەمیشـە ڕێبواری کاروانی خەبات و ڕامانی سایسی خۆمان بین و باوەڕی تەواویشمان بە ئازادی بیروڕا و ئازادی ڕادەربڕین هەیە. بەدڵنیاییەوە دەری دەبڕین کە ئاواتەخوازین وەک جاران دۆسـت و هاوپەیمـانی تەواوی لایەنەکـانی سیاسـی سـەر گۆڕەپانی خەباتی کوردستان بین، بەتایبەتی ئەو هەڤاڵانەی بـۆ مـاوەی چەنـد سـاڵێک لەیەک حزبـدا هـاوڕێ و هاوسەنگەرو هاوخەباتی یەکتربووین.

دەبـا ئـازادی بیـروڕا سـەنگی مەحەکـی پەیوەنـدی نێـوان لایەنەکـان بێت. بـا لێکتـرازان لە ئاکـامی ڕامـانی سیاسـی نەبێتە کوشتنی گیانی هاوڕێیەتی وهاوخەباتی.

هەر شـەکاوە بێـت ئـاڵای ئـازادی و دیموکراسـی لە کوردستانی فیدراڵدا.

زیندوو بمێنێ ڕێبازی یەکگرتن بۆ ڕاگرتنی ئاڵای شینی (حزبی یەکگرتنی کوردستان) کە ئەم ڕێباە وەدیهێنەری ئاوات و خواستەکانی چەوساوانی گەلی کورد و مایەی شانازی ڕۆڵەکانیەتی.

نەمری و سەربەرزی بۆ سەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردو کوردستان.

نەمان و مردن بۆ داگیرکەرو دوژمنانی نەتەوەکەمان.

## دەستەی کادیرانی نوێنەر لە کۆنگرەدا
## [١٥-٨-١٩٩٣].

ڕاستیەکەی لە نێو دووەمین کۆنگرەی حزبی یەککگرتندا دەنگدان لەسەر چارەنووسی حزب نەکرا، هەروەها هیچ بڕیارێک سەبارەت بە حزبی یەککگرتن دەرنەچوو. لەلایەکی دیکەوە لە دووەمین ڕۆژدا سەرکردایەتی باڵادەست بۆ کۆنگرە نەهاتبوون، کەچی ئێوارەی ئەو ڕۆژە هەندێک ئەندامی سەرکردایەتی لە میوانخانەی کاک سامی کۆبوونەوەو بەلاغێکیان بڵاوکردەوە کە گوایە بڕیاریان داوە بۆ ناو کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەچن. گومانی تێدانیە ئەگەر کۆنگرەی هەر حزبێک دەست بەکارەکانی خۆی بکات، ئیدی ئۆتۆماتیک کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەوەشێتەوە. مخابن ئەو بەڕێزانە فاولێکی یاساییان کرد، پێڕەوی ناوخۆی حزبیان پێشێل کرد و لە ئێوارەی دووەمین ڕۆژی کۆنگرەدا بەناوی کۆمیتەی ناوەندی حزب کۆبوونەوەو ئەو مافەشیان بە خۆیاندا کە بڕیار لە چارەنووسی حزب بدەن!!

ڕۆژی ١٦ی ئاب کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی بەکارەکانی خۆی کرد، هەر ئەو ڕۆژە ڕادیۆی دەنگی ڕزگاری پەخشی ئاسایی خۆی دەستپێکرد. بەدرێژایی ئەو ڕۆژە چەندین جار بەیاننامەکانی'دەستەی

کادرانی نوێنەر لە دووەمین کۆنگرەی حزبی یەکگرتن'دا خوێندرانەوە.

# دوای هاوێربوونی حزبی یەکگرتن

ڕۆژی ١٥-٨-١٩٩٣ سەرکردایەتی باڵادەست نەهاتن بۆ ناو کۆنگرەی حزبی یەکگرتن، ئێمەش بەناوی دەستەی کادرانی نوێنەری دووەمین کۆنگرە ڕاگەیاندراوێکمان بڵاوکردەوە[٢٨] کە تێیدا پێداگری لەسەر درێژەپێدانی کاروانی خەبات و پاراستنی ڕامانی سیاسی تایبەت بەخۆمان کرابۆوە. لەهەمان کاتدا جەخت لەسەر پەیوەندی برایانە لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کرابۆوە. ئیدی لەو ڕێیەوە مانەوەو درێژەدان بە خەبات ڕاگەیەندرا. چەند ڕۆژ دواتر، لە کۆبوونەوەی فراوانی کادران بڕیاردرا کە لەژێر ناوی حزبی رزگاریی کوردستان درێژە بە کاروانی تێکۆشانمان بدەین. هەرچەندە کە ئێمەو بەشێک لەو هەڤاڵانەی کە ساڵانێک پێکەوە لە یەک ڕێکخراوی سیاسیدا کارو تێکۆشانمان کردبوو، لەیەکتر هاوێرببووین و دابڕابووین، بەڵام هەر لە دەستپێکدا ئێمە بەڵێنمان دابوو کە نابێ هاوێربوون کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندیەکانمان دابنێ. لەو ڕوانگەیەشەوە لە ڕاگەیاندراوەکەدا پیرۆزباییمان لەو هەڤاڵانەی پێشوومان کردبوو کەماڵئاواییان لە حزبی یەکگرتن دا کردبوو.

---

[٢٨] ڕاگەیاندراوەکە لە بەشی بەڵگەنامەکاندا بلاوکراوەتەوە.

بەکـوردیەکەی ئێمەیـان بەجێهێشـتبوو. ئـازادانە بڕیـاری چوونە ناو (پ.د.دک)یان دابوو.
لە ئێوارەی رۆژی ١٧-٨-١٩٩٢دا نامەیەکی کاک مـحەمەدی حاجی مەحمودم پێگەیشت، داوای کردبوو لە شـارۆچکەی عەنکاوە یەکتـر ببینین. ئەو ئەنـدامی کۆنگرەی پارتی بـوو، بـۆیە دیـدارو قسـەکردن دەربـارەی پـڕۆژەی پێشـوو هـیچ واتـایەکی نەمـابوو، بەڵام دیسانیشـەوە رەتـم نەکـردەوە، وەڵامم بۆی ناردەوەو لێمنووسی کە ئەگەر دێتە مـاڵەوە لە خزمەتـدام، ئەگەر دێتە بارەگـاش دیسـان هەر لە خـزمەت دام و خۆشحاڵ دەبم. دیارە ئەو بەڕێزە پێیوابووە کە هاتن بۆ ماڵ یان بۆ ئەو بارەگایەی کە تـازە دامانناوەو باس لە مـانەوە دەکەیـن، بـۆ ئەو سـەخت بـووە و لەبەرژەوەنـدی ئەودا نەبووە، وایزانیوە بەگران لەسـەری دەکەوێ، چونکە ئێمە پێمـانوابوو کە نـامە ناردنەکەشـی بـۆ مسـۆگەرکردنی دەسـتکەوتی زیـاترە، سـەرەنجام هەواڵـی نەنـاردەوە و دیداری نێوانمان سەری نەگرت و یەکترمان نەبینی.
دواتـر زانـیم کە بەهەر هـۆیەک بـووبێ لەنێـو کـۆنگرەی پارتیـدا دڵـی کـاک مـحەمەدی حـاجی مەحمـود شـکاوە، تۆراوەو هاتۆتە دەرێ. کورد گوتەنی خۆی گران کردووەو ویسـتویەتی بەو هەڵوێسـتەی بەدوایـدا بچـن و بیـبەنەوە. راستیەکەیشـی کاتێـک نـامەکەی ئەوم بـۆ هـات، پـرس و راوێژم بەهەندێ هەڤاڵ کرد، ئەوان پێیانوابوو سیناریۆیە و

دەیەوێ ئەو دیدارە بۆ بەرژەوەندی خۆی و قایمکردنی پێگەی خۆی لەنێو پارتیدا دەکار بکات، بۆیە بەباشیان نەزانی کە دیدارمان هەبێ و بەتووندیش دژی ئەوەبوون کە من بچم و سەردانی بکەم. دواتر زانیمان کە کاک نێچیرڤان بارزانی بە دوایدا چووە، ئەویش بەپێکەنیەوە ڕەگەڵی کەوتووەو بۆ ناو کۆنگرە گەڕاوەتەوە.

حزبی ڕزگاریی کوردستان لە کاتێکدا ڕاگەیەندرا کە حزبەکانی هێڵی سێیەم لەژێر گوشار دابوون و هەوڵی تواندنەوەو هەڵلوشینیان دەدرا. ڕاستیەکەی ڕاگەیاندنی حزبی ڕزگاری ورەو هێزی بە حزبە گوشار لەسەرو هەڕەشە لێکراوەکان بەخشی. کادرانی حزبی یەکگرتن ئەوانەی داخبار و دڵشکاوبوون، نامەی پشتیوانیان بۆ ناردین و بەڵێنیان دا کە لەریزەکانی ڕزگاریدا درێژە بە تێکۆشان بدەن. ڕۆژی ٤ی ئەیلول من و مامۆستا سەلام گۆمەشینی سەردانی هەڤالانی سلێمانیان کرد. بۆ داواکردنەوەی ئەو نیو ملیۆن دینارەی کە بە کاک محەمەدی حاجی مەحمودم دابوو، بەپێویستمان زانی سەرێکی لێبدەین. بەبێ ئاگادارکردنەوە چووینە ماڵەکەی؛ پاسەوانەکانی کە ئێمەیان دەناسی زۆر بەرگەمیەوە پێشوازیان لێکردین. هەتا نەگەیشتینە ناو ژوورەکەیشی، کاک محەمەد ئاگای لەچوونی ئێمە نەبوو. وەژوور کەوتین

و سـلاومان لێکـرد، ئەویـش زۆر بەگەرمـیەوە پێشـوازی لێکـردین. دوای چـاکوچۆنی و هەواڵپرسـین، سـەبارەت بە گێڕانەوەی پارەکە قسـەمان لەگەڵدا کرد. ئەو وای پێشـاندا کە هەمـووی خەرج کـردووەو پـارەی لەدەسـتدانیە دەنـا دەیـداتەوە!! ئەوەنـدە هەژارانە دەدوا کە هێنـدەی نەمـابوو ئەوەی لە گیرفانماندا هەیە دەریبهێنین و پێیبدەین!! دوایـی گـوتی: (فەرمـوون دوو سـەیارە لەو مێک زەمینیـانە کە لە حەوشـەکەدا راگیـراون، بۆ خۆتـان ببەن). مـن پێمباشـبوو، چـونکە هەرهـیچ نەبـوایە بەشـێکی دەگەڕانـدەوە، کەچـی مامۆسـتا سـەلام رەتـی کـردەوەو پێیوابـوو ئەگەر ئەو مێک زەمینیـانە بـبەین، ئیـدی بـاقیەکەی نـادرێتەوە. مـن زۆر پێـداگریم کـرد، بەڵام مامۆسـتا سـەلام پەسـندی نەکـرد و نەچــووە ژێربــار. ئەگەر مــن بە تەنیــا بــوام، بێگومــان پێشـنیارەکەم پەسـند دەکـرد و ئەو دوو مێـک زەمینـیەم دەهێنــا و بــۆ راپەڕانــدنی کــاری راگەیانــدن ســوودمان لێــوەردەگرتن. مــاوەیەک لەلای مــاینەوە، لە قســەکانیدا بێئومێـدی پێوەدیـاربوو، هەرچەنـدە کە سەرپەرشـتیاری هەردوو لقـی سـلێمانی و کەرکـوکی پێسـپێردرابوو، بەڵام چـونکە نەکرابـوو بە جێگـری سـەرۆک نـیگەران و دڵشـکاو دەهـاتە بەرچـاوان. ئاکـام هەسـتمان کـرد کە نیازی چوونە پرسـەی ناسـیاوانی هەیە، بـۆیە داوای مۆڵەتمـان لێکـرد و هاتینە دەرێ. لە حەوشەکەدا لەگەڵ کاک محەمەدی حـاجی

مەحمود راوەستابووین و دەمانویست سواری ئۆتۆمۆبیل بین کە کاک ملازم کەریم گەیشتە ئەوێ. هەرکە چاوی بەمن کەوت، بە پێکەنینەوە گوتی: (کاک ڕێکار! زۆر خۆت ماندوو کرد بەڵام کاکە حەمە گوێی لێنەگرتیت، ئێستاش ئەم هاتنەت بە خۆڕاییە و ناتوانێ هەڵی بخەڵەتێنیت!). شێوازی قسەکردنی کاک ملازم کەریم وەک هەمیشە توندی و رەقی پێوە دیار بوو، بۆیە منیش بە توندی وەڵامم دایەوە. قسەکانی من زیاتر ئەو بەڕێزەیان توورە کرد، بە دەنگێکی بەرز گوتی: (من ئێستا حاکمی سلێمانیم، ئەگەر ئارەزووم لێبێ ڕێتان نادەم پێ لە ئیمارەتەکەم بنێن!). دیارە لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان- یەکگرتوو، کاک ملازم کەریم وەک بەرپرسی لقی سلێمانی پارتی دەستنیشان کرابوو، زۆریش کەیفی بە پۆستەکەی دەهات، هەر بەڕاستی خۆی لێگۆڕابوو، وایدەزانی کە جێنشینی میری بابانە!! دیسانەوە من بە رەقی وەڵامم دایەوەو پێمگوت: (جەنابی میر! ئاگات لە پانی و بەرینی هەبێ، چونکە گومانی تێدانیە کە ڕۆیشتنی ئێوە شەڕی براکوژی لێدەکەوێتەوە، لەگەڵ یەکەم فیشەکیش دەبێ رابکەیت و ئیمارەتەکەت بەجێبهێلیت). کاک محەمەدی حاجی مەحمودو مامۆستا سەلام هاتنە نێوانمان و ویستیان ئاراستەی قسەکانمان

لێبگـۆڕن. هەردووکمـان بەنیـوە گـاڵتەوە قسـەمان دەکـرد، بەڵام ئەگەر ئەوان نەبــوان لەوانەیە دڵ ئێشــانی لێپەیــدا بووایە.

کاک فازل جەلال هەڤاڵێکی خۆشەویست و هاوڕامانم بوو. هەرچەنـدە بەڵێنەکەی نەبردبـووە سـەرو بە فەرمـی لەگەڵ ئێمەدا نەمـابۆوە، بەڵام دیسانیشـەوە وەک هەڤـاڵێکی حزبـی رزگــاری رەفتارمـــان لەگەڵــدا دەکــرد. متمـــانەی زۆرم پێیهەبوو. زۆربەی ئێواران یەکترمان دەبینی. لەسەر بەڵێنی پێشوەخت بڕیاربوو کە شەوی ٢٥ی ئەیلول لەو مـاڵەی کە تێیـــدا دەحەســـێتەوە، بچـــم و ســــەردانی بــکەم، بەڵام ئێـوارەکەی نـامەیەکی بـۆ نـاردم و داوای لێکـردم کە لە شـوێنێکی دیکە یەکتـر ببینـین. سـەعات بیسـت و یەک واتە نۆی شەو لە شوێنی دیاریکراو یەکترمـان بینـی، هەر لەنـاو ئۆتۆمۆبێـل دانیشـتین. هەواڵـی پێـدام کە ئاگـام لەخـۆم بـێ، دواتـر گـوتی: (کـاک سـامی هەنـدێک کەسـی راسـپاردوە تـا بێن چەکتبکەن و سەیارەکەت لێبسێنن!)، پێشنیاری کرد کە ئیتـر لە دەرەوەی مـاڵ یەکتـر ببینـین. زۆر سوپاسـی کـاک فـازل جەلالـم کـردو بـۆ بارەگـا گەڕامەوە. هەر ئەو شــەوە لەگەڵ هەڤـاڵان دانیشـتم و بـابەتەکەم بـۆ گێـڕانەوە، دواتـر بــانگی بەرپرســی پێشــمەرگەکانم کــرد و داوام لێکــرد کە خـۆی چـاودێری ورد بەســەر رەوشــەکەدا بکـات، بـا لە حاڵەتی وریـایی تەواودابـن و رێ بەهـیچ چەکدارێک نەدەن

کە پێ لە ناو بارەگا بنێ. بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە بە ئێمە درابوو، کاک شێروانە سووری کۆیە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە راسپێردرابوو، بۆیە نامەکەیم لێنووسی : (تۆ سۆسیالست بوویت و من و کاک سامییش پارتی گەل بووین، مافی ئەوەت نیە خۆت لە کێشەی نێوان هەڤاڵانی پێشووی پارتی گەل هەڵبقورتێنیت! ئەگەر هەر پێداگریش دەکەیت، فەرموو خۆتان تاقی بکەنەوە). هەروەها لەسەر داوای کاک 'فازل جەلال' نامەیەکیشم بۆ کاک سامی نووسی، کە شەش ساڵ هەڤاڵ و هاوڕێبازبووین و لە نزیکەوە پێکەوە حزبایەتیمان کردبوو. دوای سڵاو بەم رستانە درێژەم بە نامەکە دا: (ئەگەرچی بەهۆی حزبایەتی یەکترمان ناسی و ئێستاش حزبایەتی لەیەکتری دوورخستینەوە، بەڵام هەمیشە حەزم کردووە کە پەیوەندی برایەتی و هاوخەباتی لەنێوانماندا بمێنێ. هەمیشە وەک برایەکی گەورە سەیری تۆم کردووەو من لەلایەن خۆمەوە نامەوێ ئەو پەیوەندیە بپچڕینم)[٢٩]. هەروەها باسی چەک و سەیارەکەم کرد. لێمنووسی بوو کە لە دەستپێکی راپەڕیندا من و براکانم زیاتر لە ١٤٠ پارچە چەکمان بۆ پارتی گەل هێناوە و رادەستی مەکتەبی عەسکەری کراوە. لەکاتی دامەزراندنی بارەگای رادیۆو

[٢٩] کۆپی ئەو نامەیەی کە بەدەستی کاک فازل جەلال بۆ کاک سامی رەوانەم کرد لە بەشی بەڵگەنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە.

تەلەفزیــۆنی هەولێــر، ئێــوە پێــنج کلاشــنکۆفتان بــۆ ئەو پێشمەرگانە ڕەوانە کرد کە پاسەوانیان لە بارەگای رادیـۆو تەلەفزیۆن دەگرت. دوو چەک لەلایەن پێشمەرگەکانی ئێوە وەرگیـراونەتەوە، سێیەکەی دیکەش لەگەڵ ئێمە نین، جا ئەگەر دەتەوێ حیســاب بکەیــن، بەڕێزتــان ١٤٠ پــارچەکە چەکەکە بۆ ئێمە بگێڕنەوە، منیش پێنج کلاشنکۆفەکەتان بۆ دەگێڕمەوە. هەروەها سەبارەت بە سەیارە لێمنووسی بوو، کاتێـک ویسـتم سـەیارەکەی خـۆم بگـۆڕمەوە، پێویسـتم بە هەشت هەزار دینار هەبوو، ئیدی بەبڕیاری هەمـووان بـڕی هەشــت هەزار دینــار لە دارایــی حزبــی یەکگــرتن بــۆ مــن ســەرفکرا، بەڵام دیســانەوە ئەگەر ئەو هەشــت هەزارەتــان دەوێتەوە، من ئامـادەم بیدەمەوە بەو مەرجەی کە ئێوەش ئەو ســـەیارەیە بـــۆ مـــن بگێڕنـــەوە کـــە لـــە کاتـــی ڕزگارکردنـــی شـــــاری کەرکـــوک لـــە ٢١-٣-١٩٩١ گرتبوومـان و خـرایە خـزمەت بەڕێزتـان و ئێـوەش بە ٢٥ هەزار دینار فرۆشتبووتانەوە.

سێ ڕۆژ دواتـر هەواڵیـان پێدام کە شـەوی چوار شـەممە ٢٩-٩-١٩٩٣ سێ سەیارەی پڕ لە پێشـمەرگە کە گوایە هـی کاک سەید عەبدوڵلا کەردزی بوونە بەدەورەی ماڵی ئێمەدا سوڕاونەتەوەو پرسیاری هـاتن و چوونی منیان کـردووە!! هەر دەمودەسـت تەلەفـۆنم بـۆ ماڵیـان کـرد، بەڵام لەمـاڵ نەبـــوو. دواتـــر ســـەبارەت بەو کێشـــەیە قســـەم لەگەڵ

بەڕێزیانـدا کـرد، ئەو دڵنیـایی پێـدام کە ئەوان دەسـت بـۆ کاری لەو بابەتە نابەن و هەڤاڵێتی چەندین ساڵە بۆ خاتری دیتران تێکنادەن. کاک سەید عەبدوڵلا دووپاتی کردەوە کە ئەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان پێکەوە سۆسیالست بووینە تـا هەمیشـە وەک براو هەڤاڵی یەکتـر دەمێنینەوە. ئەو گوتی لەوانەیە کەسـانی دیکە بووبن و بە ئەنقەست ناوی منیان هێنـابێ. مـن سوپاسـی هەڵوێسـتی کـاک سـەید عەبـدوڵلام کـرد. دوای ئەو ڕووداوانە هـیچ هەڕەشـەو گوڕەشـەیەک لەگۆڕێدا نەما، ئێمەش ڕەوشی ئاوارتەمان هەڵگرت.

لە ڕۆژانـی دواتـر مامۆسـتا مەلا حەسـەن(حشـع) بـۆ گیـڕامەوە: [چەنـد ڕۆژ لەمەوبەر، سـەرکردایەتی پـارتی و حزبی شیوعی لە هەولێر میوانی مـام جەلال بووین، کـاک مەسعود بـارزانی لەنـاو جڤاتدا ڕووی لەمن کرد و گوتی: (مەلا حەسـەن! ئەمڕۆ لە سـەری ڕەشـەوە بەڕێ کەوتم تـا گەیشـتمە ئێـرە هەر گـوێم لە رادیـۆی رزگـاری گرتبـوو، رادیۆیەکی زۆر بەهێزەو شـارەزایی باشیان لە راگەیاندندا هەیە، ئەوە هـی ئەو بـرادەرانەن کە لە حزبـی شـیوعی جیـابوونەتەوە؟). منـیش بێڕاوەسـتان وەڵامـم دایەوەو گوتم:(جەنابی کاک مەسعود! هی هاوڕێیانی پێشووی ئێمە نیە، ئەوان ئەو توانایەیـان نیە، بەڵکو هی حزبی رزگـاریی کوردسـتانە، هـی ئەو بـرادەرانەی حزبـی یەکگـرتنە کە

ماونەتەوە). کاک مەسعود ئەو چاوەڕوانیەی نەبوو، بۆیە رووی پرسیاری لە کاک سامی کردو گوتی: (کاک سامی! ئێوە گوتتان بەس رێکار ماوەتەوە، ئەویش بەتەنیا خۆیەتی و کاری سیاسی ناکات!!)].

رۆژی ٢٧-٩-١٩٩٣ لەڕێی کاک فەرەنسۆ هەریریەوە دیداری کاک 'نێچیرڤان بارزانی'م بۆ رەخسا، زۆر بە وردی هۆکارەکانی هەڵوەشانەوەی حزبی یەکگرتن، مانەوەی خۆمان و راگەیاندنی حزبی رزگاریی کوردستانم خستەڕوو؛ جەختم لە پەیوەندی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کردەوە. راشکاوانە باسم لە جیاوازی بیروڕاکرد. راستیەکەی من پێشبینی ئەوەم کردبوو کە لەماوەی داهاتوودا هەندێک لەو هەڤاڵانەی حزبی یەکگرتن کە چوونەتە ناوپارتی، ئەگەر ئەو پۆستانەی کە بۆی رۆیشتوون، پێیان نەدرێ، هەناسە سارد دەبن و وازدەهێنن. راشکاوانە ئەو پێشبینیەم خستەڕوو، بەڵام نەمویست ناوی ئەو کەسانە بهێنم.

گومانی تێدانەبوو کە خاڵەحاجی بەو هیوایە بۆ ناو پارتی رۆیشتبوو کە پۆستی بەرپرس یان جێگری دەزگەی پاراستن مسۆگەر دەکات، یان لانی کەم لە مەکتەبی پەیوەندیەکاندا کاری پێدەدرێ. هەروەها کاک محەمەدی حاجی مەحمود بەوە تامیکرابوو کە پۆستی جێگری سەرۆک یان سکرتێری پارتی وەبەردەکەوێ!! بەر لە

ڕۆیشتن بەگوێیاندا چرپاندبوو کە مادام کاک مەسعود بارزانی سەرۆکە، دەبێ جێگر یان سکرتێر لە حزبی یەکگرتن بێ و کەسێکی سۆرانی بێ!! ئەوەش بەو واتایە بوو کە ئەو پۆستانە بۆ کەسێکی وەک کاک سامی نابن!.

ڕاستیەکەی کاتێک ئەو دوو بەڕێزە ئەو پۆستانەی کەبۆی چووبوون، مسۆگەریان نەکرد، ئیدی بێهیوابوون. لەلایەکی دیکەوە بەهۆی مانەوەی ئێمە، بەتایبەتیش کاتێک ڕاگەیاندنی حزبی رزگاریی کوردستان بڵاوکرایەوە، هەروەها زانیان کە بارەگا هەیەو رادیۆی دەنگی رزگاری رۆژانە بۆ ماوەی دوازدە سەعات پەخشی خۆی لە کاتژمێر هەشتی بەیانیەوە تا کاتژمێر هەشتی ئێوارە درێژە پێدەدات، بەکوردیەکەی کاتێک بینیان کە حزبی رزگاریی کوردستان لەسەر پێڕاوەستاوە، ئیدی ئەوانیش ترسیان شکا، ورەیان پەیداکردەوە. بۆ زیندووکردنەوەی حزبی سۆسیالستی کوردستان کە دووجاران سەری بڕابوو تێهەڵچوونەوە، وەجۆش و خرۆش کەوتنەوە. سەرەنجام دوو مانگ دوای راگەیاندنی حزبی رزگاری، ئەوانیش لە پازدەی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣ خاڵە حاجی و کاک محەمەدی حاجی مەحمود بەکردەوە لە پارتی دیموکراتی کوردستان کشانەوەو زیندووکردنەوەی حزبی سۆسیالستی کوردستانیان ئاشکراکرد.

ژماره نۆبەرەی رۆژنامەی 'رێگای رزگاری' لە رۆژی ١٧ی تشـرینی یەکەمـی ١٩٩٣ بڵاوکـرایەوە، لە مانشـێتدا جەخـت کرابۆوە کە :

**(حزبی رزگاری درێژەپێدەری خەباتی یەکگرتنە)**

**(دۆستایەتی و تەبایی ئەلف و بێی خەباتمانە)**



رێگای رزگاری

حزبی رزگاری درێژە پێدەری خەباتی یەکگرتنە

دۆستایەتی وتەبایی ئەلف وبێ ی خەباتمانە

سەروتار

بەلاغی کۆتایی کۆبونەوەی فراوانی کادیران

راگەیاندنێک

برووسکەی ماتەمین

لە هەواڵەکانی جیهانەوە

٢٠ ملیون دۆلار بۆ کوردستان

وتووێژ لەگەڵ رژێمی بەغدانییە!

2 سەرکەردانی یان سەر هەلگرتن...

3 حزبی رزگاری بۆ چی؟ .....

# هۆکاری ماڵئاواییکردن لە یەکگرتن

پێش رۆیشتنی سەرکردایەتی باڵادەست، بەردەوام گفتوگۆم لەگەڵ بەڕێزان کاک سامی، کاک محەمەدی حاجی مەحمودو کاک ملازم شوان دەکرد و هەوڵم دەدا لە نیازی هەڵوەشاندنەوەی حزبی یەکگرتن پەشیمانیان بکەمەوە. کاک محەمەدی حاجی مەحمود بەڵێن و پەیمانی دابوو کە دەمێنێتەوەو ناهێڵێ ئالای شینی یەکگرتن بکەوێ و بسڕێتەوە!! کاک ملازم شوان بەهیچ کلۆجێک پاشگەز نەدەبۆوە، چۆن هەرزەکارێک ئاشقی کچێکی جوان دەبێ و ئامادەیە بۆ سووکە دیدارێک سەری خۆی لەڕێ دابنێ، ئەو بەڕێزەش ئاوابوو، ئاشقی پارتی ببوو. هەر جۆرە گفتوگۆو دانوستاندنێکی بۆ دواخستن رەت دەکردەوە، بەڵام کاک سامی ئارام و لەسەرخۆ گفتوگۆی دەکرد. بۆ هەڵوەشاندنەوەی حزبی یەکگرتن پاساوی دەهێنایەوە.

پاساوەکانی کاک سامی لەچەند خاڵێکدا چڕ دەبوونەوە:

١/ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە حکومەتیان لەدەستدایە ناهێڵێن ئێمە گەشە بکەین و پێشبکەوین، لەخۆڕاوە دژایەتیمان دەکەن.

٢/ ژیان لەگەڵ ئەم هەڤاڵانە ((مەبەستی لە کاک ملازم شوان و کاک محەمەدی حاجی مەحمود بوو)) نەک هەر

پڕ ئاستەنگ و زەحمەتە، بەڵکو مەحاڵە، بەهەر نرخێک بێ دەبێ خۆمان لە چنگیان رزگار بکەین.

٣/ بۆ دەربازبوون لە سیاسەتی فیفتی- فیفتی و چەسپاندنی دیموکراسی راستەقینە دەبێ حزبێکی گەورەتر لەوانی دیکە هەبێ. لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ئەو حزبە زۆرینەی رەهای دەنگەکانی خەڵکی کوردستان بهێنێ و بتوانێ بە تەنیا حکومەت پێکبهێنێ.

**سەبارەت بە پاساوی یەکەم:** جیابوونەوەی کاک رەسول مامەندو نۆژەنکردنەوەی حزبی سۆسیالستی کوردستان کێشەو گرفتیان بۆ حزبی یەکگرتن دروست کردبوو. لەو کێشانەشدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پشتیوانی لە کاک رەسول دەکرد. هەروەها بەهۆی ئەوەی کە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لەدەست یەکێتیی دابوو، هەرکاتێ بودجەی حزبی یەکگرتن رابوەستایە، یەکسەر رووبەڕووی ئەوان دەکرایەوەو بەسیاسەتی (ی.ن.ک) دەبەسترایەوەو بەدژایەتیکردن و ناحەزی بۆ یەکگرتن لێکدەدرایەوە. لەلایەکی دیکەوە، یەکێتی زۆر شێلگێرانە پێداگری لەسەر هەڵگرتنی گومرگەکانی دەڤەری سلێمانی دەکردەوە. هەروەک لە پێشتر باسمان لێوەکردبوو کە زۆر نەمابوو لەسەر ئەو گومرگانە شەڕێکی خوێناوی هەڵبگیرسێ. کاک محەمەدی حاجی مەحمود کە هەرگیز دانی خێری بە بەڕێز مام جەلال و

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دانەدەنا، بەردەوام باسی پیلانی تیرۆرکردنی کاک سامی لەبن گوێیدا دەچرپاند و ترسی بۆ دروست دەکرد. هەمیشە وای پیشاندەدا کە ئەگەر هێزی چەکدار نەبووایە، دەمێک بوو کە کاک سامی و کاک محەمەدی حاجی مەحمود تیرۆرکرابوون!! ئەو دەیگوت هەرکاتێ هێزی چەکدارمان نەمێنێ، بەیەک سەعات دەمانگرن، دەیان تۆمەتمان بۆ هەڵدەبەستن و دادگەییمان دەکەن و ئیعدامان دەکەن!! راستیەکەشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لێرەو لەوێ کاک محەمەدی حاجی مەحمودیان بە کلکی ئێران تۆمەتبار دەکرد، واشیان بڵاودەکردەوە کە کاک سامی پەیوەندی لەگەڵ سەدام حوسێن و کاک محەمەدیش پەیوەندی لەگەڵ عەلی حەسەن مەجید هەیە. ئەو قسانە بۆ هەردووکیان دەگەڕانەوە. تۆمەتبارکردنی کاک محەمەدی حاجی مەحمود هەندێ راستی تێداهەبوو، چونکە مانگانە سەردانی ئێرانی دەکرد و لەگەڵ بەرپرسانی باڵا کۆدەبۆوە. دەگوترا کە چەک و ئەرزاق دەهێنێ. یەکێتی ئاگای لەو سەفەرانە هەبوو کە کاک محەمەدی حاجی مەحمود بۆ بەغداد کردبووی، دەیزانی کە نامەی بۆ عەلی حەسەن مەجید نووسیوە و وەڵامی بۆ هاتۆتەوە. هەروەها لەکاتی گفتوگۆی بەرەی کوردستانی لەگەڵ رژێمی بەغداد،

چەند جارێک کاک سامی لەگەڵ شاندی بەرە چووبووە بەغداد، جارێکیش بەتەنیا بەبیانۆی نەخۆشی سەفەری بەغدای کردبوو، چاوی بەسەدام حوسێن کەوتبوو، هەروەها پەنجاوپێج ملیۆن دیناریشی بە دیاری بۆ رەوانە کرابوو، بەڵام ئەوانە پێش هەڵبژاردنی پارلەمان و پێش دامەزراندنی حزبی یەکگرتن بوون. ئەوێ رۆژێ کاک سامی دەیزانی کە رژێمی عێراق دیاری بۆ هەریەکە لە کاک مەسعودو مام جەلال ناردووە. دەگوترا کە رژێمی بەعس بڕی چوارسەدو هەشتا ملیۆن دینار بۆ پارتی و چوارسەد ملیۆنیشی بۆ یەکێتی ناردووە!.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بە دوو رووداوی دوای راپەڕین بکەم. کاتێک لایەنەکانی بەرەی کوردستانی بارەگای خۆیان لەنێو شارەکانی باشوور دانا، کادرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چاویان لەسەر پارتی گەل بوو. کاک عەلی شامار، جەمالە رەش و دەیان کادری دیکە هاتنە نێو ریزەکانی پارتی گەل. لەو رۆژانەدا کاک حامی حاجی غالی داوای دیداری کاک سامی کردبوو. لەوێ گوتبووی کە من راسپێردراوم بێم بۆ ناو پارتی گەل تا ئێوە بکوژم، بەڵام من دەستی خۆم بەخوێنی کەس سوور ناکەم، راستگۆیانە دەڵێم کە دەمەوێ بەراستی ببمە پارتی گەل. دەگوترا کە کاک سامی هەندێک هاوکاری کردبوو. کاک سامی دەیگێڕایەوە کە سوپاسی کردووەو پێیگوتووە لەبەر رێزی

مـــــام جەلال و لەبەر ئەو ڕێککەوتـــــنەی کە لەنێـــــوان هەردوولادا هەیە و نــاتوانین چیتــر کــادر و پێشــمەرگەی یەکتــر وەبگــرین!! ئیتــر کــادرانی یەکێتیــی وەرنــاگرین و ئەوانـیش کـادرانی ئـێمە وەرنـاگرن. دیـارە ئەو ڕووداوەش کــاریگەری نەرێنــی لەســـەر کــاک ســامی بەجێهێشــتبوو. جارێکی دیکە لە ساڵی ١٩٩١ کاتێک کاک سامی لەبەغداد دەگەڕایەوە، هەواڵمــان بــۆ هــات کە هێزێکــی یەکێتیــی نیشتمانیی بەنیازە بچێتە نزیک قوشتەقە، هەر کاک سامی بێتەوە یەکسەر بیگرن یان دەستریژی لێبکەن و بیکوژن. ئــێمە لە پــارتی گەل لە ســـەرچاوەی هەواڵەکە بەگومــان بــووین، بەڵام دیســـانەوە پەیوەنــدیمان بە بەڕێــز 'مــام جەلال'ەوەکرد، ئەویش بێئاگایی خۆی پێشـانداو بەڵێنیدا کە گیـانی پـارێزراو دەبـێ و ڕێ نـادەن هـیچ پێشـمەرگەیەکی یەکێتیی هەڵەو تاوانی لەو بابەتە بکات.

ئەوێ ڕۆژێ کە کاک سامی لە بەغداد دەگەڕایەوە، دەنگۆی ئەوە هەبـوو کە کـاک سـامی پـارەی لەگەڵ خۆیـدا هێنـاوە، بەرپرســانی یەکیتــی و سۆسیالســت لە هەولێــر پلانرێــژی ئەوەیـان کردبـوو کە مەفرەزەیەکـی هاوبەشـی (ی.ن.ک) و (ح.س.ک) بەسەرپەرشتی کاک 'سـەفین مەلاقەرە، ڕێبـاز و سەید عەبدوڵلا کەردزی' بچنە نزیک قوشتەپە، لەوێ کێشە بــۆ کــاک ســامی دروســت بــکەن، لانــی کەم ئەو پــارەو

چەکانەی کە پێیەتی لێیبسێنن و بۆخۆیان بیبەن، بەڵام ئێمە 'کاک سامی'مان لەو مەترسیە ئاگادار کردبۆوە، بۆیە کاک سامی پێش کاتی دیاریکراو هاتەوە، پارتی گەلیش مەفرەزەیەکی بۆ پێشوازی ئامادە کردبوو، کاتێک کاک سامی گەیشتەوە ناو بارەگای هەولێر، ئینجا ئەوان پێیانزانی، ئیدی کار لەکارترازاو سیناریۆکە سەری نەگرت. بێگومان ئەو ڕووداوەش لە هزری کاک سامیدا نەسڕابۆوەو شوێنەواری هەر دیاربوو. لەهەمووش خراپتر ئەو هەڕەشەو قسەوقسەڵۆکانە بوو کە بەردەوام بەناوی سەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە لەلایەن هەندێک کەسی دەڤەری سلێمانی بۆ کاک سامی دەگوازرانەوە، لەوانەیە هەر هەموویان هەڵبەستراوبووبن، یان بەمەبەست ئەو کارانە ئەنجام درابن. بەتایبەتیش زانیاری ئەو چۆلەکانی کە گوایە لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کار بۆ کاک محەمەدی حاجی مەحمود دەکەن! زانیاری و هەواڵەکانی ئەوان هەمیشە تۆقێنەرو رووخێنەر بوون. بەکوردیەکەی بە بەرنامە هەرەسەو مەترسیەکانیان لەسەر گیانی کاک سامی چڕتر دەکردەوە.

**سەبارەت بە پاساوی دووەم:** پێکهێنانی دەستەی سەرۆکایەتی بۆ دەربازبوون لەو قەیرانەبوو کە لە دوای تەواوبوونی کارەکانی یەکەمین کۆنگرەی حزبی یەکگرتن بەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی گرتبوو، بەڵام پێکهێنانی ئەو دەستەیە لە

دواییدا بوو بە شێرپەنجەو جەستەی یەکگرتنی تەنیەوە. کاک ملازم شوان ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی بوو، تێکۆشەرێکی ماندوونەناس بوو، بەڵام لەلایەن هاوبیرانی پێشووی خۆیەوە بەهەند وەرنەدەگیرا، کەچی ڕکابەری لەگەڵ کاک سامیدا دەکرد و دەیویست لەهەموو شتێکدا وەک ئەو بێ. کاک سامی تێکۆشەرێکی لێهاتوو، سەرکردەو نووسەرێکی بەتوانابوو، پێوەندییێکی بەربڵاوی لەگەڵ کەسایەتیە ناسراوەکانی جیهاندا دروست کردبوو، ڕەگەزنامەی بەریتانی هەبوو، زمانی ئینگلزی و عەرەبی زۆر لە کوردی باشتر دەزانی، کەچی کاک ملازم شوان کێبەرکێی لەگەڵدا دەکرد. نەک هەر کێبەرکێیەکی ڕووت، بەڵکو شێوازی دژایەتی وەرگرتبوو. واتە نامەی کاک سامی نەدەخوێندەوەو خۆی بە سەرکردەو ڕابەر دەزانی!!. کاک محەمەدی حاجی مەحمودیش بەهۆی ئەو هێزە چەکدارەی کە هەیبوو، هەروەها بەهۆی پێوەندیە تایبەتیەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەگەرچی لەپێشچاواندا ڕێزی لەکاک سامی دەگرت، بەڵام خۆی بە سەرکردەی تەکانە دەزانی. نامەی کەسی نەدەخوێندەوە؛ بە ئارەزووی خۆی بڕیاری دەدا، بەمەبەستی تامیکردن چەکی بە فەرماندەکانی پێشمەرگە دەدا؛ سەردانی ئەملاو ئەولای دەکرد. فەرمانی بە کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی و

کەرکوک دەکرد. راستیەکەشی ئەو دوو پارێزگایەی هەر بە موڵکی خۆی دەزانی!! لەلایەکی دیکەشەوە هەم گومرگی تایبەتی بۆ خۆی دانابوو، هەمیش کاتێک پێشمەرگەکانی ئەو، کێشەو گرفتیان لەگەڵ حکومەت بۆ دروست دەبوو، قاپی حزبی یەککگرتنی دەگرتەوە. بەوهۆیانەوە کاک سامی زۆر تەنگەتاو ببوو، خۆی بە هاوشانی ئەوان نەدەزانی و دەیویست بەهەر نرخێک بێ لەو دووانە رزگای بێ.

**سەبارەت بە پاساوی سێیەم:** کاک سامی بەحوکمی ئەوەی لە بەریتانیا خوێندبووی، وڵاتانی ئەورۆپای بینی بوو، ئاگای لە پێکهێنانی حکومەتەکان هەبوو، پێیوابوو کە دەبێ سەنگەری دەستەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لەیەکتر هاوێر بکرێن. ئەو دژی سیاسەتی فیفتی بە فیفتی بوو، یەکەمین کەسیش بوو کە ئەو دەستەواژەیەی بەکار هێنا. لە وتارێکدا گوتی (فیفتی- فیفتی، لە فەراش هەتا شورتی)، بەهۆی سیاسەتی پەنجا بەپەنجا سەبارەت بە داهاتوو ترسی لێنیشتبوو. راشکاوانە دەیگوت دەبێ لەهەڵبژاردندا کۆتایی بەو رەوشە بهێنرێ. ئەوەی زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمان دەهێنێ بۆی هەبێ کابینەی حکومەت پێکبهێنێ و کەمینەش رۆڵی ئۆپۆزیسیۆن کایە بکات. هەڵبەت دۆستە بیانیەکانیشی بۆ ئەوە رێنوێنیان دەکرد. جارێکیان میوانێکی ئینگلزی هاتبوو، منیش لەوێ دانیشتبووم، کابرای ئینگلیز وەک رۆژنامەوان خۆی دەناساند، بەڵام پێموابوو ئەرکێکی

دیکەی هەبوو، زۆر راشکاوانە داوای لە کاک سامی کردو گوتی: بۆ ئەوەی داهاتوو مسۆگەربێ، دەخوازم هەوڵی یەکگرتن لەگەڵ پارتی بدەن.

لەلایەکی دیکەوە، ئەوەی من ئاگادار بم، کاک سامی زۆر ریزی کاک عوسمانی برا گەورەی دەگرت و بەتەواوی لەژێر کاریگەری ئەو دابوو. ئەویش لە خەمی ئاشتی لەگەڵ بنەماڵەی بارزانی دابوو. ئەو پێیوابوو ئەگەر کاک سامی نەچێتەوە ناو پارتی ئەو ناحەزیە نابڕێتەوە و تا قیامەت هەر دەمێنێتەوە. ئەو دەیگوت کە ئێستا کاریگەری نەرێنی دروست کردووە، لەوانەیە لە داهاتوودا ئاکامی خراپی لێبکەوێتەوە، بەتایبەتیش کە حزبی یەکگرتن بەو پێکهاتەی کە هەیەتی نابێتە حزبێکی گەورەو وەکو پێویست کاریگەری نابێ، بۆیە باشترین چارەسەر بۆ ئاشتبوونەوە ئەوە کە کاک سامی بۆ ناو پارتی بگەڕێتەوە.

وەک ئاشکرایە کاک سامی سکرتێری قیادە موەقەتە بوو، ساڵی ١٩٧٩ وازی لە پارتی هێناو دواتریش لە ٢٦-٧-١٩٨١ پارتی گەلی دامەزراند، بەوهۆیەوە بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی دژایەتیان دەکرد. هەرچەندە کە کاک سامی ریزی زۆری بۆ مەلا مستەفای بارزانی هەبوو، هەمیشە وەک مامۆستایەکی خۆی باسی لێوە دەکرد؛ هەروەها لێبڕاوانە بۆ باشکردنی پێوەندی لەگەڵ پارتی

هەوڵی دەدا، لەبەرەی کوردستانیشدا پارتی گەل و پارتی دیموکراتی کوردستان هاوپەیمان بوون، بەڵام دیسانیشەوە ئەو ئەندامانەی سەرکردایەتی پارتی وازیان لە دژایەتیکردنی کاک سامی نەدەهێنا. لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی لە ئایاری ١٩٩٢دا لە شاری دهۆک، لەکاتێکدا کە لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی جەماوەری قسەی دەکرد، ئەوان خەڵکیان لێهاندا و سووکایەتیان پێکرد. کاک سامی پێیوابوو کە ئەگەر بچێتە ناو پارتی، دەبێتەوە بە بەرپرسی ئەو کەسانە، بەوشێوەیەش تۆڵەی خۆی لەوان دەکاتەوە.

وێڕای ئەوانەشەوە، سامانی سێ حزبەکەی پێشوو لەلایەن چەند کەسێکەوە شاردرابوونەوە، بەوهۆیەوە حزبی یەکگرتن بێسامان مابۆوە، ئەوەش قەیرانێکی دارایی گەورەی بەرهەم هێنابوو، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە پێدانی سلفە بە حزبەکان کەمتەرخەم بوو، هەروەها خۆگنخاندنی پەرلەمان لە دەستنیشانکردنی بودجەی حزبەکان هۆکارێکی کاریگەربوو تا سەرکردایەتی حزبی یەکگرتن بیر لە خۆدەربازکردن بکاتەوە، چونکە سەرکردایەتی ئەوەی بە گەمارۆی ئابووری و بڕینی قوتی تێکۆشەران لێکدەدایەوە. جارێکیان ملازم کەریم گوتی: (ئێمە تەمەنی گەنجی خۆمان بۆ ئەم حکومەتە تەرخان

کــرد، ئەویــش بــۆتە باوەیــارەو بەس دایکمــانی دەوێ، بە خنکاندنی ئێمەش خۆشحاڵ دەبێ!).

مــن پێمــوایە ئەو خــاڵانەی ئاماژەیــان پێکــرا، هۆکــاری سەرەکی بوون و وایان لە کاک سامی کرد کە ماڵئاوایی لە حزبی یەکگرتن بکات و بۆ ناو پارتی بگەڕێتەوە.

# بەڵگەنامەکان

## نووسراوی لقی سلێمانی پارتی گەل بۆ بەشداریپێکردنی کادران لەخولی مەشق و راهێنان.

بارتی گەلی دیموکراتی کوردستان
لقی ( ٢ ) سلێمانی

(K.P.D.P)
ژمارە / ل٠ب ٢٩
بەروار /٢٨/ ٣/ ١٩٩٢

بەشی بەڕێوەبردن
بۆ (م٠س) ی تێکۆشەر بەڕێز

سڵاوێکی شۆڕشگێرانە

لە ڕێی ئەم نوسراوەوە پێتان ڕادەگەیەنین کە ئەو هەڤاڵانەی کە لە خوارەوە ناویان نوسراوە بە شداری دەورەی هەلبژاردن دەکەن بۆ ئاگاداریتان :

١ـ کامەران احمد مسؤول لق
٢ـ صلاح فەیلی کادیر لق
٣ـ جبار فەیلی کادیر لق
٤ـ رفعت عبداللە توفیق ٠ مسؤول ناوچەی هەڵەبجە
٥ـ برهان احمد توفیق ٠ کادیر ناوچەی هەڵەبجە
٦ـ حیدر صالح ٠ کادیر ناوچەی دوکان
٧ـ عمر محمد عزیز ٠ مسؤول ناوچەی دوکان
٨ـ کاروان عباس ٠ مسؤول ناوچەی سلیمانی
٩ـ صلاح عزیز ٠ × مسؤول ناوچەی دەربەندیخان
١٠ ـ جمالە رەش ٠ مسؤول ناوچەی کەلار
١١ـ جەوهەر جعفر ٠
١٢ـ مەوزر علی ٠
١٣ـ رزگار عبداللە ٠ مسؤول ناوچەی شارەزور
١٤ـ سەرکەوت هاشم ٠ کادیری ناوچەی پێنجوین
١٥ـ سعید اغا عثمان مسؤول ناوچەی چوارتا
١٦ـ محمد شریف کریم ٠ کادیری ناوچەی چوارتا
١٧ـ مەلا کریم ٠× کادیری ناوچەی شارەزور
١٨ـ صالح مەلا کریم × مسؤول ڕێکخراوی شارەزور
١٩ـ ڕێبوار حسین ٠ کادیر اعلام
٢٠ـ هاوری جمال ٠ کادیری ناوچەی سلیمانی

لێپرسراوی
لقی (٢) سلێمانی
٢٨/٣

**بروسکەی کاک سامی ، ئەمینداری گشتی پارتی گەل بۆ بەڕێزان کاک مەسعود و مام جەلال سەبارەت بەو ڕێگریانەی لە بانگەشەی هەڵبژاردندا لێی کراوە.**

٣٨٣
١٩٩٢/٥/١٤


من/ سامي عبدالرحمن

الى/ السادة مسعود البارزاني + جلال الطالباني + اللجنة العليا للجبهة الكردستانية + م. س الحزب الاشتراكي + باسوك + ~~[illegible]~~ + المكتب السياسي للحزب الشيوعي العراقي + م. س حزب كادحي كردستان + م. س الحركة الديمقراطية الآشورية + م. س حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني

منذ يوم امس يقوم مسؤولوا الحزب الديمقراطي الكردستاني في الفرع الاول باستفزازات متعمدة ومتصاعدة وغير مبررة ضدنا. حيث قطعوا موكبنا من زاويته الى دهوك في اكثر من مكان وحشدوا عدداً كبيراً من الصبية في مكان خطابي في مدينة دهوك وكان كل واحداً من مسؤولي الفرع يقف في رأس كل شارع فرعي بأيديهم اجهزة الاتصال واطلقوا ضوضاءاً متواصلاً حتى اثناء الوقوف حداداً على ارواح الشهداء، واستمروا في ضوضاء تام الى النهاية ووضعوا احدى مكبرات الصوت مقابل مكان اقامتي باعلى صوتها ليلاً ونهاراً اضافة الى سيارة تام المتجول. وفي الليل سطوا على تلفزيوننا الذي صورة الصحفيين الاجانب وذهبوا بتصاويرهم الى [illegible] / حدوك) واليوم حيث تقرر ان نسافر الى زاخو، وضعوا مجاميع من الصبيان في العديد من

الحفاظ على طريقنا ومع كل مجموعة اخرى المرجعيين كما
شوشوا على تلفزيوننا صباح اليوم ايضاً والتشويش
مستمر الى هذه اللحظة.
اين هذه الاعمال من الديمقراطية وحرية الرأي الذي اعلنا
جميعاً الالتزام بهم؟ رغم كل ذلك حافظنا على هدوئنا
ولم نقم بأي اجراء مقابل. تجري هذه الاعمال في وقت هناك
العشرات من الصحفيين والشخصيات الاجنبية في
دهوك، ان مسؤولية حدوث اي حادث لا سمح الله تقع
على عاتق السيد (فاضل مطني) ومعاونيه، حيث انه يوجه
هذه الاعمال مباشرة. نرجوا من كافة الاطراف المختلفة في
(جلا) التحقق مما نقوله من خروقاتهم في دهوك.
اما الاستمرار في مصادرة حريتنا في التعبير عن رأينا في
الانتخابات سيجعلنا ان نضع استفهاماً كبيراً
على الانتخابات ونتائجها. وفي الختام ندعوكم الى وضع
حد لهذه الاستفزازات التي ازعجت اهالي دهوك
ايضاً و الاحسن الا اسكات صوتنا في الانتخابات
في الوقت الذي ندعو فيه جميعاً الى حرية الرأي والديمقراطية
والانتخابات الحرة النزيهة.

**ڕۆژی ١-١٠-١٩٩٢، ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی نامەیەکی هاوبەشیان بۆ سەرفکردنی یەک ملیۆن و پێنج سەدو پەنجا هەزار دینار ڕەوانە کرد، نامەکە بەدەستی کاک سامی نووسراوە، واژۆی کاکە حەمەو کاک ملازم شوانیشی لەسەرە.**



كاك دكيار
تحية
يرجى صرف المبالغ التالية .

١- (٣٠٠) ثلاثمائة الف دينار الى كاك نظام الدين محمد على حساب صرفيات محافظة كركوك لشهر تشرين الاول ١٩٩٦

٢- (٢٥٠) مائتين وخمسين الف دينار الى كاك محمد حاجي محمود على حساب صرفيات محافظة السليمانية لشهر تشرين الاول ١٩٩٦

٣- (٢٠٠) مائتين الف دينار الى كاك [illegible] ماموستا سعد على حساب صرفيات محافظة اربيل لشهر تشرين الاول ١٩٩٦ .


٤- (٥٠) خمسين الف دينار الى كاك محمد حاجي محمود على حساب صرفيات ديالى لشهر تشرين الاول/١٩٩٦

٥- (٧٠٠) سبعمائة الف دينار الى كاك فاضل جلال وعمر بوتاني على حساب صرفيات محافظة دهوك - نينوى لشهر تشرين الاول/١٩٩٦. علماً بأن هذا المبلغ موجود في دهوك لدى كمال [illegible] .

٦- (٥٠) خمسين الف دينار الى اصحاب فنادق قصر الذهبي و[illegible] وذلك عن تقابل صرفيات المقر [illegible]


سامي عبدالرحمن
١/١٠/٩٦

**ئەو وەسلەی کە بڕی ٢٠٠ هەزار دینار بۆ کۆمیتەی پارێزگای هەولێر لە ١-١٠-١٩٩٢ سەرفکراوە.**



حزبی یەکگرتنی کوردستان
بەشی دارایی
بەروار / ١٩٩٢/١٠/١

| تێبینی | دینار | فلس |
| --- | --- | --- |
| دووسەد هەزار بۆ کۆمیتەی پارێزگای هەولێر لە سەر بڕیاری (م.س) لە سەر حسابی سەرفیاتی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ بە دەستی (م سعد) لە رۆژی (١/١٠/٩٩٢) | ٢٠٠,٠٠٠ | — |
| تەنها | ٢٠٠,٠٠٠ | |

**نامەی کاک سامی لەپەیوەند بە دروستکردنی FM**


کاک ریکار
سڵاو
تکایە مبلغی پانزدە هەزار (١٥٠٠٠) دینار
بدەن بە کاک فتاح ابراهیم
F.M.
برات
سامی
٩٢/١٠/١٦

**نـامەی مامۆسـتا سـەعد عەبـدوڵڵا، بەرپرسـی کـۆمیتەی پارێزگـای هەولێر بۆ مەکتەبی سیاسی حزبی یەکگرتن سەبارەت بە پێداویستی کـۆمیتەی پارێزگـای هەولێـر و دەزگـای ڕێکخـراوە جەماوەریەکـان و شەهیدانی هەولێر.**



بۆ مەکتەبی سیاسی بەڕێز

سڵاو

١- تکایە مەبلەغی (٢٠٠) دووسەد هەزار دینار بۆ کۆمیتەی پارێزگای هەولێر بۆ پارەی کوادرو باقی نەسریە

٢- میزانیەیەک بۆ مەکتەب منظمات مرکزی لەم مرحلەیە ٥٠ پەنجا هەزار تخصیص بکرێت


٣- میزانیەیەک بۆ شەهیدانی هەولێر (١٥) پازدە هەزار دینار

لەگەڵ سوپاس

سەعد عبداللە

١٠/٧

**نـامەی کـاک مـلازم کەریـم سـەبارەت بەو پێـنج سـەد هەزارەکەی کە دەبوایە دارایی پاسۆک ڕەوانەی بکـات. لەوێـدا ئـامـاژەی پێکراوە کە سێ سـەد هەزاریـان بە کـۆمیتەی پـارێزگـای سلێمانی داوەو دوو سـەد هەزاریشی ڕەوانە کردووە.**


بۆ برای بەڕێز و خۆشەویست
کاک [redacted] ڕێکار
پاشی سڵاو و ڕێزم بە ئەحواڵ
شادیتانم
براکەم ئەو پارەیەی ئێمە کە ٥٠٠،٠٠٠
پێنج سەد هەزار دینار بوو ٣٠٠،٠٠٠ سێ
سەد هەزارمان لە سلێمانی بە کۆمیتەی
تەسلیمی کرد کە ١٥٠،٠٠٠ سەد و پەنجایان
عەرز بوو و سەد و پەنجایان ماڵ بوو.
وا ٢٠٠،٠٠٠ دوو سەد هەزار باقیەکەیان
بۆ ناردین
زۆر سوپاس
٢٠١٠

# نامەی بەڕێز مامۆستا رۆژ لەپێوەند بە دەزگای دارایی

حزبی یەکگرتنی کوردستان　　　　یەکگرتن بۆ سەرکەوتن

ژمارە/ ٢

رۆژ/ ١٦/ ١٠/ ١٩٩٢

بۆ/ م.س. تیکۆشەر.

بابەت/ دەزگای دارایی.

سلاوی یەکگرتن و سەرکەوتن،

بەڕێزان : لەکاتێکدا کە دارایی و بوودجەی هەرسێ لایەن ((پاسۆک ـ گەل ـ سۆشیالست)) بریتی بووە لە بیر و باوەڕ و خۆشەویستی خاك و نەتەوەکەمان و خەونی هیوای ئایندەیەکی ئازاد و برایەتی و خۆشەویستی هاوبیری و هاوسەنگەری پەیوەندیەکی هێندە بەتینی لە نێوان ڕیزەکانماندا بەستبوو کە هەرکەسە بەجل و بەرگ و تەنانەت خۆراك و گیرفانی خۆی بەهی برا شۆڕشگێرەکانی زانیوە و چونکە گیان بەخشی یەك ڕێباز و مەبەست بوون بەو جۆرە هەست و گیانی خۆبەختکردن و درێژە بەخەبات و ڕێ و شوێنی شەهیدەکانمان دراوە.

بێگومان دارایی بڕبڕەی پشتی هەموو ((حزبێکە)) کەر بەشێوەیەکی دروست سوودی لێ وەربگیرێ و ئەگەر بە نوتره وبێ بەرنامە بڵاوبکرێتەوە بەبینای فکری و شۆڕشگێری هەلدەتەکێنی و دەبێتە هۆی :ـ

١. زیاندنی کەسانی بێ بیر و باوەڕ و بگرە زیان دەریش و سوود وەرگرتنی لایەنەکانی تر لەو جۆرەکەسانە وەك لە ((هەلبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی)) دا بۆمان دەرکەوت!!

٢. لەدەستدانی کەسانی شۆڕشگێر و بڵاوبوونەوەی دیاردەی دزیکردن لە ((حزب)) بێجەوانەی کۆکردنەوەی یارمەتی و پیتاك بۆی و ئەمەش ئەنجامێکی ترسناکی هەیە!!.

٣. لەبری بیرکردنەوە لەپرۆژەی گەشەپێکردنی ((حزب)) و بەهێزکردنی و وورتە وورت و پاشەملە ووتن و زەم کردنی یەکتر دەبێتە ((مزرانە)) و نەك تەنیا زنجیرەی ڕێکخستنەکانمان دەترازێنێ بەلکو دەبێتە هۆی لەبن هێنانی بنەماکانی داب و نەریت و ڕەوشتی بەرزی کۆمەلایەتیمان و هەرەس بە وورە و ووزەی برا شۆڕشگێرەکانمان دێنێ و کاتێ ئەو داراییە بەرەو کزی و نەمان بڕوەوە ئەندامان و دەزگاکان لەگەل خۆی ڕادەپێچ دەکات!!.

[ئ]ـەوەی ((دارایی)) بکە ینە هۆکارێکی گرنگی گەیاندنی ((پەیامی پیرۆزی یەکگرتن)) بەنێو خۆ و دەرەوەی کوردستان و درێژە بەخەبات و ڕێبازەجەماوەرییە نوێیەکەمان بدەین و ڕێگا نەدەین بەپێچەوانەوە دارایی دەورە ((سلبیە))کەی ببینێت بەپێویستی دەزانم ئەم خالانەی خوارەوە

(( یەکگرتن )) دا ببەخشین و بەتایبەتی ئەندامە شۆڕشگێڕەکانمان کە بەهۆی شۆڕشەوە لە دوای ڕاپەڕین چی یان دەسکەوت بووە پێشکەشی دارایی یەکگرتنی بکەن و بەوجۆرە دەیسەلمێنن کە هاوچارەنووسین و سەرکەوتنیش مسۆگەر دەکەین .

٢ . هیچ دەسکەوت و پارەوکەرەسەیەکی لایەنەکانی ((گەل - پاسۆک - سۆشیالیست)) لای کەس نەمێنێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ دارایی یەکگرتن و تەنیا بەوجۆرە بەردی بناغەی یەکگرتن بۆ سەرکەوتن جێگیر دەبێت (( ڕێکخستنەکانمان لەکاتی کۆنگرەوە تا ئێستا چاوەڕوانی ئەم هەنگاوەن )) .

٣ . بەپێی مەرجی تایبەتی یارمەتی و سلفە و قەرز بدرێت بە ئەندامان و یەکسانی و دڵسۆزی ڕەچاو بکرێت نەک بەپێی سوود و ئارەزوو و مەزاجی چەند کەسانێک بێت !! چونکە ئەم ڕەفتارە نەک درز بە لکوکەلێن دەخاتە نێوان ڕیزەکانی ڕێکخستن .

٤ . وەک دەزگایەک سەرپەرشتی دارایی بکری بەهۆی : —

ا . بوونی لیژنەی سەرف لە کشت دەزگا و لیژنەکانی ((حزب)) دا .

ب . بوونی لیژنەی ((تدقیق)) و لێپرسینەوە .

ج . دیاری کردنی مانگانە بەپێی بەرپرسیاری و پلە وساڵی خزمەت و ژمارەی خێزان .

د . ئاگاداری کاری گومرگ .

هـ . بوونی ((سجل)) ی تایبەت بۆ ئابوونە و بەخشیش و دەستکەوتەکان .

و . بوونی ((سجل)) ی تایبەت بۆ تۆمارکردنی کەرەسە و ئوتومبیل و چەک و تەقەمەنی لە گشت دەزگای بارەگاکان دا و بەسەرکردنەوەیان .

ز . دیاری کردنی سنووری دەسەڵاتی سەرفی ((م . س)) و بەپێی پێویست .

٥ . خستنەکاری دارایی بۆ پاشەکەوتکردن لە پرۆژەی سوود بەخش و بەبەرنامەی تایبەت .

٦ . بیر لە چۆنیەتی بووژاندنەوەی ئابووری کوردستان و دامەزراندنی بانقی نەتەوەیی و پەرەدان بە کارگە و کێڵگە و پیشەسازی و بازرگانی و سامانە سروشتیەکانی کان و نەوت .. و هاوینەهەوارەکانمان بکرێتەوە .

((لەگەڵ ڕێزدا هەربژین بۆ کورد ))

م . بۆژ

دەزگای ڕێکخستنی ناوەندی

وێنەیەک بۆ /
بەڕێزکاک (( مکیان ))
لەگەڵ ڕێزدا و فریای ((حزب)) بکەوە!

یەکگرتن لەپیناوی سەرکەوتنی کوردستان

حزبی یەکگرتنی کوردستان
دەزگای راگەیاندنی ناوەندی
بەشی رادیو وتەلەفزیون

ژمارە/
بەروار/٣١/٥/١٩٩٣ز

بو/ هیرا کاك (( عزالدین شریف ))
بـ/ ریز لیهنان

سلاوی یەکگرتن وسەرکەوتن
لەبەر خونەویستی ماندوو بوونی بەردەوامت وەك کادیریکی لیهاتوو لەکاری راگەیاندنی بینراودا ،سوپاست دەکەین و ریزت لی دەنیین .. ئاواتە خوازین تەمەنت دریز بی بو زیاتر خزمەت کردن ،هیوای سەرکەوتوییت بو دەخوازین .

هەرشادو بەختەوەر بیت

ریگار ئەحمەد
سەربەرشتکاری رادیو وتەلەفزیون

٣١/٥/١٩٩٣ ز – ١٠ای جوزەردانی ٢٦٩٣ی کوردی

## بڵاوكراوەی دەزگای ڕێكخستنی ناوەندی سەبارەت بە بڕیارەكانی بەرەی كوردستانی

حزبی یەكگرتنی كوردستان
مەكتەبی سیاسی
دەزگای ڕێكخستنی ناوەندی

ژمارە/ ١
ڕۆژ ١٩٩٢/١٠/١٠

بۆ/ كۆمیتەی پارێزگاكان و هەموو كۆمیتەكانی حزب

بابەت/ بڵاوكراوەی ناوخۆ

سڵاوێكی یەكگرتن و سەركەوتن

بەپێویستمان زانی لەجموجۆڵ و چالاكیەكانی حزب، لە پاش كۆنگرەوە هەتا ئێستا بەم چەند خاڵە ئاگادارتان بكەینەوە، هیواداریین هەڵوێست و ئیش و كارەكانی ڕۆژانەتان بەپێی ئەم ڕێو ڕەسمە بێت. هەروەها بگاتە دەستی هەموو كادیرانی حزب...

١- كۆبوونەوەی سەركردایەتی سیاسی بەرەی كوردستانی.
لە ڕۆژی ١٩٩٢/١٠/٥ سەركردایەتی سیاسی بەرەی كوردستانی لەهاوینەهەواری صلاح الدین بەبەشداری هەموو لایەنەكانی بەرە كۆبوونەوەیەكی فراوانی بەست لەم كۆبوونەوەیە سەبارەت بەمافی چارەنووس و چونیەتی یەكخستنی هێزی پێشمەرگەو باری گشتی كوردستان باس و گفتوگۆ كرا وبڕیاری گرنگیان لەسەر درا كە بەم شێوەی خوارەوەیە:

آ- سەركردایەتی سیاسی بەرەی كوردستانی پشتوانی تەواو دەكات لە بڕیاری پەرلەمانی كوردستان بۆ دابین كردنی مافی چارەنووسی گەلەكەمان بەشێوەی فیدراڵی لە چوار چێوەی یەكێتی عێراقدا.

ب- لە كۆنگرەی ئۆپۆزسیونی عێراقی كە لە كوردستان دەبەسترێ .بەرەیكوردستانی. بەهەڵوێستێكی یەكگرتوو بێ دادەگرێ بۆ چەسپاندنی فیدراڵی بۆ كوردستان.

ج- بڕیار درا هێزی پێشمەرگەی كوردستان یەك بخرێت لە نێو یەك هێزی یەكگرتوودا. لەم هێزە یەكگرتووەش حزبەكانی دەرەوەی پەرلەمان بەرازەی ٢٠٪ بەشداری تیا دەكەن (كەواتە حزبەكانی ناو پەرلەمان بەڕازەی ٨٠٪ بەشداری تیادەكەن)

د- سەبارەت بەدەزگای ئاسایش و پۆلیس، ئەم دەزگایانە خەڵك بەپێی توانا و لێهاتووی وەر دەگرێ نەك ڕەچاوكردنی حزبایەتی، بەپێی ئەو مەرجانەی وزارەتی ناوخۆ داینـاوە بۆ ئەم مەبەستە، هەروەها ئەم ئەش فەوجەی دروست كراون لەلایەن (پ. د.ك) و (ی.ن.ك) بۆ ئاسایش پاش تەواو بوونی ئەركەكانیان هەڵدەوەشێنرێنەوەو نامێنن.

هـ- بۆ دابین كردنی ژیانی لایەنەكانی ناو بەرەی كوردستانی. حكومەتی هەرێمی كوردستان هەڵدەستێ بەدانانی بودجەیەكی تایبەتی بۆ هەر لایەنێك. پێش دانانی ئەم بودجەیەش داوا لە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكرێت سلفەیەك بداتە حزبەكان.

و- سەبارەت بە P.K.K.
پشتگیری بڕیاری حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكرێت بۆ دانانی سنورێك بۆ هەڵوێستی ئەم حزبە لە ناو كوردستانی عێراقدا.. هەروەها هەرچی پێویست بێت بكرێت بۆ جێ بەجێ كردنی ئەم بڕیارە. سەبارەت بەم مەسەلە بەرەی كوردستانی

- ١ -

بەیانێکی دەرکردووە .

تێ بینی/ لەم کۆبوونەوەیەدا کاک رسول بەصفەتی شخص بەشداری کردووە نەک بە ناوی هیچ حزبێک تکایە بۆ ئاگاداریتان .

٢- کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی حزبمان لەگەڵ مەکتەبی سیاسی برادەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان .
وەفدێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتن سەردانی مەکتەبی سیاسی ( ی . ن.ک ) کرد لە ڕۆژی ٦ /١٩٩٢/١٠ سەبارەت بەباری گشتیو گەلێ کێشەی گرنگ لێدوان و باس کرا .. کەخۆیان لەم خاڵانە دەنوێنن :-

آ- وەکو ئاگادارن حزبمان هەمیشە لەگەڵ یەکگرتن و یەکخستنی ریزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلەکەماندایەو هەموو هیواو ئاواتی ئەوە بووە کە گەلی کوردمان ببێتە خاوەن دەسەلات و شەرعیەتی خۆی هەرلەم بۆچوونەوە پشتگیری خۆی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندووە.

برادەرانی ( ی.ن.ک )یش لە ووتاری کۆنگرەی یەکگرتن و پاشانیش باسی ئەوەیان کرد کە حزبمان بەشداری بکات لەم حکومەتەدا ... هەر بەو بۆنەیەوە حزب وتو وێژی لەگەڵ برادەرانی ( ی . ن. ک ) کرد و ڕێک کەوتن کە حزب بەشداری بکات لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی کاریگەرکەلەبریار- دانی قراری سیاسیو بوونی دەسەلات و لە هەموو دەزگاکانی حکومەت بەشداری کاریگەرانە بکات و دەوری شایستەی خۆی بدرێتێ .

لەم بارەیەوە وە لەگەڵ برادەرانی ( پ.د.ک)نیش وتو وێژ دەکرێت .

ب- سەبارەت بە ئۆپۆزوسیونی عێراقی ..
لەم بارەیەوە حزبمان لەگەڵ برایانی (ی.ن.ک) سەبارەت بە ئۆپۆزۆسیۆنی عێراق و ئایندەی عێراقو چۆنیەتی بەشداربوونی بەرەی کوردستانی هاو ڕاو هاو بۆ چوون .. هەر وەکو ئاگاداریشن کە بریارە گەلی کوردمان بەڕاژەی ٢٥٪ لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیونی عێراق بەشداری تیادا بکات کەلەوانەیە وەکو کورد (٤٤ ) کەس بەشداری بکات لەم ژمارەیە حزبمان بەحەوت کەس بەشداری دەکات برادەرانی(ی.ن.ک)و (پ.د.ک) هەریەکە بەچواردەکەس .. ئەوتەرکە دەمێنێتەوە بۆ لایەنەکانی تری بەرەو مستەقلەکان .

هەرجۆرە جیابوونەوەو لادانێک لەم شەرعیەتە بەڕاست نازانن و ئیعترافی پێ ناکرێت .

جـ- سەبارەت بەکۆنگرەی یەکگرتن و دامەزراندنی حزبی یەکگرتنی کوردستان برایانی ( ی.ن.ک) پشتگیریو خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی و هەرجۆرە جیابوونەوەو لادانێک بەڕاست نازانن و پشتیوانی لێ ناکەن و(( اعترافی)) پێ ناکەن .

٣- سەردانی وەفدی حزب بۆ دەرەوە ..
آ- لەسەرداوای وەزارەتی دەرەوەی تورکیا وەفدێکی حزبمان سەردانی تورکیایکردووە بۆوتوویژوڕاگوڕینەوەلەسەرباریگشتیکوردستانوهەروەها هەوڵدان بۆچاک کردنی باری ناڵەباری کوردستان.لەپاش گەڕانەوەی وەفدەکەلەئەنجامەکەیئاگادارتان دەکەینەوە هەروەها سەفیرەکانی(ئەمریکا .بەریطانیا .دانیمارک.هولندا )دەبینێ.
ب- هەروەها وەفدێکی حزبمان لەسەرداوای حکومەتی ئێران سەرەدانی تاران دەکات لەگەڕانەوەیان ئاگادارتان دەکەینەوە .. لەئەنجامەکەی .

## ڕۆژنامەی سورێن کە بەناوی حزبی یەکگرتن دەرچووە


SUREN

سورێن

SUREN No.72 September/1992 , Year.10 Pages(500 F)

# یەکگرتن خەون و ئاواتی شەهیدان بوو ئێمە هێنامانە دی ..

سەروووتار

نارازی حکومەتی کینیا


گەڕانەوەی جۆلان بۆ سوریا

چەند هەواڵێ


# ڕۆژنامەی گەل دوای پێکهێنانی حزبی یەکگرتنی کوردستان



**نامەی کاک سامی لەپێوەند بە سەرفی دەزگای ڕاگەیاندن.**


کاک ڕێکار
سلاو
تکایە ئەم مبلغانە صرف بکەن.
١- دە هەزار (١٠٠٠٠) دینار بدەن بە ئیعلامی خلفیات کاک مدحت عبدالرحمن بۆ لە سەر حسابی مصاریف مانگانە (مانگی ١٠)
(١٥٠٠٠)
٢- پانزدە هەزار دینار بدەن بە اعلامی مرکزی بە دەستی کاک حمید الله آگرەی بۆ خط اعلام
٣- بیست هەزار دینار (٢٠٠٠٠) بدەن بە تلفزیون و ڕادیۆی هەولێر بە دەستی کاک نجاة احمد.
٣ / ١٠ / ٩٦
٣ / ١٠

**کۆپی ئەو نامەیەی کە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی سەبارەت بە دەزگای ڕاگەیاندن ڕەوانەم کردبوو.**




بەڕێز دەستەی سەرۆکایەتی
حزبی یەکگرتووی کوردستان
سڵاوی خەبات و تێکۆشان،
ئەو بڕە پارەیەی کە بۆ دەزگای ڕاگەیاندن بڕیاری لێدراوە، زۆر کەمە و بەشی پێداویستییەکانیان ناکات، بۆیە من لێتان دەخوازم کە چاوی پێدا بخشێننەوە، هەروەها خوازیارم کە بودجەیەکی شیاو بۆ دەزگای ڕاگەیاندن تەرخان بکرێ، چونکە هەرسێ بەشەکەی (نووسراو، بیستراو و بینراو) واتە ڕۆژنامە، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لەم حکومەتەدا زۆر گرنگن و پێویستن، داواکارم کە بودجەی دەزگای ڕاگەیاندن بە ئەندازەی بودجەی پارێزگای هەولێر بێ.
هەر بۆ ئەو مەبەستە بەپێویستی دەزانم کە کۆبوونەوەی بەڕێز لەگەڵ دەزگای ڕاگەیاندن دابنیشن و گوێ لە داخوازییەکان بگرن

لەگەڵ ڕێزمدا

هاوکارتان
[illegible]
١٩٩٢/١٠/٥

## نووسراوی بەڕێز نەشئەت غەفوور بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی بۆ رادیۆو تەلەفزیۆنی یەگکرتن/ کەناڵی سلێمانی



بەناوی خوای بەخشندەومیهرەبان
هەریمی کوردستانی عیراق

بەریوەبەریتی گشتی پەروەردە
لە پاریزگای سلیمانـــی
( بەشی فیرکردنی سەرەتایی )

ژمارە/ ش/ ٩٨٢٨
بەروار/ ٢٩/ ٩/ ١٩٩٢

بو/ رادیو و تەلەفزیونی یەکگرتن / کەنالی سلیمانی

ب/ تەفەرغ

ئاماژە بە نوسراوتان ژمارە ٥٠ لە ١٦/ ٦/ ١٩٩٢ دا
پیتان راد ەگەنین کە بەهیچ جوریک ناتوانین تەفەرغ بە بەریزان کەناو ناونیشانیان نوسراوە لە خوارەوە بکەین بەپی ی ئەو رینمویانەی (تعلیمات) کە پیمان راگەیەندراوە لە لایەنی بەرەی کوردستانی و ئەنجومەنـــی وەزیرانی کوردستان و وەزارەتی پەروەردەی هەریمی کوردستان ، بەلام دەتوانن داوای مولەتی بی مووچەیان بو بکەن بو ئەوەی کارەکانیان ئەنجام بدەن لە لاتان وە پی یان رابگەیەنن کە پەیوەندی بکەن بە قوتابخانـــە کانیان بو دەوام کردن .. لەگەل ریزمان دا .


| ژمارە | نـــــاو | ناونیشـــان | | |
|---|---|---|---|---|
| ١. | تریفە جمال صابر | قوتابخانەی | ( ٤ سوسێ ) ی سەرەتایی | |
| ٢. | گولالە عبد الله عبد الرحمن | = | ( قەلای دەمدەم ) | = |
| ٣. | نەوال عبد الکریم عمر | = | = | = |

نەشئەت غەفوور سەعید
بەریوەبەری گشتی
٢٩/ ٩/ ١٩٩٢

وینەیەک بو/ــ
یەکیتی ماموستایانی کوردستان / لقی سلیمانی ــ بو ئاگادارییتان
بەشی فیرکردنی سەرەتایی / (٣) بیلاگ ــ مولەت / تەفەرغ
قوتابخانەی ( ٤ سوسێ / قەلای دەمدەم ) ی سەرەتایی ــ ئاگادارمان بکەنەوە لە پەیوەندی کردنیان بەدەوام
دۆسیەی فیرکردن سەرەتایی / (٣) لەگەل نوسراوی ناوبراو لە سەرەوە

کەژال / ٢٧/ ٩/

## نامەی بەڕێز کاک مەدحی مەندەلاوی بەڕێوەبەری رادیۆی دەنگی



١

اذاعة بيگرتن

حزب الوحدة الكوردستاني

الى : م . س

الموضوع : الاهتمام بالاذاعة ، وسد نواقصها .

بعد أن قررت اللجنة المركزية لحزبنا ، العمل باذاعتنا ، نرى من الضروري الاسراع في سد نواقص الاذاعة والاهتمام بها وتطويرها :

١- ينبغي تقوية الاذاعة بأية صورة كانت ، حتى يستطيع المواطنون ( في كوردستان ) الاستماع اليها بيسر .

٢- نقل هيئة التحرير الى مدينة اربيل ، قرب المكتب السياسي او الى شقلاوه ، وكذلك الاذاعة ( ان امكن ) حتى تكون بعيدة عن الاهمال ، وتغذى بالمواضيع الحماسية والاخبار .

نواقص الاذاعة

١- مسجل كبير للتسجيل ، ومسجلتين للاذاعات .

٢- مترجم كردي - عربي ، مذيع بادليني ، مذيعان عربيان .

٣- سيارة أخرى للاذاعة .

٢

٤- مراسلون في المحافظات والمدن المهمة، وأمر حزبي الى مقرات البيشمركة، والفروع، بنقل الاخبار ونشاطات الادارة.

٥- زيادة مرتبات الكوادر، خصوصا الذين يبقون في المكتب ليلا، فلا يكفي ابدا مبلغ (١٥٠) دينارا لاطعامهم مدة شهر.

٦- كاتب آخر، او اثنان، للتحرير.

٧- اسلحة للكوادر.

في حالة بقاء الادارة في خليفان

١- ابعاد ريكخستن وذلك لعدم سعة المكان للعاملين.

٢- وضع حراسة من ٦ يوم لاعلاقة لهم بجماعة مرشد وسنوك، كحراسة مقر خليفان.

٣- زيادة مساعدة الكوادر لحثهم على البقاء.

٣

٤ - تزويد الكوادر بضروريات الشتاء (معاطف - احذية - معدات فنية)

٥ - صرف مساعدات ومكافآت للكوادر خصوصاً المتزوجين الجدد، او الذين على ابواب الزواج.

٦ - اذا لم يتم الاهتمام بالاذاعة خلال هذا الشهر، وبشكل جدي، وخصوصاً موضوع التقوية، فمن الافضل غلقها، ذلك لان الكوادر لا يحسون بنتاج لعملهم الفني او اهتماماً باحوالهم، وسيكون عملهم تباعاً.

ودمتم.

مدير الاذاعة

محسن مندلاوي

٤ / ١٠ / ١٩٩٢

ملاحظة

١- المترجم والمذيع (حسين) اعلن انه لن يعمل في خليفان بسبب ظروف عائلته المعاشية، وظروفه في خليفان، وقد ترك عمله ولكنه لم يقدم استقالته بعد، او لم يقدم طلباً للنقل.

٢- شيروان سليمان، احد كوادرنا في الاذاعة، يعمل معنا منذ عام، وكان قد ترك دراسته في زمن الحكومة (الصف الخامس دار المعلمين) الى ان تم الصف المنتهي ويريد نقله الى السليمانية، ليستطيع اكمال دراسته، والعمل في (FM) هناك.

حزب الوحدة الكردستاني
(يەكگرتن)

ادارة صوت يەكگرتن
تحية نضالية

الى : م.س

١- نعلمكم ان الكوادر الاذاعيين بدأوا يتركون العمل مع قدوم الشتاء
اذ انهم لا يطيقون منطقة خليفان ، وظروف المعيشة هناك .
وقد تركنا كل من :

أ- الرفيق ( حسين محمود ) وقد كان يعمل مترجماً من والى الكردية

ب- الرفيق (كوردو حسين ) وقد عاد الى مدينة چمچمال .

ج- الرفيق ( عبد الواحد عبد العزيز ) وهو مدرس لغة انكليزية
في حرير ، وقد عاد الى التدريس ، ولكنه لا يزال مستمراً
في عمله .

د- وكما تعلمون فقد نُقل قبل شهر الرفيق كامران بەرواری ، ولدينا
مذيع بادیني واحد ، هو رزگار عبدال .

هـ- مساعد المخرج ( شيروان سليمان ) وقد طلب نقله الى مدينة
السليمانية .

٢- يرجى دراسة التقرير الذي قدمناه الى (م.س) في بداية هذا الشهر
واعلامنا ما يمكن عمله . والى الامام .

مدير الاذاعة
مدحت عبد الهادي
١٠ / ١ / ١٩٩٤

## ڕوونکردنەوەی دەزگای ڕێکخستنی ناوەندی سەبارەت بە کێشەی جیابوونەوەی کاک ڕەسول مامەند.

حزبی یەکگرتنی کوردستان
دەزگای ریکخستنی ناوەندی

یەکگرتن بو سەرکەوتن
ژمارە/ ٧
روژ ١٥/١٠/١٩٩٢

دەزگای دارایی

روون کردنەوەیەک بو ریزەکانی ریکخستن

سلاوی یەکگرتن و سەرکەوتن

پاش راپەرینی مەزنی بەهاری سالی ١٩٩١ وئازاد کردنی زوربەی ناوەکانی کوردستان، شیوازی خەباتی بەرفراوانی جەماوەری هاتە گوریو بەمەش هەلو مەرجی بابەتی نێوخوی کوردستانو بارودوخی لەباری جیهانی زەمینەیەکی بەپیتی رەخساند کە لایەنە سیاسیەکانی کورد پتر لیک نزیک ببنەوە لە بەرژەوەندە تایبەتیەکانیان دەست بەردار بن لەپیناوی بەرژەوەندی بالای نەتەوەکەمان.

بو ئەم مەبەستە جاریکی تر بیری یەکگرتن هاتەوە کایە لە نیوان هەردوو حزبی (( پاسوک ـ سوشیالست)) بەهیمەتی تیکرای تیکوشەرەکانی هەردوولایەن لە روژی ٥/٧/١٩٩٢ موژدەی خوری نوی راگەیەنرا بە میللەتەکەمانو سەرکردایەتی هاوبەش پیک هینراو لە کوبوونەوەی ١٠/٧/١٩٩٢ بەرنامەی کاری هاوبەش دانرا، دوا بەدوای ئەم یەکگرتنە دوو قولیە (پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان)ی تیکوشەر ئامادەیی دەربری بو یەکگرتن بەم کارەش هیوای گەلەکەمان بەهیزتر بوو بەسەرکەوتنو وەرچەرخانیکی میژوویی لەبزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمان رووی داو لەدوای دەیان سال دووبەرەکیو چەند بەرەکیو جیابوونەوە (( یەکگرتن )) لەدایک بوو. شایانی باسە لە کوبوونەوەئاسایی و نائاسایەکانی سەرکردایەتی هاوبەشی هەردوو حزب(سوشیالست ـ پاسوک) دواتریش لەکوبوونەوەکانی هەرسی لایەن ( سوشیالست ـ پاسوک ـ گەل) کاک رسول مەمەند بەشداری کردووە بو سەرخستن و ئەنجام دانی ئەو پروسە شورشگیریەو هیچ رەخنەو بو چوونیکی پیچەوانەی یەکگرتن نەبووە. لە دوا کوبوونەوەی هاوبەشی روژی ٢٧/٧/١٩٩٢ لە سلیمانی بریاردرا کە روژی ٢٠/٨/١٩٩٢بی دواکەوتن کونگرەی یەکگرتن ببەستریو سەرکردایەتی حزبی نوی بەشبوەیەکی دیموکراسیو ئازادانە کومیتەی ناوەندی هەلبژیریو مەکتەبی سیاسی جیگری سەروک وسکرتیرو سەروک بەهەلبژاردن بیت. روژی ٢٠/٨/١٩٩٢ کونگرەی یەکگرتن دەستی پی کردوو یەکەم ووتاری سی لایەنەکانی یەکگرتن لە لایەن ناوبراوەوە خویندرایەوەوتیادا بریاری هەلوەشاندنەوەی(( حزبی سوشیالستی)دا لە ناو حزبی نوی و بەو جورە شەرعیەتی مانەوەی نەهیشت. پاشان لەمیانی کونگرەکەدا هەموو بریارو برگەو پروگرامو راسپاردەکانی کونگرەی پەسەند کردوەو لەدوای روژی کونگرەدا خوی هەلبژاردووە بو ئەندامی سەرکردایەتیو لە دوا وتاری کونگرەدا یەکەم کەس بوو کە پیروزبایی لەبەشداربوونی کونگرەو هەموو شەهیدەکانی حزبەکانو گەلی کوردمان کرد بەبونەی سەرکەوتنی کونگرەی یەکگرتنەوەو ئەوەی دووپات کردەوە کە دەبی لەمەو بەدوا (( ململانی و خلافات ببیتە شەرمو نەنگ و عار حاریکی تر لە ناو بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد دووبارە نەبیتەوە بو مەسەلەی یەکگرتن بروامان پیی بووە هەربەم پییەش لەگەل کادیرەکانو دوستانمان هەولمان داوە ئیستاش کە ئەو دەستکەوتەمان هیناوەتەدی مانای ئەوەیە سەرووەرییەکی گەورەمان هیناوەتەدی ... رای دەگەیینم وەک پیشمەرگەیەک هەتا ئەندامی کومیتەی ناوەندی

- ٢ -

حزب کادیریکی یەکگرتن بمو بو سەرکەوتن و پیش خستن بەحەدی تێکۆشم ))
بەم جورە کونگرە بەسەرکەوتوویی کوتایی هات . .
لە یەکەم کوبوونەوەی کومیتەی ناوەندی روژی ١٩٩٢/٨/٣٠ بەشداری کردووە
لە دانیشتنی دووەمی کوبوونەوەی یەکەم ئەم بروسکەیەی خوارەوەی ئاراستەی
ئەندامێکی سەرکردایەتیمان کاک علی بەگ کراوە .

لە / رسول مامەندەوە
بو / بەریز عەلی بەگ
سلاوێکی گەرمو رێزیکی زۆر
پیویست بوو بەرێزتان ئاگادار بکەم لەبەر چەند التزامێک کەلەبەرژەوەندی
یەکگرتندایە بۆم ناکریت * هیوادارم بۆم بە بەشداربوون حساب بکەن *
هەربڕیارێک بدەن بەلامەوە پەسەندە التزامی پیوە دەکەم *

بو نوینەرایەتی حزبی یەکگرتنی کوردستان بەرەسمی لەگەل چەند برادەریکی
سەرکردایەتی سەردانی برابانی ((ی.ن.ک))و ((پ.د.ک)ی کردووە لەهەموو دانیشتن و
کۆڕو کۆبوونەوەیەکدا باسی رای گەیاندووە کەلەگەل حزبی یەکگرتنی کوردستانە
لەم دوایەدا لەبەر ئەوەی بەهەلبژاردن وەک پێویست ئەو شوێنەی مەبەستی بوو
لە سەرکردایەتی مسۆگەر نەبوو پای دایەوە پەیڕەوانەی هەلوێستە دروستەکانی
رابووردووی بەجوریک ناگونجین لەگەل هەلوێستی کەسانی خاوەن بیرو باوەر و
شورشگێر وەک :
١- بەرنامە نائاسایی بەناوی رادیوی سوشیالست .
٢- بەشداری کردنی کوبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی روژی٨/١٠/١٩٩٢
لەناکاو وبەکوتوپری و بەناوی(سوشیالست) بەبێ ئەوەی بەرەسمی ئاگادار بکریت و
بووە هوی ئەوەی کە لەبەر رێز لینانی داوای بەریزان کاک مەسعودومام جەلال
وموافەقەتی نوینەری حزبی یەکگرتنی کوردستان تەنیا بو ئەو کوبوونەوەیە
بە سیفەتی شەخصی بەشداری بکات و قبولی کرد!! وەک بەبروسکە ئاگادارمان
کردن . .

هەلویستی حزبمان لەم دابرانە بەم جۆرەی خوارەوەیە .
١- نەچونە ناو مەیدانی دەو دەوانی وشەرە جوێنی راگەیاندن .
٢- لەگەل هەموو لایەنەکانی بەرەی کوردستانی ووتو ویژکراوەو زۆر رێزلە یەکگرتن
دەگرنو پشتیوانی دەکەن ولەگەل هیچ دابرانێکدا نین و تأکیدیان کردووە کە
(( رسول مامەند )) شەرعیەتی نییە بەناوی شوسیالستەوە قسە بکات و بەوناوەوە
نەناسریو مامەلەی لەگەل نەکریت. دوای ئەم بەلێنانەی لایەنەکان دووکوبونەوەی
سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی کراوە ئاگاداریان نەکردووەو هەولیان
داوە بەشداری کوبوونەوە بکەن رێیان پی نەدراوە . .
٣- دوای ئەو مەتەلەکانە دەکەینو دەبێ بگەرێتەوە بو حزبی یەکگرتن کە کاک رسول
مامەند دەستی بەسەردا گرتووە کە بریتین لە :
١- دارایی حزب - ٢ - ئیزگەی رادیو وچەند جیهازیکی راکال
٣- جەند ئوتومبیلیک - ٤ - چەک و تەقەمەنی -٥- ئوتومبیلێکی پرادەزگای
لاسلکی
٦- ئەرشیف .
٤- لەبەرئەوەی کەهەموو داپرانو پەرت پەرت بوونیک لەبەرژەوەندی دووژمنەو

- ٢ -

یەکگرتن و تەبایی خواستی سەرجەمی جەماوەرە ستەمدیدەکەمانە و دەمانگەیەنێتە ئامانجە پیرۆزەکانمان بە پێویستی دەزانین کە کاتی زیرینمان بەو کێشەلاوەکییە بەسەر نەبەین ..

ئیتر هەر بژین بۆ کوردستان .

وێنە : مەکتەبی سیاسی بەڕێز .

گشت کومیتەی پارێزگاکان

گشت دەزگاکانی ناوەندی حزب .

دەزگای ڕێکخستنی ناوەندی

---

حزبی یەکگرتنی کوردستان

ئێزگەی دەنگی یەکگرتن

بۆ : م . س

تحیة نضالیة

ئاگاداری بەڕێزتان دەکەمەوە کە من لە ڕۆژی چوارشەممە
ئەم هەفتەیە ١٤ - ١٠ - ١٩٩٢ ، عەمەلییەکی جراحی بۆم
دەدرێت ، وە هەتا ڕۆژی شەممە ١٧ - ١٠ ، ناتوانم مقالە
ئێزگە بنوسم ، تکایە ئەم سێ ٣ ڕۆژە پارمەتیان بدەن ، لەم ڕو

بەدڵنیاییەوە بۆ ئێزگە

مەدحی عەبدوڵلاوی

١٠ / ١٠ / ١٩٩٢

## ڕێنوێنی دەزگای دارایی سەبارەت بە هاوکاری پێشمەرگەو کادران

حزبی یەکگرتنی کوردستان
دەزگای دارایی

ژمارە/ ٤
بەروار/ ٦/١٠/١٩٩٢

---

بو/
سلاویکی گەرم .....

دوای کوبونەوەی لیژنەی دارایی و بەراویژی مەکتەبی سیاسی تیکوشەر بو سەرفیات ئەم بریارانە درا ، تکایە پەیرەو بکریت .

١- پارەتی پیشمەرگە
ا- پ . م سەلت ( ١٢٥ ) دینار
ب - پ . م خیزاندار ( ١٧٥ ) دینار

هەروەها بو هەر پلەیەک ( ٢٥ ) دینار زیاد دەکریت بەو پیەی :
( ١٥٠ ) دینار پارەتی ئامر کەرتی سەلت .
( ٢٠٠ ) دینار پارەتی ئامر کەرتی خیزاندار .
(١٧٥ ) دینار بو ئامر سریە ( هەریم ) ی سەلت .
( ٢٢٥) دینار بو ئامر سریەی خیزاندار .

ئامر بەتالیونی سەلت لەگەل ( ٥٠ ) دینار بو کارەکەی دەکاتە ( ٢٨٠ )دینار
ئامر بەتالیونی خیزاندار لەگەل (٥٠) دینار بو کارەکەی دەکاتە (٣٠٠ )دینار
ئامر هیزی سەلت لەگەل ( ١٥٠ )دینار بو کارەکەی = ٣٥٠ دینار
ئامر هیزی خیزاندار لەگەل ( ١٥٠ ) دینار بو کارەکەی = ٤٠٠ دینار

٢- پارەتی مانگانەی کادری متفرغ
آ - کادری سەلت (١٥٠ ) دینار
ب - کادری خیزاندار ( ٢٠٠ ) دینار

ئەندامانی کومیتەی ناحیەو کومەلگا بچوکەکان :
آ - سەلت ( ٢٠٠ ) دینار
ب - خیزاندار ( ٢٥٠ ) دینار

ئەندامانی کومیتەی قەزاو کەرت و کومەلگا گەورەکان
آ - سەلت ( ٢٥٠ ) دینار
ب - خیزاندار ( ٣٠٠ ) دینار

ئەندامانی کومیتەی پارێزگا

آ ـ ئەلت ( ٤٥٠ ) دینار

ب ـ خیزاندار ( ٥٠٠) دینار

تیبینی /

١ـ بو ئەو کادرانەی کە ( متفرغ ) نین بە قەد نیوەی پارەتی

هاوکارانیان وەردەگرن ە

٢ـ (١٥٠) دینار بو ئازوقەی هەر پیشمەرگەو کادریک کە بە

بەردەوامی لەپارەگا دەبی یان لە بەرەکانی ئەڕ دەبن ە

٣ـ بو کادرانی جهاز ( مخابره ) ـ ( ٥٠ ) دینار وەک معاڕە زیاتر وەردەگرن

٣ـ پارەتی ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەندی(٨٠٠) دینار دەبی ە

## بڕگەیەک لە راپۆرتێکی کاک عەلی بەگ جاف، ئەندامی ک.ن


٢- پێویستە وەکو نەشرەیەکی بە پێزی ناوخۆ و سیاسی ... کە سعود
قا ئیزاحی ئەو حەقیقەتەمان کە سەردانی تورکیا و ئێرانیان کرد. بەتایبەتی
ئێران کە لە ماوەیەکی کەمدا دوو جار وەفدمان لە بارودۆخێکی ناسکدا
چوون بۆ ئێران و خەڵکو ئەولایە نانەی دژ بە حزبی یەکگرتنی و هەر
یەکگرتنی بە شێکرای بیر و باڵانتەی زۆر ئەکەن لە لایێک کە ئێران سوبەنیو
ئازوقە و چەکو دراو و پارەی جۆراو جۆر و بە چەردەی زۆر ئەکردو

(١١)

٤/١
ع. جاف

جارەکە دراوە بە حزبمان هەتا لە بازاڕدا وەکو زاراوەی لێهاتووە کە چەکی
جۆرا و جۆر (هەڕاج) ئەکەن بەناوی چەکی یەکگرتنی ؟!. هەروەها ئەمجارە
دوای زیاتر دعایەکە گەرمترە بۆ زۆرتر ؟!. بالەم پڕووەیە پەروەردەکردنە
یەکی باش هەبێت بەڵام بامستە وایەکی سیاسی تەحلیلاتێکی وردەکاری
مقنعی تیابێت. ئەگەر ماستە باجەرتێتە بەرچاو کە بۆچی پارەیان
ئەدەنێ و بەرامبەر بەچی؟ و ئەوانەی ئەگەر هاتوون و دێن پارەوون
بکرێنێ لە چۆن تصرفی پێ دەکرا وەو ئەگرێ ؟!.

**کۆپاکی دارایی کۆمیتەی پارێزگای دهۆک سەبارەت بە دابینکردنی داهات لە فرۆشتنی کەلوپەلی خۆیان.**



لجنة محافظة دهوك / قسم

مستند :

| المبلغ | التفاصيل | التاريخ | المستلم | رقم الوصل |
|---|---|---|---|---|
| ٦٣ ,,, | [illegible] | ١٢/ | [illegible] | |
| ١٥ ,,, | [illegible] | ١٢/ | [illegible] | |
| ٥٢ ,,, | [illegible] | ١٢/ | [illegible] | |
| ٤٢ ,,, | [illegible] | ١٢/ | [illegible] | |
| ٤٦ ,,, | [illegible] | ١٢/ | [illegible] | |
| ١٠ ,,, | [illegible] | ١٢/ | [illegible] | |
| ١٠ ,,, | [illegible] | ١٢/ | [illegible] | |
| ٩ ,,, | [illegible] | ١٢/ | [illegible] | |
| ٢٤٥ ,,, | [illegible] | | | |


الجمع

المحاسب ١٩٩٣/ ١ /١٢

المسؤول المالي ١٩٩٣/ /

ليستى ئەو كەلوپەلانەى كە كۆميتەى پارێزگاى دهۆك فرۆشتبوويان

**نووسراوی ژماره ٢٠٥ی دەزگای دارایی بۆ کۆمیتەی پارێزگاکان، بەمەبەستی ناردنی لیستی سەرفیات.**



یەکگرتن لە پیناو سەرکەوتنی کوردستان

ژمارە / ٢٠٥
بەروار ٥ /١/ ١٩٩٣

حزبی یەکگرتنی کوردستان
مەکتەبی سیاسی
دارایی

بابەت / ناردنی لیستەی سەرف


بو / کومیتەی پاریزگای دهوك
کومیتەی پاریزگای هەولیر
کومیتەی پاریزگای سلیمانی
کومیتەی پاریزگای کوکوك
کومیتەی پاریزگای دیالی
بارەگای مەکتەبی سیاسی
رادیوو تەلەفزیونی یەکگرتن ( هەولیر )
دەنگی کوردستانی شورش ( پیشوو )
راگەیاندن - روژنامەی یەکگرتن
دەزگای ریکخستنی ناوەندی
خویندکاران و لاوانی یەکگرتن

سلاوی خەبات و یەکگرتن
تکایە لیستەی سەرفی ئەو مەبلەغەمان بو رەوانە بکەن کە لە مانگی کانوونی یەکەمی /١٩٩٢ لەم • س وەرگیراوە ، هەروەها پیویستە لەلایەن لیپرسراوی پەیوەندار واژو کرابی و وەسلی لەگەل دابیت • چونکە مەبلەغی ئەم مانگە و مانگەکانی داهاتوو پەیوەستە بەگەیشتنی لیستەی سەرف کە لە سەرەوە باسمان کرد •
بەلام بەگویرەی ئو لایەنانەی کە تاوەکو ئیستا لیستەی سەرفی مانگەکانی پیشوویان رەوانە نەکردوە دەبی بە زوترین کات رەوانە بکریت •
شیاوی گوتنە دووپاتی بکەینەوە کە یەکیك لە بنەما پیویستەکانی هەر حزب و دەزگایەك بریتی یە لە پیشکەشکردنی حسابا تی دارایی ریك وپیك و بە فیروندانی ، چونکە بارودوخی ئەمروی ئابوری گەلەکەمان و حزبمان داوامان لی دەکات کەزیاتر سوور بین لەسەر پاکی و دوربینی و ریکی حسابات •

ئیتر بو پیشەوە بەرەو سەرکەوتنی کوردستان

دارایی

## حیساباتی کۆمیتەی پارێزگای دهۆک، لەپێوەند بە کورتهێنان.


العدد/ ٢
التاريخ ١٩٩٣/١/٢٠

حزب يكگرتن الكردستاني
لجنة محافظة دهوك المالية

الى/ مكتب مالية المكتب السياسي المناضل


م/ تقديم حسابات

تحية ثورية ..

نرسل لكم طيا التقرير الكشفي لشهري تشرين الثاني وكانون الاول دمجا علما بانها تحتوي الصرفيات بمجموع (١١٣٦٩٣٤) دينار للفترة اعلاه ولسبعة عشر فقط مع مستند الوارد الينا بمبلغ (٩٧٥٩٣٦) دينار لذا فيكون مقدار العجز تقدر ب (١٦٠٩٩٨) دينار فقط وهذا العجز ناتج عن ادخال صرفيات اللجان والاقسام كاملة علما لم يستلمو وارداً . بقدر تلك الصرفيات والى الامام تحت راية يكگرتن ..

مالية لجنة محافظة دهوك
١٩٩٣/١/٢٠

## نووسراوی کۆمیتەی پارێزگای هەولێر سەبارەت بە تەخمینی دارایی.


(( یەکگرتن لەپێناو سەرکەوتنی کوردستان ))

حزبی یەکگرتنی کوردستان
کۆمیتەی پارێزگای هەولێر

ژمارە/ ١٠/ ١/ ٢٠٦
بەروار/ ٢٠/ ١/ ١٩٩٣

بۆ/ بەرێز (م.س) دەزگای دارایی

بابەت/ تەسرییەی مانگی ك٢

سلاوی یەکگرتن وسەرکەوتن ،

لەگەڵ نوسراوماندا لیستەی تەخمینی مانگی ك٢ کۆمیتەی پارێزگاکەمانتان بۆ دەنێرین لەگەڵ رەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە کە زۆر پێویستەجێبەجێ بکرێ وپێمان وایە خزمەت زیاتر دەکات ؛

١) کۆمەڵێك شەهیدان هەن کە ئەندامی سەرکردایەتی بوون پێویستە یارمەتی ماڵ ومندالیان بدرێ .

٢) لقی خوێندکارولاوان لە قەزاکان وناحیەکان خەلکیان هەیەپێویستە تەسرییەیان بۆ دابین بکرێ بەتایبەتی ئێستا کەهەمو هەڵبژاردنی خوێندکاران دەچین .

٣) دابین کردنی تەسرییە بۆ کۆمیتەی مامۆستایان لەقەزاو ناحیەکان .


تێبینی / ئەو (( تەخمینە )) کەکراوە لەسەر رێژەی (( حد الادنى )) واتە کەمترین شێوەیەتکایە کەمی مەکەنەوە چونکە دەبێتە ئەنجام نەدانی کارەکان .

هەرژین

کۆمیتەی
پارێزگای هەولێر
١٩٩٣/١/٢٠

وێنە یەك بۆ/ ئەرشیفی کۆمیتەی پارێزگای هەولێر .

**هەندێک نموونەی سەرف کە بە ئیمزای کاک سامی و من بڕیاریان لێدراوەو لەلایەن کاک ملازم کەریم جێبەجێ کراون.**


(١)

بەڕێز کاک م. کەریم

سڵاو

تکایە (١٥٠) سەد و پەنجا هەزار دینار بدرێت

بە کۆمیتەی پارێزگای هەولێر.

سامی عبدالرحمن

ڕێگای پێدەدەم

١٩٩٣/٦/١٧

ئەم ژمارەیە سەد و پەنجا هەزار دینارە

وەرگیرا لە کۆمیتەی پارێزگای هەولێر

٩٣/٦/١٧

(٢)

بەڕێز کاک م. کەریم

سڵاو

تکایە (٩) نۆ هەزار دینار بدرێت بە حسابی

کاک ... + ١٠٠٠ یەک هەزار دیناری ئازاد + سۆزان


وێنەگرتن لای کاک ...


سامی عبدالرحمن

ڕێگای پێدەدەم

١٩٩٣/٦/١٧

٩٣/٦/١٧


بەڕێز کاک م.ک.ر.٣
سڵاو
تکایە (٤٠٠) چوارسەد دینار بدرێتە بە کۆمیتەی
پارێزگای سلێمانی
سامی عبدالرحمن
ڕێکار ئەحمەد


بەڕێز کاک م.ک.ر.٣
سڵاو
تکایە (١٦٠) سەدوشەست هەزار دینار بدرێتە
بە کۆمیتەی پارێزگای کەرکوک.
سامی عبدالرحمن
ڕێکار ئەحمەد
٩٣/٢/١٧

(٥)

بەڕێز کاک م. [illegible]

سڵاو

تکایە (٥٠) پەنجا هەزار تەرخان بکرێت بۆ
یارمەتی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی

سامی عبدالرحمن

ڕێگای پێدەدەم

1993/2/17

بەڕێز کاک م. کەریم

سڵاو


تکایە بڕی (٤٢٠) چوارسەد و بیست هەزار دینار بدرێت
بە کۆمیتەی پارێزگای دهۆک.

سامی عبدالرحمن

ڕێگای پێدەدەم

1993/2/17

993/2/17



(٧)

١- (٣٣) الف دينار مصاريف العزاء اربيل

٢- (١٠) الف دينار مساعدة [illegible] العمالية والسواعد [illegible] والفنية.

٣- (٣) الف دينار قروض صحفيين

٤- (٥) الف دينار مساعدة زواج لمنتسبي التلفزيون (ابراهيم)

٥- (٢٠) الف دينار قرض سركوت آغا

٧٣ الف + ثلاثة وسبعين الف دينار المجموع

(٢) الف دينار عبد المجيد [illegible]

(٧٥) الف دينار خمسة وسبعين الف دينار المجموع الكلي

١٦/٤/٩٣


المحاسب

سامي

رێکار ئەحمەد

١٩٩٣/٤/١٧

**نووسراوی ژمارە (١٠٨)ی وەزارەتی دارایی و ئابووری سەبارەت بە بودجەی یەکگرتن، کە ئیمزای کاک دارۆی شێخ نوری لەسەرە.**



بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە

هەرێمی کوردستانی عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
المالية

ژمارە / ١٠٨
بەروار / ١٩٩٢/٥/١٢

سري وشخصي

بۆ / فرع البنك المركزي العراقي لاقليم كردستان
بابەت / تمويل حساب


يحول حساب رقم ٦٦٢٠ لدى فرع مصرف الرافدين /اربيل بمبلغ (٥٠٠/٠٠٠) خمسمائة الف دينار تنزيلا من حساب هذه الوزارة لديكم ... مع التقدير.

دارو نوري صالح
وزير المالية والاقتصاد
١٩٩٢/٥/١٢

نسخة منه الى /
رئاسة مجلس الوزراء / المكتب الخاص / للتفضل بالعلم مع التقدير
المكتب الخاص
حزبی یەکگرتنی کوردستان / المكتب السياسي / للتفضل بالعلم مع التقدير
مديرية المالية العامة / المصروفات / مع الاوليات.

سهيلة / ١٢/٥/ /

**دەفتەرچەی حیسابی حزبی یەکگرتن لەبانکی رافیدەین و یەکەمین راکێشانی پارە.**



# ئامانجە ستراتیجیەکان


١ـ کورد لە کوردستاندایەك نەتەوەیە کە خاوەنی مێژوو خاك و زمان و داب و نەریتی تایبەتی خۆیەتی و لە لایەن داگیرکەرانەوە بە پێچەوانەی خواست و ویستی خۆی دابەش کراوە لەبەر ئەوە خەبـات دەکەین لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان و وەدەست هێنانی دیموکراسی و ئازادی وەك هەموو نەتەوەیەك لە جیهاندا.

٢ـ سرادەگەیەنین کە سامـانی ژێر زەوی و سەر زەوی کوردستان مولکی کوردە، بۆیە خەبـات دەکـەین لە پێناوی بەکار هێنانی سامـانی نەتـەوەییان بۆ پێش خستنی دانیشتوانی کوردستان لە هەمـوو رووێکەوە بە تایبـەتی خەلکی رەنجـدەرو هەژاری گەلــەکـەمـان کە ژیانییان ئاسـودەو بەختیار بکـرێت لەگـەل نەهێشتنی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەك و بەر پاکردنی دادی کۆمەلایەتی.


٣ـ خەبـات دەکـەین لە پێنـاوی یەکگرتنی بالەکانی بزوتنەوەی ئازادی خوازی گەلی کوردو چارەسـەرکـردنی هەر کێشەیەك لە نێوانیاندا بە شێوەی سیاسی و گفتوگۆی هێمنانەو گیانی برایانەوە..

تێدەکوشین بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کە نوێنەرانی هەموو پارچەکانی کوردستان تیادا بەشداری بن و ببنە بەردی بناغەی

**نامەی خاڵە سەید کاکە کە دوای قەرزی کەسێک دەکاتەوە کە پێشتر دوو دۆشکەی بۆ هاوبیرانی پاسۆک چاک کردۆتەوە.**


بۆ م س
سلاوی شۆڕشی گێڕانە
پیاوەکی بەناوی سعد الله
دوو دۆشکەی چاک کردۆتەوە
بۆ برادەرانی پاسۆکی کۆن
مەسئولەکەی ناوی کاکی پاسۆک
بووە
٣٥٠ دیناری مەسرەف کردوە
تکایە بۆی سەرف بکەنەوە
خاڵە
سید کاکە
٢٧ / ١٠ / ١٩٩٤

**نامەی کاک قادر جەباری لەپێوەند بە هاوکاری باوکی دوو شەهید لەجیاتی دوو پارچە چەک، کە کاتی خۆی لە کۆگەی حزبی سۆسیالست تیاچوونە!**



بۆ کاک ڕێکخەر تێکۆشەر


سڵاوێکی گەرم

کاک طه محمد علی باوکی دوو شەهید ئەحمەد و صغان.
هەروەها پێیە. کاتی خۆی کە کوڕەکانی شەهید بوون
هەردوو چەکەکەیان تێدا چووە. یانی چەکەکانیان دراوەتە
حزبی (سۆسیالیستی پێشوو) لە مخزنەکە نەماوە. چی بێ
چارێکی بیت و بکیت. ئێستا ئەگەر چەکیان نابێت چەکی
بدرێتێ، بەڵام ئەتوانین هەر چارە شتێکی یارمەتی
بدەین. تکایە ١٥٠٠ دیناری بۆ سەرف
بکرێت.

سوپاس

برات
قادر جەباری
١٥/١٠/١٩٩٦

رۆژی ٢٤-٧-١٩٩٣ بە لاپەڕەی ژمـارە ١٢١٨٨٥٩ لە ژمـارە حیسـابی ٦٦٣٠ لە بانکی رافیدەین بڕی چوار سەدو هەشتاو پێنج هەزار دینار راکێشرا، هەروەها پازدە هەزاری دیکەی خرایە سەر، بۆ مانەوەو درێژەدان بە حزبی یەکگرتنی کوردستان درا بە کاک نەوزاد تا بۆ کاک محمەدی حاجی مەحمود بیبات، بەڵام مخابن خۆی و پارەکە پێکەوە ماڵئاواییان کردو حزبی یەکگرتنی کوردستانیان بەجێهێشت.


رقم
1218859
مصرف الرافدين
التاريخ
لامر
المبلغ

| | دينار | فلس |
|---|---|---|
| الرصيد السابق | ٤٨٥ -- | -- |
| المبلغ المودع | | |
| المجموع | | |
| ينزل مبلغ هذا الش | | |

**یەکەمین ڕاگەیاندراوی دەستەی کادرانی نوێنەر لەنێو دووەمین کۆنگرەی حزبی یەکگرتنی کوردستان سەبارەت بە مانەوەو درێژەدان بە تێکۆشان، کەزۆر سەردەمیانە پیرۆزبایی لەو هەڤاڵانە کراوە کە یەکگرتیان جێهێشتووەو بڕیاریان داوە بچنە ناو پارتی.**

# «ڕاگەیاندنێك»

یەککرتن لەپیناو سەرکەوتنی کوردستان

ئەی جەماوەری بەشەرەفی کوردستان

وەکو لای هەمووان ئاشکرایە کە (حزبی یەککرتنی کوردستان) لە روژانی ١٤و١٥/٨/١٩٩٣ دووەمین کونگرەی خوی لەشاری هەولیردا بەست. بەلام دەلیین بەداخەوە لەبیرو بوچوونی سیاسیمان جیاوازیمان هەبوو بویە ئیمە دەستەی کادیرانی نوینەر لە کونگرەدا بریارماندا کە دریژەپیدەری بوچوونی خومان بین‌و مانەوەی خومان رابکەیەنین، لەهەمان کاتیشدا پیروزبایی کەرم لەو هەڤال‌و کادیرانە دەکەین کەماوەیەك بەیەکەوە ریبواری یەك ریکەبووین، ئەوا ئەمرو ئەوان بەبرواوە بو یەککرتن لەکەل برایانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەنکاویان نا ...

ئیمەش دووپاتی دەکەینەوە کە هەمیشە ریبواری کاروانی خەبات‌و رامانی سیاسی خومان بین‌و باوەری تەواویشمان بەئازادی بیرورا‌و ئازادی رادەربرین هەیە. بەدلنیایی‌یەوە دەری دەبرین کە ئاواتەخوازین وەك جاران دوست‌و هاوپەیمانی تەواوی لایەنەکانی سیاسی سەرکورەپانی خەباتی کوردستان بین بەتایبەتی ئەو هەڤالانەی بو ماوەی چەند سالیك لەیەك حزبدا هاوری‌و هاوسەنکەرو هاوخەباتی یەکتربووین.

دەبا ئازادی بیرورا سەنکی محەکی پەیوەندی نیوان لایەنەکان بیت، بالیك ترازان لە ئاکامی رامانی سیاسیدا نەبیتە کوشتنی کیانی هاوری‌یەتی‌و هاوخەباتی. هەر شەکاوە بیت ئالای ئازادی‌و دیموکراسی لە کوردستانی فیدرالدا.

زیندوو بمینی ریبازی یەککرتن بو راکرتنی ئالای شینی (حزبی یەککرتنی کوردستان) کە ئەم ریبازە وەدی‌هینەری ئاوات‌و خواستەکانی چەوسانەوەی کەلی کوردو مایەی شانازی روڵەکانی‌یەتی.

ئەمری‌و سەربەرزی بو شەهیدانی ریکای رزکاری کوردو کوردستان...

ئەمان‌و مردن بو داکیرکەرو دوژمنانی ئەتەوەکەمان.

دەستەی کادیرانی نوینەر

لەکونگرەدا

١٩٩٣/٨/١٥

## یاداشتی دەستەی کادرانی نوێنەر لەنێو دووەمین کۆنگرەی حزبی یەکگرتن بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و جەختکردنەوە بۆ پێوەندی و هاوکاری نێوان هەردوو لایەن.

یەککگرتن لەپیناو سەرکەوتنی کوردستان

ب / بیرخەرەوە

بو / بەریز مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

سلاوی شورش و خەبات

بەریزان وەکو خوتان دەزانن روژانی ١٤ـ١٥/٨/١٩٩٣ حزبی یەککگرتنی کوردستان دووەمین کونگرەی خوی بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زور لە کادیرانی حزب بەست. بەلام لەنیو کونگرەدا نەتوانرا تاووتوی کیشەکان بکری و ناکوکی‌یەکانی ناوەخومان چارسەربکری.. بویە ئیمە دەستەی کادیرانی نوینەر لەدووەمین کونگرەی حزبی یەککگرتندا بریارماندا بمینینەوە، ئەمەش بەمانای هەلویست وەرگرتن دژی ئیوەو هیچ لایەنیك نی‌یە بەلکو هەلویستی سیاسی و بیرورای تایبەتی خومانە سەبارەت بە چارەسەرنەکردنی ناکوکی‌یەکانی ناوەخومان لەدیدەی سیاسی‌یەوە.


ئەمرو لەسایەی ئازادی و دیموکراسیدا و لەسیبەری حکومەتی هەریمی کوردستاندا بیروباوەر ئازادە، بەتایبەتی رامانی سیاسی و ئایدیولوجی و راگەیاندنی روژنامەکەری. بویە ئیمە ئەم کومەلە کادیرە دەمانەوی بەیەکەوە بمینینەوەو دریژە بەخەباتی خومان بدەین، هەر لەم روانگەیەشەوە پیروزبایی لەکونگرەکەتان دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بو دەخوازین.

بەبرواوە دووپاتی دەکەینەوە کە وەك هەمیشە دوستی نزیکی لایەنەکانی بەرەی کوردستانی و پارتە خەباتگیرەکەتان (پارتی دیموکراتی کوردستان) دەبین. هیوادارین ئەم بیرخەرەوەیە ببیتە سەرەتای دەست پی‌کردنی هاوکاری لەنیوانماندا ئیتر هەر بژین بو کوردو کوردستان.

دەستەی کادیرانی نوینەر لە کونگرە

١٩٩٣/٨/١٥

**دواهەمین نامەی من کە رۆژی ٢٦-٩-١٩٩٣ بۆ (کاک سامی)م نووسیووەو بەدەستی کاک فازل جەلال بۆم رەوانەکردووە.**



ب/

بۆ/ هەڤاڵی هێژا کاک سامی

سڵاو و رێز.. ئاواتەخوازم هەر شادو بەختەوەر بیت.

ئەگەرچی بەهۆی هەڕبایەی بەکرەمان نامەی ویستراش، هیچ بایەی

لە بەکری دوور خستینەوە) بەڵام هەمیشە منیش هەوڵم کردووە

پەیوەندی برایەتی و هاوخەباتی لە نێوانماندا بمێنێ. هەمیشە وەکو برایەکی

گەورە سەیری تۆم کردووە و منیش لەلایەن خۆمەوە ناتوانم ئەو

پەیوەندییە بپچڕێنم، چونکە جێگای رێز بووی.

دوێنێ کاک (فاضل جلال)م بینی، گوتی [illegible] تۆ نیگەرانی

بەهۆی ئەوەی گوایە ممتلکاتی حزب لای منە [illegible]

[illegible]) کاتی خۆی تەنها (٥) پارچە

[illegible] کە هەموویان کلاشنکۆفی سێ بندار بوون، ئەوەش [illegible]

[illegible] لە رۆژی (٢٦/٤/١٩٩٢) [illegible] لە رواندوز)

تا ئێستاش [illegible] لاماوە. لەو کلاشنکۆفانە، ئەوە (٢)

دانەیان [illegible] وەریگرتووە. کاتی خۆی کە ئەوانتان گرتن.

هەروەها (٣) سێ پارچەی تریش [illegible] کە ئێستا لە ماڵی خۆیان.

← (١)

~~بوا~~

دانیشتووان (ق.م) ئەمانەن

-١ کەمال حەمزە (برای ئەکرەم گەردی)

-٢ شاکۆ حمە (ئێستا ماڵیان لە کۆردۆگای دارەتوو)

-٣ حمە ڤاڵ محمە ئەلی، ئەویش تەدریب بووە وکەس نازانێ لە کوێیە.

لە رووی ماوەی بە تیبینی ئەم ساڵە، تەنها (٨) هەشت هەزار حزبی یەکگرتنی تێدایە، ئەوەکەی دیکە هی خۆیان بووە، خۆشتان دەزانن.

جا ئەگەر پێویست دەکات، من ئامادەم لەگەڵ چەند ئاپانا دابنیشم و قسەیان لەگەڵ بکەین. خۆتان لە وەزارەتی و هاوڕیانی بیستن.

لەلایەکی دیکەوە کاک مصطفی گۆڕانێ شاهیدە وەختێ هاتین بۆ خوارەوە لە کاتی راپەڕین، من (١٤٠) سەد و چوارده پارچ چەکم لە هێزەکانی خۆم وەرگرت بە ئەمانەتێ، هەتا ئێستا کە ئێستا نە دراوەتەوە. مادام وایە کاک حەسەن داواکاتە و ~~[illegible]~~ چەکانە لە من دەوێ و بڕیارەان بەتایبەتی کاک مصطفی و کاک عەلی بوکاک ئیبراهیم و کاک حاجی دەزانن

(٢)

هەروەها کاتێ خۆم ناسم پارەیەکم لە کەرکوک

هێنابوو لای (مصطفی ...) بوو) من دام بە چەند باتیان (

دوای فرۆشتنی و سەبلەغی (٥٠) هەزار دینار درا بەو پارەیە

قیتووە. هەروەها برادەرانم بەڵام تانکەریان هێنابوو درا

بە (م س) و کارەبەدەستەکە فرۆشتی ، فلوسەکانی . هەر قەدەر بە

دەبێ من داوام نەدەوانە بکەم بووە. بەڵام دیارە دەزانن

تاکە کەس ناتوانێت فاوەی هەموو حزب و هەموو دەسەڵاتدارانی [illegible]

بەخۆی ئەوی پەیدا نەکردوە ، هەمووشمان دەورمان هەبووە لە

پەیدا کردنی مشکلەکان .

لە کۆتاییدا حەز دەکەم بە شتێکی فراوان ئەم نامەیە وەرگێڕی و

ببەخشێت هەتا دووبارە پەیوەندی لەگەڵتان ، بەڵام دەبێ

ئەوە ئاشکرا بێ کە من هیچ مشکلەکانی حزبم لە لای ، [illegible]

هەروەها حەز دەکەم مینوامنان ناخۆش نەبێ ، چونکە ئەگەر

بەهەر لە بەرەی ... دێتەوە لام .

لە لایەکی دیکەوە حەز ناکەم ئەوەمان بدەنە پاڵ کە گوایە دەبینن بە

یەکتری ، دیارە خۆشتان من دەناسن و

(٣) ←

بۆچی دەزانن نابین بە یەکێتی ، خۆ ئەگەر ببین بیان
بوا بیپاسن بە یەکێتی شەرم ناکەین ، بەڵام بیروباوەر
ئازادە و وەکو حزبی رزگاری کوردستان ئێمەش دەکرێن ئەوەی
وایە ئێوە هەوڵبدەن بۆ ئەوەی پەیوەندی لە نێوان هەردوو
حزب (پارتی و رزگاری) دروست بێ و خۆش بێ ، چونکە
دۆستایەتی پارتی بۆ ئێمە زۆر پێویستە و گرنگە. دواتر من
حەز ناکەم بە زۆر پیاوان لە دەوری بۆ لای یەکێکی تر
ببرێ دیارە من خۆم حزبی بە بەستە نەدی دیموکراسی دەزانم و ئەگەر
چەند حزبی نەبێ چۆن دیموکراسیەت پیادە دەکرێ .

جارێکی دیکە دەیڵێمەوە من وەکو (رشکار) هیچ موشکیلەی حزبم
لاتیە و پەیوەندیشم بە کەسی دیکەوە نیە. دەبا هەموو چەرخانە بیربکەینەوە
لە جیاوازی بیروبۆچوون . بالتێکی دابنراوان لە ئاکامی حزبایەتی کوشتە
یەکپیاسەکەمیان برایەتی و هاوخەباتی و وەفاداری دەبێت.

ئێوە هەر شاد بن

براتان / رشکار سالم

١٩٩٣/٩/٢٦



چەند کادری گەل لە ١٩٩٢ دوای تەواوبوونی خولی راهێنانی هەڵبژاردن



رۆژی ٢٠-٨-١٩٩٢ ناو یەکەمین کۆنگرەی حزبی یەکگرتن



لە ڕاستەوە: کۆلۆنێل ناب، کاک سامی، ملازم کەریم، ڕێکار ئەحمەد




لەچەپەوە: (فازل جەلال، کاک سامی، ملازم شوان، عەبدوڵڵا ساڵح)



رۆژی ٢-١-١٩٩٣ لەبارەگای (م.س) لەگەڵ مامۆستا سەعد عەبدوڵڵا



لەبارەگای حزبی رزگاری لەگەڵ کاک محەمەدی حاجی مەحمود



لەراستەوە: بەرێزان (کاک مەسعود، مام جەلال، کاک سامی)



لەراستەوە: بەرێزان (مام جەلال، کاک سامی، فوئاد مەعسوم، فەرەیدون عەبدولقادر)

# پێڕست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | 5 |
| پارتی سۆسیالستی کورد (پاسۆک) | 7 |
| حزبی سۆسیالستی کوردستان (ح.س.ک) | 11 |
| پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان (گەل) | 15 |
| رەوشی پێش هەڵبژاردنی پەرلەمان | 19 |
| بەرەو یەکگرتن | 29 |
| یەکەمین کۆنگرەی یەکگرتن | 51 |
| یەکەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی | 65 |
| دیسان کۆبوونەوەو رووداوەکانی دواتر | 75 |
| دەزگای راگەیاندن و گرفتەکانی | 95 |
| نۆژەنکردنەوەی حزبی سۆسیالستی کوردستان | 105 |
| کێشەی گومرگەکانی دەڤەری سلێمانی | 113 |
| کێشەی دارایی، گرفتێکی بێچارەسەر | 123 |
| کۆبوونەوەی ئازارو ژانەکانی دواتر | 139 |
| کێشەکانی ناوهەنگاوی حزبی یەکگرتن | 147 |
| مانگی تەمووز، مانگی هالاو | 159 |
| پێش دووەمین کۆنگرەی حزبی یەکگرتن | 183 |
| دووەمین کۆنگرەی حزبی یەکگرتنی کوردستان | 193 |
| دوای هاوێربوونی حزبی یەکگرتن | 203 |
| هۆکاری ماڵئاواییکردن لە حزبی یەکگرتن | 215 |
| بەڵگەنامەکان | 226 |

# بەرهەمە چاپکراوەکانم :

| ناوی بەرهەم | جۆری بەرهەم | ساڵی چاپ |
|---|---|---|
| پەیامی دەشتێو | هۆنراوە | 1980 |
| گەڵاڕێزان لە کۆچێکی خەماویدا | هۆنراوە | 1987 |
| دوانزە مۆری ملوانکەیەک | هۆنراوە | 1988 |
| جەرگەبەز لە دوای مەرگی دێوەرەیەک | هۆنراوە | 1989 |
| ڕۆژێکی هاوین | چیرۆک | 1989 |
| ڕێگەکان یەکدەگرنەوە، بەڵام.... | سیاسی | 1990 |
| ئەستێرەی دارژاو | چیرۆک | 1991 |
| بۆ وەنەوشە | هۆنراوە | 1993 |
| بەرەو رزگاری و سەرخۆبوون | سیاسی | 1995 |
| خوێندنەوەی ١٠ ساڵەی رزگاری | سیاسی | 2003 |
| نۆژەن | رۆمان | 2005 |
| مەموندی و بۆچوونەکانی سەبارەت بەپەیدابوونی- بەرگی یەکەم- | مێژوویی | 2012 |

## ئەو بەرهەمانەی لە سایّدی چاپکردندان :

| | ناوی بەرهەم | جۆری بەرهەم |
|---|---|---|
| ١ | پەڕینەوە | چیرۆک |
| ٢ | خەمەکانی هایم | ڕۆمان |
| ٣ | کوردو دراوسێکانی | مێژوویی |
| ٤ | مەموندی و بۆچوونەکانی سەبارەت بە پەیدابوونی - بەرگی دووەم- | مێژوویی |
| ٥ | کۆمێک وشەی کوردی کە عەرەب دەکاریان دەکا | تۆژینەوە |
| ٦ | بەشێک لە رامانە سیاسیەکانم | سیاسی |
| ٧ | معوقات حرية الصحافة فی إقليم كوردستان | لێکۆڵینەوە |
| ٨ | هەگبەی خەم | هۆنراوە |

# Yekigrtin û Hellweşanewe



**Nusînî : Rêkar Ehmed**